# مرۆڤی عاقڵ

ڕاهێنانی هەنگاو بە هەنگاوی بیرکردنەوە لە عەقیدەدا

# مرۆڤی عاقڵ ڕاهێنانی هەنگاو بە هەنگاوی بیرکردنەوە لە عەقیدەدا

## نووسینی: عەبدوڵڵا عەرەبی

## وەرگێڕانی: بەڵێن ئەنوەر عەلی

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسینگەی تەفسیر

چاپی چوارەم ٢٠٢٤ز - ١٤٤٥ک

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر ـ شەقامی ٣٠مەتری تەنیشت منارەی چۆلی
+964 750 818 08 65
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
\ tafseeroffice

ئامادەکردنی پێڕست - نووسینگەی تەفسیر
عەرەبی، عەبدوڵڵا
مرۆڤی عاقڵ ڕاهێنانی هەنگاو بە هەنگاوی بیرکردنەوە لە عەقیدەدا، عەبدوڵڵا عەرەبی(نووسەر)، بەڵێن ئەنوەر عەلی (وەرگێڕ)
٣٥٦ لاپەڕە،
١٤* ٢١ سم
بابەت، ئایینی، فیکری
ISBN: 978-9922-620-89-3

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/
هەرێمی کوردستان، ژمارە سپاردنی (٩٥٧)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراە.

"بیروبۆچوونی ئەم کتێبە، مەرج نییە هەمان بیروبۆچوونی نووسینگەی تەفسیر بێت"

دیزایین: نووسینگەی تەفسیر

# مرۆڤی عاقڵ

## ڕاهێنانی هەنگاو بە هەنگاوی بیرکردنەوە لە عەقیدەدا

نووسینی

عەبدوڵڵا عەرەبی

وەرگێڕانی

بەڵێن ئەنوەر عەلی


بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی وەرگێڕ

ئەم کتێبەی بەردەستتان کۆمەڵە بەندێکی گرنگن سەبارەت بە عەقیــدە و کاریگەرییەکــانی لەســەر تــاک و ژیــانی ڕۆژانەی. لەئەمــڕۆدا بەهــۆی کــاریگەری ئاراســتە جیــاوازە فیکــری و عەقیدەییەکان و کەناڵ و گرووپ و دەزگا ئایدۆلۆژی و مەزهەبییە مرۆڤکردەکــان، کە بەردەوام کــار لەســەر عەقیــدە و بیرکــردنەوەی مرۆڤ دەکەن بەرەو ئاڕاستەی لادان، ئامانجیشیان ئەوەیە مرۆڤێک بەرهەمبێـنن کە دژی دیـن و دژی ئەخلاقـی ڕەسـەنی کـۆمەڵگەکەی بێت. هەربۆیە ئێمە لە ئێستادا پێویستمان بە مرۆڤێکی عاقڵ هەیە، هەتاکو خۆی لەم تەوژم و زەلکاوە ڕزگار بکات. دەستنیشانکردنی کتێبێکــی لەمجــۆرە و لەژێــر ئەم ناوونیشــانەدا، یەکــێکە لە پیویسـتییەکانی مرۆڤـی ئەمـڕۆ. لەم کتێـبەدا کۆمەڵێـک بـابەت و ڕوونکردنەوەی گرنگی عەقیدەیی خراونەتەڕوو بۆ دوورکەوتنەوە لەهەموو جۆرەکانی خوڕافە و شیرک. پێشنیارم بۆ خوێنەری ئازیز

ئەوەیە لەکاتی خوێندنەوەی بەندەکانیدا سەرنجبدەن و بە وردی بیخوێننەوە.

بەڵێن ئەنوەر

سلێمانی

٢٠٢٤/٥/١٥

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

# بەندی یەکەم

<<إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له ونشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ونشهد أن محمدا عبدالله ورسوله صلى الله عليه وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين>>

بەخێرهاتنان دەکەین بۆ هەڵبژاردن و خوێندنەوەی ئەم کتێبە. ئەم کتێبەی بەردەستت ئەنجامی لوتف و بەخششی خودای گەورەیە، هاوکات لە ئامادەکردنیدا، کەسانێکی زۆر هاوکارمان بوون. ئەم کتێبە بەشێوەیەکی گشتی، گرنگترین بڕیارە لە ژیانی هەر تاکێکدا؛ واتە ئیمان و عەقیدەی پێکەوە تاووتوێکردووە و بەرەو دیدگا جیاواز و سەرەکییەکانی هەر مرۆڤێک لە چوارچێوەی ڕەهەندی دین و ژیاندا هەنگاوی ناوە.

کتێبەکە لە(٣٠) بەند پێکهاتووە و بۆ خوێندنەوە و موتاڵاکردنی هەر بەندێکیش، نزیکەی(١٥) خولەکی بۆ پێشنیارکراوە. ڕەنگە

هەنـدێک لە بەنـدەکانی، کەمـتر لە (١٥) خـولەک و هەندێکیشـی زیاتر لەو ماوەیە درێژە بکێشێت. پێشنیاری جدیمان بۆ ئێوە ئەمەیە کە بەندەکان بەشێوەیەکی جیا و سەربەخۆ بخوێننەوە، بەجۆرێک کە لەنێوان بەندێک و بەندێکیتردا لانیکەم(٢٤) کەتژمێر هەبێت. لەنێوان ئەم مەودایەشدا باشترە کە بەوردی بیربکەنەوە لەو بابەت و تەوەرانەی خراونەتەڕوو و خاڵ بە خاڵی بابەتەکانی لە زەینتاندا شیبکەنەوە. لەڕاستیدا ئەم کتێبە دوو نووسەری هەیە. نووسەری یەکەم، تەوەرەکـانی پـۆلێنکردووە و وەکـو کتێبێکـی ئامـادەکراو خسـتوویەتییە بەردەسـتتان. نووسـەری دووەم، خـوێنەرانی دەگـرێتەوە، چـونکە بە یـارمەتی بیرکـردنەوە لە تێکـڕای بەنـدەکان، کەسی خوێنەر دەتوانێت بەدرێژایی ناوەڕۆکی کتێبەکە، بەشوێن دیدگاکەیـدا بـڕوات و فیکـری خـۆی ئاڕاسـتە بکـات. لەڕاسـتیدا، خوێنـدنەوەی کتێـبەکە بەشـێوەیەکی بـێ پـلان و بـێ بەرنـامە و پشتنەبەستن بەو بنەمایانەی بۆمان پێشنیارکردوون، بەشێوەیکی گشتی ناتانگەیەنێت بە ئامانجی کۆتایی کتێبەکە.

ئەو بنەمـا و پـلانەی بۆمـان پێشـنیارکردوون، بەمشـێوەیەی خوارەوەیە:

١ـ پێشـنیاری ئێمە ئەوەیە کە کتێبەکە، بەند بەند و بەدرێژایـی ماوەی یەک، تا دوو مانگ موتاڵا بکرێت.

٢. لەنێوان خوێندنەوەی بەندێک و بەندێکیتردا لانیکەم شەو و ڕۆژێک(٢٤ کاتژمێر) نێوانیان هەبێت.

٣ـ پاش خوێندنەوە و موتاڵاکردنی هەر بەندێک، لە بۆتەی ئەو(٢٤) کاتژمێرەدا، بەوردی بیر لە بابەتەکە بکەنەوە.

٤. ئەگەر لەکاتی خوێندنەوەی بەندەکانیدا، هەندێک پرسیارتان بۆ دروستبوو، ئەوا بەبێ ئەوەی لە خوێندنەوەی کتێبەکە بوەستن، درێژە بە بەرنامەکە بدەن، چونکە بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە بەندەکانی دواتردا وەڵامەکانتان دەستدەکەوێت.

٥. گۆشەی سەرەکی بابەتەکانی نێو کتێبەکە، لە بیرکردنەوەی خودی خوێنەردایە؛ کەواتە بەدڵنیاییی لەدوای خوێندنەوەی هەر بەندێک، بەباشی بیری لێبکەنەوە.

٦. لەکۆتایی هەندێک لە بەندەکانیدا، پرسیارێک دەخرێتە ڕوو، ئەو پرسیارەش وەک پێشەکییەکە بۆ چۆنێتی بیرکردنەوەتان سەبارەت بە هەر بەندێک کە دەیخوێننەوە.

٧ـ گشت بەند و باسەکانی نێو ئەم کتێبە، پشتی بەستووە بە بەڵگە عەقڵی و قورئانییەکان. هەروەها تێڕوانینی دادوەرانە بۆ ئەم کتێبە، تێڕوانینێکی جیهانی گشتگیرانەیە و تێکڕای موسڵمانان و ڕێچکە و ڕێبازەکان دەگرێتەوە.

٨ـ لەوانەیە لە سەرەتاوە بەندەکان کەمێک ماندووکەر بێنە پێشچاو، هەر بۆیە بۆ خوێندنەوەی کتێبەکە، بگەڕێنەوە سەر بەرنامە پێشنیارکراوەکەمان، چونکە ئەم بەندانە لەڕاستیدا کۆمەڵێک پێشەکین بۆ(بەندی ٧ هەتا کۆتایی کتێبەکە) و زەینتان بۆ بەندە سەرەکییەکانی دواتر ئامادە دەکات.

٩ـ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زۆرێک لە تاکەکان لە ڕۆژدا، کاتێکی کەمیان بۆ خوێندنەوە هەیە، لەم کتێبەدا ئەم لایەنەمان چارەسەرکردووە و لەکاتی نووسینیدا پوختمان کردۆتەوە.

١٠. ئەم کتێبە بۆ ئەو کەسە سوودی هەیە، کە ڕێگە نادات هیچ کەسێک و لەژێر هەر ناوێکدا بڕیار لەسەر بیرکردنەوە و بیروباوەڕی بدات، بۆ ئەو کەسەیە کە نرخی ژیان و بیرکردنەوەکانی دەزانێت. هاوکات بۆ ئەو کەسەشە کە بە شوێن دینی ڕاستەقینەدا دەگەڕێت و لەجیاتی پشت هەڵکردن لە دین و هەڵهاتن لێی، بڕیار دەدات بەدواداچوون بکات بۆ دۆزینەوەی دینی ڕاستەقینە.

١١ـ ئەم کتێبە پێداچوونەوەی دووەمی بۆ کراوە بۆ کاری هەڵەچنی و زیادکردن و کەمکردنی، کە بەشێکی لە زیادکردنی بەندی(٢٤) دا خۆی دەبینێتەوە، دەکرێت بڵێین ئەمە یەکێکە لە

بەندە زۆر گرنگەکانی کتێبەکە.

بـۆ ئەوەی کە بەخێرایـی بێـنە نـاو بابەتەکـانی کتێـبەکەوە، پێشەکییەکەیمان کردووە بە بەندی یەکەمی کتێبەکە؛ کەواتە ئێوە ئێستا خەریکی خوێندنەوەی بەندی یەکەمی کتێبەکەن، کە تیایدا ئاماژە بە پێشەکییەکان و ڕەوش و چۆنێتی خوێندنەوەی کتێبەکە دەکات.

لەکۆتایی ئەم بەشەدا جارێکیتر داواتان لێدەکەین کە بە جدیی بیرکردنەوەتان لەسەر بەندەکانی چڕبکەنەوە.

پرسـیارێک بـۆ بیرکـردنەوە: ئایـا دەزانـین بـۆچی دیـدگا و بیرکردنەوەی هەر مرۆڤێک بەنرخە؟

ئایەتی هەڵبژێردراو

﴿وَهُوَ الَّذِي مَدَّ الْأَرْضَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنْهَارًا ۖ وَمِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ جَعَلَ فِيهَا زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ ۖ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٣﴾﴾ {سورەتی(رعد)، ئایەتی: ٣}

خــودا ئەو کەســەیە کە زەوی ڕاخســتووە و تیایــدا شــاخ و کێوەکانی لەسەر داناوە و ڕووبارەکانیشی تێدا هەڵقوڵاندووە، لە هەر بەروبــووم و بەرهەمێــک دوو جــۆری دروســتکردووە، شــەوی والێکردووە بە تاریکییەکەی ڕۆژ دابپۆشێت، لە هەموو ئەمانەدا پەند و وانەی زۆر هەن بۆ کەسانێک کە بیردەکەنەوە!

# بەندی دووەم

بـۆچی لەم چەرخەدا خەڵکیـی، خودایـان خۆشـناوێت و لێـی ناترسـن؟ بـۆچی هیچکـام لە ئـێمە لە چالاکییەکـانی ڕۆژانەیـدا، بەشـێکی ڕۆژەکەی تـایبەت ناکـات بە بیرکـردنەوە لە خـودا؟ لەم بەنـدەدا هەوڵـدەدەین بە یـارمەتی یەکـتر، وەڵامـی ئەم پرسـیارانە بدەینەوە. مرۆڤەکان لە ئەمڕۆدا بە بیرکردنەوەکانیان لە بۆتەی ئیمان و عەقیـدەدا، چـوار ڕێبازیـان گرتـۆتەبەر. دەسـتەی یەکەم، ئەوکەسانەن کە لە بنچینەدا پەیڕەوی لە هیچ شتێک ناکەن. بابەتە دینییەکانی وەکو: عەقیدە و ئیمان و ژیانی دوای مردن، بەلایانەوە هـیچ گرنـگ نیـیە. هەمـوو ڕۆژێـک لە سـاتەوەختی لە خەوهەستانەوە، هەتا دەگاتە خەوتنی شەوان، جگە لە بیرکردنەوە لە خـواردن، دانیشـتن، کـار، بڕوانـامە و... تـاد، شـتێکی دیکەیـان لە مێشـکدا نیـیە. ئەمکەسـانە بەشـێوەیەکی گشـتی، خـودا و ڕۆژی قیامەت و پەرستش و... تاد، لەبیر بردۆتەوە.

هەموومـان لە ژیانـدا ڕووبەڕووبـوونەوەی زۆرمـان لەگەڵ ئەم مرۆڤـانەدا هەبـووە. خودای گەورە لە قورئانـدا سـەبارەت بەمجـۆرە کەسانە فەرموویەتی:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۚ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴿١٨﴾ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنسَاهُمْ أَنفُسَهُمْ ۚ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿١٩﴾ لَا يَسْتَوِي أَصْحَابُ النَّارِ وَأَصْحَابُ الْجَنَّةِ ۚ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمُ الْفَائِزُونَ ﴿٢٠﴾ {سورەتی (حشر)، ئایەتی: ١٨.٢٠}

(١٨) ئەی باوەڕداران؛ تەقوای خودای گەورە بکەن و خۆتان بپارێزن لە سزا، با کەسێک لە ئێوە تەماشا بکات و بزانێت، لەپێش خۆیەوە چ کردەوەیەکی چاکی بۆ سبەینێ ناردووە! تەقوای خودا بکەن؛ بەدڵنیاییەوە خودا زانیاری وردی هەیە لەسەر ئەو کردەوانەی ئەنجامیدەدەن. (١٩) لەو کەسانە مەبن، کە خودای گەورەیان لەیاد کرد و خوداش وایلێکردن خۆیان لەیاد بکەن، بۆیە بەڕاستی ئەمجۆرە کەسانە، لە گوێڕایەڵیکردنی خودا دەرچوون و لە سەرپێچیکارانن. (٢٠) بەهەشتی و دۆزەخیی، یەکسان نین، بەڵکو بەهەشتییەکان سەرفراز و ڕزگاربوون.

مَن يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِي ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَأُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴿١٧٨﴾ وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ ۖ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَا ۚ أُولَئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُولَئِكَ هُمُ

الْغَافِلُونَ﴿١٧٩﴾ وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ فَادْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١٨٠﴾ {سورەتی(اعراف)، ئایەتی: ١٧٨-١٨٠}

(١٧٨) هەر کەسێک خودا هیدایەتی بدات، ئەوا هیدایەتدراوی ڕاستەقینەیە و ئەو کەسانەشی کە (بەهۆی کردەوەکانیانەوە) گومڕایان دەکات، زیانمەندی ڕاستەقینەن. (١٧٩) بێگومان دەستەیەکی زۆرمان لە جنۆکە و ئادەمیزاد بۆ دۆزەخ دروستکردووە، ئەوانە کەسانێکن کە دڵیان هەیە، بەڵام پێی تێناگەن؛ چاویان هەیە، بەڵام حەقی پێ نابینن؛ گوێیان هەیە، بەڵام پێی نابیستن؛ ئەوانە هەروەکو چوار پێ (ئاژەڵ)ن، بەڵکو لەوانیش گومڕاترن! ئەوانە کەسانێکی بێئاگان، (چونکە لەگەڵ هەموو ئەو توانایەی پێیاندراوە بۆ هیدایەت، دیسان هەر گومڕا و سەرلێشێواون). (١٨٠) هەروەها خودای گەورە خاوەنی ناوە جوانەکانە، هەر بەو(ناوانەش) بانگی بکەن! لەو کەسانە دووربکەونەوە کە ناوەکانی خودا دەگۆڕن و(بە جگە لەو ناوانە)، ناوی دەبەن و(هاوبەشی بۆ بڕیاردەدەن)، ئەوانە بەزوویی سزای ئەو کردەوانەیان وەردەگرن کە ئەنجامیاندەدا.

**دەستەی دووەم**، ئەو کەسانەن کە ئیمان و عەقیدە و ژیانی دوای مردن بەلایانەوە گرنگیی هەیە. ئەوانە بایەخێکی زۆر بە نوێژ، ڕۆژوو و پەرستشەکانیان دەدەن و هەوڵدەدەن لە چارەنووس و ڕێگەی دونیاوە، هەتا ئەو بەهەشتەی وێنای دەکەن، تووشی

هەڵەی زۆر نەبــن. کێشــەی ســەرەکی ئەم دەســتەیە ئەوەیە، کە لەگەڵ بوونی گرنگیی ئیمان و عەقیدە لەلایان، بەدرێژایی ژیانیان لە لەدایکبوونەوە، هەتا مردن، بە گرنگی و بایەخەوە دەربارەی ئەم بابەتـانە بیریـان نەکـردۆتەوە و لەمـڕووەوە دونیابینییـان بـۆ ئـیمان، بەشـێوەی لاسـاییکردنەوە (تقلیـد)، لە باووباپیرانیـانەوە بە میـرات وەرگرتووە. خۆ ئەگەر پرسیاریان لێبکرێت، بۆچوونیان سەبارەت بە خـودا و قیـامەت و ئەو بابەتـانەی پێـوەی گرێـدراون چـۆنە، ئەوا هەمان ئەو وەڵامە دەدەنەوە کە باوک و دایـک و پێشینانیان وەکو لاسـاییکردنەوە فێریـانکردووون. ئەوان هەمـان ئەو خـاڵی تێـڕوانین و بۆچوونەیان هەیە کە لە پەرتووک و وانەکانیاندا خراونەتەڕوو، یان باووباپیرانیان فێریانکردووون. خودای گەورە لە قورئاندا بەمشێوەیە باسی ئەو کەسانەی کردووە:

يَـا أَيُّهَـا النَّـاسُ كُلُـوا مِـمَّا فِي الْأَرْضِ حَـلَالًا طَيِّبًـا وَلَا تَتَّبِعُـوا خُطُـوَاتِ الشَّـيْطَانِ ۚ إِنَّـهُ لَكُمْ عَـدُوٌّ مُّبِـينٌ﴿١٦٨﴾ إِنَّمَـا يَـأْمُرُكُم بِالسُّـوءِ وَالْفَحْشَـاءِ وَأَن تَقُولُـوا عَـلَى اللَّهِ مَـا لَا تَعْلَمُـونَ﴿١٦٩﴾ وَإِذَا قِيـلَ لَهُـمُ اتَّبِعُـوا مَـا أَنزَلَ اللَّهُ قَـالُوا بَـلْ نَتَّبِـعُ مَـا أَلْفَيْنَـا عَلَيْـهِ آبَاءَنَـــا ۗ أَوَلَـــوْ كَـــانَ آبَـــاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُـــونَ شَـــيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ﴿١٧٠﴾ {سورەتی(بقرة)، ئایەتی: ١٦٨-١٧٠}

(١٦٨) ئەی خەڵکینـە! بخـۆن لەو ڕزق و ڕۆزیـیەی کە پـاکە و خودای گەورە لە زەویدا بۆی حەڵاڵ کردوون، شوێن هەنگاوەکانی شـەیتان مەکەون، چونکە دوژمنێکـی ئاشـکرای ئێـوەیە! (١٦٩) ئەو

تەنیا فەرمانتان پێدەکات بە هەموو کارێکی خراپ و تاوان، بەوەی قسەیەک بدەنە پاڵ خودا کە زانیاریتان لەسەری نییە. (١٧٠) کاتێک بە کافرەکان بگوترێ: وەرن شوێن ئەو قورئانە بکەون کە خودای گەورە دایبەزاندووە! دەڵێن: نا، ئێمە پەیڕەوی لەو شتە دەکەین کە باووباپیرانمان لەسەری بوون لە بتپەرستی. ئایا ئەگەر باووباپیرانیان نەزان بووبێتن و هیدایەتیشیان وەرنەگرتبێت، دیسان هەر پەیڕەوییان لێدەکەن؟!

**دەستەی سێیەم**، ئەو کەسانەن کە لایەنی عەقیدە و ژیانی دوای مردن بەلایانەوە گرنگی خۆی هەیە. ئەوان توێژینەوە و بەدواداچوونی باش سەبارەت بە بابەتەکانی پەیوەست بە غەیب، دین، ڕۆح، ژیانی دوای مردن ئەنجامدەدەن. ئەمکەسانە زۆرترینی کاتەکانیان لە ڕۆژدا بۆ بیرکردنەوە لە ئیمان و ماهییەتی مرۆڤ و ژیانی دوای مردن تەرخاندەکەن. **کێشەی سەرەکی ئەم دەستەیە ئەوەیە کە پەیڕەوی لە شتێك دەکەن کە بکەوێتە چوارچێوەی خەیاڵ و گومانەکانیانەوە!** ئەوان لە قوتابخانە فەلسەفی و عیرفانی و زانستییەکاندا بە شوێن ئەو واتایانەدا دەگەڕێن کە تەنیا و تەنیا پەیوەستن بە کتێبە ئاسمانی(وحی)یەکانەوە، نەک ئەوانەی پەیوەستن بە قوتابخانە زانستی و فەلسەفییە مرۆییەکان. وایدابنێین ئەگەر لە سەدەکانی پێشوودا سەبارەت بە قیامەت، فریشتەکان، جنۆکە و...تاد، باس و گفتوگۆیەک لەئارادا نەبوایە، مرۆڤ چۆن دەیتوانی درک بەم بابەتانە بکات. خودای گەورە

سەبارەت بە پەیوەندییەکان بە میتافیزیکەوە بەمجۆرە دەفەرموێت:

وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ نَارُ جَهَنَّمَ لَا يُقْضَىٰ عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا وَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا كَذَٰلِكَ نَجْزِي كُلَّ كَفُورٍ ﴿٣٦﴾ وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَا أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ فَذُوقُوا فَمَا لِلظَّالِمِينَ مِن نَّصِيرٍ﴿٣٧﴾ إِنَّ اللَّهَ عَالِمُ غَيْبِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴿٣٨﴾ هُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ فِي الْأَرْضِ فَمَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ وَلَا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ إِلَّا مَقْتًا وَلَا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلَّا خَسَارًا﴿٣٩﴾ **{سورەتی(فاطر)، ئایەتی: ٣٦-٣٩}**

(٣٦) ئەوانەش کە کافر بوون، ئاگری دۆزەخیان بۆ هەیە؛ هەرگیز بڕیاری مردنیان نادرێت و سزای دۆزەخیشیان لەسەر سووک ناکرێت، بەمشێوەیە سزای ئەو کەسانە دەدەینەوە کە زۆر کافرن. (٣٧) ئەوان لەناو ئاگری سوتێنەری دۆزەخدا هاواردەکەن و دەڵێن: «پەروەردگارا! لەم ئاگرە دەرمانبهێنە، هەتا کردەوەی چاک بکەین، جیاواز لەو کردەوە خراپانەی ئەنجامانداون!» لە وەڵامدا پێیان دەگوترێت: ئایا ئەوەندە تەمەنمان درێژنەکردن کە بیربکەنەوە و پەند وەربگرن، ئایا ئاگادارکەرەوە و ترسێنەریشمان بۆ نەناردن؟ کەوایە بچێژن سزای دۆزەخ، کە هیچ پشتیوانێک نییە بۆ ستەمکاران! (٣٨) بەڕاستی خودای گەورە زانای نهێنی ئاسمانەکان

و زەوییە، بەڕاستی خودای گەورە زۆر زانایە بەوەی لەناو سنگ و دڵەکاندا شاردراوەتەوە. (٣٩) هەر ئەوەی کە ئێوەی کردووە بە جێنشین لە زەویدا، جا هەر کەسێک کافر بێت، ئەوە زیانی کوفرەکەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، کافرانیش بەهۆی کوفرەکانیانەوە لای خودای گەورە هیچ شتێکیان بۆ زیاد نابێت، تەنیا ڕق و تووڕەیی خودا نەبێت، هەروەها هیچ شتێکی دیکەشیان زیاد ناکات، تەنیا زیانمەندی و بەهیلاکچوونی خۆیان نەبێت.

أَمَّن يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴿٦٤﴾ قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ﴿٦٥﴾ بَلِ ادَّارَكَ عِلْمُهُمْ فِي الْآخِرَةِ بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِّنْهَا بَلْ هُم مِّنْهَا عَمُونَ﴿٦٦﴾ {سورەتی(نمل)، ئایەتی: ٦٤-٦٦}

(٦٤) چ کەسێک هەیە سەرەتا دروستکراوەکان دروستبکات، پاشان نوێیان بکاتەوە، دوای ئەوەی کە دەیانمرێنێت، سەر لە نوێ زیندوویان بکاتەوە؟ کێ هەیە ڕزق و ڕۆزیتان بدات لە ئاسمان و زەوییەوە؟ ئایا لەگەڵ(الله)دا خودایەکیتر هەیە؟ ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت) بڵێ: دەی ئێوە بەڵگەی خۆتان بێنن لەسەر ئەوەی کە خودای گەورە هاوبەشی هەیە، ئەگەر ڕاست دەکەن. (٦٥) بڵێ: تەنیا ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە غەیب دەزانێت، جگە لە زاتی پیرۆزی (الله)، هیچ کەسێک

ئاگاداری غەیب و نهێنی نییە. ئەوانەشی ئێوە پڕوپاگەندەی ئەوەیان بۆ دەکەن کە غەیب دەزانن، ئەوان خۆشیان نازانن کەی خودای گەورە لەناو گۆڕەکان دەریان دەهێنێت و زیندوویان دەکاتەوە. (٦٦) ئەوان زانیارییەکی تەواویان نییە لەسەر هاتنی ڕۆژی قیامەت، بەڵکو کافران لە دونیادا گومانیان لەو بابەتانە هەیە، ئەوان خۆیان نابینا(کوێر) کردووە لە ئاستی بینینی حەق.

کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ماناکانی پەیوەست بە غەیب، قیامەت، فریشتەکان، جنۆکە و...تاد، تەنیا لە ڕێگەی کتێبە ئاسمانییەکان و وەحی بە مرۆڤ گەیشتووە. هیچ کەسێک توانای ئەوەی نییە بەتەنیا بەهۆی عەقڵەوە بەم مانایە بگات. ئەگەر کەسێک بیەوێت بەبێ سەرنجدان و گەڕانەوە بۆ ئەم بابەتە گرنگانە، تەنیا پەیڕەوی لە قوتابخانە فەلسەفی و عیرفانییەکانی عەقیدەکەی خۆی بکات، تووشی گومڕاییەکی ئاشکرا دەبێت.

ئەو قوتابخانانەی لە ئەمڕۆدا لە سەرتاسەری دونیادا خەریکی بانگەواز و بڵاوکردنەوەی ئەم واتایانەن، جگە لە خامێکی هاتوو و دروستکراوی زەینی مرۆڤ، شتێکیتر نین، لەکاتێکدا لەسەر بنەمای فەرمایشتی خودای بەرز و بڵند، ئەم واتایانە تەنیا بەڕێگەی وەحی گوازراونەتەوە بۆ مرۆڤ. خودای بەرز و بڵند لەمەڕ پەیوەندی و پەیڕەویکردن لە قوتابخانە فیکرییە مرۆییەکان و واتاکانی ئەودیوسروشت(میتافیزیک) بەمجۆرە دەفەرموێت:

وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴿١١٥﴾ وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ﴿١١٦﴾ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴿١١٧﴾ {سورەتی(انعام)، ئایەتی: ١١٧-١١٥}

(١١٥) وشە و گفت و بەڵێنی خودای گەورە هەمووی ڕاست و دروستبوو لەڕووی(صدق) و(عدل)، هیچ گۆڕانێک بەسەر وشە و بڕیار و حوکمەکانیدا نایەت، ئەو زۆر بیسەرە بەوەی کە دەیڵێن. زۆر زانایە بە کردەوەکانتان. ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، ئەگەر تۆ گوێڕایەڵی زۆربەی خەڵکی سەر زەوی بکەی، ئەوا گومڕات دەکەن و لەڕێگەی ڕاست لاتدەدەن، چونکە ئەوان تەنیا شوێن گومان دەکەون. (١١٦) هەروەها ئەوەی ئەوان تەنیا خەملاندن و پێشبینییە و هیچ هەقیقەت و یەقینێکی لەگەڵدا نییە. (١١٧) خودای گەورە خۆی زاناترە بەوەی کە کێ گومڕا دەبێت و لەڕێگەی ڕاستی خودا لادەدات، هەروەها خودای گەورە زاناترە بەوانەی هیدایەت وەردەگرن.

**دەستەی چوارەم**، ئەو کەسانەن کە لایەنی عەقیدە و ژیانی دوای مردن بەلایانەوە شتێکی گرنگە. ئەوان سەبارەت بە بابەتەکانی پەیوەست بە غەیب، دین، ڕۆح و ژیانی دوای مردن بیرکردنەوەی خۆیان هەیە. ئەوان تەنیا لە بارودۆخێکدا بابەتەکانی

پەیوەست بە غەیب پەسەند دەکەن، کە لە قورئاندا وەکو تاکە سەرچاوەیەکی ئیمانییان هاتبێت. ئەمکەسانە بەو ڕاددەیە بایەخ بە عەقیدەی خۆیان دەدەن و بەلایانەوە گرنگە، کە خۆیان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن و هەنگاوی بۆ دەنێن و چاوەڕێ ناکەن کەسانیتر فێریان بکەن. ئەوان ئەوەیان بەلاوە پەسەندە کە قسە و فەرمایشتی هیچ کەسێک بالاتر نییە لە گوتە و فەرمایشتی خودا.

خودای گەورە دەربارەی ئەمجۆرە کەسانە دەفەرموێت:

الَّـذِينَ يُؤْمِنُـونَ بِالْغَيْـبِ وَيُقِيمُـونَ الصَّـلَاةَ وَمِـمَّا رَزَقْنَـاهُمْ يُنفِقُونَ﴿٣﴾ وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَبِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ﴿٤﴾ أُولَٰئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴿٥﴾ {سورەتی(بقرة)، ئایەتی: ٣-٥}

(٣) لە سیفاتی مرۆڤی خۆپارێز و لە خواترس ئەوەیە کە: ئیمان بە غەیب دەهێنن و نوێژەکانیان ئەنجامدەدەن و لەو ماڵەشی پێیان بەخشیون بژێوی ماڵ و منداڵیانی لێدەدەن. (٤) هەروەها ئیمانیان بەو قورئانە پیرۆزە هەیە کە بۆ تۆ دابەزیوە و بەو کتێبە ئاسمانییانەیتریش کە بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆ دابەزیون، یەقین و باوەڕی تەواویشیان بە ڕۆژی دوایی هەیە. (٥) ئەمکەسانە لەسەر هیدایەت و ڕێنمایی و ڕووناکین و سەربەرز و سەرفرازن.

زۆرینەی خەڵکی ئەمڕۆ وابیردەکەنەوە کە باشترین ڕێگە و ئامانجیان بۆ ژیانیان هەڵبژاردووە، لەمڕووەوە کوێرانە پێداگری

لەســـەر بۆچـــوون و تێڕوانینەکانیـــان دەکەن. لێـــرەوە تووشـــی دەمارگیرییەکی کوێرانە دەبن و سەبارەت بە دیدگا و بۆچوونەکانی دیکە، بـێ زانیـاری و بێئاگـا دەمێننەوە، چـونکە وادەزانـن کاتێـک باشـترین و بـاڵاترین ئامـانج و ئایـدۆلۆژیا لەبەر دەسـتی ئەوانە، پێویستیان بەوە نییە گوێ لە قسە و بۆچوونێکیتر بگرن. خۆ ئەگەر قوتابخانەیەکی تـایبەت هەبێت بـاس لە ئاسـوودەیی و بەختەوەری بکـــات، ئەوا ئەوکەســـە دەمـــارگیرانە لەبەرئەوەی کە هەمیشـــە قوتابخـــانەکەی خۆیـــان بەلاوە باشـــتر و لەپێشـــترە، پشـــت لەو بەخـــتەوەری و ئاســـوودەییە دەکەن. جـا بـــۆ ئەوەی بتـــوانین ئەوە ڕوونبکەینەوە کە ئایا باشـترین قوتابخـانە و ئامـانجی ژیـان لەلای ئێمەیە، دەبێت بە چاو و گـوێیەکی کراوە و دوور لە دەمارگیری لە دەرەوە بـــۆ نـــاوەوە گـــوێ بـــۆ ئەم فەرمایشـــتە چارەســـاز و یەکلاییەکەرەوانە بگرین:

وَالَّـذِينَ اجْتَنَبُـوا الطَّـاغُوتَ أَن يَعْبُـدُوهَا وَأَنَـابُوا إِلَى اللَّهِ لَهُـمُ الْبُشْـرَىٰ ۚ فَبَشِّـرْ عِبَـادِ﴿١٧﴾ الَّـذِينَ يَسْـتَمِعُونَ الْقَـوْلَ فَيَتَّبِعُـونَ أَحْسَنَهُ ۚ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمْ أُولُو الْأَلْبَابِ﴿١٨﴾

{سورەتی(زمر)، ئایەتی: ١٧-١٨}

(١٧) هەروەها ئەو کەسانەی خۆیان دوورخستەوە لە پەرستنی

تاغووتەکـــان و گەڕانەوە بـــۆ لای خـــودای گەورە، ئەوا مـــژدەی بەهەشت بۆ ئەو کەسانەیە، مژدەیان پێبدە! (١٨) ئەوانەی گویێ لە گـوتە و فەرمایشـتێک دەگـرن و لێـی تێـدەگەن و پەیـڕەوی لە باشـترینەکانی دەکەن و کـاری پێـدەکەن، ئەوانە ئەو کەسـانەن کە خودای گەورە هیدایەتی داون.

باشترین بەرنامەی ئامانجدار بۆ ژیانی تاک، ئەو بەرنامەیەیە کە بەدیهێنەر بۆ مرۆڤی داڕشتووە، نەک ئەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤی داناوە، چونکە هەر ئادەمیزادێک (وەکو گشت مرۆڤەکانی دیکە)، لە قۆناغی کۆرپەلەییەوە بەبێ زانست و زانیاری هەنگاو دەنێت بەرەو بـاڵغبوون و گەشـەکردنی لایەنـی فیکریـی خـۆی، جـا هەرچەنـدێک لە دونیـادا بـژی و ئەزمـوون و زانسـت فێربێـت، لەکۆتاییـدا هەر دەمرێـت. کەواتە هەر فەلسـەفەیەک کە ئەو لە ژیـان و بـۆ ژیـانی پیـادەی بکـات، زادەی لایەنـی زەینـی خۆیەتی. لەوانەیە دیدگا و فەلسەفەکەی سەبارەت بە دونیا وەڵامی هەبێت، بەڵام بەدڵنیـاییەوە دەربـارەی دواڕۆژ دەستەوسـان و بـێ وەڵامە. گشـت هەوڵ و کۆششـەکانی مـرۆڤ بـۆ لایەنـی ئاسـوودەیی و بەدەستهێنانی بەختەوەرییە. لە ڕوانگەی ئەم مەبەست و کردارەوە، سەیری تەمەنە سنووردارەکەی مرۆڤ دەکرێت، کە بۆ تەمەنێکی ماماوەندی کەسێکی تەندروستی هەشتا ساڵ دەبێت و سنووردارە

بەو تەمەنە. بەڵام ئامانجی سەرەکی دین ئەوەیە سەرنجی مرۆڤ بۆ ئاسوودەیی و بەختەوەری درێژبکاتەوە لە قۆناغی سنوورداریيەتی تەمەنەوە بەرەو قۆنـــاغی بێســـنوور و بێکۆتـــایی دوارۆژ. ئەو ئاســوودەییە دونیــاییەی کە مــرۆڤ بەدوایەوەیە، تەنیــا لەڕێــگەی دینەوە بەدەستدێت.

پرســیارێک بــۆ بیرکــردنەوە: بە بۆچــوونی ئێــوە، کــام دەســتەیە گرنگترە؟

إِنَّـا خَلَقْنَـا الْإِنسَـانَ مِـن نُّطْفَـةٍ أَمْشَـاجٍ نَّبْتَلِيـهِ فَجَعَلْنَـاهُ سَـمِيعًا بَصِـيرًا ﴿٢﴾ إِنَّـا هَـدَيْنَاهُ السَّـبِيلَ إِمَّـا شَـاكِرًا وَإِمَّـا كَفُـورًا ﴿٣﴾ **{سورەتی(الإنسان)، ئایەتی: ٢.٣}**

**(٢) ئـێمە مـرۆڤمان دروسـتکردووە لە دڵـۆپە ئـاوێکی تـێکەڵ، پاشـان فێریـدەکەین و تاقیـدەکەینەوە، هەروەهـا وامـان لە مـرۆڤ کـردووە کە بیسـەر و بیـنەر بێـت. (٣) ئـێمە مـرۆڤمان سەرپشـک کردووە، ئیتر بە ویستی خۆی، یان ئەوەتا سوپاسگوزاری دەکات، یان نا سوپاس و کوفرانەی خودای گەورە و بەخششەکانی دەکات.**

# بەندی سێیەم

ئەگەر تاکێک لە وڵاتێکی موسڵمان لەدایکبێت، بیەوێت، یان نەیەوێت، موسڵمان دەبێت، چونکە باوک و دایک و سیستەمی دەسەڵات هەمووی موسڵمانن. ئێستا ئەگەر ئەم تاکە لە وڵاتێکی مەسیحیدا لەدایکبێت، بەدڵنیاییەوە دەبێتە مەسیحی، چونکە کۆمەڵگە و خێزانەکەی بەوجۆرە پەروەردەی دەکەن. بەڵام ئایا هەقیقەتەکە بەوجۆرەیە کە کۆمەڵگە بۆمان ڕووندەکاتەوە، یان ئەوەی کە دەبێت لەڕێگەی بیرکردنەوەوە هەقیقەت بناسرێت؟ بە نموونەیەک بابەتەکە دەخەینەڕوو: وایدابنێین لە ڕۆژی قیامەت مەسیحییەک و جوولەکەیەک و موسڵمانێک بۆ وەڵامدانەوەی خوڕافیات لە عەقیدەیاندا، لە حزووری خودای گەورە ئامادە دەبن. کەسە جوولەکەکە دەڵێت: من لە خێزانێکی جوولەکە لەدایکبووم و لایەنی عەقیدەییم لە سەیرکردن و دووبارەکردنەوەی عەقیدەی باوک و دایک و کۆمەڵگەوە وەرگرتووە و فێربووم. کەسە مەسیحییەکە دەڵێت: منیش لە خێزانێکی مەسیحی لەدایکبووم و لە باوک و دایک و کۆمەڵگەکەمەوە فێری عەقیدە بووم. کەسە موسڵمانەکەش دەڵێت: من لە خێزانێکی موسڵمان لەدایکبووم و لە

باوک و دایک و کۆمەڵگەوە فێری عەقیدە بووم و وەرمگرتووە. ئایا بە کەسە موسڵمانەکە دەگوترێت، بچۆرە بەهەشتەوە؟ نەخێر، چونکە یەکەم، ئەمە دەرگای بەڵگە هێنانەوەی بەڕووی ئەوانیتردا کردۆتەوە، دووەم، ئیمان و عەقیدەی قورئانیی، تەنیا بەهۆی بیرکردنەوەی خودی کەسەکە لە ئایەتی قورئان، سرووشت و گێتی(آيات آفاقي) و ئایەتی بەدیهێنان و دەروون(خلقة البشر) دێتە دی. لەبەرئەوە لە قورئاندا سەدانجار داوا لە مرۆڤ کراوە کە بیربکاتەوە و کوێرانە لاسایی خێزان و باووباپیران و زانایان و کۆمەڵگە نەکاتەوە:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بَلْ قَالُوا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَىٰ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰ آثَارِهِم مُّهْتَدُونَ﴿٢٢﴾ وَكَذَٰلِكَ مَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَىٰ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰ آثَارِهِم مُّقْتَدُونَ﴿٢٣﴾ قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكُم بِأَهْدَىٰ مِمَّا وَجَدتُّمْ عَلَيْهِ آبَاءَكُمْ قَالُوا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ﴿٢٤﴾ {سورەتی(زخرف)، ئایەتی: ٢٢ـ٢٤}

(٢٢) ئەوان دەیانگوت: ئێمە باووباپیرانی خۆمان لەسەر جۆرە پەرستشێک بینیوە و بەشوێن ئەواندا دەڕۆین و لاساییان دەکەینەوە! (٢٣) بەمشێوەیە لەپێش تۆشدا بۆ هیچ شار و دێیەک پێغەمبەر و ترسێنەر و ئاگادارکەرەوەمان نەناردووە، ئەوانەی

دەسەڵاتدار و ناوداربوون گوتوویانە: ئێمە بەشوێن باووباپیرانی خۆماندا دەڕۆین و لاساییان دەکەینەوە. (٢٤) پێغەمبەرەکەیان پێی گوتوون: ئایا ئەوەی من بۆم هێناون هیدایەتبەخشتر نییە لەوەی باووباپیرانی خۆتان لەسەر بینیوە؟ ئەوانیش لە وەڵامدا گوتوویانە: ئێمە کافرین بەوەی هێناوتە و باوەڕمان پێی نییە.

هەر کەسێک بەڕاستی بەشوێن هەقیقەتدا بگەڕێت، بەدڵنیاییەوە پێیدەگات. ئێمە هەموومان بەوە ڕازین کە لە فەرمایشتی خودای گەورە باڵاتر نییە و هیچ گوتەیەک لە ئاستی گوتەی ئەودا نییە و قورئانەکەی بە ڕاددەیەک بەنرخ و گرنگە کە دەگونجێ ئایەتێکی ببێتە مایەی هیدایەت. کەسێک کە بیر لە قورئان بکاتەوە، خودای گەورە بەڵێنی دڵنیایی و هیدایەتی پێدەدات:

وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا ۚ وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ ﴿٦٩﴾ {سورەتی (عنکبوت)، ئایەتی: ٦٩}

(٦٩) هەروەها ئەو کەسانەی لەپێناو ئێمەدا جیهادیان کردووە، بەدڵنیاییەوە هیدایەتیان دەدەین بۆ ڕێگەی ڕاستی خۆمان و خودای گەورە لەگەڵ چاکەکاراندایە.

سەرنجی وشەی«لنهدينهم» بدەن. ئەم وشەیە بەواتای هیدایەتی تەواو و یەکلاکەرەوە دێت، بەمەرجێک کەسەکە خۆی ویستی لەسەر ئەو هیدایەتە بێت. هیدایەت لە ئیماندا، پێویستی بە هەوڵ و

ڕووبەڕووبوونە و تێکۆشانێکی بچووک هەیە. بابەتی ئیمان وەکو شیکردنەوەی هاوکێشەی بیرکاری نییە و پێویستی بە فۆرمولەی ئاڵۆز و یاسا و ڕێسای ناڕوون نییە. ئیمان شتێکی زۆر قورس نییە، چونکە تەنیا پێویستی بە ئەنجامگیرییەکی گشتی هەیە، کە ئەویش بە بیرکردنەوە لە نیشانەکانی خودای گەورە دێتەدی. عەقیدەی دەستا و دەستپێکراو و لاسایی نییە، بەڵکو پێوەری ناسین و زانینی عەقیدە و ئیمان، وەحی(قورئان)ە. بەشێوەیەکی گشتی، پێوەری عەقیدە، قسەی مرۆڤەکان نییە، بەڵکو تەنیا فەرمایشتی خودایە. لە باس و بابەتی ئیماندا چەند خاڵێکی گرنگ هەن ئاماژەن بۆ ئەوەی کە:

ئەگەر کەسێک بەشوێن هەقیقەتی ئیمانەوە بێت، نابێت چاوەڕێ بکات کە ڕێگەی دروستی عەقیدە خۆی بۆ خۆی و بەبێ هەوڵ بچەسپێت، یان ئەوەی بە لاساییکردنەوەی کەسانیتر وابزانێت ڕێگەی ڕاستی گرتۆتەبەر. لایەنێکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە ناکرێت بابەتی عەقیدە و ئیمانی ڕاست و دروست، پەردەپۆش بکرێت. ئەم ڕوانگەیە بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤە و پەیوەندی بە سەرەکیترین بڕیاری ژیانی مرۆڤەوە هەیە، چونکە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی ئاگایانەی بەهەشت و دۆزەخەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەدا دەبێت هەر کەسێک بە درێژایی ژیانی خۆی، لانیکەم بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، کاتێک دیاریبکات بۆ جێگیرکردن و ڕوونکردنەوەی عەقیدەکەی، کە بەدرێژایی ئەم کتێبە هەوڵدراوە هەنگاوی

یەکەمی ئەم ڕێگەیە ڕوونبکرێتەوە، هەتا بەباشی بیری لێبکەنەوە. سەرکەشییەکانی مرۆڤ و سەرپێچیکردنی لە فەرمانەکانی خودا و کوفر، هیچ زیانێک بە هێز و دەسەڵاتی خودای گەورە ناگەیەنێت و هیچ کارەسات و زیانێکیش بە سیستەمی بوونەوەران ناگەیەنێت. لەڕاستیدا کوفرانەبژێری ئێمە، نابێتە هۆی بڕینی باران و بەفر، سیستەمی ڕۆژ و شەو ناگۆڕێت و کێشە و کەموکورتی ناخاتە نێو بوونەوەرانەوە، بەڵکو زیانی ئەمکارە بەتەنیا بەر خۆمان دەکەوێت؛ هەروەکو کەسێک کە نەخۆش بێت و دوورەپەرێز و نکوڵی لێبکات لەوەی سەردانی پزیشک بکات، ئەوا زیانی ئەو کارە بەتەنیا بەر خودی نەخۆشەکە دەکەوێت و پزیشک هیچ زیانێک ناکات. سەرنجبدەن کە هەڵبژاردن لە بۆتەی ئیمان، هەمیشە لەلایەن خودی مرۆڤەوە دەبێت و لە ڕۆژی قیامەتیشدا تەنیا خودی خۆمانین کە دەبێت وەڵامی پرسیارە عەقیدەییەکان بدەینەوە و هیچ مرۆڤێکیتر نییە دەمڕاست و وەڵامدەرەوەی ئیمان و عەقیدەمان بێت. پێویستە عەقیدەی هەر مرۆڤێک بە بەهێزترین ئامرازەوە گرێدرابێت. دەبێت ئیمان لەسەر بنەمای کتێبی ئاسمانی(قورئان) دامەزرابێت و فەرمایشتەکان، چۆنێتی گواستنەوەیان، گوتەی مرۆڤەکان و ڕێبەرانی تەریقەت و دین، لایەنە زانستی و فەلسەفییەکان لە ڕۆژی قیامەتدا، شایەنی لەسەر وەستان نین و ناتوانرێ پشتیان پێببەسترێ. زۆرێک لە ئێمە کاتێک دەمانەوێ ئۆتۆمبێلێکی نوێ بکڕین، چەندین ڕۆژ و هەفتە سەبارەت بە باشی

و خراپی ئۆتۆمبێلەکان پرسیار لە دۆست و نزیکەکانمان دەکەین، سەردانی پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل دەکەین و پرسیار لە زۆری و کەمی نرخەکانیان دەکەین و ڕاوێژیان پێدەکەین. ئایا بە ئەندازەی ١/١٠ ئەوە گرنگی و بایەخ بە ئیمان و عەقیدەمان دەدەین؟ ئایا هەر بەو جۆرەی کە بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلێک کات تەرخاندەکەین، ئامادەین بۆ ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی بنچینە عەقیدەییەکانی خۆمان کات تەرخانبکەین؟ لەکاتێکدا کە ژیانمان لەسەر بنەما و بناغەی ئیمان و عەقیدە دادەمەزرێت!

خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە هەر مرۆڤێک بۆ دۆزینەوەی هیدایەتی واقیعی، دەبێت بەجۆرێک قورئان بخوێنێت کە ڕێگە بدات ڕێڕەو و ڕێبازەکەی بۆ ڕوونبکاتەوە، نەک ئەوەی کە لەگەڵ مەبەستەکانی و گریمانەکانی پێشووتریدا بەرەو لای قورئان بچێت. بۆیە لەجیاتی ئەوەی قورئان ئەو هیدایەت بدات، ئەو قورئانی ئاراستەکردووە و بەرەو لای خۆی ڕایکێشاوە!

مرۆڤی ئامانجدار ئەو کەسەیە کە ڕێگەی ژیان و عەقیدەی خۆی لەگەڵ قورئاندا بەراورد دەکات. پاشان هەر بەشێک لەو تێڕوانینانەی قورئانی نین، بوێرانە دەیانسڕێتەوە و لە هەر بەشێکیشدا کەموکوڕی هەبێت، سوود لە قورئان وەردەگرێت و پڕیدەکاتەوە و لە ئەنجامدا دەبێتە خاوەنی عەقیدەیەکی هاوسەنگی قورئانی. پێویستە بەجۆرێک داوای یارمەتی لە قورئان بکەین، کە لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ هەر بەشێک لە پەیکەری ئیمان و عەقیدەمان

ئایەتێک هەبێت کە بگەڕێینەوە بۆی.

| وێنەی یەکەم | وێنەی دووەم |
| --- | --- |
| | |

کەسێک کە قورئان هیدایەت و ڕێنموونی دەکات.     کەسێک کە بۆ مەبەستێک قورئان دەخوێنێت.

لەگەڵ ئەوەدا، کێشـــــەیەکی دیـــــکە کە هەیە بــــــریتییە لە لێکــدانەوەی کەســـیی بـــۆ قورئـــان؛ واتە ئەوەی کە تاکەکـــان هەوڵدەدان ڕووداوی مێژوویـی و دیـدگای کەسانیتر بەزۆر لەگەڵ قورئانـدا هاوسـەنگ و هاوئاسـت بـکەن. لە بـابەتی ئیمانـدا دەبێـت ڕووداوی مێژوویـی فەرامۆشبکرێت و ڕوو لە قورئـان بکرێـت، کە بەهێزتــرین ســەرچاوە و ئینســایکلۆپیدیای ئیمانیـــیە. بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەو شێوەیە بیردەکرێتەوە کە تەنیا کەسانێکی تــایبەت هەن ســەبارەت بە دیــن، ئاگــایی و زانســتیان هەیە، بــۆیە لەبەرامـــبەردا باشـــتر وایە ئەمکەســـانە لەجیـــاتی ئەوانیـــتر لە کۆمەڵگەدا بیربکەنەوە و پاشان بە خەڵک بڵێن، لەبەرئەوەی جگە لە ئـێمە هـیچ کەسـێک لە قورئـان تێناگـات و ئـێمە لەمـڕووەوە دەربــارەی ئـیمان لێکۆڵینەوەمـان کـردووە و وانەمـان خوێنـدووە؛ کەواتە هەمـوان لاسـایی ئـێمە بـکەنەوە و سـەبارەت بە دیـن، چیـتر پێویست ناکات هیچ کەسێک بیربکاتەوە. ئەگەر بڕیاربوایە تەنیا

مرۆڤگەلێکی تایبەت لە قورئان تێبگەن و دەربارەی ئەرکانەکانی ئیمان زانست و ئاگاییان هەبێت، ئەوا قورئان بەتەنیا بەسەر ئەو دەستە تایبەتەدا دادەبەزی، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە قورئان بۆ گشت مرۆڤایەتی دابەزیوە و بچووک و گەورە لێی بەهرەوەرن:

وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ﴿١٧﴾ {سورەتی(قمر)، ئایەتی: ١٧ ـ ٢٢ ـ ٣٢ ـ ٤٠}

(١٧) ئێمە قورئانمان بۆ زیکر و پەند و ئامۆژگاری ئاسانکردووە، دەسا ئایا کەسێک هەیە پەندی لێوەربگرێت؟

بێگومان ڕاهێنان و فێربوونی تەوحید کارێکی سادە و ئاسانە، بەڵام یەکخواپەرستبوون و تەقواداربوون، کاری بەندە ڕاستەقینەکانی خودایە. قورئان ئەو کتێبەیە کە خودای گەورە بەڵێنیداوە هەتا ڕۆژی قیامەت لە گۆڕین و دەستکاریکردن بیپارێزێت. قورئان پەرجووە و پارێزراوە لە دەستکاریکردن و تاکە سەرچاوەی عەقیدەی مرۆڤایەتییە:

إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴿٩﴾ {سورەتی(حجر)، ئایەتی: ٩}

(٩) ئێمە قورئانمان دابەزاندووە و هەر ئێمەش دەیپارێزین.

هەروەها:

وَاتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِن كِتَابِ رَبِّكَ لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ وَلَن

تَجِدَ مِن دُونِهِ مُلْتَحَدًا﴿٢٧﴾ {سورەتی(كهف)، ئایەتی: ٢٧}

(٢٧) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، بۆیان بخوێنەرەوە لەو قورئانەی کە خودای گەورە بۆی ناردووی، هیچ گۆڕانێک بەسەر وشەکانیدا نایەت، ئەگەر شوێن قورئانی پیرۆز نەکەویت، ئەوا جگە لە خودای گەورە، هیچ پەناگەیەکت نییە کە هەنای بۆ بەریت.

لە قیامەتدا، پێغەمبەری ئیسلام(دروودی خودای لەسەر بێت)، گلەیی لە ئوممەتەکەی دەکات لەسەر بەجێهێشتن و کارنەکردن بە قورئان. پێغەمبەری مەزن بۆ ماوەی(٢٣) ساڵ بەرگەی ڕەنج، ئازار، شەونخونی، جەنگ و دوورخستنەوە و دەربەدەری، برسێتی و مەترسیماڵی و گیانی گرت، هەتاکو پەیامی خودای گەورە بگەیەنێت بە مرۆڤایەتی. لە ئەمڕۆدا خەڵکی بۆ بەدەستهێنانی دەرامەت و بژێوی، چەندین کاتژمێر تەرخاندەکەن، کاتێکی باش دەدەن بە بواری خوێندن و پشوو و سەرگەرمییەکان، کەچی لە ڕۆژێکدا تەنانەت ئامادەنین بۆ چەند خولەکێک بە بیرلێکردنەوەوە قورئان بخوێننەوە:

وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا﴿٣٠﴾ {سورەتی(فرقان)، ئایەتی: ٣٠}

(٣٠) پێغەمبەری خودا(دروودی خودای لەسەر بێت) دەفەرموێت: ئەی پەروەردگار! بەڕاستی گەلەکەم(ئوممەتەکەم) وازیان لە قورئان هێنا!

بـابەتی ئـیمان شـتێکە کە پێویسـتە هەر مرۆڤێـک لە خۆیـدا کـاتێکی گرانبەهـای ژیـانی بـۆ تەرخانبکـات و لەوبـارەیەوە بیربکـاتەوە. سـەرنجبدەن ئەو بـابەتەی لێـرەدا دەمـانەوێ ئامـاژەی پێـبکەین، ئەمەیە کە لە کۆمەڵگەکەمانـدا زۆرێـک بەوجـۆرە بیـردەکەنەوە کە عەقـڵ و فیکریـان لە سـەری مرۆڤەکـانی دیـکەدا جێگیـر بـووە و لەجیـاتی هەڵێنجـانی تـاکە کەسـی خۆیـان لەمەڕ عەقیدەیان، دەگەڕێنەوە بۆ کەسانێکی تـایبەت، بۆیە بەدڵنیـاییەوە کێشـە سـەرەکییەکە هەر لێـرەدایە. خـودای گەورە لە قورئانـدا فەرموویەتی: **دەربارەی دروسـتکردنی ئاسـمانەکان و زەوی و ئایەتەکـانی قورئـان و دروسـتکردنی بـوونەوەر، خۆتـان بیربکەنەوە، نەک ئەوەی بە کەسانێکی دیکە بڵێن لەجیـاتی ئێـوە بیـربکەنەوە.** پاش ئەوەی پێغەمبەری ئیسلام(دروودی خودای لەسەر بێت) بۆ کەسانی تازە موسڵمان قورئانی دەخوێندەوە و چاکسـازی لە ئـیمان و عەقیـدەیان دەکـرد، پێـی نەدەگـوتن ئێسـتا ئیـدی دوای بیسـتنی ئەم ئایەتـانە دەربـارەی ئـیمان، بچـن بـۆ لای ئەبوجەهـل و ئەبـولەهەب، سـەبارەت بەم ئـایەتە عەقیـدەییانە ڕاوێژیان لەگەڵ بکەن. ئەوان خۆیـان کاتێـک هەقیقەتیـان بەرگوێ دەکەوت، دەیـانزانی بـوونی هەیە و ڕاسـتە. زۆرێـک لە ئـێمەش ئیمانـی وەکـو بـابەتێکی فێرکـاری، دەسـت بە دەسـت وەرگرتـووە و وەکو شتێکی بێ زمان و داپۆشراو سەیری دەکات. عەقیدەی هەر مرۆڤێـک لەڕێـگەی بیرکـردنەوە و هەڵێنجانەکـانی بەدەسـتدێت و

وەردەگیرێــت، جـا لەمبــارەیەوە ناتوانرێــت لەبەری بیرکــردنەوەی کەســـانیتر(باوک و دایــک، زانایـــان و کــۆمەڵگە) بگیـــرێتەوە و(کـۆپی) بکرێـت. ئەگەر کەسێک بیەوێت سـەبارەت بە میـرات لێکـۆڵینەوە بکـات، ئەوا سـەروکاری لەگەڵ زانسـتی فیقهـ دایە، بەڵام ئەگەر کەسـێک بیەوێـت بەشـێوەیەکی گشـتی لە تەوحیـد تێبگـات، ، ئەوا دەبێـت بگەڕێـتەوە بـۆ بیرکـردنەوە لە قورئـان. لە ئێسـتادا کەسانێکی زۆر هەن کە لە نـوێژ دانـابڕێن، کەسانێکن بـۆ بەرژەوەندی گشـتی کـاردەکەن و...تـاد، بەڵام ئەگەر بێت و ئیمانـی ئەمکەسانە بە ئەندازەی سەرە دەرزییەک تێکەڵ بە شیرک بێت، ئەوا هــیچ یەکێــک لەو کردەوانەیــان لەلای خــودا وەرناگیرێــت. کەواتە لانــیکەم ســەرچاوەی بیرکردنەوەکــان بــۆ ئەو واتایــانەی باسـکران، هـیچ زیـانێکی نیـیە. نمـوونەیەکی دیـکە: وایـدابنێین لە پـۆلێکی وانەگـوتنەوەدا ئامـادەن. پێشــتر پێتـان ڕاگەیەنـدراوە کە تــاقیکردنەوەی دواتــری وانەکە کۆتــایی (final)ە، پرســـیارەکانی تــاقیکردنەوەکە لە بــازنەی ناوەنــدی تاقیکردنەوەکــان، بەشـێوەی وزاری لە کتێبەکەوە ئامادە دەکرێن و کاغەزی تاقیکردنەوەکانیش هەر لەوێ وردبینییان بۆ دەکرێت. لەگەڵ ئەوەدا لە پۆلی وانەکان، مامۆســتا پێتانــدەڵێت: لەجیــاتی خوێنــدنی کتێــبەکە، مــن خــۆم کورتەیەکتــان پێــدەڵێم وەکو(ملزمــة)، کــورتەیەک کە داواکــاری کەمــترە بــۆ خوێنـدن، جـا لێـرەدا ئەوانەی هۆشـمەند و بەئاگـان، بە ڕەچــاوکردنی ئاگــادارکردنەوەی پێشـــوەختەی بـــازنەی ناوەنـــدیی

تاقیکردنەوەکان(وزاری)، وێڕای کورتە(ملزمة)ی مامۆستا، خۆیان کتێبەکە(منهج) دەخوێنن، بەڵام ئەوانەی نەزانبوون، ڕاستەوخۆ قسەکانی مامۆستایان وەکو بەڵگەی تەواو لەبەرچاوگرت و تەنیا پشتیان بەو کورتەیە بەست کە مامۆستا پێی گوتبوون. بۆیە لە ڕۆژی تاقیکردنەوەکەدا کاتێک پرسیارەکان دابەشدەکرێن، هەموان دەبینن کە گشت پرسیارەکان لە خودی کتێبەکەوە هاتونەتەوە و ئەوەی مامۆستا ئامادەی کردووە، هیچ پرسیارێکی لێنەهاتۆتەوە. ئایا براوەی ڕاستەقینە لە ڕۆژی تاقیکردنەوەکە کێیە؟

قورئان لە بۆتەی ئیماندا بۆ ئێمە، حوکمی کتێبێکی مەنهەجیی باڵای هەیە. پاش خستنەڕووی ئەو نموونانەی سەرەوە، هێشتا کەسانێکی زۆر هەن بەهۆی ئەوەی کە تا ئێستا خۆیان بە شایەن نەزانیوە و سەبارەت بە ئیمانەکەیان بیریان نەکردۆتەوە، بۆیە پەسەندکردنی ئەو نموونانەی سەرەوە بەلایانەوە کێشەیە. پێشنیارمان بۆ ئەو کەسانە ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر هەرسکردنی ئەم بابەت و تەوەرانە بەلایانەوە شتێکی دژوارە، ئەوا لەخۆبردوانە بە دیدێکی هەقیقەتخوازانەوە لە بیرکردنەوە بەردەوامبن و بەڵێنی هیدایەتی خودایی لەبیرنەکەن. وەکو ئەو کەسە نەبن کە دوای ڕووداوێکی دڵتەزێن، بەزۆر هەوڵدەدات لەبیریبکات، بەڵکو بەوردی بیر لە بابەتەکانی ئەم بەشە و بەشەکانی دیکە بکەنەوە. ئەگەر کەسێک بترسێت لەوەی بە بیرکردنەوە و موتاڵاکردن،

لایەنی عەقیدەیی خۆی لەدەستبدات و نەتوانێت بەرگری لێبکات، ئەوە ئەم عەقیدەیە عەقیدەیەکی ڕاستەقینە نییە و تەنیا وەهم و خەیاڵە.

إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللَّهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ﴿٢٢﴾
{سورەتی(انفال)، ئایەتی: ٢٢}

(٢٢) بێگومان خراپترینی ئەوانەی بەسەر زەویدا دەڕۆن لەلای خودای گەورە، ئەو کەڕانەن کە گوێیەکانیان داخراوە لە ئاست بیستنی هەقدا، هەروەها ئەو لاڵانەش کە زمانیان لاڵە لە گوتنی هەق، ئەوانە لە فەرمان و قەدەغەکراوەکانی خودای گەورە تێناگەن و بیری لێناکەنەوە

# بەندی چوارەم

لەم بەشـەدا تیشـک دەخەیـنە سـەر ئـایەتە قورئانییەکـان بـۆ خستنەڕووی هێز و دەسەڵاتی ڕەهای پەروەردگار. ئایەتگەلێک کە تێـڕوانین و جیهـانبینیی مـرۆڤ لە زەویـیەوە بەرەو ئاسـمان و بوونەوەران بانگهێشت دەکات. سەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوە بدەن:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ﴿١٩﴾ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ وَمَن لَّسْتُمْ لَهُ بِرَازِقِينَ﴿٢٠﴾ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ﴿٢١﴾ وَأَرْسَلْنَا الرِّيَاحَ لَوَاقِحَ فَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَسْقَيْنَاكُمُوهُ وَمَا أَنتُمْ لَهُ بِخَازِنِينَ﴿٢٢﴾ وَإِنَّا لَنَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ وَنَحْنُ الْوَارِثُونَ﴿٢٣﴾ وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنكُمْ وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَأْخِرِينَ﴿٢٤﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَحْشُرُهُمْ إِنَّهُ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴿٢٥﴾ {سورەتی(حجر)، ئایەتی: ١٩-٢٥}

(١٩) زەویمان ڕاخستووە وەکو فەرش و ڕایەخ و شاخەکانمان وەکو مێخ تیادا داکوتیوە، هەموو ڕووەکێکیشمان تێدا ڕواندووە بە ئەندازەیەکی دیاریکراو. (٢٠) سەرزەویشمان بۆ کردوون بە شوێنی ژیان و هۆکارەکانی ڕزقمان بۆ داناون، هەروەها بۆ ئەوانەیتریش کە

ئێوە ڕزقیان نادەن؛ وەکو تێکڕای ئاژەڵان. (٢١) هیچ شتێک نییە کە خەزێنەکانی لەلای خودا نەبێت، داینابەزێنین لە ئاسمانەوە بۆ زەوی و بەندەکان، مەگەر بە ئەندازەیەکی دیاریکراو بەگوێرەی پێویستییان. (٢٢) هەروەها(با) دەنێرین بۆ سەر هەورەکان و ئەویش پڕی دەکات لە ئاو و دار و درەختەکانیش دەپیتێندرێ بۆ ئەوەی بێتە بەرهەم، هەروەها لە ئاسمانەوە ئاوێکی سازگارتان بۆ دادەبەزێنین بۆ خواردنەوەی خۆتان و ئاژەڵەکانتان و ئاودانی زەوی، بەڵام ئێوە ناتوانن گلیبدەنەوە، ئەگەر خودای گەورە داینەبەزێنێت و لە زەویدا گلینەداتەوە بۆتان. (٢٣) ژیان و مردنی دروستکراوەکان بەتەنیا بەدەستی خۆمانە و هەر ئێمەش دەمێنینەوە. (٢٤) بێگومان ئێمە بەئاگاین بە هەموو ئەوانەی لە سەردەمی ئادەمەوە تاکو ئێستا مردوون و لەناوچوون، بەوانەش کە لە ژیاندان و ئەوانەش تا ڕۆژی دوایی دێنە دونیاوە. (٢٥) بێگومان پەروەردگاری تۆ خۆی حەشریان دەکات و کۆیاندەکاتەوە، بەدڵنیاییەوە خودای گەورە زۆر کاربەجێ و زانایە.

لەم ئایەتانەدا خودای گەورە بە باسکردنی هێز و توانای خۆی و ئەو بەخششانەی بە مرۆڤی بەخشیوە، بەئاگامان دەهێنێتەوە. خودای گەورە زەوی ئەفراندووە و بۆ مرۆڤەکانی ڕامکردووە، بەجۆرێک لەکاتی ڕۆیشتندا دوچاری ماندووبوون و دەردیسەری نەبین. گریمان ئەگەر زەوی بەجۆرێک بوایە کە مرۆڤ لەکاتی ڕۆیشتندا بەناویدا ڕۆبچوایە، ئاخۆ دەبوو مرۆڤ تووشی چ

نەهــامەتی و ئازارێــک ببــوایە!؟ بەڵام خوداوەنــد زەوی وەکــو فەرشــێک لەژێــر پێمانــدا ڕاخســتووە و کێوەکــانی لەســەر جێگیرکردووە. کێوگەلێک کە بوونەتە قەڵغان و بەرگریکاری گیان و مـاڵی مـرۆڤ لە بـوومەلەرزە و لافـاو. کێوگەلێـک کە بـوونەتە سەرچاوەی زۆرێک لە گژوگیاخۆراکی و ئاژەڵییەکان و بەرەکەتی زۆرێـک لە مرۆڤەکـان. هاوکـات خـودای گەورەش لەو بـارەیەوە فەرمــوویەتی: کە لە هەر گژوگیــایەک جــۆرێکی هاوســەنگمان ڕوانـدووە. دروسـتکراوەکانی خـودای گەورە بەجـۆرێکن کە هـیچ کەموکــوڕییەک لە دروســتکردنیاندا نیــیە. هەمــوو ڕۆژێــک گەواهیـدەری ئەو ڕاستییەین کە جیلـوەی نـوێ لە هێـزی نەبـڕاوە و بێهاوتــای پەروەردگــار لە بوونەوەرانیــدا لەلایەن تــوێژەران و بیرمەنـدانەوە ئاشـکرا دەکرێـت. ئەم ئاشـکراکردنانەش سـەرەڕای ئـاژەڵان و گژوگیـا و بـوونەوەران، لەپەیوەنـدی بە جەسـتەی مـرۆڤ دانابڕێـت و ئەویـش دەگـرێتەوە. خـودای پەروەردگـار لە هەمـوو شوێنێکی قورئاندا ئەوەی پێڕاگەیاندووین کە هەموو ئەو کارانەی ئێمە، (خودای گەورە) ئەنجامیدەدات، لە (بڵاوکردنەوە و چانـدن و پێگەیانــــدن). تەنــــانەت هــــیچ دروســــتکراوێک لەنــــاو دروسـتکراوەکاندا، بەبـێ ڕێگەپێـدانی خـودای گەورە ناتوانێـت بــوونی هەبێــت. ئەوە خــودای گەورە خــۆیەتی ویســتی لەســەر ئەنجامی ئەمکـارەیە و بـوونەوەران خۆیـان هـیچ توانایەکیـان نیـیە. خودا خۆی بژێوی دەگەیەنێتە دەستیان. مێرووەکان، بوونەوەرانی

ئـاوی، باڵنـدەکان و ئەو بـوونەوەرانەی بە میکرۆسـکۆپ دەبیـنرێن، ئــاژەڵە دڕنــدەکان و ماڵییەکــان و...تــاد، کە هەموویــان ڕزق و بژێوییـان لەسـەر خـودایە، ئەگەر تێکـڕای مرۆڤەکـان دەست بـدەنە دەســـتی یەک، توانایـــان نیـــیە ڕۆزی ژمـــارەیەکی کەم لەم بـــوونەوەرانەش دابینـــبکەن. هەر خـــودایە کە ڕۆزی مرۆڤەکـــان دەدات. گشـت مرۆڤەکـان، لە موسڵمان و مەسـیحییەوە بگـرە هەتـا دەگـاتە کـافر و هاوبەشـبڕیاردەر، هەموویـان بەهـرەوەرن لە ڕزق و ڕۆزی خودای پەروەردگار و بە هیچ شێوەیەک ڕزق و بژێوییان لێ نەگیـــراوەتەوە و خوداوەنـــد ڕزق و ڕۆزییـــان پێـــدەگەیەنێت. گەنجینـەی هەمـوو شـتێک لەلای خـودای گەورەیە و هـیچ شـتێک نیـیە کە تەنـانەت کەمێـک لە دەسـەڵات و زانسـتی خودای گەورە بەدەر بێــت و ئاگــای لــێ نەبێــت. ئەمەش بەو واتــایە دێــت کە خاوەندارێتی هەموو شتەکان بۆ خودا دەگەڕێتەوە و تەنیا(الله)یە سەرپەرشـتی تەواوی مـاهییەتی بـوون دەکـات. لەگەڵ ئەوەشـدا، خـودای پەروەردگـار بەخششـەکانی خـۆی بەشـێوەیەکی ڕوون و دیــاریکراو بەســـەر بەندەکانیـــدا دادەبەزێنێـــت؛ بـــۆ نمـــوونە: بەخششــەکانی وەکــو بــاران و بەفــر، تەوژمــی هەوا و جــووڵەی هەورەکـان، ڕووناکی خۆرەتـاو، زانسـت و فێربـوون و...تـاد، لەژێـر دەسەڵاتی تەواوی خودای گەورەدایە و هەمیشـە بەپێی پێوەرێکی ڕوون و دیــاریکراو بەســـەر بەندەکانیـــدا دایـــدەبەزێنێت. ئەگەر بەدرێژایـــی تەمەنمـــان نـــزا بکەیـــن کە خوداوەنـــد زانســـتێکمان

پێببەخشێت زیاتر لە توانای عەقڵیان، ئەوا بێگومان شتی لەو جۆرە ڕوونادات، چونکە تەنیا خودایە دەتوانێت ئاگاداری هەموو دروستکراوەکانی بێت و بەپێی پێویستییان ڕزق و ڕۆزییان بدات. ئایا هەتا ئێستا سەرنجی سروەی با و هەوای دەوروبەرتداوە؟ هەر ئەم بایەیە دەبێتە هۆی جووڵەی هەورەکان و پیتاندنی گژوگیا و بژێوی ئاژەڵان لەسەر زەوی. هەروەها ئەم سروەی بایەیە دەبێتە هۆی پێکداچوونی هەورەکان و پڕبوونیان لە ئاو و گواستنەوەیان بۆ شوێنە پێویستەکانی سەر زەوی. لەئەنجامدا باران دەبارێت و گشت مرۆڤ و بوونەوەرانی زیندوو تێر ئاو دەکات. لە ئایەتەکانی قورئاندا خودای پەروەردگار جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە هەر ئەوە بەهۆی ئەم پرۆسە جوان و پڕ مانایەوە مرۆڤەکان تێردەکات، لەکاتێکدا کە تەنانەت مرۆڤ توانای هەڵگرتن و گلدانەوەی ئاویشی نییە. سەرنجی ئاوی بەنداوەکان بدەن. دوای بارینی باران، بەنداوەکان پڕدەبن لە ئاو، بەڵام ئایا ئەم ئاوە هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە؟ بڕێکی زۆر لەم ئاوە بە زەویدا ڕۆدەچێت و بڕێکی زۆریشی دەبێت بە هەڵم و بە هەوادا بڵاودەبێتەوە. لەکۆتاییدا پاش ماوەیەک، دووبارە بەنداوەکە ئاوەکەی لەدەستدەدات، هەتا ئەو کاتەی بۆ جارێکیتر بارانی بەزەیی خودای پەروەردگار زەوی و گیانداران و مرۆڤەکان تێراو دەکاتەوە.

لە هەموو ئەمانە گرنگتر، هێز و دەسەڵاتی خودایە لە مراندن و زیندووکردنەوەی بوونەوەر. بەخشینی ژیان و مردن پەیوەستە بە

زاتی پەروەردگار. خودای بەرز و بڵند لە پاییز و زستاندا، درەخت و گژوگیا وشکدەکات و دەیانمرێنێت، پاشان لە وەرزی بەهاردا دووبارە ژیانیان پێدەبەخشێت و زیندوویان دەکاتەوە. هەمان ئەو خودایەی کە ژیان و مردنی درەخت و گژوگیای بەدەستە، توانای هەیە مرۆڤیش لە دوای مردن، زیندوو بکاتەوە. پاشئەوەی کە مۆڵەت و ئاکامی گشت مرۆڤایەتی بەرەو کۆتا گەیشت، خودای گەورە دەیانمرێنێت و تەنیا خۆی دەبێتە میراتگری تەواوی بوونەوەر. زەوی و ئەوەشی کە تیایدایە لە (گژوگیا و ئاژەڵان و خشۆکەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە دار و بەرد و شار و وڵاتان و زانست و هونەرەکان)، هەموویان لە دەسەڵاتی مرۆڤ دێنە دەرەوە و دەچنە ژێر دەسەڵاتی میراتگری سەرەکی. خودای بەرز و بڵند یەکەم و کۆتاییە، (هو الأول والآخر؛ واتە هەر ئەوە لە ڕابردوو و داهاتوو بەئاگایە و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە. لەکۆتاییشدا هەموو مرۆڤێک لە حزووری خودادا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. هەر ئەوەشە سیفەتی (علیم)؛ «دانای ڕەها بە ڕابردوو و داهاتوو و بەندەکان و بوونەوەر» و (حکیم)؛ «حەکیمی ڕەها لە ڕۆزی و کار و بەخشش و نوێگەری».

لە سەردەمی پێغەمبەرمان(دروودی خودای لەسەر بێت)، زۆرێک لە خەڵکی، بە لەبەرچاونەگرتنی بەخششە فراوانەکانی خودا، پرسیاری ئەوەیان دەکرد، کەی قیامەت بەرپا دەبێت؟ زانستی سەرهەڵدانی قیامەت، تەنیا لەلای خودای گەورەیە. «هەر

کەسێک مرد، قیامەتی بەرپا بووە». کەواتە کاری ژیرانە ئەوەیە بە پەنـدوەرگرتن لە ڕابـردوو، کەمێـک بیـر لەخۆمـان و دەسـتووری خـودای گەورە(قورئـان) بکەیـنەوە، چـونکە مردنمـان دەسـتپێکی قیامەتمـانە و دوای ئەوە تەنـانەت بـۆ چەنـد چرکەیەکیش نـاتوانین پیاسەیەک بە دونیادا بکەین.

پرسیارێک بۆ بیرکردنەوە:

. بەڵگەی ڕاستەقینەی خوداوەند لە دەرکەوتنی هێز و دەسەڵاتی بۆ مرۆڤ چییە؟

. ئەوەی کە هەر کەسێک مرد، قیامەتی دەستیپێکردووە، واتای چییە؟

تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا﴿٤٤﴾ (سورەتی(إسراء)، ئایەتی: ٤٤)

(٤٤) هەرچی لە حەوت ئاسمانەکان و حەوت چینەکەی زەویدایە، هەمووی تەسبیحاتی خودای گەورە دەکات، هیچ شتێک نییە زیکر و تەسبیحاتی خودای گەورە نەکات، بەڵام ئێوەی مرۆڤ لە تەسبیحاتی ئەوان تێناگەن. بێگومان خودای گەورە زۆر نەرمونیان و لەسەرخۆ و لێخۆشبووە بەرامبەر بەندەکانی.

# بەندی پێنجەم

بـۆچی خـودای گەورە بانگهێشـتی مـرۆڤ دەکـات بـۆ بیرکردنەوە سەبارەت بە بەدیهێنانی مرۆڤ، ئاسمان، زەوی ، قورئان؟ بۆچی بیرکردنەوە لە قورئاندا پایەخێکی مەزنی هەیە؟ سەبارەت بە گرنگـی بیرکـردنەوە لە قورئانـدا(نەفس و جیهـان)، سـەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوە بدەن:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

هَذَا بَلَاغٌ لِّلنَّاسِ وَلِيُنذَرُوا بِهِ وَلِيَعْلَمُوا أَنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ وَلِيَذَّكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ﴿٥٢﴾ {سورەتی(ابراهیم)، ئایەتی: ٥٢}

(٥٢) ئەم قورئـانە پیـرۆزە پەیـامێکە بـۆ گشـت خەڵکـی، هەتـا ئاگـادارکەرەوە و ترسـێنەر بێـت بۆیـان و بـزانن پەرسـتراوی ڕاستەقینە، زاتـی پیـرۆزی(الله)یە و تـاک و تەنیا و بـێ هاوەڵە، بۆ ئەوەی خاوەن هەست و عەقڵەکان بیربکەنەوە و پەند و ئامۆژگاری لێوەربگرن.

هەروەها:

إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ

لَآيَاتٍ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ﴿١٩٠﴾ {سورەتی(آل عمران)، ئایەتی: ١٩٠}

(١٩٠) بێگومـــان لە دروســـتکردنی ئاســـمانەکان و زەوی و جیـاوازی شـەو و ڕۆژدا نیشـانەگەلێک هەیە بـۆ خـاوەن عەقـڵ و ژیرییەکان.

هەروەها:

هُوَ الَّـذِي يُصَـوِّرُكُمْ فِي الْأَرْحَـامِ كَيْـفَ يَشَـاءُ ۚ لَا إِلَـٰهَ إِلَّا هُـوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴿٦﴾ {سورەتی(آل عمران)، ئایەتی: ٦}

(٦) ئەو کەسێکە کە وێنەتان دەکێشێ لەناو ڕەحمی دایکتاندا، هـیچ پەرسـتراوێک بە هەق نیـیە شـایەنی پەرسـتن بێـت، جـگە لە زاتی پیرۆزی(الله)، کە خودایەکی باڵادەست و کاربەجێیە.

لەقورئـانی پیـرۆزدا نـزیکەی١٣٠٠ ئـایەت باسـی بـوونەوەر و دروستکردنی مرۆڤ دەکات، لەبەرامبەردا دوای خستنەڕووی ئەم ئایەتـانە، مـرۆڤ بانگهێشـتکراوە بـۆ بیرکـردنەوە. هـیچ کەسـێک ناتوانێت جیهانی دوور و دروستکردنی مرۆڤ لەبەرچاو نەگرێت و کوێرانە لە دونیادا تەنیا سەرقاڵی خواردن و خەوتن بێت. ناتوانرێت ژیانی لۆژیکی مرۆڤ، لەگەڵ ژیانێکی ئاژەڵانەی بێ بیرکردنەوەدا بگـۆڕدرێتەوە، چـونکە بـایەخی هەر مرۆڤێـک بەسـتراوەتەوە بە لایەنـی فیکـر و ئەندێشـە و ئایدۆلۆژیای ئەو کەسـەوە و بەدرێژایـی مێژووش کەسە بیرمەندەکان لەمڕووەوە لە بایەخێکی زیاتری ئەم لایەنە بەهرەوەر بوون لەناو خەڵکدا. تێبینـی دوو کەس بـکەن، کە

یەکێکیان نابینا و ئەویدیکەیان خاوەنی بیناییە. ئەگەر کەسە نابیناکە بەبێ هیچ پێشەکییەک بیەوێت لە شارێگەیەکەوە گوزەر بکات، ئەوا دوچاری ڕووداو دەبێتەوە. ئەگەر کەسی خاوەن بیناییش چاوەکانی خۆی ببەستێتەوە و لە شارێگەیەکەوە گوزەر بکات، ئەویش دووچاری ڕووداو دەبێتەوە و لەمڕووەوە لەگەڵ کەسە نابیناکەدا هیچ جیاوازییەکی نییە. عەقڵی مرۆڤیش هەر بەوجۆرەیە. ئەگەر مرۆڤ سوود لە عەقڵی وەرنەگرێت، لەگەڵ کەسانی شێتدا یەکسانە و تەنانەت لەگەڵ ئاژەڵانیشدا جیاوازی نییە. بەشێوەیەکی ئاسایی، هەر تاکێک پاش ئەوەی بە قۆناغی باڵغبوونی عەقڵیی خۆی گەیشت، ئەوا لە ژیانی خۆیدا ئامانجێک دیاریدەکات و تەواوی هەوڵەکانی لە ژیاندا بۆ هێنانەدی و گەیشتن بەو ئامانجە دەخاتە کار. هەندێک لە تاکەکان بەشوێن ئامانجێکی کاتی و کورتەوەن؛ وەکو چێژێکی کورت و ئامانجێکی کاتی دونیایی و هەندێکی دیکەیان ئامانجی بەرز و درێژخایەنیان هەیە؛ وەکو چێژ و خۆشییەکی نەبڕاوە هەوڵی بەردەوامی بۆ دەدەن. خودای گەورە ئەوەی لە مرۆڤ دەوێت، کە بە بیرکردنەوە لە ئایەتە جیهانی و دەروونی و قورئانییەکان، ئامانجی کۆتایی خۆی لە ژیاندا بەشێوەیەکی عەقڵانی و دوور لە هەست و عاتیفە دیارییکات. لەملایەنەوە دەتوانین هەست بە چەندین ئایەت و ئاگادارکردنەوەی خودایی بکەین سەبارەت بە بانگهێشتکردنی مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە. **سەرەتای هەموو شتێک دەبێت مرۆڤ لە**

**ڕێگەی بیرکردنەوە لە نیشـانەکانی خـودای گەورە و بـوونی زاتی پەروەردگار، بگات بە یەقین.** ئەو جیهانەی تیایدا دەژین، جیهانێکە کە لە هەر گۆشەیەکییەوە هەست بە ڕێکوپێکیی خاوەن دەسـەڵاتێک دەکەیـن. جیهـانی ئـێمە لەخـۆوە و بەبـێ هـۆ دروستنەبووە. لە هەر ساتێکدا بە ملیۆنان ملیۆن ئاژەڵ و زیندەوەر و خشۆک لە زەریاکان، دارستانەکان، کێوەکان، شار و گوندەکاندا بەشـوێن ڕزق و ڕۆزی خۆیانـدا دەڕۆن، هەر خـودای گەورەشـە کە ڕۆزییـان دەدات. لە هەر سـاتێکدا مانـگ و زەوی و خـۆر بەشـێوەیەکی سیسـتماتیک و ڕێکوپێـک لە خـولگەی خۆیانـدا لە جـووڵەدان و هـیچ کاتێـک تووشـی لێکـترازان و شـپرزەیی و تێکچوون نابن. ئەوە خودایە کە جووڵەی زەوی و سەرجەم هەسارە و ئەستێرەکانی ڕێکخستووە و خولگەی تایبەتی بۆ داناون. لە هەر ساتێکدا دڵی مرۆڤ، خوێن بۆ دەمارەکانی هەڵدەدات و سییەکانی پڕدەبن لە هەوا. ئەوە خودای گەورەیە ژیانی مرۆڤ و ترپەی دڵ و ژیـانی ئەنـدامەکانی، بە هێـزی خـۆی کـۆنترۆڵکردووە. ئەگەر ئەو جیهـانەی تیایـدا دەژیـن، بەشـێوەی ڕێـکەوت بـوایە، ئەوا هـیچ ڕووداوێکی دووبارە لە بوونەوەردا ڕووینەدەدا و هەموو شتێک بەشێوەی ڕێکەوت دەبوو. ئەگەر ڕێکەوت بوایە، دەمانتوانی بە هەڵدانی پارچەیەک بەرد بۆ ئاسمان، بەڕێکەوت ببین بە خاوەنی کۆپتەر، لەکاتێکدا کە هیچ خاوەن عەقڵێکی سەلیم ناتوانێت بڕیار لەسـەر ئەوە بـدات کە لە دونیـای ئـێمەدا تەنـانەت لەدوای

ملیۆنانجـار هەڵـدانی بەرد بـۆ ئاسـمان، بە ڕێـکەوت کۆپتەرێـک بکەوێـتە خـوارەوە. کاتێـک ئـێمە تەنـانەت بـۆ دروسـتکردنی کاتژمێرێکی دەستی، پێویستمان بە ڕێکخستن و ئەندازەکارییەکی زۆر و بەرنـامەڕێژییەکی ورد هەیە و سـوود لە ڕێسـا و بنچیـنە گرنگەکـانی دیـزایین وەردەگـرین، چـۆن دەتـوانرێ چـاوەڕێی وەهـا شـتێک بکرێـت کە زەوی بەو هەمـوو لایەنە سەراسـیمەکارەیەوە؛ خـۆر، ئەسـتێرەکان و کاکێشـانەکان، بە ڕێـکەوت و بەبـێ هـیچ سیسـتەم و بەرنـامەڕێژییەک دروسـتبووبێتن، یـان بە ڕێـکەوت لە خولگەکانیانـدا بخـولێنەوە. ئەگەر سیسـتمێکی بەرنـامەڕێژکراوی ڕێکوپێـک لە جەسـتەی مرۆڤـدا نەبێـت، چـۆن دەکرێـت بە جەستەیەکی ڕێکەوتئاساوە، درێژە بە ژیان بدات. ئەگەر ژینگەی دەوروبەرمـان بە ڕێـکەوت دروسـتبووبێت، ئەوا ئەگەر لەو کـاتەدا سـەیری شـتێکی وەکـو کتێـبمان بکـردایە، بەلێکنـانی پێڵووەکـانی چاومـان، لەناکـاو بەڕێـکەوت لەجیـاتی کتێـب، کورسـییەک بهاتایەتە بەرچاومان چی دەبوو! بەڵام ئایا عەقڵی سەلیم بڕوا بەمە دەکـات؟ ئەو دونیـایەی تیایـدا دەژیـن، لە بەدیهێنانـدا بێـوێنەیە و خاوەنی بەدیهێنەرێکی بێوێنەیە.

بەڵگەیەکـی دیـکەی بیرکـردنەوە لە جیهـان و دەروون و قورئـان ئەمەیە کە لەم ڕێـگەیەوە درک بە ڕاسـتیی بەڵێنەکـانی خـودای گەورە بکەیـن. خـودا لە قورئانـدا باسـی سزادانی گەلانـی پێشـووی کردووە. گەلی عاد، گەلی(لوط)، فیرعەون و پەیڕەوانـی و زۆرێک

لە گەلانیـــــــتر، کە لەلایەن خـــــــودای گەورەوە ســــــــزادراون و شوێنەوارەکانیان هێشتا ماون، کە مرۆڤ پەندی لێوەربگرێت. هەر بەو جـۆرەی کە بەڵێنـی خوداوەنـد لەسـەر ئەم گەلانە هـاتەدی، بەوجۆرەش بەڵێنەکانی دیکەی دێنەدی. بە بیرکردنەوە لە ژیانمان دەتوانین درک بەمە بکەین.

خوداوەنـد لە قورئانـدا بەڵێنـی مردنـی بەتێکـڕای بەنـدەکانی لە(مرۆڤ و جنۆکە) داوە و ئێمەش هەموو ڕۆژێک گەواهیدەری ئەو ڕاستییەین کە ئەو بەڵێنە بۆ دۆست و دوژمن، خێزان و...تاد و لەکۆتاییشدا خۆمان دێتە دی. هەر بەوجۆرەی کە کاتی مردنی هەر مرۆڤێک دێتە پێش، کەواتە کاتی هاتنەدی بەڵێنەکانی خوداش دێتە پێش.

كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ﴿٥٧﴾
{سورەتی(عنكبوت)، ئایەتی: ٥٧}

(٥٧) هەموو نەفسێک مردن دەچێژێت، دوای ئەوە بۆلای ئێمە دەگەڕێنەوە.

کەواتە مـرۆڤ لە دونیـادا خـاوەنی داهـات و مـامەڵەکردنێکی سنووردارە. لە ساتەوەختی گەشەکردنی منداڵ لە ڕەحمی دایکدا، ئەوە خودای گەورەیە کە ئەندامەکانی جەستەی ئەو منداڵە بەرەو پێگەیشـتن دەبـات، خـۆراکی پێـدەگەیەنێت و لەنـاو ڕەحمـدا ڕووخساری دەنەخشێنێت، لەکاتێکدا تەنانەت دایکی منداڵەکە هیچ ڕۆڵێکی لەمکارەدا نییە، جگە لە هەڵگرتنی منداڵەکە لەناو

سـکیدا. دوای لەدایکبـوونی منـداڵەکەش، خـودای گەورە بەرەو گەشە و پێگەیشتنی عەقڵی دەیبات، عەقڵ و توانای گفتوگۆکردنی پێدەبەخشێت. لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، خودای گەورە ڕۆزی دەدات، پاش ئەوە تاقیدەکاتەوە و لە کۆتاییدا بەرەو قۆناغی پیری دەیبات. مرۆڤ توانای هیچ جۆرە مامەڵە و دەستوەردانێکی نییە لەو کارانەدا، ئەگەرنا ڕێگری لە پیربوونی خۆی دەکرد. ئەگەر مـرۆڤ ئەو هێـز و توانـایەی هەبـوایە، ئەوا کاتێـک بەهـۆی ڕووداوێکەوە ئەندامێکی؛ بۆ نموونە دەستی لەدەستدا، دەیتوانی دەستێکی تازە بۆ خۆی دروستبکاتەوە.

هاوکـات لە جـووڵەی شـەو و ڕۆژ و جـووڵەی هەورەکـان بە فەرمانی خودای گەورە و وشکبوونی گژوگیاکان لە وەرزی زستان و ڕوان و سـەوزبوون و تـازەبوونەوەی گیاکـان لە بەهـاردا، نیشـانەگەلێکی ئاشـکرایان تێـدایە، کە زەینێکـی هەقویسـت بە بیرکـردنەوە لەوانە دەتوانێـت درک بە نزیکـی هـاتنی بەڵێنەکـانی خـودای گەورە بکـات. گشـت بـوونەوەر لە ژیـنگەی دەوروبەرەوە بگرە هەتا دەگاتە خودی خۆمان، پەرجوویەکی ئاشکرایە، بەڵام ئێمە تووشی جۆرێک دڵمردن بووین و وەکو پەرجوویەک سەیری ئەو ڕووداوانە نـاکەین کە لە ژیانمانـدا ڕوودەدەن، هەروەهـا کاتێـک پێشهاتێکی نوێ لە دونیاماندا سەرهەڵدەدات، سەرەتا بە دیدێکی پەرجوانەوە سەیری دەکەین، بەڵام پاش ماوەیەک لامان ئاسایی دەبێتەوە.

﴿هُوَ الَّذِي أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ نَبَاتَ كُلِّ شَيْءٍ

فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا وَمِنَ النَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ وَجَنَّاتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ انظُرُوا إِلَىٰ ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَيَنْعِهِ إِنَّ فِي ذَٰلِكُمْ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴿٩٩﴾ {سورەتی(انعام)، ئایەتی: ٩٩}

(٩٩) خـودای گەورە ئەو کەسـەیە لە ئاسـمانەوە بـارانی بـۆ باراندوون، کە بەهۆی ئەو بارانەوە جۆرەها ڕووەکی بۆ دەرکردوون، بەهـۆی ئەو بـارانەوە سـەوزایی و داری سـەوزتان بـۆ دەڕوێنێـت، پاشـان هەنـدێک دانەوێـڵەی لەسـەریەک کەڵەکەبـوو دەردەکەیـن؛ وەکو گوڵەگەنم، کە لەناو ئەو گوڵەدا چەند گەنمێک کۆبووەتەوە و لە پەلەکـانی دارخورمـاش کە ئەو هەمـوو بـۆڵ و هێشـوو خورمایەی پێوەیە و شۆڕبۆتەوە و نزیکن، هەروەها جۆرەها باخ لە تـرێ و زەیتـون و هەنـار، کە هاوشـێوە و لێکچـوون لە گەڵا و ڕواڵەتدا، بەڵام جیاوازن لە شێوە و تامدا، دەی کەوایە بڕوانن ئەی خەڵکینە! سـەرنجی بەرهەمـی ئەو ڕووەکـانە بـدەن کاتێـک دێـنە بەرهەم و ئامـادە دەبـن. بێگومـان لە هەمـوو ئەمـانەدا کە باسـکران، بەڵـگە و ئامـاژەی زۆر هەن لەسـەر تەواوێتـی توانـا و دەسـەڵاتی بەدیهێنەریان، بۆ گەلێک کە ئیمانیان پێی هەبێت.

خـودای بەرز و بڵنـد هەمـوو ئەم بـاس و بابەتـانەی لە قورئانـدا خستۆتەڕوو، هەتا مرۆڤ درک بە گەورەیی و هێزی پەروەردگاری و لاوازی و بچووکی خۆی بکات و سەری ڕێز و شکۆمەندیی بۆ کەچ بکـات. مـرۆڤ لەسـەر ئەم هەسارەیە وەکـو مێـروولەیەکە کە

لەنـاو شووشـەیەکدا دیـل کرابێـت. ئەم مێـروولەیە هەرچەنـدێک هەوڵبدات و ڕوو لە هەر لایەک بکات، بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت لەو شووشـەیە ڕزگـاری بێـت. مـرۆڤیش لەسـەر زەوی وەکـو ئەو مێـروولەیە وایە و هەرچەنـد بە پێشـکەوتنە زانسـتییەکان بگـات و بەرەو هەر خـاڵێکی ئەم بـوونەوەرە ڕابکـات، سـەرەنجام بە ویسـتی خودا لەگەڵ مەرگ ڕووبەڕوو دەبێتەوە و دەچێتە ناو دونیایەکەوە کە بەهـیچ شـێوەیەک ڕێـگەی گەڕانەوەی تێـدا نیـیە. لە ئێسـتادا تێکڕای خەڵکی سەر زەوی نزیکەی چەندین ملیار کەس دەبێت. لە ڕابـردوودا زۆرێـک لەو کەسـانە هەبـوون و ئێسـتا ئیـتر نەمـاون، کەسـانێک کە لە سـەردەمی خۆیانـدا خـاوەنی هێـز و سـامانێکی فـراوان بـوون، کەسـانێک کە هاوشـێوەی ئەم چەرخەی ئـێمە بە کۆڵێـک گونـاهی وەکـو دزی و سـتەم و زینـاوە شـانازییان دەکـرد. لەدوای سـەد سـاڵیتر هـیچ یەکێـک لەم خەڵـکەی ئەمـڕۆ کە دانیشتووی ئەم سەر زەوییەن، بوونیان نامێنێت. مردن باڵ بەسەر ژیـانی هەمووانـدا دەکێشـێت و بەرەو دیـداری خـودای گەورە دەڕۆین. بە کەمێک سـەرنجدان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مردن، جێگیربوونێکی تەواو و دڵنیایە و بەڵگەیەکی گشتگیریشە لەسەر هـاتنەدی بەڵێنەکـانیتری پەروەردگـار. هەر مرۆڤێـک بە بیرکردنەوەیەکـی دوور لە دەمـارگیری و بە بەڵگەهێنـانەوەیەکی عەقڵی سادەوە لەم دونیـایەدا درک بە ئەرکـی خۆی دەکـات؛ واتە بەڵگەهێنانەوە لەم قسـەیەوە دەردەچێت: هەر مرۆڤێـک یان خالقە،

یان مەخلوق و بەدەر لەم دوو حاڵەتە بوونی نییە. ئەگەر تاکێک پڕوپاگەندەی ئەوە بکات کە مرۆڤ خالقە، کەواتە دەبێت ئەوە بسەلمێنێت کە مرۆڤ چ شتێکی لە ئاسمانەکان و زەویدا خەلق کردووە؟! دەبێت ئەوە بسەلمێنێت کە ئایا هێز و توانا و زانستی بەدیهێنان و بەڕێوەبردنی بوونەوەران و زیندەوەرانی ورد و درشت و گیاندارانی هەیە؟ ئایا مرۆڤ تەنانەت توانای بەدیهێنانی خۆی و دەستێوەردان و مامەڵەی ناو جەستەی خۆی هەیە؟ عەقڵی سەلیم بە کەمێک بیرکردنەوە درک بەوە دەکات کە وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە، نەرێیە. مرۆڤ، مەخلوقە و دەبێت خالقی خۆی بناسێت و بیپەرستێت. دەبێت لە ژیاندا پەیڕەوی لە بەرنامەی هیدایەت و بەختەوەری خالق بکات، چونکە بەرنامەی خالق بۆ مەخلوق، گشتگیرترین بەرنامەی ژیانە.

پرسیارێک بۆ بیرکردنەوە: سەبارەت بە خودا، چ گومانێکمان هەیە؟ چ جۆرە خوداوەندێک لە زەینی ئێمەدا شوێنگەی هەیە؟

> وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ﴿٣٨﴾
> {سورەتی(دخان)، ئایەتی:٣٨}
>
> (٣٨) ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لەنێوانیاندایە، بۆ یاریکردن و بەبێ هۆ دروستنەکردووە.

# بەندی شەشەم

یەکێک لەو کێشانەی ئەمڕۆ لە ئارادایە، زیادەڕەویکردنە لە دیندا. خودای گەورە بە ڕوونی نەهی کردووە لە زیادەڕەویکردن لە بابەتی دیندا. سەرنجی ئەم بابەتەی خوارەوە بدەن:

قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَاللَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴿٧٦﴾قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ غَيْرَ الْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوا أَهْوَاءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا مِن قَبْلُ وَأَضَلُّوا كَثِيرًا وَضَلُّوا عَن سَوَاءِ السَّبِيلِ﴿٧٧﴾لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُوا يَعْتَدُونَ﴿٧٨﴾ {سورەتی(مائدة)، ئایەتی: ٧٦.٧٨}

(٧٦) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: ئایا ئێوە پەرستش بۆ غەیری خودا دەکەن و کەسانێک دەپەرستن کە هیچ سوود و زیانێکیان بەدەست نییە، خودای گەورە زۆر بیسەر و زانایە بە هەموو شتێک. (٧٧) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: ئەی ئەهلی کیتاب(گاور و جوولەکە)، زیادەڕەوی مەکەن لە دینەکەتاندا جگە لە هەق نەبێت. شوێنی هەوا و ئارەزووی کەسانێک مەکەون کە پێشتر گومڕابوون لە پێشینەکانیان لە جوولەکە و گاور، خەڵکێکی

زۆریشــیان بە خۆیــانەوە گــومڕا کــرد، خۆشــیان گومڕابــوون و لە ڕێــگەی ڕاســت لایانــدا. (٧٨) کافرەکـانی بەنــی ئیســرائیل لەســەر زمــانی داوود و عیســـای کــوڕی مەریەم لە زەبــوور و ئینجیلــدا نەفرەتـی خودایـان لێکرا، ئەویـش بەهۆی ئەو گوناهانەی کردیـان و ئەو دەستدرێژییانەی ئەنجامیاندان.

بەشێک وابیردەکەنەوە بەهۆی زیادەڕەویکردن لە دیندا دەتوانن ســەرنجی دەوروبەر بــۆ خۆیــان ڕابکێشــن و خەڵکێکــی زۆرتــر لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە. ئەمکەسانە بە زیادەڕەویکردن لە وەسف و پیاهەڵدانی کەسـانی چاکەکـار؛ وەکـو پێغەمـبەران، پێشــەوایان و...تــاد، تایبەتمەنــدییەکی لە ڕادەبەدەر دەدەن و لە قــاڵبی مــرۆڤ دەریانــدەهێنن. ئەوان بەم زیادەڕەویکردنانەیــان،، مــرۆڤە پــاک و چاکەکـــــان دەکەن بە یارمەتیـــــدەری خـــــودا، کە خـــــودا لەبەر خۆشەویستی ئەمکەسانە، کەمێـک لە کارەکانی داوەتە دەستیان. لەوانەیە زۆرێـــــــک لەمکەســـــــانە بە نییەتێکــــــــی ڕوون و بیرکردنەوەیەکی خێرخوازانەوە ئەو هەنگاوانەیان هەڵگرتبێت و ئەم کارانەیــان ئەنجامــدابێت، بەڵام لە ڕاســتیدا دەســتووری خودایــان لەبەرچــاو نەگرتــووە و دینیــان لەســەر خورافیــات هەڵچنیــوە. کەســانێکی دیــکە هەن، لەپێنــاو بەرژەوەنــدی کەســیی، کەمیــی زانســت و زانیــاریی دینــی، یــان لەپێنــاو بەدەســتهێنانی نازنــاو و ناوبانگ و پارە، بە وەسفکردنی کەسە باش و چاکەکان، زیادەڕەوی لە دینــدا دەکەن و بەمەش دەبــنە مــایەی گــومڕاکردنی خۆیــان و زۆرێـــک لەوانەی شـــوێنیان دەکەون. لەبەرئەوە پێغەمـــبەری

خـودا(دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، لەبەبەتـی زیـادەڕەویکردن دەربـارەی خـۆی نەهیکـردووە و فەرمـوویەتی: «لە مـافی منـدا زیـادەڕەوی مەکەن، هەر بەو جـۆرەی مەسـیحییەکان دەربـارەی عیسـای کـوڕی مەریەم زیادەڕەوییـان کـرد. مـن تەنیـا بەنـدەیەکی خودام؛ کەواتە بڵێن: بەندە و نێردراوی خودا».

مەترسـی سـەرەکی لێـرەدایە کە کاتێـک تایبەتمەنـدییە ئیلاهییەکان دەخرێنە پاڵ مرۆڤ(مخلوق)، (دون الله) دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکـی لەگەڵ خۆشەویسـتی خـودادا بیـانکەن بە هـاوبەش و لە خۆشەویستیشـیاندا زیـادەڕەوی بـکەن. لەکۆتاییـدا دەبێـتە هـۆی ئەوەی کەسـەکان هەر بەوجـۆرەی کە خودایـان خۆشـدەوێت، ئەوانیشـیان خۆشـبوێت و لەمـڕووەوە و بە دەسـتی خۆیان ژیانیان تێکەڵ بە شیرک بکەن. نموونەیەکی زۆر ڕوون لەم لایەنەوە ئەوەیە کە مـرۆڤ سـەبارەت بەوانەی لە دینـدا لەو گەورەتـرن، تایبەتمەنـدیی ئاگـاداربوون لە غەیـب و توانـای مامەڵەکردنیـان لە کاروبـاری دونیـادا بـداتە پـاڵ. سـەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوە بدەن:

يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلَّا هُوَ ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً يَسْأَلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللَّهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨٧﴾ قُل لَّا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ

يُؤْمِنُونَ﴿١٨٨﴾هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْس وَاحِدَة وَجَعَلَ مِنْهَا
زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا فَلَمَّا تَغَشَّاهَا حَمَلَتْ حَمْلاً خَفِيفًا فَمَرَّتْ بِه
فَلَمَّا أَثْقَلَت دَّعَوَا اللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ آتَيْتَنَا صَالِحًا لَّنَكُونَنَّ مِنَ
الشَّاكِرِينَ﴿١٨٩﴾ {سورەتی(اعراف)، ئایەتی: ١٨٧.١٨٩}

(١٨٧) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، دەربارەی هاتنی ڕۆژی قیامەت پرسیارت لێدەکەن؟ بڵێ: هاتنی ڕۆژی قیامەت کاتەکەی تەنیا لەلای خودایە، زانینی کاتی هاتنی قیامەت قورسە لەسەر خەڵکی ئاسمانەکان و زەوی، ئەوان توانای خۆڕاگرتنیان نییە و هەمووی وێران دەبێت، چونکە قیامەت نایەت، لەناکاو نەبێت کاتێک ئێوە بێئاگان، ئەی موحەممەد واپرسیارت لێدەکەن وەک ئەوەی تۆ کاتی هاتنی قیامەت بزانی، بڵێ: زانیاری کاتی هاتنی ڕۆژی قیامەت تەنیا لەلای خودای گەورەیە، بەڵام زۆربەی زۆری خەڵک نایزانن. (١٨٨) ئەی موحەممەد (دروودی خودای لەسەر بێت)، بڵێ: من تەنانەت بۆ نەفسی خۆشم هیچ سوود و زیانێکم بەدەست نییە، مەگەر خودای گەورە خۆی ویستی لەسەر بێت هەندێک شتم پێ بڵێت، خۆ ئەگەر نهێنی غەیبم بزانیبایە، ئەوا کاری خێر و چاکەم بۆ خۆم زۆر دەکرد، هەرگیزیش تووشی خراپە نەدەبووم، کاری من تەنیا ئاگادارکردنەوە و ترساندن و مژدەبەخشینە بەوانەی ئیمانیان هەیە. (١٨٩) خودای گەورە ئەو خودایەیە کە ئێوەی لە یەک نەفس دروستکردووە کە ئادەمە، پاشان خێزانەکەی کە حەوا بوو لە پەراسووی چەپی دروستیکرد، هەتا هۆگر و ئارام بێت لەلای، کاتێک ئادەم کاری ژن و مێردایەتی

کـرد لەگەڵ حەوا، حەملێکـی سـووکی هەبـوو، ئینجـا حەمـلەکەی بەردەوامبـوو، کاتێـک کە منداڵەکە قورسـبوو لە سـکیدا و گەورە بـوو، لە خودای گەورە پاڕانەوە، ئەگەر منداڵێکی چاک و ساغمان پێببەخشی، ئەوا ئێمە لە سوپاسگوزاران دەبین.

هەموومـان دەزانـین کە هـیچ فەرمایشـتێک بەرزتـر نیـیە لە فەرمایشتی خودا، خودای گەورە لەم ئایەتانەدا ئەوە ڕووندەکاتەوە کە تەنـانەت پێغەمبەرەکەشـی لەبـارەی غەیـبەوە زانیـاری نیـیە. لەڕاستیدا تاکە سەرچاوەیەک کە لە غەیبەوە هەواڵی بە پێغەمبەر داوە، وەحـی بـووە، کە تەنیـا و تەنیـا بـۆ پێغەمـبەری پایەبەرزمـان دابەزیوە. ئێستا ئەگەر ئەمڕۆ کەسێک(بەتایبەت زانایەکی دینی)، بانگەشـەی ئەوە بکـات کە ئاگـاداری غەیـبە، ئەوا چـونکە تـاکە سـەرچاوەی ئاگـاداربوون لە غەیـب وەحـی ئیلاهییە(سـەبارەت بە موسڵمانان، کە قورئانە)، بە ئاسانی دەتوانرێت بە کەسێکی درۆزن لە قەڵەمبدرێت. ئەگەر کەسێک بـاوەڕی بە قسـەکانی ئەو کەسـە هەبێـت، لەگومڕابـوونێکی مەترسـیداردایە و پێویسـتە بەپەلە بە بیرکردنەوەکانی خۆیدا بچێتەوە.

لە بەندەکانی دواتردا، واتا و بەشەکانی ئیمان دەخەینەڕوو. ئایا هەتـا ئێسـتا سـەبارەت بەو کەسـانە بیسـتووتانە بانگەشـەی ئەوە دەکەن کە چاوی بەسیرەتیان هەیە؟ (ئەمکەسانە بە سوودوەرگرتن لە نەفـامی خەڵـک، پڕوپاگەنـدەی ئەوە دەکەن کە ئاگـاداری تەرازووی ئـیمان و تەقـوای خەڵکـن و دەتـوانن نـاخی خەڵکـی بخوێننەوە، یاخود بەهۆی تەقوای کەسەکانەوە، وەکو بەراز و مەڕ

و گـــامێش وێنایـــان بـــکەن. ئەڵـــبەت لەســـەر بنەمـــای ئەو پڕوپاگەنـــدەیەی ئەوکەســـانە دەیـــکەن، ئەو تایبەتمەنـــدییانەیان لەبەرئەوە پێدراوە کە ئەمان جێگەی بایەخ و تێڕوانینی خوداوەندن و نـزیکن لە دەرگـای ئیلاهیـیەوە). ئایـا فەرمـوودەیەکی تایبەتتـان لەوبارەیەوە بیستووە بابەتێکی بەدەر بێت کە قاڵبی توانای مرۆیی وەکو چاوی بەسیرەت و زانینی چارەنووسی کەسەکان دوای مردن، ئەمانە هەمووی درابێت بە پیاوچاکان و پێشەوایان؟

ئەم ئـایەتەی خـوارەوە گفتوگـۆیە لەگەڵ پێغەمـبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، کە دەربارەی دووڕووەکان دابەزیوە:

أَمْ حَسِـــبَ الَّـــذِينَ فِي قُلُـــوبِهِم مَّـــرَضٌ أَن لَّـــن يُخْـــرِجَ اللَّهُ أَضْـــغَانَهُمْ ﴿٢٩﴾ وَلَـــوْ نَشَـــاءُ لَأَرَيْنَـــاكَهُمْ فَلَعَـــرَفْتَهُم بِسِـــيمَاهُمْ وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِي لَحْنِ الْقَوْلِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ أَعْمَالَكُمْ ﴿٣٠﴾ وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّىٰ نَعْلَمَ الْمُجَاهِدِينَ مِنكُمْ وَالصَّابِرِينَ وَنَبْلُوَ أَخْبَارَكُمْ ﴿٣١﴾ **{سورەتی(محمد)، ئایەتی: ٣١.٢٩}**

(٢٩) ئایـا دووڕووەکـان وادەزانـن کە خـودای گەورە ئەو ڕق و کیـنە و ئیـرەییەی بەرامـبەر ئیسـلام و موسـڵمانان لە دڵیانـدایە ئاشکرای ناکات و ئابڕوویان نابات. (٣٠) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسـەر بێـت)، ئەگەر بمانەوێت ئەوانـت نیشـاندەدەین و بە شـێوە و ڕووخسـاریاندا دەیانناسـیتەوە، ڕەنـگە هەموویانـت پـێ نەناســـێنین، بەڵام بە قســـەکردنیاندا دەردەکەوێـــت کە ئەوانە دووڕوون، خودای گەورە زانیاری لەسەر کردەوەکانتان هەیە. (٣١)

ئێمە تاقیتاندەکەینەوە هەتا دەربکەوێت کێ لە ئێوە جیهادکار و ئارامگرە، بۆ ئەوەی هەواڵتان بدرێت بە گوێی هەمواندا و ئاشکرا ببێت.

لە ئایەتی(٣٠)دا، خوداوەند بە پێغەمبەری فەرمووە: ئەگەر بمانەوێت دووڕووەکانت نیشاندەدەین، تاکو لەڕێگەی شێوە و باڵایانەوە بیانناسیتەوە، (بەڵام ئەمکارەمان نەکرد)، بەمجۆرە دەتوانی بەهۆی کردارەکانیان، ڕەفتار و گوفتاریان، لە کەسانیتر جیایان بکەیتەوە، (بەهۆی زیرەکی و زۆرزانی لە کردەوەکانیان، نەک بەهۆی ئاگایی دڵ ودەروونیان). هەر بەو شێوەیە لەم ئایەتەی خوارەوەدا جەختی لەسەر ئەمە کردۆتەوە. کاتێک خودای گەورە بە ڕاشکاوی لەگەڵ پێغەمبەرەکەیدا وتوێژ دەکات و بە ئازیزترین دروستکراوی خۆی دەفەرموێت، کە بێئاگایە لە نهێنی دەروونی مرۆڤەکان، ئەوا لە بڕیاردان لەسەر ئەو مرۆڤانەی ئەمجۆرە پڕوپاگەندە درۆینەییانە بڵاودەکەنەوە، یان سیفەتی نامرۆڤانە(غەیب) دەدەنە پاڵ پێشەوایان و پێغەمبەرانی پایەبەرز، جگە لە هەڵکێشانی داخ و حەسرەت، دەبێت چ شتێکیتر بێت؟

أَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّهُ مَن يُحَادِدِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَأَنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدًا فِيهَا ذَٰلِكَ الْخِزْيُ الْعَظِيمُ ﴿٦٣﴾ يَحْذَرُ الْمُنَافِقُونَ أَن تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ تُنَبِّئُهُم بِمَا فِي قُلُوبِهِمْ قُلِ اسْتَهْزِئُوا إِنَّ اللَّهَ مُخْرِجٌ مَّا تَحْذَرُونَ ﴿٦٤﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ﴿٦٥﴾ {سورەتی(توبة)، ئایەتی: ٦٣. ٦٥}

(٦٣) ئایا نازانن هەرکەسێک دژایەتی خودا و پێغەمبەر بکات، ئەوە ئـاگری دۆزەخـی بـۆ هەیە و بە هەمیشـەیی تیایـدا دەمێنێـتەوە، ئەمەش سەرشـــۆڕی و زەلیلییەکـــی یەکجـــار گەورەیە. (٦٤) دووڕووەکان دەترسن لەوەی کە خودای گەورە سورەتێکیان لەسەر دابەزێنێــتە خــوارەوە و ئەوەی نــاو دڵیــان ئاشــکرا بکــات، ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: ئێوە گاڵتە بە موسڵمانان یان سورەتی قورئان بکەن، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەوەی ئێوە لێی دەترسن و حەزەری لێدەکەن، خودای گەورە ئاشکرای دەکات. خۆ ئەگەر پرسیاریان لێبکەی، بۆچی ئەم قسانەتان کردووە و تانە و تەشــەر لە پێغەمــبەر و هــاوەڵانی دەدەن، لە وەڵامــدا دەڵــێن: ئەی پێغەمبەری خودا، ڕێگا دوور بوو، یاری و گاڵتە و گەپمان دەکرد، بــۆ ئەوەی دووری ڕێگــا کەمبکەیــنەوە، ئەی پێغەمــبەر(دروودی خودای لەسـەر بێـت)، پێیـان بفەرمـوو: ئایا ئێوە شت نەما گـاڵتەی پێبکەن، خـودا و ئایەتەکـانی و پێغەمبەری خـودا نەبێت، ئایـا ئێـوە گاڵتە بەمانە دەکەن؟

لێـــرە بەدواوە لەگەڵ هەر تەوەرەیەک یـــان فەرمـــوودەیەک ڕووبەڕووبـوونەوە، دەبێـت ئەو تەورە و فەرمـوودەیە بە فلـتەری قورئانـدا تێپەڕێنـین. ئەگەر قورئـان پاڵپشـتی کـرد، ئەوا ئـێمەش بەئاسـانی پێشـوازی لێـدەکەین، بەڵام بەدەر لەمە، دەبێـت بـوێری بخەینەکـار و بـۆ ڕێزگرتنـی خـالقی بـوونەوەر، هەرچـی فەرمـوودەی هەڵبەسـتراو و لاواز هەیە بیخەیـنە لاوە، یـاخود لەگەڵ هەڵبـژاردە ڕاسـت و دروسـتەکانی قورئانـدا جێگۆڕکێیـان پێـبکەین. هەروەهـا دەبێت ئاگاداربین لەوەی کەسانێک هەن پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن

کە لەبــارەی ڕۆح و ژیــانی دوای مــردن زانیارییــان هەیە. ئەمەش بــابەتێکە وەکــو بــابەتەکەی پێشــتر ئاماژەمــان پێکــرد، تەنیــا لەڕێگەی(وحـــی) بە مرۆڤێـــک گەیشـــتووە، خـــودای گەورە دەفەرموێت:

قُلْ كُلٌّ يَعْمَلُ عَلَىٰ شَاكِلَتِهِ فَرَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَنْ هُوَ أَهْدَىٰ سَبِيلاً﴿٨٤﴾ وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّنَ الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلاً﴿٨٥﴾ وَلَئِن شِئْنَا لَنَذْهَبَنَّ بِالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ ثُمَّ لاَ تَجِدُ لَكَ بِهِ عَلَيْنَا وَكِيلاً﴿٨٦﴾ {سورەتی(إسراء)، ئایەتی: ٨٤. ٨٦}

(٨٤) ئەی مــوحەممەد(دروودی خــودای لەســەر بێــت)، بڵــێ: هەموو کەسێک با کار بکات لەسەر شێوە و نیەت و دینی خۆی. پەروەردگارتــان خــۆی زانــاترە بەوەی کــێ هیــدایەتی وەرگرتــووە و لەســەر ڕێــگەی ڕاســتە و کــێش بێبــاوەڕ و کــافرە. (٨٥) ئەی مــوحەممەد(دروودی خــودای لەســەر بێــت)، پرســیارت لێــدەکەن دەربــارەی ڕۆح، بڵــێ: ڕۆح کــاری خــودای گەورەیە و تەنیــا خــۆی دەزانێ چییە و چۆنە، ئێوە لە زانیاریدا شتێکی کەم نەبێت، هیچتــان پێــنەدراوە و نــایزانن. (٨٦) هەروەهــا ئەگەر بمانەوێــت ئەوەی بە وەحی بۆمان دابەزاندویت، وەریدەگرینەوە و شوێنەواری ناهێڵین، دواتریش نابینی هیچ کەسێک پشتیوانت بێت.

بەداخەوە، نەک تەنیا لە وڵاتی ئێمە، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی دونیــا بــازاڕی ئەمجــۆرە کەســانە برەوپێــدراوە. تیــپ و گــرووپە عیرفــانییە سەیر و سەمەرەکان، کە هەموویــان لە ڕوانــگەی زەینــی

خۆیـانەوە دونیـای دوای مـردن وێنـا دەکەن. لە وڵاتـی ئێمەشـدا کە پڕوپاگەنـدەی ئیسـلامێتی دەکەیـن، کەسـانێکی لە دیـن لادەر لەم سەدەی دواییەدا، بابەتێکیان لەژێر ناوونیشانی شەوی یەکەمی ناو گـۆڕ، سـزای نـاو گـۆڕ، ژیـانی دوای مـردن، عیرفـانییە هینـدی و سوورپێستەکان و...تـاد، بڵاوکردەوە. تـاکە ئەرکـی ئێمە ئەوەیە کە لەکـاتی ڕووبەڕووبـوونەوەی ئەمجـۆرە کتێبـانەدا، بگەڕێینـەوە بـۆ فلـتەری قورئـان و بەناویـدا تێیپەڕێنـین، ئەگەر قورئـان پشـتگیری کـردن، ئەوا پەسـەندیان دەکەیـن، ئەگەرنـا بەئاسـانی دووریـان دەخەینەوە.

وَعِنـدَهُ مَفَـاتِحُ الْغَيْـبِ لاَ يَعْلَمُهَـا إِلاَّ هُـوَ وَيَعْلَـمُ مَـا فِي الْـبَرِّ وَالْبَحْـرِ وَمَـا تَسْـقُطُ مِـن وَرَقَـةٍ إِلاَّ يَعْلَمُهَـا وَلاَ حَبَّـةٍ فِي ظُلُمَـاتِ الأَرْضِ وَلاَ رَطْــبٍ وَلاَ يَــابِسٍ إِلاَّ فِي كِتَــابٍ مُّبِــينٍ﴿٥٩﴾
(سورەتی(انعام)، ئایەتی: ٥٩)

(٥٩) کلیلەکـانی غەیـب تەنیـا لەلای خـودای گەورەیە و هـیچ کەسێك لە غەیب نازانێت، تەنیا خۆی نەبێت، هەرچی لە وشکانی و دەریـادا هەیە، خـودای گەورە دەیزانێـت، گەڵای هـیچ دارێـک هەڵناوەرێت، تەنیـا خودای گەورە زانیـاری لەسـەر هەیە، هەروەهـا هیچ تۆو دانەوێڵەیەک لەناخی زەوی و تاریکیدا نییە، یاخود هیچ شتێکی تەڕ، یـان وشـک لەسـەر زەوی نیـیە، کە خـودای گەورە لە (لوح المحفوظ)دا باسی نەکردبێت و زانیاری لەسەر نەبێت.

# بەندی حەوتەم

**کلیلی تێگەیشتن لە تەوحید(ﷲ) لەبەرامبەر(دون الله):**

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا، خۆی بەناوی(الله) و(رب) ناساندووە و گشت دروستکراوەکانی لە مرۆڤ و جنۆکە و فریشتەوە بگرە، هەتا دەگاتە بوونەوەران و دونیای میتافیزیک و...تاد، لەژێر ناوی(دون الله) و(غیر الله) ناساندووە. لە قورئاندا وشەی(دون الله) حەوتجار هاتووە. هەروەها وشەی(دونه)، کە«هـ لە وشەی (دونه)دا بۆ(الله) دەگەڕێتەوە»، بەڕێژەی ٣٧ جار و وشەی(غیر الله) بەڕێژەی١٧جار و(دون الرحمن) بەڕێژەی ٢ جار، هەروەها وشەی(دوني)، «(ی) لە وشەی (دوني)دا بۆ(الله) دەگەڕێتەوە»و بەڕێژەی ٣ جار لە قورئاندا بەکارهاتووە.

خستنەڕووی هەردوو وشەی(الله) و(دون الله) لەقورئاندا گرنگییەکی زۆری هەیە. ئەم پلەبەندییەش هیچ ڕێسایەکی بەدەر(استثناء) پەسەند ناکات و هیچ مەخلوقێک ناچێتە سەر ڕێگە و شێوەی خالقی بەرز و بێوێنە. قورئان داوای لە مرۆڤەکان کردووە، هەتا بەوردی بیر لە سیفەت و تایبەتمەندییەکانی ئەم دووە بکەنەوە. لە قورئاندا ئەوە خراوەتەڕوو کە(دون الله)؛ واتە ئەگەر خودا نەبێت، توانای غەیبی ئامادەبوون و چاودێریکردنی هەموو

شوێن و ژینگە و شتێکی نییە، کە لە هەموو کات و سەردەمێکدا خەڵکی بتوانن پشتی پێببەستن. ئەم تایبەتمەندییە تەنیا تایبەتە بە خـــــودا. ئەوە خــــــودایە کە بەدیــــــدەهێنێت، ڕۆزی دەدات، زینــــدوودەکاتەوە، دەمرێنێــــت و هەر ئەویشـــــە دەســــەڵاتی هەڵسـووڕاندن و بەڕێـوەبردنی کاروبـاری دروسـتکراوەکانی هەیە. ئەگەر وابـزانین بوونەوەرێـک لە جیهانـدا، کە تەنـانەت ئەگەر بە ڕێژەیەکـی کەمـیش بێت، خاوەنی سیفەتگەلێکی لەوجۆرەیە، ئەوە لەڕاستیدا هاوبەشدانانە بۆ خودا، کە لە قورئاندا ئەمکارە کوفر و شــــیرکێکی ڕوون و ئاشــــکرایە. بەداخەوە لە زۆرێـــــک لەو وەرگێڕانـانەی لەقورئانـدا کـراون، وشـەی(دون اللـه) بـۆ واتـای بـت وەرگێڕدراوە، کە وەرگێڕانەکە کەموکوڕی هەیە.

لەقورئانـــدا وشـــەی بـــت لەژێـــر ناوی(اصـــنام) بەکارهـــاتووە. سەرنجی ئەم دەستەواژەیەی خوارەوە بدەن:

(اللّٰه)(رب، خالق)

(دون الله) (مخلوق)

تێکـڕای مرۆڤەکـان دەگـرێتەوە لە ئـادەمەوە هەتـا قیـامەت، سەرجەم جنۆکەکان، گرۆهی فریشتەکان، بوونەوەر بەگشتی لە زەوی و ئەوەی کە تێیـدایە بگـرە هەتـا دەگـاتە کاکێشـانەکانیتر، بەهەشت و دۆزەخ و هەر مەخلوقێکی دیکە کە مرۆڤ دەیناسێت یان نایناسێت.

کەواتە(دون الــله) تەنیــا بــت نیــیە، بەڵکــو هەمــوو ئەو مەخلوقانەش دەگرێتەوە کە لە فیکری مرۆڤدان. لەو کاتەی قورئان بـۆ پێغەمـبەر دابەزی، سـەرەڕای بـوونی موشـریکەکان، کەسـانی ئاگرپەرسـت، خۆرپەرسـت، ئەستێرەپەرسـت و...تـاد، هەبـوون و هەمەلایەنبـوونی قورئـان ئەم گرووپـانەش دەگـرێتەوە؛ واتە قورئـان تەنیـا ئاڕاسـتەی بتپەرسـتان نەکـراوە و تەنیـا ئەوانـی نەدوانـدووە، بەڵکو ئاڕاستە و گرووپەکانی دیکەشی گرتۆتەوە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

خَلَقَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا وَأَلْقَىٰ فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ﴿١٠﴾ هَٰذَا خَلْقُ اللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ الَّذِينَ مِن دُونِهِ بَلِ الظَّالِمُونَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴿١١﴾وَلَقَدْ آتَيْنَا لُقْمَانَ الْحِكْمَةَ أَنِ اشْكُرْ لِلَّهِ وَمَن يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ﴿١٢﴾ {سورەتی(لقمان)، ئایەتی: ١٠-١٢}

(١٠) خودای گەورە ئەو کەسەیە کە بەبێ کۆڵەکە ئاسمانەکانی دروسـتکردووە، ئێـوە بەچـاوی خۆتـان دەیبیـنن، لەنـاو زەویشـدا شـاخەکانی وەکـو مـێخ داکوتـاوە، بـۆ ئەوەی زەوی جێگیـر بێـت و نەجوڵێـت، هەمـوو جـۆرە ئـاژەڵێکی لەسـەر زەوی بڵاوکـردۆتەوە. هەروەهـا دەفەرموێت: لە ئاسـمانەوە بارانمـان بـۆ دابەزانـدوون، لە

هەمـوو جووتێـک، دانەوێـڵەی جوانیشـیان بـۆ ڕوانـدوون. (١١) ئـا ئەمانە دروستکراوەکانی خودای گەورەن. دەی ئێوە کە دەڵێن: ئێمە خودایترمان هەیە و خودای گەورە هاوبەشی هەیە، نیشانمبدەن بزانم خوداکانی ئێوە چییان دروستکردووە؟ بەڵکو هاوبەش بڕیاردەران و ستـەمکاران لە گـومڕاییەکی زۆر ئاشـکرادان. (١٢) بەدڵنیـاییەوە ئـێمە حـیکمەت و تێگەیشـتنیان بە لـوقمان بەخشـی، خـودای گەورە فەرمـانی پێکـردووە کە شـوکرانەبژێری خـودای گەورە بێـت، هەر کەسێکیش شوکرانەبژێریی بکات، ئەوە سوپاسی خۆی کردووە، وە هەرکەسێکیش کوفرانەی نیعمەتەکانی خودای گەورە بکات، ئەوا بەدڵنیـاییەوە خـودای گەورە زۆر دەوڵەمەنـد و بـێ پێویسـتە لەوەی سوپاسـی بـکەی، ئەو زۆر سوپاسـکراوە لەلایەن هەمـوو دروستکراوەکانیترەوە.

هەروەکـو ئـایەتەکەی پێشـوو، خـودای گەورە لەجێـی خۆیدا(قورئان)، لەمەڕ لاوازیی(دون الله) ئاگاداری کردوینەتەوە.

(الله) خـالقە و(دون الـله) مەخلـوق. لەدایکبـوون و مردنـی(دون الـله) بەشـێوەیەکی ڕەهـا لە دەسـەڵاتی (الله)دایە. خاوەنـدارێتی ڕەهای دروستکراوەکان(دون الله) لە دەسەڵاتی(الله)دایە.

الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا﴿٢﴾ وَاتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً لَّا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ

ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَاةً وَلَا نُشُورًا﴿٣﴾وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَذَا إِلَّا إِفْكٌ افْتَرَاهُ وَأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ فَقَدْ جَاءُوا ظُلْمًا وَزُورًا﴿٤﴾

(سورەتی(فرقان)، ئایەتی: ٢.٤)

(٢) ئەو خودایەی کە خاوەنی ئاسمانەکان و زەوییە، هیچ کوڕ و منداڵێکی بۆ خۆی بڕیارنەداوە، لە موڵکیشدا هیچ کەسێک هاوبەشی نییە، هەموو شتێکی لەم بوونەوەرەدا دروستکردووە، هەروەها بە حیکمەتی خۆشی ئەندازەی بۆ داناوە و کاتی بۆ دیاریکردووە. (٣) هاوەڵبڕیاردەرەکان جگە لە خودای گەورە، کۆمەڵێک خودایان بۆ خۆیان داناوە، خوداکانی ئەوان توانای دروستکردنی هیچ شتێکیان نییە، بەڵکو ئەوان خۆیان دروستکراون، ناتوانن هیچ زیانێک لە خۆیان دووربخەنەوە و سوودێک بە خۆیان بگەیەنن، نە مردنیان بەدەستە و نە ژیان و زیندووکردنەوەی ناو گۆڕیش. (٤) کافرەکان دەڵێن: ئەم قورئانە فەرموودەی خودا نییە و موحەممەد خۆی هەڵیبەستووە و کەسانیتر یارمەتییانداوە؛ بەدڵنیاییەوە ئەم قسەیەی ئەمان دەیکەن، ستەم و درۆیە و هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە.

هیچ دروستکراوێک لە جنۆکە و مرۆڤ و فریشتە و...تاد، لە زات و سیفەتی خودادا هاوبەش نییە. ئەمە بەو واتایەیە کە

خوداوەنـد لە زات و سـیفەتدا بێـوێنەیە و سـیفەتەکانی نادرێـت بە دروسـتکراوەکان؛ بـۆ نمـوونە: هـیچ مرۆڤێـک، چ زینـدوو بێـت لەڕووی(لاشـەوە)و چ مـردوو بێـت لەڕووی(ڕۆحەوە)، ناتوانێـت پڕوپاگەنـدەی ئەوە بکـات کە خـاوەنی یەکـێکە لە سـیفەتە تایبەتەکـانی وەکـو؛ بـۆ نمـوونە: (بصـیر)(بینا بەهەمـوو دروسـتکراوەکان)، (سـمیع)(بیسـەر سـەبارەت بە هەمـوو دروستکراوەکان)، (لطیف)(کە هیچ داپۆشەر و بەربەستێک نییە بۆ زانستی خودا و گونجاوە بۆ هەموو شتێک)، یان ناتوانێت بڵێت خـاوەنی سـیفەتەکانیتری خوداوەنـدە. کەواتە ئەمە تەوحیـدە و پێچەوانەکەشی کوفر و شیرکە.

(اللە)، هەم لە زات و هەم لە سیفەتدا بێوێنەیە و هیچ شتێک لە سیفەتەکانیدا هاوبەش نییە لەگەڵی:

قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴿١﴾ اللَّهُ الصَّمَدُ﴿٢﴾ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ﴿٣﴾ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ﴿٤﴾ {سورەتی(إخلاص)، ئایەتی: ١ .٤}

(١) بڵـێ: پەروەدگـارم(اللە) ئەو پەرسـتراوەیە کە تەنیـا ئەوە شایستەی پەرستنە و تاک و تەنیایە و هیچ هاوبەشێکی نییە. (٢) ئەو خودایەی کە هەمیشە زیندووە و دەمێنێ و بێ نیازە لە هەموو کەس. (٣) کەسـی لێنەبـووە و خۆشـی لە کەس نەبـووە. (٤) هـیچ هاوشێوەیەکی نییە و کەس لەو ناچێت.

پرسیارێک بۆ بیرکردنەوە: ئایا هەر یەکێک لەم ناوانەی خوارەوە لەڕیزی کام گرووپدان؟ (اللّٰه)، یان(دون الله)؟

١ـ دۆزەخ ٢ـ خۆر ٣ـ خودی خۆتان ٤ـ جەستە ٥ـ مرۆڤە چاکەکان ٦ـ شەیتان ٧ـ ئاژەڵ و درەختەکان ٨ـ جبریل ٩ـ بیرکردنەوەکانی مرۆڤ ١٠ـ غەریزەکانی مرۆڤ ١١ـ محەمەد پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت).

أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا﴿٨٢﴾ {سورەتی(نساء)، ئایەتی: ٨٢}

ئایا دەربارەی قورئان بیرناکەنەوە؟! ئەگەر لەلایەن غەیری خوداوە بوایە، دژیەکییەکی فراوان دروستدەبوو!

# بەندی هەشتەم

باسی سەرەکی لێرە بەدواوە دەستپێدەکات. ئەگەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم بابەتانەی خوارەوە پرسیارێکتان بۆ هاتە پێشەوە لەسەر بەرنامە دیاریکراوەکە، درێژە بە خوێندنەوە بدەن، چونکە ئەو پرسیارانەی بۆتان دروستدەبێت، هەتا بەندەکانی دواتر وەڵامتان دەستدەکەوێت. قورئان لەپاش هەر یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خودا: «بێهاوتایی، ڕۆزیدەر، خاوەندار، (رب)، (ولی)...تاد،» مرۆڤی دواندووە و فەرموویەتی: ئێوە کە خوداتان بە وەها سیفەتگەلێکەوە پەسەند کردووە، بۆچی تەنیا ئەو بە فریادڕەس نازانن، تەنیا پەیوەندی بەوەوە ناکەن، تەنیا پەیڕەوی لە فرمانەکانی ئەو ناکەن و...تاد، لەیەک وشەدا، بۆچی تەنیا عیبادەت و پەرستش بۆ ئەو ناکەن؟ ئایا جادووتان لێکراوە؟ هەر لە سەرەتاوە لە قورئاندا داوا لە مرۆڤ کراوە کە تەنیا و تەنیا خودا بپەرستێت:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُّتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ ﴿٣٩﴾ مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِ إِلَّا أَسْمَاءً سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا

تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴿٤٠﴾ يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَمَّا أَحَدُكُمَا فَيَسْقِي رَبَّهُ خَمْرًا وَأَمَّا الْآخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ الطَّيْرُ مِن رَّأْسِهِ قُضِيَ الْأَمْرُ الَّذِي فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ﴿٤١﴾ {سورەتی(یوسف)، ئایەتی: ٣٩.٤١}

(٣٩) پاشان یوسف(سەلامی خودای لەسەر بێت)، ڕوویکردە ئەو دوو گەنجە و بانگیکردن بۆ یەک خودا پەرستی و فەرمووی: ئەی هاوەڵانی بەندیخانەم، ئایا کۆمەڵێک پەروەردگاری لێکجیاواز باشترە کە ئێوە دەیانپەرستن، یان تەنیا خودایەک کە(الله)یە و تاک و تەنیا و بەتوانایە. (٤٠) ئێوە هیچ شتێک ناپەرستن لە غەیری خودای گەورە، تەنیا کۆمەڵێک ناو نەبێت، کە خۆتان و باوباپیرانتان ناوتاناون، خودای گەورە هیچ بەڵگەی لەسەر ئەو ناوانە و پەرستنیان نەناردۆتە خوارەوە، حوکم و بڕیاردان تەنیا بۆ خودای گەورەیە، خودای گەورە فەرمانیکردووە هیچ کەسێک نەپەرستن تەنیا خۆی نەبێت بە تاک و تەنیا و هاوبەشی بۆ بڕیارنەدەن. ئەمە دینی ڕاست و دروستە کە خودای گەورە فەرمانی پێکردووە و بەڵگەی لەسەر ناردۆتە خوارەوە، بەڵام زۆربەی خەڵکیی، ئەم شتانە نازانن. (٤١) دوای ئەوەی یوسف پێغەمبەر باسی تەوحیدی بۆ دوو هاوەڵەکەی بەندیخانە کرد، ئینجا خەونەکەی بۆ لێکدانەوە و فەرمووی: یەکێک لە ئێوە دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی پێشتری و مەی بۆ پاشا دەگێڕێتەوە و پێی دەبەخشێ، بەڵام ئەوەیتریان کە نانەواکەیە، لە خاچ دەدرێت و دەکوژرێ و باڵندە لەسەری دەخۆن. گوتراوە: خەونیان نەبینیوە و

ویستویانە تاقیبکەنەوە، بەڵام کاتێک خەونەکەی بۆ لێکدانەوە، گوتیان خەونمان نەبینیوە، یوسفیش(سەلامی خودای لەسەر بێت)، فەرمووویەتی: ئەو خەونەی کە ئێوە پرسیارتان لەبارەیەوە کرد، بڕیاری لەسەر دراوە و بەو شێوەیە دەبێت.

هەروەها لە ئایەتەکانی خوارەوە ئەمە خراوەتەڕوو کە خودای گەورە تەنیا و تەنیا پەرستش و عیبادەتی تایبەتکردووە بە خۆیەوە و داوای لە مرۆڤەکان کردووە تەنیا ئەو بپەرستن، سەرنجی وشەی(تعبدون) بدەن. (تعبدون)؛ بەواتای عیبادەتکردن و پەرستش دێت. هەر پێغەمبەرێک کە بۆ مرۆڤ نێردراوە، لە یەکەم هەنگاویدا خەڵکی بانگهێشتکردووە بەرەو پەرستنی خودای گەورە و داوای لێنەکردوون کە خۆی بپەرستن، بەڵکو فەرمووویەتی: منیش وەکو ئێوە و لەگەڵ ئێوە پێکەوە خودا دەپەرستین:

ثُمَّ نُنَجِّي رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا كَذَٰلِكَ حَقًّا عَلَيْنَا نُنجِ الْمُؤْمِنِينَ﴿١٠٣﴾ قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي شَكٍّ مِّن دِينِي فَلَا أَعْبُدُ الَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَلَٰكِنْ أَعْبُدُ اللَّهَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُمْ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴿١٠٤﴾ وَأَنْ أَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴿١٠٥﴾ {سورەتی(یونس)، ئایەتی: ١٠٣.١٠٥}

(١٠٣) پاشان نێردراوانی خۆمان و کەسانێک کە ئیمانیان هێناوە ڕزگاردەکەین، هەر بەو شێوەیە لەسەر ئێمە مافێکە کە باوەڕداران ڕزگار بکەین. (١٠٤) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر

بێـت)، بڵـێ: ئەی خەڵکیـنە، ئەگەر ئێـوە گومانتـان هەیە لەو دیـنەی بانگتـان دەکەم بۆی، ئەوە بزانن من ئەوانە ناپەرستم کە ئێوە جگە لە خـودای گەورە دەیانپەرسـتن. بەڵکـو مـن عیبـادەتی ئەو خـودایە دەکەم کە دەتانمرێنێت و فەرمانم پێکراوە لە باوەڕداران بم.

فَإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِالْمُفْسِدِينَ﴿٦٣﴾ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ فَإِن تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴿٦٤﴾ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تُحَاجُّونَ فِي إِبْرَاهِيمَ وَمَا أُنزِلَتِ التَّوْرَاةُ وَالْإِنجِيلُ إِلَّا مِن بَعْدِهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴿٦٥﴾ {سورەتی(آل عمران)، ئایەتی: ٦٣. ٦٥}

(٦٣) ئەگەر پشـتیان لەم ڕاسـتییە کـرد، ئەوا خـودای گەورە زۆر زانـــــایە بە هاوبەشــــدانەران و خراپەکـــــاران. (٦٤) ئەی مـوحەممەد(دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، بڵـێ: ئەی خـاوەن کتێبەکـان، ئەی جـولەکە و گاورەکـان، وەرن بـۆلای وشـەیەک کە ئێمە و ئێوە تیایدا یەکسانین، ئەویش ئەمەیە کە با هیچ کەسێک نەپەرستین جگە لە زاتـی پیرۆزی(الله)، وە هیچ کەسێک نەکەین بە هـاوبەش بـۆی، بـا هەنـدێک هەنـدێکیتر نەکـاتە پەروەردگـار و لەجیـاتی خـودای گەورە بیپەرسـتێت، ئەگەر بەمە ڕازی نەبـوون و پشـتیان هەڵکـرد، ئەوا پێیـان بڵـێ: شـایەتبن کە ئـێمە موسـڵمانین و خۆمـــــان تەســــلیمی خـــــودای گەورە کـــــردووە. (٦٥) ئەی مـوحەممەد(دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، بڵێ: ئەی جـوولەکە و گاورەکـان، بـۆچی سـەبارەت بە ئیبراهـیم مشـتومڕ دەکەن و دەڵـێن:

ئیبراهیم لەسەر دینی ئێمە بووە، لەکاتێکدا ئێوە خۆتان دەزانن تەورات و ئینجیل بۆ مووسا و عیسا(سەلامی خودایان لەسەربێت) دانەبەزیوە، لەدوای ئیبراهیم نەبێت، ئیتر چۆن ئیبراهیم لەسەر دینی ئێوە بووە، بۆ عاقڵ نابن و بیر ناکەنەوە.

لە بەشەکانی پێشوودا ڕاستی و چییەتی عیبادەت ڕوونبووەوە. خاڵێکی زۆر گرنگ لێرەدا ئەمەیە کە خودای بەرز و بڵند لە قورئاندا مرۆڤی بەمکارە سنووردار نەکردووە و لە ئایەتگەلێکی زۆردا داوای لێکردووە سەرەڕای عیبادەتێکی پاک و پوخت بۆ خودا، نزا و هانا و داواکاریی پێویستییەکانیش، تەنیا و تەنیا لە خودا بکات، سەرنجی وشەی (تدع) بدەن:

وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ الظَّالِمِينَ﴿١٠٦﴾ وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِ يُصِيبُ بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴿١٠٧﴾ {سورەتی(یونس)، ئایەتی: ١٠٧.١٠٦}

(١٠٦) تۆ نزا مەکە و مەپاڕێرەوە لە جگە لە خودای گەورە، لەو کەس و شتانەی نە سوودت پێدەگەیەنن و نە زیان، چونکە سوود و زیان تەنیا بەدەستی خودای گەورەیە، خۆ ئەگەر لە جگە لە خودای گەورە بپاڕێییەوە، ئەوا لەو کەسانەی کە ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردووە، یان لە هاوەڵبڕیاردەرانی. (١٠٧) ئەگەر خودای گەورە بیەوێت تووشی زیانێکت بکات، هیچ کەسێک ناتوانێت ئەو

زیانەت لەسەر لابەرێت، تەنیا خودای گەورە نەبێت، ئەگەر خودای گەورە بیەوێت خێر و چاکەیەک بهێنێتە ڕێگەت، کەس ناتوانێت ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئەو خێر و چاکەیە. خودای گەورە خێر و چاکەی خۆی تووشی هەر کەسێک دەکات لە بەندەکانی کە ویستی لەسەر بێت، ئەو زۆر لێخۆشبوو و میهرەبان و بەبەزەییە.

﴿لِّنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ۚ وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا﴿١٧﴾ وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴿١٨﴾ وَأَنَّهُ لَمَّا قَامَ عَبْدُ اللَّهِ يَدْعُوهُ كَادُوا يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا﴿١٩﴾

{سورەتی(جن)، ئایەتی:١٧. ١٩}

(١٧) مەبەست ئەوەیە کە ئێمە بەو نیعمەتە فراوانە تاقیانبکەینەوە، هەر کەسێکیش پشت لە زیکری خودای گەورە بکات، خودای گەورە دەیخاتە ناو سزایەکی زۆر بەئێش و ئازار و سەختەوە. (١٨) مزگەوتەکان تایبەتن بە خودای گەورە، لەگەڵ(الله)دا لە کەسیتر مەپاڕێنەوە. (١٩) هەروەها کاتێک بەندەی خودا؛ واتە موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، سەرقاڵی نوێژ و عیبادەتبوو، گرووپێک لە مرۆڤ و جنۆکە لێی کۆبوونەوە، بۆئەوەی گوێیان لە قورئانخوێندنی پێغەمبەری خودا بێت.

* **تێبینی**: (تعبدون) لە کاری ڕابردووی(عبد)ەوە هاتووە، کە بەواتای تەسلیمبوون و فەرمانبەرداربوون دێت. (تدع) لە کاری ڕابردووی(دعو) هاتووە، کە بەواتای داواکردن و نزاکردن دێت؛ واتە

بۆ دەستکەوتنی سوودێک، یان لادانی زیانێک.

پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، دەفەرموێت: «الدعاء هو العبادة»؛ واتە (نزاکردن خودی عیبادەتە). لە قورئاندا ئایەتی زۆر هاتوون لەسەر نزاکردن، کە تیایدا فەرمان بە مرۆڤکراوە هەموو خواستەکانی؛ وەکو: شیفای نەخۆش، نزا بۆ سەرکەوتن لە تاقیکردنەوە، سەرکەوتن و دەستکراوەیی لە کارەکاندا...تاد، تەنیا و تەنیا لە(الله) داوابکات. ئەمکارەش دەبێت ڕاستەوخۆ و بەبێ نێوەندکار لەلایەن مرۆڤەوە سەرچاوە بگرێت. بەداخەوە لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا قورئان فەرامۆشکراوە و عەقیدەی کەسەکان بۆتە ئامرازی دیاریکردنی کەسانی بەرژەوەندیخواز، ئەمکارە پێچەوانە بۆتەوە و مرۆڤەکان لەجیاتی داوای ڕاستەوخۆ لە خودا، مەخلوقیان کردووە بە نێوەندکار(واسطة)و لە ڕێگەی ئەم مەخلوقانەوە نزا و داواکارییەکانیان دەخەنە حزووری خودا. ئەمە هەر ئەو کێشەیەیە کە پێغەمبەری خودا(دروودی خودای لەسەر بێت)، بۆ ڕیشەکێشکردنی نێردرا. سەرنجی ئایەتەکانی خوارەوە بدەن. خودای گەورە بەهۆی ئەم ئایەتانەوە بەڵگەکانی لەسەر مرۆڤ تەواوکردووە:

إِنَّ السَّاعَةَ لَآتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ﴿٥٩﴾ وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴿٦٠﴾ اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِرًا ۚ إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ

عَــلَى النَّــاسِ وَلَـٰكِــنَّ أَكْــثَرَ النَّــاسِ لَا يَشْــكُرُونَ﴿٦١﴾
{سورەتی(غافر)، ئایەتی: ٥٩. ٦١}

(٥٩) بەدڵنیایی ڕۆژی قیامەت هەر دێت و هیچ گومانێکی تێدا نییە، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئیمانیان پێی نییە. (٦٠) پەروەردگارتان فەرموویەتی: تەنیا لە من بپاڕێنەوە، من وەڵامتان دەدەمەوە، ئەو کەسانەی خۆیان بە گەورە دەزانن لە ئاستی پاڕانەوە لە من، بەدڵنیاییەوە دەچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە. (٦١) خودای گەورە ئەو خودایە کە شەوی بۆ ئێوە کردووە بە مایەی ئارامی و ئاسوودەیی، ڕۆژیشی بۆ ڕووناککردوون، بەڕاستی خودای گەورە چاکەی زۆری بەسەر خەڵکەوە هەیە. سەرنجی وشەی(ادعوني) ئایەتەکەی پێشوتر بدەن. خوداوەند بەڕوونی لەم ئایەتەدا داوای لە مرۆڤ کردووە کە بۆ وەرگرتنی نزا، تەنیا ڕوو لەو بکەن. لە هیچ شوێنێکی قورئاندا فەرمان نەکراوە بە مرۆڤ نزاکانی بباتە لای مەخلوقات. هەروەها:

لِيُكَفِّرَ اللَّهُ عَنْهُمْ أَسْوَأَ الَّذِي عَمِلُوا وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ الَّذِي كَانُوا يَعْمَلُونَ﴿٣٥﴾ أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ وَيُخَوِّفُونَكَ بِالَّذِينَ مِن دُونِهِ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ﴿٣٦﴾ وَمَن يَهْدِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن مُّضِلٍّ أَلَيْسَ اللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِي انتِقَامٍ﴿٣٧﴾
{سورەتی(زمر)، ئایەتی: ٣٥. ٣٧}

(٣٥) بۆ ئەوەی خودای گەورە لە خراپترین تاوانەکانیان خۆشبێت، هاوکات پاداشتیشیان دەداتەوە لەسەر ئەو کردەوە

چاکانەی ئەنجامیانداوە. (٣٦) ئایا خودای گەورە بۆ بەندەکەی بەس نییە؟ بەڵام کافرەکان لە نەفامیاندا دەتترسێنن بەو خودایەی هەیانە، جا هەر کەسێک خودای گەورە گومڕای بکات، کەس ناتوانێت هیدایەتی بدات. (٣٧) هەر کەسێکیش خودای گەورە هیدایەتی بدات، کەس ناتوانێت گومڕای بکات. ئایا خودای گەورە زۆر بە شکۆ و تۆڵەسێن نییە لەو کەسانەی سەرپێچی دەکەن؟

ئەو گفتوگۆیانەی لێرەدا خرانەڕوو، ئەگەر لەلای زۆرێک لە مرۆڤەکان بکرێن، ئەوا دەیانترسێنن بە هێز و توانا و تورەیی جگە لە خودا: (پێغەمبەران، پێشەوایان، شێخ و ڕێبەرانی تەریقەت)و ڕازی نابن بەوەی بەتەنیا لە خودا بپاڕێنەوە. ئایا دەزانن خودای گەورە وێڕای ئایەتەکەی پێشوو، لەمبارەیەوە چی فەرمووە؟ سەرنجبدەن:

يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ﴿١٣﴾ إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ﴿١٤﴾ يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ﴿١٥﴾

{سورەتی(فاطر)، ئایەتی: ١٣. ١٥}

(١٣) خودای گەورە شەو دەخاتە ناو ڕۆژەوە و ڕۆژیش دەخاتە ناو شەوەوە و تێکەڵیان دەکات. خۆر و مانگی بۆ ڕامکردووون، هەر

یەکێکیان دەڕوات بۆ کاتی دیاریکراوی خۆی، کە ڕۆژی قیامەتە، ئـا ئەم(الـلە)یە پەروەردگـاری ئێـوەیە و خـاوەن مـوڵکە، بەڵام ئەو خودایانەیتر کە ئێوە دەیانپەرستن، خاوەنی(قطمیر)ێکیش نین؛ کە بە واتـای ئەو پەردە تەنـکە دێـت لە نـاوکی خورمـادا هەیە. (١٤) ئەگەر لەو خودایـانەش بپـاڕێنەوە، ئەوان گوێیـان لە پاڕانەوەکـانی ئێـوە نابێـت، ئەگەر واشـدابنێین گوێیـان لە پـاڕانەوەی ئێـوەیە، ئەوا نـاتوانن وەڵامتـان بـدەنەوە، هەروەهـا لە ڕۆژی قیامەتـدا نکوڵیتـان لێدەکەن لەوەی ئێوە ئەوانتـان کردووە بە هاوەڵ بۆ خودای گەورە، هیچ کەسێک وەکو خودای گەورە ئەم هەواڵانەت پێڕاناگەیەنێت، ئەو زۆر شـارەزا و زانـایە. (١٥) ئەی خەڵکیـنە! ئێـوە هەمووتـان هەژارن و پێویسـتتان بە خـودای گەورەیە، خـودای گەورە زۆر دەوڵەمەند و سوپاسکراوە.

وَلَا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ لَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴿٨٨﴾

{سورەتی(قصص)، ئایەتی: ٨٨}

(٨٨) لەگەڵ خودادا، داوا لە پەرستراوێکی دیکە مەکەن، هیچ پەرستراوێکی بە هەق جگە لەو نییە، هەموو شتێک لەناودەچێت و نامێنێت، جگە لە زاتی پاکی ئەو نەبێت، فەرمانڕەوای ڕاستەقینەیە و گشت بڕیارەکان بۆلای ئەو دەگەڕێتەوە.

# بەندی نۆیەم

يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ ﴿١٣﴾ إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ ﴿١٤﴾ يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ ﴿١٥﴾ {سورەتی(فاطر)، ئایەتی: ١٣. ١٥}

(١٣) خودای گەورە شەو دەخاتە ناو ڕۆژەوە و ڕۆژیش دەخاتە ناو شەوەوە و تێکەڵیان دەکات. خۆر و مانگی بۆ ڕامکردوون، هەر یەکێکیان دەڕوات بۆ کاتی دیاریکراوی خۆی، کە ڕۆژی قیامەتە، ئا ئەم(الله)یە پەروەردگاری ئێوەیە و خاوەن موڵکە، بەڵام ئەو خودایانەیتر کە ئێوە دەیانپەرستن، خاوەنی (قطمیر)ێکیش نین؛ کە ئەو پەردە تەنکەیە لە ناوکی خورمادا. (١٤) ئەگەر لەو خودایانەش بپاڕێنەوە، ئەوان گوێیان لە پاڕانەوەکانی ئێوە نابێت، ئەگەر واشدابنێین گوێیان لە پاڕانەوەی ئێوەیە، ئەوا ناتوانن وەڵامتان بدەنەوە، هەروەها لە ڕۆژی قیامەتدا نکوڵیتان لێدەکەن لەوەی ئێوە ئەوانتان کردووە بە هاوەڵ بۆ خودای گەورە، هیچ کەسێک وەکو خودای گەورە ئەم هەواڵانەت پێڕاناگەیەنێت، ئەو زۆر شارەزا و

زانایە. (١٥) ئەی خەڵكینە! ئێوە هەمووتان هەژارن و پێویستتان بە خودای گەورەیە، خودای گەورە زۆر دەوڵەمەند و سوپاسكراوە.

خـودای بەرز و بڵنـد لەدوای بەیـانكردنی چەنـد گۆشـەیەک لە نیشـانەكانی هێـز و توانـای خـۆی لە دەسـتپێكی ئـایەتەكەدا، پـێمان دەفەرمـوێــت: «لە الملــک»؛ بەو واتــایەی خاوەنــدارێتی گشــت بــوونەوەر لە دەســتی خواوەنــددایە و تەنیــا ئەو دەتوانێــت لەنــاو دروسـتكراوەكانیدا كارەكـان ڕایـی بكـات. هـیچ دروسـتكراوێک ناتوانێت پڕوپاگەندەی ئەوە بكات كە شتێكی خستۆتە ژێر ڕكێفی خاوەنــدارێتی خــۆیەوە، چــونكە تێكــڕای خاوەنــدارێتییەكان لەم دونیـایەدا بڕیـاری لەسـەر دراوە. هـیچ مرۆڤێـک تەنـانەت ناتوانێـت بانگەشـەی ئەوە بكـات كە خـاوەنی جەسـتەی خۆیەتی، چـونكە بـۆ نمــوونە ئەگەر لە ڕووداوێكــدا(پێ)ی لەســەدتبدات، ناتوانێــت پێیەكـی تـازە بـۆ خـۆی دروسـتبكاتەوە، ناتوانێـت ڕێ لە پیربـوونی خــۆی بگرێــت و تەنــانەت ناتوانێــت ڕێگــری لە ســپیبوونی مووەكانیشـی بكـات. هەر شـتێک لەم دونیـایەدا كە لەبەر دەسـتی ئـێمەدایە، بەشـێوەیەكی كـاتی و قەرز پێمانـدراوە، لەكـاتی مردنـدا هەموویــان لەدەســتدەدەین و تــاک بە تــاكی مرۆڤەكــان ئەو نیعمەتانەیـان لێـوەردەگیرێتەوە كە خـودا لەم دونیـایەدا بە هەرزان پێی بەخشیون. لەو بەشەی دواتردا، خودای گەورە ئەوە دەخاتەڕوو «والـذین تـدعون مــن دونــه مــایملكون مــن قطمیــر»؛ واتە ئەو كەسانەی لەجیـاتی خودا، هانایان بـۆ دەبەن، تەنـانەت خـاوەنی ئەو دەزووڵە وردەی نـاو خورمـاش نـین، سـەرنجی ڕسـتەی(تدعون مـن

دونـە) بـدەن. کەسـێک کە خـاوەنی هـیچ شـتێک نیـیە، ناتوانێـت خواسـتی ئەوانیـتر بهێنێـتەدی. وەک ئەوەی کە فەرهاد داوای ١٠٠ دۆلار لە ڕەزای هـاوڕێی بکـات و لە هەمانکاتیشـدا فەرهـاد خـۆی دەزانێت کە ڕەزا هیچ پارەیەکی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر سوورە لەسەر داواکردنی پارە لێی. ئێستا ئەگەر کەسی سێیەم ئەم دیمەنە ببینێـت، درک بە نەفـامی و بێعەقڵـی فەرهـاد دەکـات، چـونکە بیردەکـاتەوە و بە خـۆی دەڵێـت، فەرهـاد داوای پەرە لە کەسـێک دەکات کە خاوەنی هیچ پارەیەک نییە. لە بەشی دواتـردا خـودای گەورە ئەوە دەخاتەڕوو: «إن تدعوهم لایسمعوا دعاءکم ولو سمعوا مااسـتجابوا لکـم»؛ واتە ئەگەر داوا لە(دون الـلە): (پێغەمـبەران، پێشـەوایان، پیاوچاکـان، شـێخی تەریـقەت و...تـاد)، بـکەن، جـا داواکـردنەکە بەشـێوەی پـاڕانەوە و نزاکـردن بێـت، یـان وەکـو نێوەندکارێک ڕوویان تێبکەن کە داوا لە خودا بکەن بۆتان و...تاد، ئەوا بەهـیچ شـێوەیەک ئەوان توانـای بیسـتنی نـزا و پاڕانەوەکـانی ئێوەیـان نیـیە و گـریمان ئەگەر گوێبیسـتیش بـن، نـاتوانن وەڵامـی داواکارییەکەتـان بـدەنەوە. لە بەشـەکەیتردا، خـودای گەورە دوو بـژاردەی نایـاب دەخـاتە بەردەم مـرۆڤ، «ویـوم القیامـة یکفـرون بشرککم»، بژاردەی یەکەم ئەوەیە کە ئەم هەنگاوانەی مرۆڤ؛ واتە داواکـردن لە(دون الـلە) لەجیـاتی(الله تعـالی) لەسـەر بنەمـای فەرمایشـتی خـودا خۆی، بە شیرک لەقەڵەمدراوە. بەداخەوە لەبەر دوورەپەرێزیکردن لەقورئان و برەودان بە لاساییکردنەوەی کوێرانە لە کـۆمەڵگەی ئـێمەدا، بەتونـدی ڕێگـری لە خسـتنەڕووی ئەم واتایانە دەکرێت. بژاردەی دووم ئەمەیە کە لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەو

کەسانەی لە دونیـادا لەجیـاتی خـودا و لەگەڵ خـودادا هانایـان بـۆ بـراوە، بەتەواوی نکـوڵی لەمکـارانەی مرۆڤـدەکەن و پشـتیان تێـدەکەن. لەڕۆژی قیامەتـدا پەرسـتراوەکان دەڵـێن: ئـێمە هەر لە بنەڕەتەوە لە نـزا و عیبـادەت و داواکـاری و پێویسـتی مرۆڤەکـان بێئاگابووین، چونکە ئەمشتانە تایبەتمەندیی خودان، کە لە هەموو کـات و شـوێندا بـوونی هەیە. تەنیـا خـودایە کە لەیەک کاتـدا دەتوانێت بیسەری نزای فەرهاد بێت لە مەشهەد، نزای ڕەزا بێت لە تاران، [نزای بەڵێن بێت لە کوردستان] (وەرگێڕ)، نزای ئالیس بێت لە نیۆرک، نزای ڕۆبێرت بێت لە لەندەن و گیرایان بکات، خوداوەند سەبارەت بە هەموو شتێک بیسەر و بینەرە و ئەمدوو سیفەتەش تەنیـا تـایبەتن بە (الـله). زۆرێـک لە خەڵکـی لەو بـاوەڕەدان، پیاوچاکان و پێغەمبەران و پێشەوایان کە لە ئەمڕۆدا زیندوو نین، لە توانایاندایە لە هەر کات و سەردەمێکدا گوێبیستی پێویستی و داواکارییەکـانی مـرۆڤبن و بیهێنـنەدی. ئەمەش بەو واتـایەیە کە ئەوان خـاوەنی سیفەتگەلێکی هاوشـێوەی خـودان! سـیفەتگەلێکی وەکـو «بصـیر»؛ (بینـا سـەبارەت بە بەنـدەکان، لە هەمـوو بارودۆخێکـدا بەنـدەکان دەبینێـت)، «سـمیع»؛ (بیسـەر بەرامـبەر بەنـدەکان، لە هەمـوو کـات و شـوێنێکدا، دەنگـی مرۆڤەکـان دەبیستێت)، «لطیف»؛ (هیچ شتێک لەبەرامبەر نەرمونیانیی ئەودا بەربەسـت نیـیە)و «خبیـر»؛ (لە هەمووبارودۆخێکـدا بەئاگـایە بەرامبەر بەندەکان). هیچ دروستکراوێک لە تێکڕای (پێغەمبەران، پێشەوایان، شێخەکان و...تاد)، خاوەنی سیفەتگەلێکی وەها نـین. (سبحان الله) خوداوەند لەو ڕووەوە پاک و بێگەردە.

لەبەشی کۆتایی ئایەتی ١٤ی سورەتی(فاطر) کە خراوەتەڕوو: «ولاینبئک مثل خبیر»؛ واتە هیچ کەسێک وەکو خودا بەئاگا و شارەزا نییە لەهەقیقەتی بابەتەکان ئاگادارت بکاتەوە. کاتێک ئەم ئایەتە بۆ زۆرێک لە خەڵکی بخوێنرێتەوە، ئەوا هەوڵدەدەن بە بەڵگەی داتاشراو و سمارتەکراو، کارەکانی ئەمرۆیان ئاراستە بکەن و مرۆڤ لە ڕاستیی بابەتەکە دووربخەنەوە، تەنانەت هەوڵدەدەن بەجۆرێک ئایەتەکە لێکبدەنەوە، کە خۆیان دەیانەوێت. بەڵام(الله تعالی) پێیڕاگەیاندووین کە لەمجۆرە بابەتە عەقیدەییانەدا تەنیا فەرمایشتی خودا وەربگرین، چونکە تەنیا خودایە کە مرۆڤ لە ڕاستیی بابەتەکان ئاگاداردەکاتەوە. تەنیا خودایە کە هەقیقەتی قیامەت و دۆخی پەرستراو و پەرستراوانمان بەگشتی لەو ڕۆژەدا بۆ بەیان دەکات. لەکۆتاییدا، دووبارە خوداوەند ئەوەی خستۆتەڕوو کە هەموو مرۆڤەکان ئاتاجی دەرگای خودان و کەسێکی پێویست، ناتوانێت لە پێویستێکیتر داوابکات و تەنیا خوداوەندە کە دەوڵەمەند و ستایشکراوە. خودای گەورە لە ئایەتەکەی خوارەوەدا بەڵگەکەی لەسەر مرۆڤەکان تەواوکردووە، چونکە هەندێک لە مرۆڤەکان لەگەڵ بوونی ئەوەی کە خوداوەند نزا و عیبادەتی بۆ(دون الله) بە شیرک داناوە، لە قوڵایی دڵەوە ناتوانن دان بەوەدا بنێن کە واتای(دون الله) مرۆڤەکانیش دەگرێتەوە. سەرنجی ئەیاتەکەی خوارەوە بدەن:

وَلَا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلَا أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ﴿١٩٢﴾ إن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَىٰ لَا يَتَّبِعُوكُمْ سَوَاءٌ عَلَيْكُمْ أَدَعَوْتُمُوهُمْ أَمْ

أَنـتُمْ صَـامِتُونَ﴿١٩٣﴾ إِنَّ الَّـذِينَ تَـدْعُونَ مِـن دُونِ اللَّهِ عِبَـادٌ أَمْثَـالُكُمْ فَـادْعُوهُمْ فَلْيَسْـتَجِيبُوا لَكُمْ إِن كُنتُمْ صَـادِقِينَ﴿١٩٤﴾ {سورەتی(اعراف)، ئایەتی: ١٩٢.١٩٤}

(١٩٢) نـاتوانن سـەرتانبخەن، تەنـانەت ئەوەنـدە بێدەسـەڵاتن ناتوانن خۆشیان سەربخەن. (١٩٣) ئەگەر بانگهێشتیان بکەن بۆ هیـدایەت، وەڵامتـان نـادەنەوە، جـا ئەگەر بانگیـان بـکەن یـان بێدەنگبن، سوودی نییە و یەکسانە. (١٩٤) ئەوانەی ئێوە جگە لە خودا لێیان دەپاڕێنەوە، وەکو ئێوە بەندەن، دەی لێیان بپاڕێنەوە، با وەڵامتان بدەنەوە ئەگەر ئێوە ڕاستدەکەن.

خودای گەورە لەم ئایەتەدا، هەموو دروستکراوەکانی بە بەندەی خۆی ناوبردووە و هیچ کەسێکیان لە کاروباری غەیبدا نەکردووە بە نوێنەری خۆی، لە ڕوانگەی دینەوە، گشت مرۆڤەکان یەکسانن و هیچ کامیان لەوەیتریان بەرزتر نییە. لە دیدگای پەروەردگاردا مرۆڤەکـان لەسـەر بنەمـای تەقـوا هەڵدەسـەنگێنرێن، تەقـواش کردارێکـی دەروونیـیە و تەنیـا خـودا ئاگـاداری ئەنـدازە و پێـوەرەکەیەتی. مـوحەممەد(دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، فەرموویەتی: "خەڵکی هەموویان وەکو ددانەکانی شانە یەکسانن پێکەوە". لە یەک گووتەدا، خودای گەورە لە قورئاندا فەرمانی بە مرۆڤکردووە تەنیا خودای بوێت، لە خودا داوا بکات و لە جگە لە خودا داوانەکات. جگە لە خودا مەکە بە نێوەندکار، جگە لە خودا مەپەرستە و بە پیرۆزی مەزانە. سەرنجی ئایەتەکەی خـوارەوە بدەن:

يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴿١٣﴾ {سورەتی(حجرات)، ئایەتی: ١٣}

(١٣) ئەی خەڵکینە! ئێمە ئێوەمان دروستکردووە لە نێر و مێیەک، هەروەها کردوومانن بە چەند گەل و هۆزێکەوە، هەتا یەکتری بناسن. بەڕێزترینتان لەلای خودای گەورە ئەو کەسەیە کە لە هەموو کەسێک بە تەقواترە، بەدڵنیایی خودای گەورە زۆر زانا و شارەزایە. سەرەڕای ئایەتەکەی پێشوو، لە زۆرێک لە ئایەتەکانیتری قورئاندا، سوود لە دەستەواژەی(الذين) وەرگیراوە. سەرنجی ئایەتەکەی خوارەوە بدەن:

وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ تَعْرِفُ فِي وُجُوهِ الَّذِينَ كَفَرُوا الْمُنكَرَ يَكَادُونَ يَسْطُونَ بِالَّذِينَ يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا قُلْ أَفَأُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكُمُ النَّارُ وَعَدَهَا اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴿٧٢﴾ يَا أَيُّهَا النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَهُ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَن يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ وَإِن يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ﴿٧٣﴾ مَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ﴿٧٤﴾ {سورەتی(حج)، ئایەتی: ٧٢.٧٤}

(٧٢) کاتێک ئایەتە ئاشکراکانی ئێمەیان بۆ دەخوێندرێتەوە، لە ڕووخسارياندا ناخۆشی دەردەکەوێت و ڕوویان گرژدەکەن، وەک بڵێی خەریکە بە لێدان، یان بە قسەکردن زاڵبن بەسەر ئەوکەسانەی

ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێننەوە. ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: ئایا هەواڵتان پێبدەم خراپتر لەوەی کە ئێوە دەیکەن چییە؟ ئاگرە، خودای گەورە بەڵێنی ئاگری دۆزەخی داوە بەو کـافرانەی ئـیمان نـاهێنن، ئەوەش خـراپترین ســەرەنجامە. (٧٣) ئەی خەڵکینە! نموونەیەک هێنراوەتەوە، گوێی بۆ بگرن، ئەو کەسانەی کە جگە لە خودای گەورە لێیـان دەپاڕێنەوە، هەموویـان کـۆبکەیتەوە، نـاتوانن تەنـانەت مێشـێک دروسـتبکەن کە چەنـد دروستکراوێکی بچووکە، بەڵکو لەوەش بێدەسەڵاتترن، کە ئەگەر مێشــەکە شــتێکیان لێبفڕێنێــت، نــاتوانن لێیبســەننەوە، داواکەر و داوالێکراو هەردووکیان بێدەسەڵات و لاوازن. (٧٤)؟!

لەم ئـایەتەدا بەڕوونـی تیشـک خراوەتە سـەر لاوازیـی ئەوانەی جگە لە خودای گەورە داوایان لێدەکرێت، لەکۆتـایی ئایەتەکەشدا ئامـاژە بەوە کـراوە کە هەم داواکـار(ئەو کەسـانەی داوا لە جـگە لە خــودا دەکەن)و هەمــیش داوالێکــراو(ئەوانەی لەجیــاتی خــودا دەپەرســترێن و داوایــان لێــدەکرێت)، بێدەســەڵاتن و تەنیــا زاتــی پیرۆزی خودایە کە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهایە. خودای گەورە داوای لە مرۆڤکـردووە کە هەم لە کێشـەکان و هەمـیش لە خۆشـییەکاندا، تەنیا و تەنیا پشت بە زاتی پیرۆزی (اللّٰه) ببەستن.

قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِلَّا مَن شَاءَ أَن يَتَّخِذَ إِلَىٰ رَبِّهِ سَبِيلًا﴿٥٧﴾ وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لَا يَمُوتُ وَسَبِّحْ بِحَمْدِهِ وَكَفَىٰ بِهِ بِذُنُوبِ عِبَادِهِ خَبِيرًا﴿٥٨﴾ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ

الرَّحْمَنُ فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيراً﴿٥٩﴾ {سورەتی(فرقان)، ئایەتی: ٥٧. ٥٩}

(٥٧) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: مـن داوای پاداشـتم لە ئێـوە نەکـردووە، مەگەر کەسـێک خـۆی ویسـتی لەسـەر بێـت کە خێـر و چـاکە بکـات و بگـات بە خـودای گەورە. (٥٨) هەروەهـا تـۆ لە هەمـوو کاروبارێکـدا پشـت بە خـودا ببەسـتە، ئەو خـودایەی کە زینـدووە و هەرگیـز مردنـی بەسـەردا نایەت، بە پاک و بێگەردی ڕاییگرە و سەنا و ستایشی بکە. بەسە کە خـودای گەورە ئاگـاداری تـاوانی بەنـدەکانی بێـت. (٥٩) ئەو خودایەی کە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لەنێوانیاندایە لە ماوەی شەش ڕۆژدا دروستکردووە، پاشان پەروەردگار بەرز و بڵند بووەوە بـۆ سـەر عەرشـی پیـرۆزی خـۆی، تـۆ لەم بـابەتەدا پرسـیار لە خودایەک بکە کە زۆر زانیارییەکانی وردن.

گشـت بـوونەوەران لە نەبـوونەوە بەدیهـاتوون و تەنیـا خـودای گەورەیە کە هەمیشـە هەبـووە و دەمێنێـت. هەمـوو مرۆڤێـک، ڕۆژێـک دێـت کە تـامی مـردن بچێژێـت، تەنیـا خـودایە کە هەرگیـز نامرێت، لەبەرئەوە دەبێت تەنیا پشت بە(الله) ببەستین.

وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَات وَالأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلْ أَفَرَأَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُون اللَّه إِنْ أَرَادَنِيَ اللَّهُ بِضُرّ هَلْ هُنَّ كَاشِفَاتُ ضُرِّهِ أَوْ أَرَادَنِي بِرَحْمَة هَلْ هُنَّ مُمْسِكَاتُ رَحْمَتِهِ قُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ الْمُتَوَكِّلُونَ﴿٣٨﴾ {سـورەتی(زمر)، ئایەتی: ٣٨}

(٣٨)ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، ئەگەر پرسیار لە موشریکان و کافرانی قوڕەیش بکەیت، کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە، کێ خاوەنێتی؟ ئەوان دەڵێن، بەدڵنیاییەوە خودای گەورە دروستیکردووە. پێیان بڵێ: هەواڵم پێبدەن ئەگەر خودای گەورە بیەوێت تووشی زیانێکم بکات، ئایا ئەو خودایانەی ئێوە کە جگە لە خودای گەورە دەیانپەرستن، دەتوانن ئەو زیانە لەسەر من لابدەن؟ بێگومان نەخێر، یاخود ئەگەر خودای گەورە بیەوێت تووشی خێر و خۆشییەکم بکات، ئایا ئەوان دەتوانن ڕێگری بکەن و بیگێڕنەوە؟ بێگومان نەخێر. بڵێ: من لە هەموو کاروبارێکمدا تەنیا خودای گەورەم بەسە، پشتبەستوان، لە هەموو کاروبارێکدا پشت بە خودای گەورە دەبەستن.

# بەندی دەیەم

بەدەستهێنانی جیهانبینییەکی تەوحیدیی بەهێز، پەیوەستە بە تێگەیشتن لە واتای(الله تعالى) خالق و(دون الله) مەخلوق، درککردن بەم جیاوازییە، زۆر شتێکی سادەیە، تەنیا کەسانی شەڕانگێز لەم ڕاستییە لایانداوە و فریودراون. بەوردی سەرنجی ئەم ئایەتەی خوارەوە بدەن:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

قُلْ أَرَأَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا مِنَ الْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّمَاوَاتِ ائْتُونِي بِكِتَابٍ مِّن قَبْلِ هَٰذَا أَوْ أَثَارَةٍ مِّنْ عِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴿٤﴾ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُو مِن دُونِ اللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَن دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ﴿٥﴾ وَإِذَا حُشِرَ النَّاسُ كَانُوا لَهُمْ أَعْدَاءً وَكَانُوا بِعِبَادَتِهِمْ كَافِرِينَ﴿٦﴾ {سورەتی(احقاف)، ئایەتی:٤.٦}

(٤) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، بڵێ: ئەوانەی جگە لە خودا دەیانپەرستن، نیشانمبدەن چ شتێکیان لەسەر زەوی دروستکردووە؟ لەپێش قورئان کتێبێکم بۆ بێنن کە شتی لەو جۆرەی تێدا بێت، یان بەڵگە و زانیارییەکی بەجێماو کە مابێتەوە لە کتێبەکانی پێشوو و بەڵگە بێت لەسەر ئەم شتە، ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن. (٥) کێ گومڕاترە؛ واتە هیچ کەسێک لەو

کەسـە گـومڕاتر نیـیە کە جـگە لە خـودای گەورە لە کەسـێک دەپاڕێتەوە، کە ئەگەر هەتا ڕۆژی قیامەت لێیان بپاڕێتەوە، توانای وەڵامدانەوەیان نییە، نەک هەر توانای وەڵامدانەوەیان نییە، بەڵکو بێئاگـان لە نزا و پاڕانەوەکانیـان و هەر ناشیبیسـتن. (٦) کاتێـک لە ڕۆژی قیامەتدا خەڵکی حەشر دەکرێن، پیاوچاکان و پێغەمبەران و فریشـتەکان، دەبـن بە نەیـار و دوژمنـی ئەو کەسـانەی ئەمـان لێیـان پاڕاونەتەوە و کردوویانن بە هاوبەشی خودا.

خـودای گەورە لە بەشـی یەکەمـی ئـایەتەکەدا دووبـارە جەختـی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە(دون الله) هیچ شتێکی دروستنەکردووە، بەڵکو خۆی دروستکراوە. لە هیچ یەکێک لە کتێبە ئاسمانییەکان و تەنانەت کتێبە زانستییەکانیشدا، هیچ بەڵگەیەک نییە کە ڕاوەستا بێـت لەسـەر هاوبەشـیکردنی(دون الـله) لەئەفرانـدنی بـوونەوەر. بەباشی سەرنجی ئایەتەکە بدەن. لە ئایەتەکەدا هاتووە، هەرچییەک لە جـگە لە خـودا داوابکرێـت، هەتـا قیـامەت وەڵامنـادرێتەوە و لە ڕۆژی قیامەت ئەم(دون الله)یانە وێڕای نکوڵیکردن لە شیرکی ئەو کەسانە، دەبنە دوژمنیشیان. لەو ڕۆژەدا ئەوانە پێکەوە دەڵێن: ئێمە لە دونیـادا تەنیـا خودای بێهاوتامـان پەرستووە و پێویسـتییەکانمان تەنیـا لەو داواکـردووە، کەچـی ئێـوە لەجیـاتی داواکـردن لە خـودا، لە ئێمەی مەخلوقێکی بێدەسەڵات پاڕاونەتەوە و داواتـانکردووە، هەر بۆیە ئێستا ئێمە دوژمنتانین. ئێمە خوداناسبووین و ئێوەش دوژمنی خودا؛ کەواتە ڕێـگە و چارەنووسمان جیـایە. لە ئایەتەکـانیتردا ئەوە بەیـــانکرا کە(دون الـــله) لەم بـــوونەوەرەدا تەنـــانەت خـــاوەنی

گەردیلەیەکیش نییە و خۆی ئاتاجی(الله)یە. لەگەڵ ئەوەدا ئاماژە بەوەکرا کە عیبادەتکردن «یعبدون»، ئاشکراکردنی بەندایەتی و داواکردن «یدعون»، تەنیا پەیوەستە بە خودای گەورە و لەکاتی (یعبدون)و (یدعون من دون الله)دا تووشی شیرک دەبین. لەمبارەیەوە خودای پەروەردگار بەڕوونی لەقورئاندا فەرمایشتی خۆی بەیانکردووە و بەهیچ شێوەیەک بواری لێکدانەوە و بۆچوونی کەسیی نەهێشتۆتەوە. بەتایبەت ئەو لێکدانەوانەی ئێمە بەدرێژایی سەدەکان دروستمانکردوون. بۆ نموونە: هەندێک لە تاکەکان دەڵێن ڕاستە کە دەبێ هەر مرۆڤێک داوای پێویستییەکانی خۆی ڕاستەوخۆ بباتە لای خودا، ڕاستە کە نابێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ داوای پێویستییەکان لە(دون الله) بکرێت، بەڵام دەتوانرێ لە(دون الله)؛ پێشەوایان و پیاوچاکان و...تاد، داوابکرێت بەجۆریک کە ئەوان ببنە نێوەندکارێک لەنێوان ئێمە و خودا!

دەتوانرێت کۆمەڵێک بەڵگەی ڕوون لەملایەنەشەوە بخرێتەڕوو، یەکەم: ئەوەی کە گەلی عەرەب، پێش هاتنی پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت) ئەم بیرکردنەوەیان هەبوو و داوایان لە پێغەمبەرانی پێشوو وەکو: ئیبراهیم و ئیسماعیل، یان هابیل و فریشتەکان(سەلامی خودایان لەسەر بێت) دەکرد، کە پێویستی و داواکانیان بۆ ببەنە لای خودای گەورە. ئەوان وابیریان دەکردەوە کە پێغەمبەران و فریشتەکان بەهۆی بێ تاوانییانەوە دەتوانن تکاکاریانبن و لە خودا نزیکیان بکەنەوە. دووەم: ئەوەی

کە ئێمە کاتێک داوا لە(دون الله) دەکەین، پێویستییەکانمان بباتە لای خودا، خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە نزا و پاڕانەوە لە(دون الله)، چونکە لە(دون الله)مان دەوێت پێویستییەکانمان بگەیەنێت بە خودا. تەنانەت لە یەک ئایەتیشدا، خودای گەورە داوای لە بەندەکانی نەکردووە، کە بەڕێگەی یارمەتیدەرێک، یان نێوەندکارێک، پەیوەندی لەگەڵ ساز بکەن. عیبادەتکردنی خوداوەند بەهۆی نێوەندکارێکەوە، هەمووی دروستکراوی زەینی خۆمانە. خودایەک کە لە دەماری دڵ لێمان نزیکترە، فەرمانی پێکردووین بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ داوای پێویستییەکانمانی لێبکەین، هەر بەو جۆرەی کە نزیکترین ڕێگە بەرەو یەک خاڵ، بریتییە لە گرتنەبەری خاڵێکی ڕاستەوخۆ بەرەو ئەو. خودایەک کە لە دەماری دڵ لێمان نزیکترە، فەرمانیکردووە کە تەنانەت ئەگەر بەندەیەک بەهۆی گوناهەوە، خۆی بە شەرمەزار بزانێت، دەبێت بزانێت کە دیسان خودای گەورە لە هەموو کەسێک **نزیکترە لێی. کاتێک نێوەندکارێک بۆ خودا بڕیاردەدەین، وەکو ئەوە وایە ڕازیبین بەوەی کە خودا بەبێ بوونی ئەو نێوەندکارە، نامانبەخشێت و دەنگمان نابیستێت، یان ئەوەی کە وایدابنێین خوداوەند ئامادەیی ئەوەی نییە کە ڕاستەوخۆ نزا و داواکاری بەندەکانی وەڵامبداتەوە و بەدڵنیاییەوە دەبێ بەهۆی نێوەندکارێکەوە پەیوەندی پێوە بکرێت.** بەڵام لەڕاستیدا، تەنانەت ئەگەر بەندەیەک لە بەندەلکانی خودا، لە گوناهو تاواندا

نقوم ببوو، ئەوا دیسان دەرگای تەوبە و پەشیمانی کراوەیە و تەنیا خودایە کە لە گوناهەکانی دەبووڕێت:

قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ وَأَنِيبُوا إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾ {سورەتی(زمر)، ئایەتی: ٥٣.٥٤}

ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، بڵێ: بەو بەندانەم کە زیادەڕەوییان کردووە لە تاوان و سەرپێچیدا، بێهیوا نەبن لە بەزەیی خودا، بەدڵنیایی خودای گەورە لە هەمو تاوانێک خۆشدەبێت، [تەنیا هاوبەشبڕیاردان نەبێت، ئەویش چۆنێتییەکەی لە زاتستی خودادایە]، (وەرگێڕ). بەدڵنیایی خودای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بەبەزەییە. (٥٤) بگەڕێنەوە بۆلای خودای گەورە و تەوبە بکەن، پێشئەوەی سزای خودای گەورەتان بۆ بێت لە دونیادا، ئەوکات کەس نییە سەرتانبخات.

لەگەڵ سەرنجدان لەو شێوانەی خوارەوە، بیر لە پرسیارەکەش بکەنەوە:

ئایا کارێکی دروستە کە ئیمان و عەقیدە لە سەرچاوەیەکی دیکەی جگە لە قورئان وەربگرین؟

## ڕەوشی تەوحید لە دیدگای قورئاندا

مەخلوق(دون الله) ڕاستەوخۆ لە خالق(الله) داوای پێویستییەکانی خۆی دەکات.

وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴿٦٠﴾ سورەتی(غافر)، ئایەتی: ٦٠}

(٦٠)پەروەردگار فەرموویەتی: تەنیا لە من بپاڕێنەوە، وەڵامتان دەدەمەوە. ئەوکەسانەی خۆیان بە گەورە دەزانن لە پاڕانەوە لە من، بەدڵنیایی بە ڕیسوایی دەچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

(الله تعالى)

(دون الله)

## شیرک

الله تعالى دون الله

مەخلوق(دون ال...
پێویستییەکانی لە ...
مەخلوقیش (دو...
پێویستییەکانی دەکا...

دون الله

## شیرک

مخلوق(دون الله) لە مەخلوقێکیتر (دون الله) داوای پێویستییەکانی دەکات.

(دون الله)

(دون الله)

وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ الظَّالِمِينَ﴿١٠٦﴾ {سورەتی (یونس)، ئایەتی: ١٠٦}

(١٠٦) نزا مەکە و مەپاڕێوە لە جگە لە خودای گەورە لەو کەس و شتانەی نە سوودت پێدەگەیەنن و نە زیان، ئەگەر کارێکی لەو جۆرە بکەی، ئەوا تۆ لە ستەمکارانی.

## شیرک

الله تعالى

ـ فَلَا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَتَكُونَ مِنَ الْمُعَذَّبِينَ﴿٢١٣﴾ {سورەتی(شعراء)، ئایەتی: ٢١٣}

(٢١٣) لەگەڵ خـودای گەورەدا، لە خـودایەکیتر مەپـاڕێرەوە، چـونکە دواتـر لە سزادراوان دەبیت!

ــ وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴿١٨﴾ {سورەتی(جن)، ئایەت: ١٨}

(١٨) مزگەوتەکانماڵی خودان و تایبەتن بە خودا، لەگەڵ (الله)دا نزا و داوا لە هیچ کەسێکیتر مەکەن و مەپاڕێنەوە.

ـ لَّا تَجْعَلْ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَّخْذُولًا﴿٢٢﴾ سورەتی(إسراء)، ئایەتی:٢٢}

لەگەڵ خـودای گەورەدا، خـودایەکیتر بڕیـا مەدە، ئەوکـاتە بە سەرشـۆڕی و بـێ پەنـا دادەنیشیت!

مەخلوق(دون الله) داوا لە مەخلوقێکیتر(دون الله) دەکات، کە پێویستییەکەی بگەیەنێت بە(الله)؛ واتە عیبـادەتی نێوەندکار(واسطة).

دون الله

↑

دون الله

ـ أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ وَالَّذِينَ ... لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى ﴿٣﴾ {سورەت...

(٣) ئایا پەرستنی پـاک و دوور ... نییە؟ ئەوانەشی کە جگە لە خـودای ... دانـاوە و دەیپەرسـتن، دەڵـێن: ئ... دروسـتنەکردووە و ڕزقـی ئـێمە نـاد... دەکەین، هەتا لە خودامان نزیک بکا...

ـ إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ ... سورەتی(فاطر)، ئایەتی: ١٤}

(١٤) ئەگەر ئێـوە لێشـیان بپ... پاڕانەوەکانتان نابێت، ئەگەر واشداب... ئەوا ناتوانن وەڵامتان بدەنەوە...

# بەندی یازدەیەم

لە ئایەتەکانی پێشوودا ئەوەمان بینی کە خودای گەورە، داواکردنی پێویستییەکانی مرۆڤی لە جگە لە خودا(دون الله)، بە شیرک داناوە. جا هەم عیبادەت(تعبدون)و هەمیش نزا و داواکردن(تدعون) لە دروستکراوەکانی خودا(دون الله)، شیرکە، جا چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە(دون الله) بێت، یان بەشێوەی نێوەندکار(دون الله)ی نێوان خود و خودا بێت. (الله تعالى) بە هیچ بیانوویەک، یان بەدەرێک(استثناء) بۆ ئەمکارە ڕازی نەبووە. بۆ جەختکردنەوە لەوەش، ئایەتێک لەقورئان دەهێنینەوە، دووبارە بە وردی سەرنجی هەردوو وشەی(تعبدون)و (تدعون) بدەن:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

قَالَ سَلَامٌ عَلَيْكَ ۖ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي ۖ إِنَّهُ كَانَ بِي حَفِيًّا﴿٤٧﴾ وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَأَدْعُو رَبِّي عَسَىٰ أَلَّا أَكُونَ بِدُعَاءِ رَبِّي شَقِيًّا﴿٤٨﴾ فَلَمَّا اعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ ۖ وَكُلًّا جَعَلْنَا نَبِيًّا﴿٤٩﴾

{سورەتی(مريم)، ئايەتی: ٤٩.٤٧}

(٤٧) ئیبراهیم(سەلامی خودای لەسەر بێت)، فەرمووی: ئەی باوکە سڵاوت لێبێت، من بەزوویی داوای لێخۆشبوونت بۆ دەکەم

لە پەروەردگــار، چــونکە ئەو زۆر چاکەکــارە لەگەڵمــدا و بــایەخم پێدەدات. (٤٨) هەروەها لە ئێوە و ئەو شتانەی کە جگە لە خودای گەورە دەیپەرستن، دووردەکەومەوە و بە تــاک و تەنیــا عیبــادەتی خودای گەورە دەکەم، بەدڵنیاییی من بێهیوا نابم لە نزا و پاڕانەوە لە خــودای گەورە. (٤٩) کاتێــک کە لێیــان دوورکەوتەوە، ئیســحاقمان پێبەخشی و پاشان یەعقوب، ئینجا هەموویانمان کرد بە پێغەمبەر.

ســەرنجی ئەوە بــدەن، شــیرک هەر ئەوە نیــیە کەسـێک بچێــت مەخلوقێک لەنێوان ئاسمانەکان و زەویدا، وەکو هاوتای خودا سەیر بکات، بەڵکو تەنانەت ئەگەر ئەو مەخلوقە بکەین بە نێوەندکاری نزا و عیبادەتەکانمان لە ئاستی خودادا، ئەوا بەو شێوەیەش تووشی شیرک بووین. کەواتە تێکڕای ئەو حاڵەتانە هەر بە شیرک هەژمار دەکرێت: ئەوەی کە وابزانین لەجیاتی خودای تاک و بێهاوتا، چەند خــودایەک بــوونی هەیە، وابــزانین کە خــودا خــزم و کەســی هەیە، وابــزانین دروســتکراوەکان لە کــاری ئەفراندنــدا لەگەڵ خــودا هاوکاربوون، وابزانین لەجیاتی خوداوەندی بەتوانا، دەتوانرێت داوا لە دروستکراوەکان بکرێت، وابزانین بۆ نزا و عیبادەت دەتوانرێت دروســــتکراوەکان بکرێـــــت بە نێوەنـــــدکار، وابـــــزانین کە دروســـتکراوەکان لەبەر پاداشـــت و نزیکییـــان لە خـــوداوە، لە ئەنجامـدانی هەنـدێک لە کاروبارەکانـدا یاریـدەدەری خـودان، یـان وابــزانین دروســتکراوێک لە ســیفەتێکی تــایبەتی (اللە)دا لەگەڵ خودا هاوبەشـە و...تـاد. بەوردی سـەرنجی ئەم ئایەتـانەی خـوارەوە بدەن:

قُلْ أَرَأَيْتَكُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُ اللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ السَّاعَةُ أَغَيْرَ اللَّهِ تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴿٤٠﴾ بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَاءَ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ﴿٤١﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا إِلَىٰ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَاهُم بِالْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ﴿٤٢﴾ {سورەتی(انعام)، ئایەتی:٤٠. ٤٢}

(٤٠) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بفەرموو: هەواڵم پێبدەن ئەگەر سزای خودای گەورەتان بۆ بێت، یان قیامەت بێت بە سەرتاندا، ئایا لە غەیری خودای گەورە دەپاڕێنەوە، ئەگەر ڕاستگۆن لەوەی کە دەڵێن: بتەکان سوود و زیانیان بەدەستە و وەک خودان بە گومانی خۆتان. (٤١) بەڵکو لەم دۆخەدا ئێوە بەوپەڕی لەخۆبردووییەوە لە خودا دەپاڕێنەوە، چونکە دەزانن جگە لە خودای گەورە، کەس ناتوانێت سزاتان لەسەر لابدات. ئەوەی کە لە خودای گەورە پاڕاونەتەوە بۆی، خودای گەورە لەسەرتان لادەبات، ئەگەر ویستی لەسەر بێ، هەروەها ئەوانەی دەتانکردن بە هاوبەش بۆ خودای گەورە و لەکاتی خۆشیدا لێیان دەپاڕانەوە، هەمووی لەبیردەکەن و پشتیان تێدەکەن، چونکە دەزانن هیچ سوودێکی نییە. (٤٢) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، بۆ گەلەکانی پێش تۆش پێغەمبەرانمان ناردووە، ئەوانەی کە ئیمانیان نەهێناوە، تووشی هەژاری و نەخۆشی و کارەساتبوون، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە بەڵکو بگەڕێنەوە بۆلای خودای گەورە و بە ملکەچییەوە لێی بپاڕێنەوە.

وایدابنێن لەناکاو ڕووداوێکتان بەسەردا دێت؛ (بوومەلەرزە،


لافاو، تەقینەوە و...تاد)، ئایا لەمکاتەدا ئێوە داوای ڕزگاربوون لە(اللە) دەکەن، یان لە پێغەمبەران، داوای ڕزگاربوون لە(اللە) دەکەن، یان پێشەوایان، داوای ڕزگاربوون لە(اللە) دەکەن، یان شێخ و پیاوچاکان؟ ئەگەر داوا لە(اللە) بکەن، ئەوا تەوحیدی ڕاستەقینەتان بەجێگەیاندووە، ئەگەرنا بەپێچەوانەوە تووشی شیرک بوون. هەر بەو جۆرەی لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد، خەڵکی سەردەمی نەفامی کە تووشی شیرک دەبوون، کەسانێکی سەیر و سەمەرە و جیاواز نەبوون، ئەوان هەروەکو ئێمە دەژیان و خودایان وەکو خالقێک پەسەند کردبوو، تەنیا کێشەی ئەوان ئەمە بوو، دەچوون لە بەرد و ئاسن و دار، بتگەلێکیان لەشێوەی پیاوچاکان دادەتاشی، پیاوچاکان و پێغەمبەرانی وەکو؛ (ئیبراهیم و ئیسماعیل)یان دەکردە نێوەندکارێک بۆ نزا و عیبادەتەکانیان. بەردە ستوونییەکانی ئەوکات، ئەمڕۆ شێوەیەکی ئاسۆیی وەرگرتووە و خراوەتە سەر گۆڕی تاکەکان. شیرک بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە دەستوەردەدات لە ژیانمان. زۆرێک لە مرۆڤەکان وادەزانن ئیماندارن، بەڵام کردەوەکانیان دەرخەری شیرکە لە عەقیدەیاندا. خودای گەورە دەفەرموێت:

وَكَأَيِّن مِّنْ آيَةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ﴿١٠٥﴾ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ﴿١٠٦﴾ أَفَأَمِنُوا أَن تَأْتِيَهُمْ غَاشِيَةٌ مِّنْ عَذَابِ اللَّهِ أَوْ تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴿١٠٧﴾ {سورەتی(یوسف)، ئایەتی: ١٠٥.١٠٧}

(١٠٥) چەندین ئایەت و نیشانە هەن لەسەر تاک و تەنیایی و دەسەڵاتی خودای گەورە لە ئاسمانەکان و زەویدا، بەڵام ئەوان لێی بێئاگان و بەسەریدا تیدەپەڕن، پشتی تێدەکەن و لێی وردنابنەوە. (١٠٦) زۆربەی خەڵکیی، ئیمان بە خودای گەورە نـاهێنن، هەتا لەگەڵ ئیمانەکەیاندا شیرک بۆ خودای گەورە دانەنێن؛ واتە باوەڕیان بەوە هەیە کە خودای گەورە ڕۆزیدەرە، بەڵام لە جگە لە خودا دەپاڕێنەوە! (١٠٧) ئایا هاوبەشبڕیاردەران لەوە دڵنیان کە سزای خودایی ناگاتە سەریان و دایاناپۆشێت، یان قیامەت هەڵناستێ بەسەریاندا؟!

پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: دزەکردنی شیرک بۆ ناو ئوممەتەکەم، لە ڕۆیشتنی مێروولەیەکی ڕەش بەسەر بەردێکی ڕەش لە شەودا خێراترە! تاکە ڕێگە بۆ جڵەوگیرکردنی ئەم کێشەیە، پاڵفتەکردنی عەقیدەیە بە فلتەری قورئان، لەگەڵ ئەوەدا ئامۆژگاریمان ئەوەیە کە دوای ئەمە، لەژێر هەر ناوونیشانێکەوە، هەر قسەیەکمان لە هەر کەسێک بیست، یان شتێکمان لە شوێنێک بینی، ڕاستەوخۆ بە فلتەری قورئاندا بیبەین، چونکە لە ڕۆژی قیامەتدا، تەنیا دەتوانین قورئان بکەین بە سەرچاوەی عەقیدە و ئیمانمان؛ واتە ناتوانین بڵێین لەبەرئەوەی فلان زانای دینی ئەو قسەیەی کرد و ئێمەش لەو ڕووەوە پەیڕەویمان لێکرد. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ فەرموودەی هەڵبەستراو و ساختە زۆر دەبێت، تاکە پێوەرمان بۆ پەیڕەوکردنی فەرموودەی ڕاست و دروست، تەنیا تێپەڕینە بە فلتەری تەوحیدیی قورئانی پیرۆزدا. قورئان تاکە کتێبە کە ڕێگەی

پێنەدراوە دەستکاری بکرێت و شارێگەی هیدایەتی هەقی هەر مرۆڤێکە. بەداخەوە لە ئەمڕۆدا فەرموودەی وا بەر گوێمان دەکەوێت کە ڕاددەی کوفر و ئیمانی تاکەکان هەڵدەسەنگێنێت و لەبەرنەبوونی سەرچاوەیەکی ڕاست و دروست، ئەگەری لادان و گومڕابوونی هەیە. زۆرێک لەو فەرموودانە لەگەڵ قورئاندا یەکناگرنەوە، بۆیە پێویستە بەئاسانی لە ژیانی خۆماندا بیانسڕینەوە. سەرنجی ئەم شێوەیەی خوارەوە بدەن:



لەم بەشـەدا لە دیـدگای قورئـانەوە تـاووتوێی مەترسـی شـیرک دەکەین. سەرنجی یەکەمین ئایەت بدەن:

قُلْ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَأْمُرُونِّي أَعْبُدُ أَيُّهَا الْجَاهِلُونَ﴿٦٤﴾ وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴿٦٥﴾ بَلِ اللَّهَ فَاعْبُدْ وَكُن مِّنَ الشَّاكِرِينَ﴿٦٦﴾ {سورەتی(زمر)، ئایەتی: ٦٤.٦٦}

(٦٤) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: ئایا ئێوە فەرمانم پێدەکەن کە من عیبادەت بۆ جگە لە خودای گەورە بکەم، ئەی نەزان و نەفامان. (٦٥) بەدڵنیایی ئەی موحەممەد، ئێمە سرووشمان بۆ تۆ و پێغەمبەرانی پێش تۆش ناردووە، ئەگەر هاوبەش بۆ خودا بڕیار بدەی، ئەوە کردەوەکانت هەمووی پووچەڵ دەبنەوە و لە زیانمەندان دەبیت. (٦٦) بەڵکو بە تاک و تەنیا خودای گەورە بپەرستە و لەو کەسانەبە کە شوکرانەبژێری خودای گەورە دەکەن.

لەم ئایەتانەدا خودای گەورە لەگەڵ پێغەمبەری ئیسلام گفتوگۆی ئەنجامداوە و لەگەڵ ئەوەی کە پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێگەیەکی بەرز و بڵندی هەبووە لەلای خودا، ئاگاداری کردۆتەوە کە ئەگەر تۆزقاڵێک شیرک و گومانی لە دڵدا بێت، گشت کردەوەکانی هەڵدەوەشێتەوە.

لە ئەمڕۆدا کەسانێک هەن کە کاری چاکە زۆر ئەنجامدەدەن.

ئەوان قوتابخانە بنیاتدەنێن، خۆراک بە هەزاران دەدەن، هاوکاری دەزگا خێرییەکان دەکەن و...تاد، بەڵام ئەگەر عەقیدەی ئەمکەسانە ڕاست و تەواو نەبێت، هیچ یەکێک لەو کردەوانەیان لەلای خودای گەورە وەرناگیرێت. بابەتی عەقیدە لە قورئاندا زۆر گرنگی پێدراوە. سەرنجی ئەم ئایەتانە بدەن:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ آمِنُوا بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبْلِ أَن نَّطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَىٰ أَدْبَارِهَا أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّا أَصْحَابَ السَّبْتِ وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا﴿٤٧﴾ إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَىٰ إِثْمًا عَظِيمًا﴿٤٨﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُم بَلِ اللَّهُ يُزَكِّي مَن يَشَاءُ وَلَا يُظْلَمُونَ فَتِيلًا﴿٤٩﴾ {سورەتی(نساء)، ئایەتی: ٤٧ .٤٩}

(٤٧) ئەی ئەو کەسانەی پەرتووکتان بۆ هاتووە(اهل الکتاب)، ئیمان بێنن بەو قورئانەی بۆ ئەو پێغەمبەرەمان دابەزاندووە، کە بە ڕاستدانەری ئەو تەوراتەی لای خۆتانە و پێچەوانەی نییە، پێش ئەوەی ڕووخسارێک بسڕنەوە، یان بیگۆڕن و بیخەنە پشتەوە، یان نەفرەتیان لێبکەن، هەروەکو چۆن نەفرەتمان لە(اصحاب السبت) کرد، فەرمانی خودای گەورە جێبەجێ دەبێت و کەس ناتوانێ بیگەڕێنێتەوە. (٤٨) بەدڵنیاییەوە خودای گەورە لە کەسێک خۆشنابێت کە هاوبەشی بۆ بڕیار بدات و بەدەر لە هاوبەشبڕیاردان،

مرۆڤ چەندێک تاوانی گەورەی ئەنجامدابێت، ئەوە دەکەوێتە بەر ویست و ئیرادەی خودای گەورە، کە ئایا لێی خۆشدەبێت، یان سزای دەدات بە دادپەروەری خۆی، بەڵام بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا نامێنێتەوە. هەروەها هەر کەسێک هاوبەش بۆ خودای گەورە بڕیار بدات، ئەوە بەدڵنیایی درۆ و بوختان و تاوانێکی یەکجار گەورەی بۆ خودای گەورە هەڵبەستووە. (٤٩) ئایا نابینی ئەوانەی نەفسی خۆیان پاکدەکەنەوە، هاوکات خودای گەورە خۆی زاناترە کە کێ شایەنی ئەوەیە خودای گەورە پاکی بکاتەوە، هەروەها هیچ کەسێک ستەمی لێناکرێت بەئەندازەی فەتیلێکیش بێت؛ واتە (ئەو دەزووەی کە لە خەتی ناوکی خورمادایە).

وَلَقَدْ آتَيْنَا لُقْمَانَ الْحِكْمَةَ أَنِ اشْكُرْ لِلَّهِ ۚ وَمَن يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ ۖ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ﴿١٢﴾ وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ ۖ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴿١٣﴾ وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ﴿١٤﴾
{سورەتی(لقمان)، ئایەتی: ١٢.١٤}

(١٢) بەدڵنیایی ئێمە حیکمەت و تێگەیشتنمان بە لوقمان بەخشی، خودای گەورە فەرمانی پێکردووە کە شوکرانەبژێری خودای گەورە بێت لەسەر ئەو نیعمەتانەی پێیبەخشیوە، هەرکەسێکیش شوکرانەبژێری بکات، ئەوە سوپاسی خۆی کردووە،

هەر کەسێکیش کوفرانەی نیعمەتەکانی بکات، ئەوە بەدڵنیایی خودای گەورە زۆر دەوڵەمەند و بێنیازە. (١٣) کاتێک لوقمان ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکرد، پێی فەرموو: ئەی کوڕی خۆم، هاوبەش بۆ خودای گەورە بڕیارمەدە، بەڕاستی هاوبەش بڕیاردان ستەمێکی گەورەیە. (١٤) ئێمە ئامۆژگاری مرۆڤمانکردووە چاکەکار بێت لەگەڵ دایک و باوکی، ئەو دایکە منداڵەکە لە سکیدا هەڵدەگرێت، لاوازی لەسەر لاوازی هەتا منداڵەکە گەورەتر دەبێت، دایکەکە زیاتر لاواز دەبێت، دوو ساڵیش شیری پێدەدات، سوپاسی من بکە و سوپاسی دایک و باوکیشت بکە، سەرەنجام گەڕانەوەتان هەر بۆلای منە.

﴿فَلَمَّا جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَرِحُوا بِمَا عِندَهُم مِّنَ الْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ ﴿٨٣﴾ فَلَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا قَالُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَحْدَهُ وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِ مُشْرِكِينَ ﴿٨٤﴾ فَلَمْ يَكُ يَنفَعُهُمْ إِيمَانُهُمْ لَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا سُنَّتَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ فِي عِبَادِهِ وَخَسِرَ هُنَالِكَ الْكَافِرُونَ ﴿٨٥﴾ {سورەتی(غافر)، ئایەتی: ٨٣. ٨٥}

(٨٣) کاتێک پێغەمبەرانیان بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا و موعجیزەوە هاتن بۆ لایان، ئەوانیش دڵخۆشبوون بەو زانیارییانەی هەیانبووە، کە لەڕاستیدا ئەو شتانەی زانیویانە، تەنیا گومان بووە نەک زانیاری، بۆیە ئەوەی کە ئەمان گاڵتەیان پێدەکرد، خودای گەورە سزایدان لەسەری. (٨٤) کاتێک سزای ئێمەیان بە چاوی

خۆیـان بینـی، گوتیـان: ئەوە باوەڕمـان بە خـودا هێنـا بەتەنیـا، کـافر و بێباوەڕین بەو شتانەی پێشتر دەمانکرد بە هاوبەشی خودای گەورە. (٨٥) بەڵام کاتێـک سـزای ئێمەیـان بە چـاوی خۆیـان بینـی، ئـیمان هێنانەکەیان لەوکاتەدا سوودی پێنەگەیاندن، ئەمە سوننەتی خودای گەورەیە لەنـــاو بەنـــدەکان و گەلانـــی پێشـــتریش هەروا بـــووە، کافرانیش لەوێدا هەموویان زیانمەندبوون.

لە ئـــایەتەکەی پێشـــوودا خـــودای گەورە ئەوە دەخـــاتەڕوو کە کاتێک لەبەرامبەر لەدین دەرچوان و گومڕایاندا، بەڵگەی ڕوونـی قورئـان بهێنرێـتەوە، ئەوان دەڵـێن ئـێمە خۆمـان لە دینـدا خـاوەنی زانست و تێگەیشتنین و کەسانێک زۆر پەیڕەویمان لێدەکەن. بەڵام لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەمکەسانە نە سوودێک بە خۆیان دەگەیەنن و نە بە حـاڵی ئەو مرۆڤانەشـی کە گومڕایـان کـردوون. لەم ئـایەتەی خوارەوەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە تەنانەت نابێت بە ئەندازەی سەرە دەرزییەک بەرامبەر خودای تاک و بێهاوتا شیرکمان لە دڵدا بێت:

إِنَّ الَّـذِينَ كَفَـرُوا وَيَصُـدُّونَ عَـن سَـبِيلِ اللَّهِ وَالْمَسْـجِدِ الْحَـرَامِ الَّذِي جَعَلْنَاهُ لِلنَّاسِ سَوَاءً الْعَاكِفُ فِيهِ وَالْبَادِ وَمَن يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍ بِظُلْـمٍ نُّذِقْـهُ مِـنْ عَـذَابٍ أَلِـيمٍ ﴿٢٥﴾ وَإِذْ بَوَّأْنَـا لِإِبْـرَاهِيمَ مَكَـانَ الْبَيْـتِ أَن لَّا تُشْـرِكْ بِي شَـيْئًا وَطَهِّـرْ بَيْتِـيَ لِلطَّـائِفِينَ وَالْقَـائِمِينَ وَالرُّكَّـعِ السُّـجُودِ﴿٢٦﴾ وَأَذِّن فِي النَّـاسِ بِـالْحَجِّ يَـأْتُوكَ رِجَـالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ﴿٢٧﴾{سورەتی(حج)، ئایەتی: ٢٥.٢٧}

(٢٥)بەدڵنیاییی ئەو کەسانەی کافر و بێباوەڕبوون و ڕێگری لە خەڵکی دەکەن لە موسڵمانبوون و هاتنە سەر ڕێگەی دینی خودا، هەروەها ڕێگری لە خەڵکی دەکەن لە چوونیان بۆ کەعبەی پیرۆز، کە کەعبەی پیرۆزمان گێڕاوە بۆ خەڵکی و هەموویان تیایدا یەکسانن، جا ئەوەی خەڵوەکێشی(اعتکافی) کردووە و تیایدا دەمێنێتەوە، یان ئەوەی لە دەشتەوە دێت و خەڵکی دەرەوەی مەککەیە. هەرکەسێکیش بیەوێت لە حەرەمی مەککەدا ئیلحاد بەرپا بکات، یان ستەم بکات، یان لە هەق لابدات، تاوان ئەنجامبدات، یانیش هاوبەش بۆ خودا بڕیار بدات، ئەوە سزایەکی بەئێش و ئازاری پێدەچێژین.(٢٦) ئەو شوێنەمان بۆ ئیبراهیم(سەلامی خودای لەسەر بێت) دیاریکرد، بۆ ئەوەی کەعبەی پیرۆز دروستبکات بۆ عیبادەتکردن، کە لەم شوێنەدا هیچ هاوبەشێک بۆ خودای گەورە بڕیار نەدرێت، هەر بۆیە ئەمماڵەی منیش پاک ڕابگرە و پاکیبکەرەوە لە بتپەرستی و بتەکان بۆ ئەو کەسانەی تەواف دەکەن بەدەوری کەعبەدا، ئەوانەی کە بە پێوە ڕاوەستاون و نوێژ دەکەن، ئەوانەش کە لە ڕکوع و سجوددان، با بە تاک و تەنیا عیبادەتی خودای گەورە بکەن. (٢٧)بانگی خەڵکی بکە با بێن بۆ حەج، جا کە ئیبراهیم بانگی کردن، ئەوا خەڵکی بە پێ، یاخود بەسەر حوشتری لاواز کە دووری ڕێگە و سەفەر ماندوویکردووە، دێن بۆ حەجکردن، لە هەموو ڕێگەیەکی دوورەوە دێن بۆ حەجکردن.

لە ئایەتەکانی پێشوودا بینیمان کە نابێت تەنانەت بە ئەندازەی گەردیلەیەک هاوبەش بۆ خودا بڕیاربدەین، کەسانێک کە ئاگایانە، یان نائاگایانە بە عەقیدەیەکی نادروستەوە(شیرکئامێز، یان کوفر ئامێز) بەرەو لای خودا دەڕۆن، لەلای خودا بە تاوانبار لەقەڵەمدەدرێن و تەواوی ئەو کردەوانەی لەم دونیایەدا ئەنجامیانداوە هەڵدەوەشێتەوە.

سەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوە بدەن:

يَوْمَ يَرَوْنَ الْمَلَائِكَةَ لَا بُشْرَىٰ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا﴿٢٢﴾ وَقَدِمْنَا إِلَىٰ مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَّنثُورًا﴿٢٣﴾أَصْحَابُ الْجَنَّةِ يَوْمَئِذٍ خَيْرٌ مُّسْتَقَرًّا وَأَحْسَنُ مَقِيلًا﴿٢٤﴾ {سورەتی(فرقان)، ئایەتی: ٢٢.٢٤}

(٢٢)ئەمانە ڕۆژێک فریشتە دەبینن، دەزانن ئەوە ڕۆژی قیامەتە، یان کاتی گیانکێشانە، بەڵام لەو ڕۆژەدا فریشتە هیچ مژدەیەکی بۆ تاوانباران پێ نییە، بەڵکو پێیان دەگوترێ: ئێوە ڕێگرییەکی تەواو دەکرێن لە چوونە بەهەشت. (٢٣) ئەگەر لە دونیادا کافرەکان کردەوەی چاکیان ئەنجامدابێت، ئەوا کردەوەکانیان دەهێنین و هەمووی دەکەین بە تۆز و بڵاودەبێتەوە و نامێنێت؛ واتە پاداشتیان دەستناکەوێت، چونکە بۆ خودای گەورە ئەنجامیان نەداوە. (٢٤) بەهەشتییەکان لە ڕۆژی قیامەتدا باشترین شوێن و پێگەیان هەیە.

لەگەڵ بوونی ئەم هەموو ئایەتە لە قورئانی پیرۆزدا و زۆرێک لەو ئایەتانەش کە لێرەدا نەخراونەتەڕوو، هەروەها ئەو هەموو ئاگادارکردنەوانەی مرۆڤ، ئایا ئامادەین بەدرێژایی ئەو تەمەنەی هەمانە تەنیا چەند کاتژمێرێکی تەرخانبکەین بۆ بیرکردنەوە لە ئامانجی سەرەکی دونیا و ژیانی هەمیشەیی دواڕۆژ؟

# بەندی دوازدەیەم

لەم بەشـــەدا ئەوەی زۆرێـــک لە خەڵکـــی کـــۆمەڵگە لەهەمبەر لاساییکردنەوەی کوێرانەی خۆیان بۆ عەقیدە و ئیمان ئەنجامیدەدەن، تاووتوێ دەکەین. ئەو بابەتە گرنگەی کە دەبێت لێرەدا سەرنجی بخرێتە سەر، بریتییە لە حاڵەتە هاوشێوەکان لەگەڵ ئەو ئاڕاستانەی گەلانی پێشوو هەیانبووە، کە لە قورئانی پیرۆزدا باسیانکراوە. پێش ئەوەی بە وردی ئەم بابەتە شیبکەینەوە، دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە عەقیدە و ئیمان بابەتێکی تەواو تاکە کەسییە و هیچ کەسێک نابێت لەجیاتی کەسانیتر دەربارەی ئیمان بیربکاتەوە. هەر کەسێک لەجیاتی ئەوەی کە لاسایی باوباپیران و گەورەکانی بکاتەوە، دەبێت خۆی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکی عەقڵی و قورئانی لەمبارەیەوە بکات، هەتا لەڕووی یەقینەوە دامەزراو بێت. لەڕاستیدا لاساییکردنەوەی بیر و ئەندێشەی کەسانیتر لەم ڕوانگەیەوە، هیچ بایەخ و گرنگییەکی بۆ ئێمە نییە، چونکە لە ڕۆژی قیامەتدا ناتوانێت بیرکردنەوەی کەسانیتر وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی عەقیدە بناسێنرێت. لێرەدا پێکەوە هەنگاو بە هەنگاو تاووتوێی ئەمە دەکەین.

لە زۆرێک لە بابەتەکاندا، کاتێک ئایەتەکانی قورئان بۆ

خەڵکی ئەمڕۆ دەخوێنرێتەوە و داوایان لێدەکرێت کە هەنگاوێک بێنە پێشەوە و لانیکەم موتالآی ئایەتەکانی قورئان بکەن و لەڕێی ئەم ئایەتانەوە درک بە پووچەڵبوونی(دون الله) بکەن، ئەوا تاکە وەڵامێک کە خەڵکی لەمڕووەوە دەیدەنەوە، ئەمەیە کە دەڵێن، ئێمە ڕازین بەوەی لەدەستماندایە و هەمان ئەوکارە دەکەین کە تێکڕای کۆمەڵگە ئەنجامیدەدەن؛ (ئەگەر هاوڕەنگی کۆمەڵگە نەبێت، هەموان پەنجەی تۆمەتی بۆ درێژ دەکەن). ئەوان لەو بابەتە بێئاگان کە ئیبراهیم پێغەمبەر(سەلامی خودای لەسەر بێت)، لە کۆمەڵگەیەکی لەو شێوەیەدا گەورە بوو. ئەو بەتەنیا عەقیدەی خۆی لە شیرک و خورافیات پاککردەوە و بەشێوازێکی عەقلآنیانە(بیرکردنەوە لە ئایەتە دونیایی و دەروونییەکان)، بوونی خودای بۆ خۆی سەلماند. خودای گەورەش زیاتر هەنگاوەکانی چەسپاند و گەیاندییە پلەی پێغەمبەرایەتی وەکو پێغەمبەرێکی پێشەنگ لە تەوحیددا، لە قورئاندا بە گشت جیهانی ناساند. شتێکی ئاشکرایە ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگەدا بەشوێن خوڕافە باوەکانی خەڵکییەوەن، هیدایەت وەرناگرن. بەخۆشحاڵییەوە زۆرێک لە کۆمەڵگەی ئێمەی ئەمڕۆ لەبابەتی دیندا گەیشتۆتە ئاڵنگارییە دژبەیەک و پرسیارە فراوانەکان. ئەمڕۆ زۆرێک لە خەڵکی لەوە تێگەیشتوون کە ئەو شتەی وەکو دین پێیان گوتراوە، کێشەی تێدایە(وەک بڵێی یەکێک لە پایەکانی کورسییەکە بلەقێت). لە ئەمڕۆدا زۆرێک لە کۆمەڵگە، بریتین لە کەسانێکی

تێگەیشـتوو و دەزانـن کە دینـی ڕاسـتەقینە، ئەو دیـنە نیـیە کە لە ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن و مینبەرەکـانەوە وەردەگیرێـت. دینێـک، ڕەواجپێـدراو بێـت، جـگە لە مەینەتـی و بەدبەختـی بەدوای خۆیـدا ناهێنێت. بەڵام کێشەکە لێرەدایە: لەگەڵ ئەوەی خەڵکی دەزانن کە دینـی ڕاسـتەقینە ئەمە نیـیە، بەڵام دیسـانەوە کـوێرانە درێـژە بە لاساییکردنەوە و دووبـارەکردنەوەی دەدەن و خۆیـان بەدوای ئیمانـی پاک و دروستدا ناگەڕێن. ئەم ئایەتانەی خوارەوە بخوێننەوە:

أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً ۗ وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ ﴿٢٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا ۚ أَوَلَوْ كَانَ الشَّيْطَانُ يَدْعُوهُمْ إِلَىٰ عَذَابِ السَّعِيرِ ﴿٢١﴾ وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ ۗ وَإِلَى اللَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ ﴿٢٢﴾ {سورەتی(لقمان)، ئایەتی: ٢٠-٢٢}

(٢٠) ئایا نابینن هەرچی لە ئاسمانەکاندایە و ئەوەی لە زەویدایە، لە ئاشـکرا و نهێنـی، هەمـووی بـۆ سـوود و بەرژەوەنـدی ئێـوە دروسـتکردووە، لەگەڵ ئەمانەشـدا خەڵکانێـک هەن، گفتوگـۆ و دەمەقـاڵێ دەکەن لەمەڕ پەرسـتنی زاتـی (اللە)دا، بەبـێ ئەوەی زانسـت و زانیارییـان هەبێـت، بەبـێ ئەوەی لەسـەر ڕێـگەی

هیدایەتبن، بەبێ ئەوەی کتێبێکی ڕووناک و ئاشکرایان پێبێت و لەو کتێبەوە گفتوگۆ بکەن. (٢١) کاتێک پێیان بڵێی شوێنی ئەم قورئانە پیرۆزە بکەون کە خودای گەورە دایبەزاندووە، هاوبەشبڕیاردەران دەڵێن: بەڵکو ئێمە شوێن ئەوە دەکەوین کە باوک و باپیرانمان لەسەری بینیوە؛ لە بتپەرستی و هاوبەشبڕیاردان بۆ خودای گەورە و داب و نەریتی خراپ(ئەمەش بەڵگەیە لەسەر حەرامێتیی لاساییکردنەوەی کوێرانە و شوێن نەکەوتنی بەڵگە). ئایا نازانن کە شەیتان بانگیان دەکات بۆ سزای سووتێنەری ئاگری دۆزەخ. (٢٢) هەر کەسێک خۆی بە خودای گەورە بسپێرێت و نییەتی بۆ خودا بێت، چاکەکاریش بێت؛ واتە کردەوەکانی لەسەر سوننەت بێت، ئەوە بەدڵنیاییی دەستی گرتووە بە پەتی هەرە بەهێزەوە کە دینی خودای گەورەیە و پچڕانی بۆ نییە، هەروەها سەرەنجامی هەموو کارەکانیش تەنیا بۆلای خودای گەورە دەگەڕێتەوە.

ئاڕاستەیەکی ڕەواجپێدراوی دیکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوەیە کە خەڵکی دەڵێن ئێمە ڕازین بەوەی کە(دون الله)، خالق و ڕۆزیدەری هیچ شتێک نییە و ئێمەش لەبەرئەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە پیاوچاکان و پێغەمبەران و پێشەوایان و شێخەکانی تەریقەت ناپاڕێینەوە و داواکارییەکانمان ناخەینەڕوو، بەڵام باوەڕمان بەوە هەیە کە ئەم کەسە نزیکانەی دەرگای خودا، دەبنە

هۆی ئەوەی خودای گەورە نزا و داواکارییەکانمان وەربگرێت، ئەم کەســە نزیکــانە لە کــار و فەرمانەکــانی خــودادا دەخیــل و قسەڕۆیشتوون و ئێمە لەبەر بوونی ئەمکەسانە لە کارەساتەکان پارێزراوین. بەمشێوەیە ئێمە لەڕێگەی نێوەندکار داوا لە خودا دەکەین کە نزاکانمان پەسەند بکات و تاکە هۆکارێکیشمان بۆ ئەمکارە، نزیکبوونەوەمانە لە دەرگای خودا. لە درێژەدا ئەمکەسانە دەڵێن کە ئێمە دەزانین ئەم نزیکانەی دەرگای خودا، توانای هێنانەدی و جێبەجێکردنی پێویستییەکانی ئێمەیان نییە، بەڵام خوداوەند بەهۆی ئەمانەوە داواکانمان دهێنێتەدی.

إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ﴿٢﴾ أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ﴿٣﴾ لَّوْ أَرَادَ اللَّهُ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا لَّاصْطَفَىٰ مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ سُبْحَانَهُ هُوَ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ﴿٤﴾

{سورەتی(زمر)، ئایەتی: ٢.٤}

(٢) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، ئێمە ئەم قورئانە پیرۆزەمان بۆ تۆ دابەزاندووە کە هەرچییەکی تێدایە هەمووی هەق و ڕاستییە، تۆش عیبادەتی خودای گەورە بکە بە دڵسۆزی و نیازپاکییەوە. (٣) ئایا پەرستنی پاک و بێگەرد لە

شـیرک و ڕووپامـایی تەنیـا بـۆ خـودای گەورە نیـیە، ئەوانەشـی کە جـگە لە خـودای گەورە، هەنـدێک ئەولیـا و شـتیتریان بڕیـارداوە و دەیپەرستن، ئەگەر پێیان بڵێی بۆچی جگە لە خودای گەورە ئەمانە دەپەرسـتن، ئەوان لە وەڵامدا دەڵێن: ئێمە دەزانـین ئەمـانە ئێمەیـان دروسـتنەکردووە و ڕزقـی ئێمە نـادەن، نایانپەرسـتین تەنیـا بـۆ ئەوە نەبـێ کە لە خـودای گەورە نـزیکمان بـکەنەوە و تکامـان بـۆ بـکەن، بەدڵنیـایی خـودای گەورە خـۆی لە ڕۆژی قیـامەت بڕیـار لەنێـوان موسـڵمانان و کـافران و هاوبەشـبڕیاردەران دەدات لەو جیـاوازی و نـاکۆکییەی لەنێوانیانـدا هەبـووە لە دونیـادا لەسـەر بـابەتی دیـن، بەدڵنیـــایی خـــودای گەورە هیـــدایەتی کەســـانێک نـــادات کە زۆر درۆزن و کـافر بـن. (٤) ئەگەر خـودای گەورە بیویسـتایە منداڵێک بۆ خۆی بڕیاربدات، ئەوا لەناو دروستکراوەکانیدا، ئەوەی کە خۆی ویسـتی لێبـوایە هەڵبـدەبژارد؛ هەرچەنـدە ئەسـتەمە خـودای گەورە منداڵ بۆ خۆی بڕیار بدات، (پاک و بێگەردی بۆ خودای گەورە).

ئەم بەڵگەهێنـانەوەیە، هەمـان ئەو بەڵگەهێنـانەوەیە کە خەڵکـی ئەمڕۆ سـەبارەت بە(دون الله) دەیـخەنەڕوو. خـودای گەورە لە هـیچ شـوێنێکی قورئانـدا ڕێـگەی بە هـیچ مرۆڤێـک نەداوە کە بڕیـاری (دون الله) بـــدات، ئەم بیـــانوو و بەڵگەدارکـــردنەی ئەمـــڕۆ؛ واتە(بەڵگەی نێوەندکار بە بیانووی نزیکبوونەوە لە خودای گەورە، کە بەڵگەبیـانوویەکی تـازەش نیـیە)، تەنیـا سـاختەچێتییەکە و دراوەتە پاڵ خودا و بەناوی ئەوەوە گوتراوە. لەکۆتایی ئایەتەکەشدا

هـاتووە، کە خـودا کەسـانی درۆزن و کـافری خۆشـناوێت. ئـایەتە قورئانییەکـــان زۆر ڕەوان و لەســـەرخۆن، هەمـــوو کەســـێکی هەقویســت، بەئاســانی دەتوانێــت بەیــارمەتی و ســوودوەرگرتن لە قورئان، خوڕافیات و شیرک لە ژیانیدا بسڕێتەوە. خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: «ادعوني استجب لكم»؛ واتە: داوام لێبکەن، هەتا وەڵامتان بدەمەوە، لەهیچ شوێنێکی قورئاندا نەهاتووە کە گوترابێت: «ادعون النبي استجب لكم»، یان«ادعون الصالحين استجب لكم».

بــارودۆخی کــۆمەڵگە زۆر نالەبــارە. وایــدابنێن کە فەرهــاد هاوکـارییەکی بچـووکی ئێـوە بکـات و ئێـوەش لەجیـاتی فەرهـاد، سوپاسـی ڕەزا بـکەن. بـڕوانن کە خـودای گەورە چ نیعمەتگەلێکـی بێشـوماری پێبەخشـیوین و ئێمەش لەجیاتی عیبادەت و داواکردن لە(الـله)، تەنیـا داوا لە(دون الـله) دەکەیـن! بەمجـۆرە زۆرێـک لە خەڵکــی، هێشــتا دەڵــێن: ئــێمە مرۆڤگەلێکــی زۆر تاوانبــارین و توانامان نییە داوا و نزا بکەین و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە خودا بپـــاڕێینەوە. دەبێـــت کەســـێکی پـــاک و نزیـــک بکەیـــن بە نێوەندکار(واســـطة)، چـــونکە ئەگەر وانەکەیـــن، خـــوای گەورە وەڵامـان نـاداتەوە و نزاکانمـان بەرز نـابێتەوە. خودای گەورە خۆی وەڵامی ئەو جۆرە کەسانەی داوەتەوە، بۆیە سەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوە بدەن:

أَوَلَـمْ يَعْلَمُـوا أَنَّ اللَّهَ يَبْسُـطُ الـرِّزْقَ لِمَـن يَشَـاءُ وَيَقْـدِرُ ۚ إِنَّ فِي

ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴿٥٢﴾ قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا
عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ
جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴿٥٣﴾ وَأَنِيبُوا إِلَىٰ رَبِّكُمْ
وَأَسْلِمُوا لَهُ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا
تُنصَرُونَ﴿٥٤﴾ وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن
قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ﴿٥٥﴾
**{سورەتی(زمر)، ئایەتی: ٥٢. ٥٥}**

(٥٢) ئایا نازانن هەر خودای گەورەیە کە ڕزق و ڕۆزی خۆی فراوان دەکات بۆ هەر کەسێک کە بیەوێت و ویستی لەسەر بێت، کەمیشی دەکاتەوە بۆ هەر کەسێک کە ویستی لێبێت بەگوێرەی حیکمەتی خۆی. بەدڵنیاییی ئەمانە هەمووی نیشانەن بۆ گەلێک(کەسانێک) کە باوەڕیان هەبێت. (٥٣) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، بەو بەندانەم بڵێ کە زیادەڕەویان لە تاوان و سەرپێچیدا کردووە، بێهیوا نەبن لە بەزەیی و لێخۆشبوونی خودا، بەدڵنیایی خودای دلۆڤان لە هەموو تاوانێک خۆشدەبێت، تەنیا هاوبەشبڕیاردان نەبێت. بەدڵنیایی خودای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بەبەزەییە. (٥٤) بگەڕێنەوە بۆلای خودا و تەوبە بکەن، پێشئەوەی سزای خودای گەورەتان بۆ بێت، ئەوکات ئیتر کەس نییە سەرتانبخات. (٥٥) شوێنی باشترین شتێک بکەون لەوەی کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانەکراوە، پێشئەوەی

لەناکاو سزای خودای گەورەتان بۆ بێت، لەکاتێکدا کە هەستنەکەن و بێئاگابن.

خودای گەورە لەم ئایەتەدا فەرموویەتی: ئەی ئەو بەندانەی لە گوناهوتاوانـدا سـنوورتان بەزانـدووە، (کە ئەمە خـراپترین دۆخـی گـریانەییە)، دەرگـای لێخۆشبوون و بەزەیـی خـودا بەڕووی هەمـوو بەندەیەکدا کراوەیە و پێویستی بە لایەنگیری نییە. خودای گەورە فەرمـوویەتی: تەنـانەت ئەگەر لە چـاڵی گـومڕایی و تاوانیشــدا گیرتـانخواردبوو، دیسـان هەر بەرەو لای خـودای خۆتـان بگەڕێنەوە (وأنیبـوا إلـی ربکـم). تەنیـا ئەوەنـدە بەسـە بڕیـاری ئەوە بـدەن چاکسـازی لە عەقیدەتانـدا بـکەن و لە خورافیـات پـاکیبکەنەوە. زۆرێـک لە تاکەکان بە خوێندنەوەی ئەم ئایەتانە دەهەژێن، چونکە خورافیـات بەتونـدی بە بیرکردنەوەکانیـانەوە نیشـتووە. کەسـانی گەنـج و لاو ئاسـانتر دەتـوانن ئەم خورافیاتـانە بـخەنە لاوە، هەتـا تەمەن هەڵکشـێت بەرەو سـەرەوە، پـاککردنەوەی ئـیهان لەو خورافیاتـانە دژوارتـر دەبێـت، چـونکە کەسـانی بەتەمەن هەمـوو تەمەنیـان لەگەڵ ئەم خورافیاتـانەدا ژیـاون و عەقیـدەکەیان وەکـو منـداڵی خۆیـان خۆشـدەوێت. کەسـی ئـازا لێـرەدا کەسێکە کە لە ڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵ هەقیقەتـی قورئانـدا، کە تەنـانەت یەک ئایەتیشـی بێـت، بـۆ ئـێمە بەڵـگەیە، بتوانێـت ئیبراهـیم ئاسـا، سـەری بیرکردنەوەی منداڵە خورافییە پەروەردەبووەکەی خۆی بە فەرمانی خوداوەند ببڕێت.

بابەتێکی دیکە کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەدا دەبینرێت، ئەوەیە کە زۆرێک لە خەڵکی، وەکو تکاکارێک سەیری پیاوچاکانی نزیک لە دەرگای خودا دەکەن. کاتێک بەمکەسانە دەگوترێت، بۆچی دڵ بە جگە لە خودا دەبەستن، بۆچی لە جگە لە خودا داوای شیفا و جێبەجێکردنی پێویستییەکان دەکەن، بۆچی جگە لە خودا دەکەن بە نێوەندکاری نێوان خۆتان و خودا؟ لە وەڵامدا دەڵێن: ئێمە هیوامان وایە کە ئەم نزیکانەی خودا(پێغەمبەران، پێشەوایان، ڕێبەرانی تەریقەت و شێخەکان و...تاد)، لە ڕۆژی قیامەتدا تکاکارمانبن و لەلای خودا شەفاعەتمان بۆ بکەن. وەڵامی خوداوەند بۆ ئەمکەسانە بەمشێوەیەیە:

فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ ۚ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْمُجْرِمُونَ ﴿١٧﴾ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللَّهِ ۚ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ ۚ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿١٨﴾ وَمَا كَانَ النَّاسُ إِلَّا أُمَّةً وَاحِدَةً فَاخْتَلَفُوا ۚ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ فِيمَا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١٩﴾ {سورەتی(یونس)، ئایەتی: ١٩.١٧}

(١٧) کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ بۆ خودای گەورە هەڵبەستێ، یاخود ئایەتەکان بەدرۆ بزانێ، بەدڵنیاییی خودای گەورە ئەو کەسانە سەرفراز ناکات. (١٨) ئەوان جگە لە خودای گەورە

عیبـادەتی کەسـانێک و شـتانێک دەکەن کە نە هـیچ زیانیـان پـێ دەگەیەنـن و نە هـیچ سـوودێك، هەروەهـا دەڵـێن: ئـا ئەمـانە لەلای خودای گەورە تکامان بۆ دەکەن، ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: ئایا ئێوە هەواڵ بە خودای گەورە دەدەن، لەکاتێکـدا کە خـودای گەورە دەزانێـت لە ئاسـمانەکان و زەویـدا کەسێک نییە هاوبەشی بێت و کەسێکی دیکە نییە بتوانێت بەبێ مـۆڵەتی خـودای گەورە تکـا بکـات، خـودا زۆر پـاکوپێگەردە و بەرزتـرە لەوەی کە ئێـوە بەوجـۆرە هاوبەشـی بـۆ بڕیـاردەدەن. (١٩) گشت خەڵکی لەسەر یەک دین بوون، ئەویش دینی ئیسلامبوو، پاشـان جیـاوازی کەوتە نێوانیـانەوە، هەنـدێکیان بێبـاوەڕبوون و هەندێکیشیان لەسەر ڕەواییپێدان مانەوە و بەردەوامبوون. ئەگەر بەو گفـــتەی پێشـــووی خـــودای گەورە نەبـــوایە، کە مـــۆڵەتی ســـەرپێچیکارانیداوە و ئەوەش کە پەلەیـــان لێنەکرێـــت بەهـــۆی تاوانەکانیـانەوە، ئەوا بڕیـاری یەکلاکەرەوەیـان لەنێوانـدا دەدرا، بەوەی کە بڕیاری لەناوبردنی ناڕەواکارانیان دەدرا و ڕەواکارانیان ڕزگاردەکران.

لە ئـاتەکەدا ئەوە خـراوەتەڕوو کە(دون الـله) هـیچ زیـان و سوودێک ناگەیەنێت، بەڵکو هەر شتێک بە مرۆڤ بگات، لەلایەن خـــوداوەیە. خوداوەنـــد بەڕاشـــکاوی لەم ئـــایەتە و زۆرێـــک لە ئایەتەکـــانی قورئـــانی پیـــرۆزدا ئامـــاژەی بەوە کـــردووە کە بڕیارنـامەیەکی وەهـای لەگەڵ بەنـدەکانی خۆیـدا نەبەسـتووە و لە

هیچ یەکێک لە کتێبە ئاسمانییەکانیشدا تەنانەت بە ئاماژەیەکی کورتیش ئاماژەی پێنەکراوە. بڕیاردانی تکاکار پێش هاتنی قیامەت و لەم دونیایەدا، وەکو زۆرێک لەو بابەتانەی دیکەیە کە خرایەڕوو؛ واتە دروستکراوی زەینی خەڵکە. خەڵکێک کە کاتێک دەربارەی بیرکردنەوەی قورئانیی گفتوگۆ دەکرێت، هەموان لەجیاتی ئەوەی لەسەر عەقیدە و ئیمانی خۆیان قسە بکەن، ڕێگە دەدەن کەسانی دیکەی وەکو(زانایانی دینی و...تاد)، لەجیاتی ئەوان بیربکەنەوە و زۆر بەداخەوە، قسەی ئەو کەسانەیان لە فەرمایشتی خودا بەلاوە بەنرخترە. خودای گەورە لەم ئایەتانەدا بەڕوونی ئەوەی خستۆتەڕوو کە تکای جگە لە خودا، بەوجۆرە نییە کە ئێوە بیرتان لێکردۆتەوە. ئایا ئێوە شتێک دەخەنە پاڵ خودا کە لە هیچ شوێنێکی قورئاندا نەهاتووە، ئایا ئێوە شتێک دەڵێن کە خودا نەیفەرمووە. بڕوانن، قورئان بەشێوەیەکی گشتی بابەتی تکاکردن(شفاعة)ی ڕەتنەکردۆتەوە، بەڵکو ئەوەی بە شیرک داناوە کە خەڵکیی، تکاکارێک(شفیع) بۆ خۆیان بڕیاربدەن. (بەگشتی لەسەر ئەم بابەتە دەدوێین). سەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوە بدەن:

قُل لَّا أَقُولُ لَكُمْ عِندِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلَا أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰ إِلَيَّ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ﴿٥٠﴾ وَأَنذِرْ بِهِ الَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُوا إِلَىٰ رَبِّهِمْ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴿٥١﴾ وَلَا تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِالْغَدَاةِ

وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَيْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ الظَّالِمِينَ﴿٥٢﴾ {سورەتی(انعام)، ئایەتی: ٥٠. ٥٢}

(٥٠) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، بفەرموو: من پێتان ناڵێم خەزێنەکانی خودای گەورە لەلای منن، یان لە غەیب دەزانم، من ناڵێم فریشتەم، هەتا داوای هەندێک شتم لێبکەن کە لە توانا و دەسەلاتمدا نەبێت، بەڵکو من تەنیا شوێن ئەو سرووشە دەکەوم کە خودای گەورە بۆم دەنێرێت، ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بفەرموو، ئایا نابینا و بینا یەکسانن؟ ئەوە بۆچی بیر لەمشتانە ناکەنەوە؟ (٥١) بەو قورئانە پیرۆزە ئاگاداریان بکەرەوە و بیانترسێنە لەوەی لە ڕۆژی قیامەتدا خودای گەورە حەشریان بکات، کە لەو ڕۆژەدا هیچ دۆست و خۆشەویستێکیان نییە، هیچ تکاکارێکیان نییە کە لەلای خودا تکایان بۆ بکات. بەڵکو بەم ئاگادارکردنەوەیە تەقوای خودای گەورە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای. (٥٢) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، تۆ ئەو کەسانە دەرمەکە کە لە خودای گەورە دەپاڕێنەوە بە بەیانیان و ئێواران و تەنیا مەبەستیان ڕەزامەندی خودای گەورەیە. لێپرسینەوەی ئەو کەسانە لەسەر خۆیانە و لێپرسینەوەی تۆش لەسەر خۆتە. ئەگەر ئەم موسڵمانە هەژارانە دەربکەیت، لە ستەمکاران دەبیت. ئەو ئایەتانەی سەرەوەش بۆ

ئاگـــادارکردنەوە و ترســـاندنی کەســـانی ئیمانـــدار و لەخـــواترس دابەزیوە. سەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوە بدەن:

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِيَ إِلَيَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَيْءٌ وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثْلَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلَوْ تَرَىٰ إِذِ الظَّالِمُونَ فِي غَمَرَاتِ الْمَوْتِ وَالْمَلَائِكَةُ بَاسِطُو أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوا أَنفُسَكُمُ الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ آيَاتِهِ تَسْتَكْبِرُونَ﴿٩٣﴾ وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَادَىٰ كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَاكُمْ وَرَاءَ ظُهُورِكُمْ وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَاءَكُمُ الَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَاءُ لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ﴿٩٤﴾إِنَّ اللَّهَ فَالِقُ الْحَبِّ وَالنَّوَىٰ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ الْمَيِّتِ مِنَ الْحَيِّ ذَٰلِكُمُ اللَّهُ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ﴿٩٥﴾ {سورەتی(انعام)، ئایەتی: ٩٣. ٩٥}

(٩٣) کـێ لەو کەسـە سـتەمکارترە کە درۆ هەڵدەبەسـتێ بـۆ خودای گەورە، یـان بڵـێ: سرووشـم بـۆ هـاتووە و سرووشیشـی بـۆ نەهـاتبێ، یـان کەسـێک کە بانگەشـەی ئەوە بکـات و بڵـێ: منـیش دەتـوانم هاوشـێوەی قورئـان دابەزێـنم. ئەی مـوحەممەد(دروودی خـــودای لەســـەر بێـــت)، ئـــای ئەگەر هاوبەشـــبڕیاردەرانت لەســەرەمەرگدا دەبینــی، کە چەنــد حاڵیــان ســەخت و نــاڕەحەتە، فریشتەکانیش دەستیان لێکردوونەتەوە و پێیان دەڵێن: دەی ڕۆحی

خۆتـــان لەم نـــاڕەحەتییە ڕزگـــار بـــکەن، ئەمـــڕۆ ئێـــوە ســـزایەکی ڕیسواکەر دەدرێن، چونکە بەناوی خودای گەورەوە قسەتان دەکرد و جگە لە هەقتـان دەدایە پـاڵی و لەبەرامـبەر ئایەتەکانی خـودای گەورە خۆتان بە گەورە دەزانی. (٩٤) کاتێک کە دەمرن، تاک تاک و یەک یەک دێـن، کەسـوکارتان لەگەڵـدا نیـیە، هەروەکـو چـۆن سـەرەتا دروسـتمانکردن بەو شـێوەیە دێـنەوە، ئەوەشـی لە دونیـادا پێمانبەخشـین لە سـەروەت و سامان و ماڵ و دەسەڵات، هەموویتان لەپـاش خۆتـان بەجێهێشـت، نـابینن ئەو کەسـانەی لە دونیـادا کردبووتـانن بە هـاوبەش بـۆ خـودای گەورە و دەتـانگوت ئەمـانە ناپەرستین تەنیا بۆ ئەوە نەبێ کە لە خودامان نزیک دەکاتەوە، ئەی کـوا ئێسـتا بـۆ لەگەڵتـان نـین؟ بەدڵنیـایی هەمـوو پەیوەنـدییەکانی نێـوان ئێـوە و پەرسـتراوەکانتان پچـڕا، ئەوەی بە گومـانی خۆتـان کردبووتان بە هاوبەش بۆ خودای گەورە، هیچی نەما و ونبوو. (٩٥) بەدڵنیایی خودای گەورە هەرچی لە زەویدایە لە دانەوێڵە و ناوک و تۆو، لەتیان دەکات و دارو درەختی جۆراجۆری لێدەڕوێنێ، زیندوو دەردەکات لە مردوو، بەپێچەوانەشەوە لە زیندوو مردوو دەردەکات، ئەوەی ئەمکـارە سەرسـوڕهێنەرانە ئەنجامـدەدات، تەنیـا خـودای گەورەیە، ئیتر بۆچی لە هەق و ڕاستی لادەدەن.

لەم ئایەتانەدا بارودۆخی کەسانێک باسکراوە کە نائاگایانە یان ئاگایانە لەلایەن خوداوە بابەتێک دەخەنەڕوو کە لە قورئاندا وەکو تاکە سەرچاوەی عەقیدەی ئێمە نەهاتووە. کەسانێک کە کوێرانە لە

دیندا لاسایی دەکەنەوە و کاتێک ئیمان و عەقیدەیەکی ڕاست و تەواویان لەسەر بنەمای قورئان بۆ دەخرێتەڕوو، ڕازینابن و دەڵێن: ئەوکارەی کە ئێمە ئەنجامیدەدەین، هاوشێوەی کاری زانایانی دینە، بۆیە لەلای خودا پەسەندکراوە، لەکاتێکدا بە خوێندنەوەی قورئان لەوە تێدەگەن کە قورئان لەڕاستیدا بەتەواوی بەپێچەوانەوە لەگەڵ بیروباوەڕیان دواوە. ئەوان بەردەوام دەڵێن: خودا (أرحم الراحمین)ە، لەکاتێکدا لە قورئاندا لە هەر شوێنێک باسی ڕەحمەتی خوداوەند کرابێت، هاوشانی ئەوە لەگەڵیدا، ئاماژە بەوە کراوە کە خودا(شدید العذاب)یشە. لە درێژەی ئایەتەکەدا خودای گەورە ئەوەی بەیانکردووە کە لە ڕۆژی قیامەتدا مرۆڤەکان بەتەنیا لە حزووری خودادا ڕادەوەستن و هیچ شتێک نییە بەناوی تکاکار(الشفیع). سەرنجی ئایەتەکانی خوارەوە بدەن:

إِن كُلُّ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِلَّا آتِي الرَّحْمَٰنِ عَبْدًا﴿٩٣﴾ لَّقَدْ أَحْصَاهُمْ وَعَدَّهُمْ عَدًّا﴿٩٤﴾ وَكُلُّهُمْ آتِيهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَرْدًا﴿٩٥﴾ {سورەتی(مریم)، ئایەتی: ٩٣. ٩٥}

(٩٣)هەرچییەک لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە، هەموویان بەندەی خودان. (٩٤) خودای گەورە سەرژمێری کردوون و ژماردوونی و هیچیان لە خودای گەورە ناشاردرێنەوە و دواناکەون و هەموویان لەبەردەستی خودای گەورەدا ئامادە دەبن.

(٩٥)هەموویـان لە ڕۆژی قیامەتـدا بە تـاک تـاک دێـن. پرسـیاری ئێمە لە ئێوە دەربارەی ئایەتی: «إياك نعبد وإياك نستعين»؛ تەنیا تۆ دەپەرستین و داوای یارمەتی و پشتیوانیش هەر لە تۆ دەکەین.

لە شـەو و ڕۆژێکدا پێـنج جار لە نـوێژدا دووبـارەی دەکەیـنەوە، بیری لێبکەنەوە. ئایا کەسێکی موسڵمان کاتێک نوێژ دەکات و ئەم ڕسـتانە دووبـارە دەکـاتەوە، دەزانــێ دەڵێــت چــی؟! ئایـا لەگەڵ خوداوەنـد کە خـالقێتی گفتوگۆ دەکـات، یـان لەگەڵ دار و دیـوار و دەوروبەری خۆی؟

فَلَوْلَا نَصَرَهُمُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ قُرْبَانًا آلِهَةً بَلْ ضَلُّوا عَنْهُمْ وَذَٰلِكَ إِفْكُهُمْ وَمَا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴿٢٨﴾ {سورەتی (احقاف)، ئایەتی: ٢٨}

(٢٨)ئەوە بۆچی ئەو خودایانەی کە بە گومانی خۆتان دەڵێن ئەمانە خودان، سەریان ناخەن، کاتێک تیادەچن و دەفەوتێن، یان بۆچی خوداکانتان لە ڕۆژی قیامەتدا سەرتان ناخەن، ئەوانەی کە دەتانگوت: ئێمە بۆیە لێیان دەپاڕێینەوە و دەیانپەرستین، هەتا لە خودامان نزیک بکەنەوە، بەڵکو لێیان ون دەبن، ئەمە ئەو درۆ هەڵبەستنەی ئەوانە کە دەیانگوت: ئەمانە خودان!

# بەندی سێزدەیەم

لە بەشەکانی پێشوودا بینیمان کە شەفاعەت بەو جۆرەی لە کۆمەڵگەدا ڕەواجی پێدراوە بوونی نییە. قورئانی پیرۆز بەشێوەیەکی گشتی شەفاعەتی ڕەتنەکردۆتەوە، بەڵام بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەدا هەیە، ڕازی نییە. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، خەڵکی پەیتا پەیتا لەجیاتی خودا، تکاکارێکی زۆر بۆ خۆیان بڕیاردەدەن(ئەم تکاکارانەش لە پێغەمبەرانەوە دەستپێدەکەن، هەتا دەگاتە پێشەوایان و پیاوچاکان و شەهیدان و تەنانەت هەندێک لە مردووەکانیش دەگرێتەوە)، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە قورئاندا هاتووە، شەفاعەت لەڕۆژی قیامەتدا تەنیا لەسەر مۆڵەتی خودای گەورە دەبێت و ئەویش بەپێی جۆری مرۆڤ و کاروکردەوەکانی، نەک ئەوەی ڕاوەستابێت لەسەر دانپێدانانی مرۆڤ:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لَّا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا شَفَاعَةٌ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴿٢٥٤﴾ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِندَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ

بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ ۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ ۖ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ﴿٢٥٥﴾ {سورەتی(بقرة)، ئایەتی: ٢٥٤.٢٥٥}

(٢٥٤) ئەی بـاوەڕداران ببەخشـن لەو ڕزقەی پێمانبەخشـیون، پێشئەوەی ڕۆژێک بێت کە ئیدی کڕین و فرۆشتنی تێدا نییە و کەس ناتوانێت بە پارە خۆی بکڕێتەوە و خۆی ڕزگاربکات، دۆستایەتی و خزمایەتی و خۆشەویستی سوودی بۆ کەس نییە، کەس ناتوانێت شەفاعەت بۆ کەس بکات بە ئیزنی خودای گەورە نەبێت. هەروەها کافران ئەوانەن کە بەڕاستی ستەمکارن. (٢٥٥) خـودای گەورە، زاتـی پیـرۆزی(الله)، ئەو خـودایەیە کە هیچ پەرستراوێکی دیکە بەهەق نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لەو، خـودایەکی هەمیشە زینـدووە و مردنـی بەسـەردا نـایەت و هەڵسووڕێنەری کاروباری خەڵکییە، نە وەنەوز دەیباتەوە و نە خەویشی لێدەکەوێت، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەشی لەنێوانیاندایە، هەمووی موڵکی خودای گەورەیە، هیچ کەسێک ناتوانێت لەلای خودای گەورە شەفاعەت بکات تەنیا بەئیزنی خۆی نەبێت، خودای گەورە زانیاری هەیە لەسەر داهاتوو، کە قیامەتە و ئەوەش کە لەدواوەیە، کە دونیایە، یان زانیاری هەیە بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو، مرۆڤەکان هیچ زانیارییەکیان نییە سەبارەت بە خودای گەورە و سیفەتەکانی، تەنیا شتێک مەگەر خودای گەورە خۆی ویستی لەسەر بێت، کورسی خودای گەورە فراوانە، بە

فراوانـــی هەر حەوت ئاســـمانەکان و هەر حەوت چیـــنەکەی زەوی، پاراستنی ئاسمانەکان و زەوی و هەڵگرتنـی، خودای گەورە مانـدوو ناکات و قورس نییە لەلای ئەو زاتە، خودای گەورە بەرزە لە زاتـی پیرۆزیدا، لەسەررووی عەرشی پیرۆزەوەیە.

ســـەرنجی ئەم شـــێوەیە بـــدەن. شـــەفاعەتی ڕاســـت لە ڕۆژی قیامەتـدا بە مـۆڵەتی خـودا دەبێـت؛ کەواتە ئەگەر ژێـر بە ژێـر لەم دونیایەدا مرۆڤە چاکەکارەکان بکەین بە تکاکاری خۆمان، تووشی شیرک بووین. خەڵکی ئەمڕۆ ئاڕاستەکانیان پێچەوانە کردۆتەوە و لەجیـاتی ئەوەی کە بەپێـی دەسـتووری قورئـان بیـربکەنەوە و لە خەمـــــی چـــــاککردنی ئیمانیانـــــدا بـــــن، وادەزانـــــن بەهـــــۆی تکاکاربڕیـاردانی(دون الـله)، لە پرسـیار و وەڵامـی ڕۆژی قیـامەت دەپارێزرێن و لە ئاسایشـدا دەبن. لەڕاسـتیدا قورئـان خۆی فەرمـانی بە مـرۆڤ کـردووە کە بـۆ نزیکبـوونەوە لە خـودا، سـوود لە گشـت پرەنسـیپە قورئانییەکـان وەربگرێت، هەروەها لەمڕووەوە لە شـیرک بەدووربێـت. مـرۆڤ بـۆ نزیکبـوونەوە لە خـودا، دەتوانێـت سـوود لە هۆکارەکـانی وەکـو نـوێژ، کـارکردن بەقورئـان، جیهـادکردن لەڕێـگەی خودا وەربگرێت.

| شەفاعەتی ڕاست(بەو جۆرەی لە قورئاندا هاتووە). | شەفاعەتی هەڵە(لەڕوانگەی قورئانەوە بە شیرک هەژمار دەکرێت). |
| --- | --- |
| (الله تعالی)<br>↓<br>شفیع<br>مرۆڤەکان<br><br>خوداوەند لە ڕۆژی قیامەتدا تکاکار(شفیع) دیاریدەکات. | (الله تعالی)<br>شفیع<br>↑<br>مرۆڤەکان<br><br>مرۆڤەکان لەم دونیایە خۆیان تکاکار(شفیع) بۆخۆیان بڕیار دەدەن. |

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَابْتَغُوا إِلَيْهِ الْوَسِيلَةَ وَجَاهِدُوا فِي سَبِيلِهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴿٣٥﴾

**{سورەتی(مائدة)، ئایەتی: ٣٥}**

(٣٥) ئەی باوەڕداران تەقوای خودا بکەن، هەموو هۆکارەکانی شەرع بگرنەبەر و داوابکەن لە خودای گەورە نزیکتان بکاتەوە، جیهاد بکەن لەپێناوی خودای گەورەدا، بەڵکو سەرفراز بن لە دونیا و قیامەت. لەو ئایەتەی سەرەوەدا دەبینین کە خودای گەورە بە

مـرۆڤ دەفەرموێـت: بـۆ نزیکبـوونەوە لە مـن ڕێـگە و ئامرازەکـانی وەکــو ڕووبەڕووبــوونەوە و جیهــاد بگــرنەبەر، هاوکـــات لەم ڕێگەیەشدا تەقوای خودا بکەن، هەتا دوچاری شیرک نەبن.

ئەو ڕێـگە و شـێوازانەی کە خـودای گەورە بـۆ نزیکبـوونەوە لە خــۆی پێیناســاندووین، بــریتین لە: (نــوێژ و جیهــاد و ڕۆژوو و کارکردن بە قورئان)، ئەم بابەتەش بەڕوونی لە ئاتەکەی خوارەوەدا بەیانکراوە:

قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِ فَلَا يَمْلِكُونَ كَشْفَ الضُّرِّ عَنكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا﴿٥٦﴾ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ ۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا﴿٥٧﴾

{سورەتی(إسراء)، ئایەتی: ٥٦.٥٧}

(٥٦) ئەی مــوحەممەد(دروودی خــودای لەســەر بێــت)، بە هاوبەشبڕیاردەران بڵێ: بانگی ئەو کەسانە بکەن کە جگە لە خودای گەورە عیبادەتتـان بـۆ دەکـردن، ئەوان نـاتوانن ئەو زیانـانە هەڵبگـرن کە بۆتـان دابەزیـوە. (٥٧) ئەو کەسـانەی جـگە لە خـودای گەورە نزایـان بـۆ بەرز دەکەنەوە و لێیـان دەپـاڕێنەوە و عیبادەتیـان بـۆ دەکەن، ئەوان هەر هۆکارێک باشبێت و هەر کردەوەیەک چاکبێت

و بە خـودای گەورەیـان بگەیەنێـت، دەیگـرنەبەر، ئەوان بەهیـوای خـودای گەورەن و لە سزاشـی دەترسـن، بەدڵنیـایی سـزای خـودای گەورە شایەنی ئەوەیە خەڵکی خۆی لێ بپارێزێت.

بـابەتێکی دیـکە سـەبارەت بە وەرگرتنـی شـیفایە لە(دون الـله). ڕەنگە ئێوە تووشـی بـووبن لەگەڵ کەسانێک کە دەڵێن: ڕاستە کە قورئان داوای وەرگرتنی شیفا لە(دون الله) ڕەتدەکاتەوە، بەڵام ئێمە شیفامان لە پێشەوایان و پیاوچاکان وەرگرتووە.

وەڵامـی ئەو کەسانە بەمجۆرەیە: یەکەم، لێرەدا دوو شت بـوونی هەیە، یەکێکیـان فەرمایشـتی خـودایە لە قورئانـدا و ئەوەی تریـان قسـەی ئەو کەسانەیە کە دەڵێن ئێمە شیفامان وەرگرتـووە؛ کەواتە بـژاردەکە لەدەسـتی خۆتـانە کە کامیـان پەسـەند دەکەن. بە باشـی سەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوە بدەن:

وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ الظَّالِمِينَ﴿١٠٦﴾ وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِ يُصِيبُ بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴿١٠٧﴾ قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمُ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَنِ اهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَا أَنَا عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ﴿١٠٨﴾

{سورەتی(یونس)، ئایەتی: ١٠٨.١٠٦}

(١٠٦) تۆ نزا مەکە و مەپارێرەوە لە جگە لە خودای گەورە و لەو کەس و شتانەی کە نە سوودت پێدەگەیەنن نە زیان، ئەگەر ئەو کارە بکەیت، ئەوە تۆ لەو کەسانەیت کە ستەمکارن، یان هاوبەشبڕیاردەرن. (١٠٧) ئەگەر خودای گەورە بیەوێت تووشی زیانێکت بکات، کەس ناتوانێت ئەو زیانەت لەسەر لابەرێت، تەنیا خودای گەورە نەبێت، ئەگەریش خودای گەورە بیەوێت تووشی خێر و چاکەیەکت بکات، ئەوا هیچ کەسێک ناتوانێ ئەو خێر و چاکەیەت لەسەر لابەرێت، خودای گەورە خێر و فەزڵی خۆی بە هەر کەسێک دەبەخشێت لە بەندەکانی کە ویستی لەسەر بێت، ئەو زۆر لێخۆشبوو و بەبەزەییە. (١٠٨) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، بفەرموو: ئێوە هەقتان لەلایەن خوداوە بۆ هاتووە کە قورئانە، جا هەر کەسێک هیدایەت وەربگرێت، ئەوا سوودەکەی بۆ خۆیەتی و هەر کەسێکیش گومڕا بێت و لەڕێگەی ڕاست لابدات، ئەوا زیانەکەی تەنیا بۆ خۆیەتی، منیش پارێزەری کارەکانی ئێوە نیم، کە بتوانم هیدایەتتان بدەن.

دووەم، ئەوەی کەسانێک هەن وابیردەکەنەوە کە لە جگە لە خودا شیفایان وەرگرتووە، ئەوان دەبێت ئەوە بزانن کە ئەو شیفایەش لەلایەن خوداوە بووە. خوداوەند لە قورئاندا دوو ڕێگە و

چارەنووسی بۆ مرۆڤ ڕوونکردۆتەوە. یەکێکیان ڕێگەی ڕاست و تەوحیدە و ئەویتریان ڕێگەی هەڵە و شیرکە، لە قورئاندا تەنانەت سەرەنجامی هەردوو ڕێگە و چارەنووسەکە ڕوونکراوەتەوە، ڕێگەی تەوحیدی بەرەو بەهەشتە و ڕێگەی شیرکئامێزیش بەرەو دۆزەخە. هەر کەسێک بەو بژاردەیەی لەبەر دەستیدایە، یەکێک لەو دوو ڕێگەیە دەگرێتەبەر و بەرپرسیارێتییەکەشی تەنیا لە ئەستۆی خۆی دەبێت و خوداش بەناچاری مرۆڤەکان لە ڕێگەی شیرکەوە نابات بەرەو ڕێگەی تەوحید(مرۆڤەکان ئازادن و بە ویستی خۆیان هەڵدەبژێرن).

لە قورئاندا ئەوە خراوەتەڕوو کە خودا یارمەتی هەموو مرۆڤ و جنۆکەیەک دەدات، جا چ لەسەر ڕێگەی تەوحید بێت، یان لەسەر ڕێگەی شیرک. هەر یەکێک لە مرۆڤەکان تەنانەت ئەگەر دوچاری ڕێگەی هەڵەش ببن، دیسان لەلایەن خوداوە هاوکاری دەکرێن، سەرنجی ئایەتەکانی خوارەوە بدەن:

مَّن كَانَ يُرِيدُ الْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُ فِيهَا مَا نَشَاءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُ جَهَنَّمَ يَصْلَاهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا﴿١٨﴾ وَمَنْ أَرَادَ الْآخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَٰئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا﴿١٩﴾ كُلًّا نُّمِدُّ هَٰؤُلَاءِ وَهَٰؤُلَاءِ مِنْ عَطَاءِ رَبِّكَ وَمَا كَانَ

عَطَاءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا﴿٢٠﴾ {سورەتی(إسراء)، ئایەتی: ١٨. ٢٠}

(١٨) هەر کەسێک لە ژیانیدا مەبەستی دونیا بێت و بۆ دونیا هەوڵبدات، ئەوا ئێمەش بۆ هەر کەسێک ویستمان لێبێت، بۆی پێشدەخەین و لە دونیادا پاداشتی دەدەینەوە، بەڵام دوای ئەوە لە قیامەتدا دۆزەخمان بۆ داناوە و دەچێتە ناوییەوە، کە لەوێدا زەبوون و دەرکراو و دوورخراوە لە ڕەحمەتی خودای گەورە. (١٩) هەر کەسێکیش لە دونیادا هەوڵ و مەبەستی بۆ قیامەت بێت و هەوڵی خۆی بدات، بەمەرجێک باوەڕدار بێت، ئەوا هەوڵ و کۆششەکانی لەلای خودای گەورە وەرگیراو و سوپاسکراوە. (٢٠) هەردوو کۆمەڵەکە، ئەوەی کە دونیای دەوێت و ئەوەش کە قیامەتی دەوێت، لە دونیادا بە هەردووکیان دەبەخشین، هەروەها بەخشینی خودای گەورە قەدەغە نییە لەسەر هیچ لایەکیان.

کەواتە ئەگەر کەسێک لە قوڵایی دڵەوە باوەڕی وابێت کە پارچە دارێک، یان فریشتەکان، یان مرۆڤەکان شیفای دەدەن، ئەوا شیفاکەی خۆی وەردەگرێت. بەڵام لەڕاستیدا خوداوەند بەیارمەتیدانی ئەمکەسە هاوبەشبڕیاردەرانە و دەستەبەرکردنی پێویستییەکانیان، زیاتر لە گوناهو تاواندا نقومیان دەکات. ئەمکارەش سوننەت و سیستەم و میکانیزمی خودای گەورەیە، کە هەم یەکخواپەرستان و هەمیش هاوبەشبڕیاردەران و کافران لە

هەڵبژاردەکانیاندا هاوکاری دەکات، بەڵام لەکۆتاییدا دەبینن کام گرووپ لە زیانمەندان دەبن. سەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوە بدەن:

اللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ وَيَمُدُّهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ﴿١٥﴾ أُولَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الضَّلَالَةَ بِالْهُدَىٰ فَمَا رَبِحَت تِّجَارَتُهُمْ وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ﴿١٦﴾ مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِي اسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّا أَضَاءَتْ مَا حَوْلَهُ ذَهَبَ اللَّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِي ظُلُمَاتٍ لَّا يُبْصِرُونَ﴿١٧﴾ صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَرْجِعُونَ﴿١٨﴾ {سورەتی (بقرة)، ئایەتی: ١٨.١٥}

(١٥) ئەوان کاتێک گاڵتە بە هاوەڵان دەکەن، لەبەرامبەر ئەوەشدا خودای گەورە گاڵتە بەوان دەکات و تۆڵەیان لێدەستێنێ، مۆڵەتیان دەدات هەتا لەنێو گومڕایی و کوفری خۆیاندا بگەوزێن و بەردەوام بن، چونکە شایەنی ئیمان نین. (١٦) ئەوان ئەو هیدایەتەی خودای گەورەیان گۆڕییەوە بە گومڕایی، ئەو بازرگانییەی کە کردیان بە شوێنکەوتنیان بۆ کوفر لەجیاتی ئیمان، نەیانبردەوە و قازانجی پێنەگەیاندن، هیدایەتدراویش نەبوون و هیدایەتیان وەرنەگرت. (١٧) نموونەی ئەمکەسانە وەکو نموونەی کەسێک وایە کە ئاگرێک دەکاتەوە، کاتێک ئاگرەکە دەوروبەریشیان ڕووناکدەکاتەوە و بە چاوی خۆیان دەبینن کە خودای گەورە ئاگر و ڕووناکییەکەیان لێدەکوژێنێتەوە و لەو تاریکییەدا بەجێیان

دەهێڵێت؛ واتە بە چاوی خۆیان نابینن. (١٨) بۆیە ئەوان کەڕن و خێر و هەق نابیستن، لاڵن و شتێک ناڵێن کە سوودی هەبێت بۆیان، کوێرن، خێر و هەق نابینن، بۆیە هەرگیز ناگەڕێنەوە و هەروا لەو تاریکییەدا دەمێننەوە.

ئایەتەکانی سەرەوە لەسەر دووڕووەکان دابەزیوە، بەڵام لەڕاستیدا هاوبەشبڕیاردەران و کافرانیش دەگرێتەوە. ئایا ئەوە شتێکی ڕاستە کە هەموو بەڵا و دەرد و نەخۆشییەکان لەلایەن خوداوە بن، بەڵام شیفا و دەرمان لەلایەن دروستکراوەکانی خودا، وەکو پێشەوا و پیاوچاکانەوە بن؟! ئایا کاتێک کە نەخۆشی و بەڵا یەخەی مرۆڤ دەگرێت، خواستی(الله)یە و شیفا و لابردنیشی(دون الله)یە؛ واتە(پێغەمبەران و پیاوچاکان)؟ لەڕاستیدا دەرد و دەرمان هەر لەلایەن خوداوەیە و لەکاتی گرفتاریدا دەبێت تەنیا پشت بە خودا ببەسترێت. هەر بەو جۆرەی کە دەسەڵات و بەدیهێنان، ڕۆزی بەندەکان و گشت بوونەوەران لە هێز و دەسەڵاتی خودادایە، نەخۆشی و شیفاش لە دەسەڵاتی خودادایە:

وَمَن يَهْدِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن مُّضِلٍّ أَلَيْسَ اللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِي انتِقَامٍ﴿٣٧﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلْ أَفَرَأَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ إِنْ أَرَادَنِيَ اللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ

هُنَّ كَاشِفَاتُ ضُرِّهِ أَوْ أَرَادَنِي بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَاتُ رَحْمَتِهِ قُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ الْمُتَوَكِّلُونَ﴿٣٨﴾ قُلْ يَا قَوْمِ اعْمَلُوا عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّي عَامِلٌ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴿٣٩﴾ {سورەتی (زمر)، ئایەتی: ٣٧.٣٩}

(٣٧)هەر کەسێکیش خودا هیدایەتی بدات و شایەنی هیدایەت بێت، ئەوا کەس ناتوانێت گومڕای بکات. ئایا خودای گەورە زۆر بە شکۆ و تۆڵەسێن نییە لەو کەسانەی سەرپێچی دەکەن؟ (٣٨) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، ئەگەر پرسیار لە هاوبەشبڕیاردەران و کافرانی قوڕەیش بکەیت، کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە؟ ئەوان دەڵێن: بەدڵنیاییی تەنیا خودای گەورە دروستیکردووە، ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: هەواڵم پێبدەن ئەگەر خودای گەورە بیەوێت تووشی زیانێکم بکات، ئایا ئەو خودایانەی ئێوە دەیانپەرستن دەتوانن ئەو زیانانەم لەسەر لابەرن؟ بێگومان نەخێر. یاخود ئەگەر خودای گەورە بیەوێت تووشی ڕەحمەت و نیعمەت و خۆشییەکم بکات، ئەوان دەتوانن ڕێگر بن و بیگەڕێننەوە؟ بێگومان نەخێر. پێیان بڵێ: من لە هەموو کاروبارێکمدا تەنیا خودای گەورەم بەسە. پشتبەستوان تەنیا پشت بە خودای گەورە دەبەستن. (٣٩) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، بڵێ: ئەی گەلەکەم

کاربکەن لەسەر ڕێچکە و ڕێبازی خۆتان، منیش لەسەر ڕێچکە و ڕێبـــازی خـــۆم عیبـــادەتی خـــودای گەورە دەکەم، بەڵام لە ڕۆژی قیامەتدا سەرەنجامی ئەو کردەوە خراپانەتان دەزانن، کە هاوبەش بڕیاردانە بۆ خودا.

هەنـدێک کەس دەڵـێن لەبەرئەوەی عیسـا پێغەمبەر(سـەلامی خـودای لەسـەر بێـت)، شـیفای نەخۆشـییە جۆراوجۆرەکـانی داوە؛ کەواتە دەتــوانرێ داوای شــیفا لە مردووەکــان بکرێــت. بەڵام ئەم خاڵەیان فەرامۆشکردووە کە یەکەم، ئەوەی حەزرەتی عیسا زیندوو بـووە و دووەم، شـیفا بەخشـینی ئەو لە سـەردەمی ژیانیـدا، یەکێـک بـووە لە پەرجووەکـان. ئایـا حەزرەتـی عیسـا لە سـەردەمی ئێسـتادا ئامادەیە  پەرجوویەک بکات و نەخۆشەکان شیفا بدات؟! خاڵێکی گرنـــگ ســـەبارەت بە پەرجـــووی پێغەمـــبەران ئەوەیە کە ئەوان هەمیشـە بە مۆڵەتی خـودا و لەسـەرمی ژیـانی خۆیـاندا پەرجوویـان ئەنجامداوە؛ بۆ نموونە: شیفابەخشینی حەزرەتی عیسـا، کراسەکەی حەزرەتی یوسف و...تاد، هەموو ئەمانە موعجیزەگەلێکبوون کە بە ڕێگەپێدانی خودا لە سەردەمی ژیانیاندا ڕوویداوە. ئەو تەوەرانەی خرانەڕوو، بابەتگەلێکی تازە نین و لە زەمەنی دابەزینی قورئانـدا هەمیشـە لەگەڵـمان بـوون، بەڵام بەداخەوە، بەهـۆی فەرامۆشـکردنی قورئان لەنێوان خەڵکیدا و لەجیاتی بیرکردنەوە و تێفکرین، برەودان

بەلاساییکردنەوە بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی بیر لەوە بکەنەوە کە ئاخۆ ئەم تەوەرە و مانایانە لەکوێوە هاتوون؟! ئایا دینێکی نوێ هاتووە؟ بۆچی هەتا ئێستا کەسێک ئەم واتایانەی بۆ بەیان نەکردووین؟ کەواتە زانایانی دینیی هەتا ئێستا چییان دەکرد؟ (یەک کاتژمێر بیرکردنەوە لە هەزار ساڵ عیبادەتی کوێرانە باشترە).

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيراً مِّنَ الأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴿٣٤﴾ {سورەتی(توبة)، ئایەتی: ٣٤}

(٣٤) ئەی باوەڕداران! زۆرێک لە زانایانی جوولەکە و خواپەرستانی گاور، ماڵی خەڵکی بەناڕەوا دەخۆن، ئەوان بەڕێگەی ڕەشوە و بەرتیل، یان هەر ڕێگەیەکیتر، ڕێگری لە دینی خودای گەورە دەکەن، هەروەها ئەو کەسانەش کە زێڕ و زیو کۆدەکەنەوە و لەپێناوی خودای گەورەدا نایبەخشن، ئەوا مژدەیان پێبدە بە سزایەکی زۆر بەئێش و ئازار.

# بەندی چواردەیەم

لەم بەشـەدا هەوڵدەدەین وەڵامـی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە لە هزری مرۆڤدا دروستدەبن. لە بەشـەکانی پێشوودا ئەوە خرایەڕوو کە خـــودای گەورە لە قورئانـــدا فەرمـــوویەتی: مـــرۆڤ دەبێـــت کاروبارەکـــانی وەکـــو عیبـــادەت، شـــیفا، نـــزا، ســـتایش و پێویستییەکانی، تەنیا و تەنیا بداتە دەست خودای تاک و بێوێنە، هاوکـــات هەرچـــی نـــزا و عیبـــادەت و پـــاڕانەوە لە مردووەکـــان، پێغەمبەران، پێشـەوایان، شـەهیدان و پیاوچاکـان و هەر تـاکێکیتر کە لە ژیانـــدا نەمـــاوە، بە شـــیرک بزانێـــت. عیبـــادەت و نـــزا لە فریشتەکان، جنۆکەکان، شەیتانەکان و تێکڕای بوونەوەر بە شیرک دادەنرێـت، چـونکە هەمـوو ئەو بابەتـانە دەچـنە نێـو بـازنەی(دون الـــله)وە. هەنـــدێک لە تاکەکـــان ئەو پرســـیارە دەخەنەڕوو کە لەقورئانـدا ئامـاژە بەوە کـراوە لەسـەردەمی ڕێـبەری ئیسـلامدا، هاوەڵان دەهاتنە خزمەت پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)و داوایـان لێـدەکرد کە نزایـان بـۆ بکـات. ئەو بـابەتەی کە لێـرەدا پێویستە سەرنجی بخرێتە سەر ئەمەیە کە داوای پێویستییەکان لە سنووری بابەتە دینییەکاندا لە مرۆڤی زیندوو لەکاتی ژیانیدا، بە شیرک دانانرێت. مەبەست لە مرۆڤی زیندوو لەکاتی ژیانیدا ئەوەیە کە ئەو تاکە لە دونیادا حزوورێکی فیزیکی هەبێت و جارێ مردن

یەخەی نەگرتبێت. سەرنجبدەن کە قورئان شەهیدانیشی وەکو زیندووەکان(أحیاء) ناوبردووە، بەڵام مەبەستی ئێمە لە زیندوو بەمانای کەسێکە کە هێشتا مردنی نەچەشتووە، چونکە شەهیدان لەلای خۆیان لە(دار السلام)دا زیندوون. بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە و لەلای ئێمە لەم دونیایەدا حزوورێکی فیزیکییان نییە. بۆ نموونە ئەگەر فەرهاد داوا لە ڕەزای هاوڕێی بکات کە لە ژیاندایە، بڕێک پارەی بە قەرز پێبدات، ئەوا چونکە داوای پێویستییەکەی لە کەسێکی زیندوو کردووە، هیچ کێشەیەکی نییە. لە سەردەمی پێغەمبەردا(دروودی خودای لەسەر بێت)، زۆرێک لە هاوەڵان دەهاتنە خزمەتی و داوایان لێدەکرد کە نزایان بۆ بکات. پێغەمبەریش لە خودا دەپاڕایەوە بۆیان و نزای بۆ دەکردن، ئەمەش لەبەرئەوە بوو کە زیندوو بوو و لەژیاندا بوو. سەرنجی ئەو خاڵە بدەن کە پێغەمبەر هەمیشە نزاکانی خستۆتە بەردەرگای خودا؛ بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک داوای لە پێغەمبەر کردبێت کە بۆ شیفای منداڵەکەی نزای بۆ بکات، پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، نەیفەرمووە من خۆم شیفابەخشم، بەڵکو فەرموویەتی منیش وەکو ئێوە بۆ شیفا، ڕوو لە دەرگای خودا دەکەم و نزا دەکەم. لەدوای وەفاتی پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، تەنانەت یەک کەسیش لە هاوەڵان و شوێنکەوتوان نزاکانی خۆیان نەخستۆتە پاڵ ڕۆحی پێغەمبەر، چونکە ئەمکارە بە شیرک دادەنرێت. بەداخەوە ئەمڕۆ ئەو مەبەستە سەرەکییەی کە پێغەمبەر

لەپێناویـدا هـاتووە فەرامۆشـکراوە و خەڵکـی دووبـارە بەبـێ بیرکردنەوە کاری سەردەمی نەفامی ئەنجامدەدەن. لە زۆرێک لە دینەکانـدا بـابەتی شـیرک بـوونی هەیە، لە بـووداییەوە بگـرە هەتـا دەگـاتە یەهـوودی و مەسـیحی و موسـڵمان، هەموویـان بەجۆرێـک لەگەڵ ئەم کێشـە مەترسـیدارەدا ڕووبەڕووبـوونەتەوە. لەبەر ئەو گۆڕین و دەستکاریکردنەی لە کتێبە دینییە ئاسمانییەکانی دیکەدا هەیە، شـیرک لە دینەکانی دیـکەدا بەبەراورد بە دینـی ئیسـلام، زۆر زیـاترە. لە دینـی ئیسـلامدا، لەبەرئەوەی کە قورئـان لەسـەر بنەمـای بەڵـێن و فەرمایشـتی خـودا، پـارێزراوە لە دەسـتکاریکردن، کەمـتر شـیرک بەرچـاو دەکەوێـت. لەچوارچێـوەی قەڵەمـڕەوی ئیسـلامدا، شـیرک زیـاتر لەو وڵاتـانەدا بەرچـاو دەکەوێـت کە خەڵـکەکەی قورئانیـان فەرامۆشـکردووە و لەجیـاتی ئەوە ڕوویـان کـردۆتە خورافیـات و فەرمـوودەی لاواز و هەڵبەسـتراو و دژبەیەک لەگەڵ قورئاندا. بەداخەوە، شیرک لە وڵاتـی ئێران، لەچاو وڵاتانی دیکەی موسـڵماندا، زیـاترە، چـونکە وێـڕای ئەوەی خەڵـکەکەی قورئانیـان وەلانـاوە، بیرکردنەوەشـیان سـەبارەت بە ئـیمان و عەقیـدە، داوەتە دەسـتی کەسـانێکی سـاختەچی و بەرژەوەنـدیخواز و دژە خـودا، بە چاو و گوێیەکی داخراوەوە پەیڕەوی لە دین دەکەن.

بـابەتێکی دیـکە کە ڕەنـگە ببێـتە هـۆی دروسـتبوونی پرسـیارگەلێکی زۆر لە مێشـکی مرۆڤـدا، بـابەتی خەون و خەیـاڵە. ئێمە هەتا ئەمڕۆ لەگەڵ کەسانێکی زۆردا مامەڵە و هەڵسوکەوتمان

کـردووە، ئەوان دەڵـێن: "هەتـا ئێسـتا خەونێکـی زۆرمـان بە کەسـە نزیکەکـان، گەلانیـتر، پیاوچاکـان و...تـاد، بینیـوە، کە لە خەون و خەیاڵەکانمانـدا بەرەو لامـان هـاتوون و قسـەیان لەگەڵ کـردووین. پشتبەسـت بە بنچیـنەی قورئـان، ئەگەر دونیـای ڕۆحـانی هەر مرۆڤێـک لەم دونیـایەدا جیـایە؛ کەواتە چۆن دەتـوانین وەڵامـی ئەم پرسـیارە بـدەینەوە"؟ پـێش وەڵامـی ئەم پرسـیارە، لەگەڵ ئەوەی کە پێشـتر ئاماژەمـان بە ئـایەتی (١٠٠) لە سـورەتی(مؤمنون)دا، سەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوەش بدەن:

اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَالَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا فَيُمْسِكُ الَّتِي قَضَىٰ عَلَيْهَا الْمَوْتَ وَيُرْسِلُ الْأُخْرَىٰ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴿٤٢﴾ أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ شُفَعَاءَ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا لَا يَمْلِكُونَ شَيْئًا وَلَا يَعْقِلُونَ﴿٤٣﴾ قُل لِّلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعًا لَّهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴿٤٤﴾ {سورەتی(زمر)، ئایەتی: ٤٢.٤٤}

(٤٢) خـودای گەورە ئەو خـودایەیە کە لەکـاتی خەوتنـدا نەفسەکان دەمرێنـێ، ئەوەش کە لەکـاتی خەوەکەیدا هێشـتا وادەی مردنـی نەهاتبێت، ئەوە خودای گەورە ڕۆحەکەی دەکاتەوە بەبەردا، ئەوەی کە خـودای گەورە بڕیـاری مردنـی بەسـەردا داوە، کاتێـک خەوت، لە خەودا ڕۆحەکەی دەبـاتەوە، ئەوەشـی کە جـارێ وادەی ڕۆحکێشـانی نەهـاتووە، ئەوە ڕۆحەکەی بـۆ دەگەڕێنێـتەوە و

هەڵدەستێتەوە، هەتا کاتی دیاریکراوی خۆی. بەدڵنیاییی ئەمانە نیشانە و بەڵگەن لەسەر تاک و تەنیایی و دەسەڵاتی خودای گەورە، بۆ گەلانێک کە بیردەکەنەوە. (٤٣) یان ئەوەی کە ئەوان جگە لە خودای گەورە کۆمەڵێک کەسیان داناوە کە بە گومانی خۆیان شەفاعەتیان بۆ دەکات، ئەی موحەممەد(درووودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: ئایا نازانن ئەوانەی ئێوە کردوتانن بە تکاکار لای خودای گەورە، خاوەنی هیچ شتێک نین و عەقڵیشیان نییە. (٤٤) بڵێ: شەفاعەت هەمووی بەدەست خودای گەورەیە، موڵکی ئاسمانەکان و زەوی، هەمووی بەتەنیا هی خودایە، پاشان تەنیا بۆلای ئەویش دەگەڕێنەوە.

لە وەڵامی پرسیاری ئەمکەسانەدا دەکرێت بڵێین، ڕاستە کە خەون و خەیاڵ بوونی هەیە و یەکێکە لە نیشانەکانی پەروەردگار، بەڵام خەو نابێت بە بەڵگە بۆ مرۆڤ، یان هیچ بەڵگەیەکی نییە بۆ مرۆڤ؛ واتە مرۆڤ هەر خەونێک کە دەیبینێت، نابێت بیکات بە پێوەرێک بۆ دەستکاریکردنی عەقیدە و ئیمانی خۆی. سەرنجی ئایەتەکانی خوارەوە بدەن:

وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلًا لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ ۚ وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا﴿١٦٤﴾ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ ۚ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴿١٦٥﴾ لَّٰكِنِ اللَّهُ يَشْهَدُ بِمَا أَنزَلَ إِلَيْكَ ۖ أَنزَلَهُ بِعِلْمِهِ

وَالْمَلَائِكَـــةُ يَشْـــهَدُونَ وَكَفَـــىٰ بِـــاللَّهِ شَـــهِيدًا﴿١٦٦﴾
{سورەتی(نساء)، ئایەتی: ١٦٤. ١٦٥}

(١٦٤)چەنـدەها پێغەمـبەری پـێش تـۆ هەبـوون، کە چیـرۆک و بەسـەرهاتیهان لە قورئانـدا بـۆ گێـڕاویتەوە و چەنـدەها پێغەمـبەری تریش هەبوون کە باسی چیرۆک و بەسەرهاتیانمان بۆ نەکردوویت، خـــودای گەورە قســـــەی لەگەڵ موســـــادا کـــــردووە. (١٦٥) پێغەمبەرانێـک کە خـودای گەورە نـاردوونی، مـژدەدەرن بـۆ ئەو کەسـانەی گوێڕایەڵییـان دەکەن بە بەهەشـت و ترسـێنەرن بـۆ ئەو کەسانەی کە سـەرپێچییان دەکەن بـۆ دۆزەخ، هەتـا لەدوای نـاردنی پێغەمبەران، خەڵکی بەڵگە و بیانوویان نەمێنێ و بڵێن: خودایە خۆ هیچ کەسێک پەیامی تۆی پێنەگەیاندووین. خودای گەورە زۆر بە شـکۆ و کـاربەجێیە. (١٦٦) خـودای گەورە خـۆی شـایەتی دەدات لەســـەر ئەوەی کە بـــۆی نـــاردویتە خـــوارەوە لە ســـرووش و پێغەمبەرایەتـــی؛ واتە خـــودا بە زانیـــاری خـــۆی دایبەزانـــدووە. فریشـتەکانیش شایەتن لەسـەر ئەوەی کە تـۆ پێغەمـبەری خودایـت، ئەوەندە بەسە کە کەسێک خودای گەورە شایەتی بۆ بدات لەسەر ڕاستی و دروستی پێغەمبەرایەتییەکەی.

لە ئـایەکەی پێشـوودا، خـودای گەورە ئەوەی بەیـانکردووە کە لەدوای خـودی(الله تعـالی)و ئەو پێغەمـبەرانەی نـاردوویەتی، هـیچ بەڵگە و بیانوویەک نەماوەتەوە بۆ خەڵک هەتا لە بازنەی ئیهان و کرداردا کەموکورتییەکان بە خەون و خەیاڵ پڕبکەنەوە. ڕاستە کە

هەندێک لە پێغەمبەرانی خودا؛ وەکو حەزرەتی یوسف(سەلامی خودای لەسەر بێت)، بەهۆی مۆرکی پێغەمبەرایەتی خۆی و حوکمی پەرجوو، زانستی لێکدانەوەی خەونی هەبووە، بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا کە قورئان وەکو کۆتا کتێبی ئاسمانی و موحەممەدیش(دروودی خودای لەسەر بێت)، وەکو دوایین پێغەمبەر بۆ گشت مرۆڤایەتی هاتووە و لەسەر بنەمای ئەو ئایەتەی خراوەتەڕوو، بەڵگەی خوداوەند بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی و مرۆڤەکانی سەرزەوی هەتا ڕۆژی قیامەت، کۆتایی هاتووە، بۆیە هیچ مرۆڤێک ناتوانێت خەون بکات بە بنەما و بناغەی ئیمان و عەقیدەی خۆی. لەمەودوا دەبێت بەشێوەیەکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ خەونەکانماندا بکەین؛ واتە ئەگەر ئەو خەونەی دەیبینین، لەسەر بنەمای فلتەری قورئان کاریگەری لەسەر زیادبوونی ئیمان و عەقیدە و کردەوە چاکەکانمان دادەنا و جەختی لەسەر دەکردەوە، ئەوا وەکو خەونێکی باش ئاماژەی پێبکەین. بەڵام ئەگەر خەونەکەمان بە فلتەری قورئاندا تێنەپەڕی، بەهیچ شێوەیەک پەیڕەوی لێنەکەین، بەئاسانی فەرامۆشی بکەین و تەنیا پشت بە خودای تاک و بێهاوتا ببەستین. لێرەدا لەگەڵ هەڵێنجان و بەڵگەی قورئانیدا چەند بەڵگەیەکی عەقڵیش دەخەینەڕوو.

مرۆڤ پێش هاتنە نێو دونیای سروشت(پێش لەدایکبوون)و دوای مردن لە سنووردارێتی جەبریدا بووە و تەنیا لەم دونیایەدایە کە بژاردە لە دەست خۆیەتی(إختیاری). هیچ مرۆڤێک لەسەر

ویستی خۆی نایەتە دونیاوە (لەدایک نابێت)و بە ویستی خۆیشی لە دونیا دەرناچێت(مردن). ئەوە خودایە کە لەدایکبوون و مردنی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

لِّلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ يَهَبُ لِمَن يَشَاءُ إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَاءُ الذُّكُورَ﴿٤٩﴾ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا وَيَجْعَلُ مَن يَشَاءُ عَقِيمًا إِنَّهُ عَلِيمٌ قَدِيرٌ﴿٥٠﴾ {سورەتی(شوری)، ئایەتی: ٤٩. ٥٠}

(٤٩) موڵکی ئاسمانەکان و زەوی هەمووی تەنیا موڵکی خودای گەورەیە و خودا ویستی لێبێت، دروستی دەکات. هەیە خودای گەورە تەنیا کچی پێدەبەخشێت و هەیشە تەنیا کوڕی پێدەبەخشێت. (٥٠) یان هەیە کوڕ و کچی پێدەبەخشێت و هەیشە هیچی پێنابەخشێت، بەڕاستی خودای گەورە زۆر زانا و بەتوانایە.

**بیربکەنەوە:** لەم کاتەدا کە ڕۆحمان لە لاشەماندایە و سنوورداره، ناتوانین ناچاری بکەین بچێتە خەونی کەسێکیترەوە. لەدوای مردن و لەکاتی خەویشدا کە ڕۆحی مرۆڤ لەلایەن خودای گەورەوە وەردەگیرێتەوە، دەچێتە نێو چوارچێوەیەکی جەبرییەوە "لە چوارچێوەی جەبریدا، ویست و بژاردە (إختیار) لە مرۆڤ وەردەگیرێتەوە". هەر بەو شێوەیەش هیچ مرۆڤێک بە ویستی خۆی خەو نابینێت و تەنانەت بە ویستی خۆیشی لەکاتێکی

دیـاریکراودا لە خەو هەڵناسـتێت. بەشـێک لە خەونـی مرۆڤەکـان دەرهاویشتەی بیرکردنەوە و ئارەزووە زەینییەکانیانە و بەشێکیشی بە ویسـتی خـودای گەورە دێتە پێش. بە سـەرنجدان لەو بابەتانەی خرانەڕوو لە بەشەکانی پێشوو و وانەکانی ئێستا، ئەگەر ئێوە خەو ببیـنن کە پیاوچاکێـک قسـەتان لەگەڵ بکـات و بـۆ جێبەجێکردنـی پێویستییەکان، بەرەو لای خودای گەورە بانگهێشتتان بکات، ئێوە چیدەکەن؟ لەپاش بەیانکردنی زۆرێک لە ڕاستییە سەلمێنراوەکانی شیرک لە قورئاندا، بەشێکی باش لە مرۆڤەکان بەیارمەتی قورئان، عەقیـــدەیان پـــاڵفتە دەکەن و لەگەڵ تەوحیـــدی ڕاســـتەقینە دەیگـونجێنن. لەبەرامـبەردا بەشـێکی زۆریـش هەن کە هیـدایەتی خـودا ڕووی تێنەکـردوون و هەر بەو شـێوەیە ڕازیـن بە خـوڕافە و برەودان بە شیرک لە ژیانیاندا. ئەمکەسانە کاتێک خەڵکانی دیکە دەبیـنن کە خـودای گەورە هیـدایەتی داون، تـوڕە و دەمـارگیر دەبـن. ئەوانە لەپێنـاو غـروور و سـتەم و پارەپەرسـتی، حەزدەکەن گشـت مرۆڤەکانی دونیا، چ باوەڕدار و چ بێباوەڕ، لە شیرککارییەکانیاندا هاوبەشبن و دەستا و دەست و ژێر بە ژێرییان بکەن. کاتێک پێیان بگوترێــت کە خــودای گەورە لە قورئانــدا فەرمــانی کــردووە بە سڕینەوەی نێوەندکارەکان لەنێوان خالق و مەخلوق و دەبێت هەموو مرۆڤەکـان ڕاستەوخۆ بگەڕێنەوە بـۆ لای پەروەردگاریـان، تەشبیهـ

نەبێـــــت وەک ئەو نمـــــوونەیەی کە دەڵـــێن: "تەنـــانەت لە بەڕێوەبەرایەتییەکانیشدا بۆ بینینی بەڕێوەبەر، دەبێت یەکەمجار یاریدەدەرەکەی ببینی". ئەوان دەزانن ئەو دونیایەی کە خوداوەند ئەفراندوویەتی، بەڕێوەبەرایەتی نییە و جێگەی ئاهەنگ و شادی نییە، بەڵام دیسان هەر لە هەوڵی ئەوەدان کە ملەجرێی ئایەتەکانی خودا بکەن و نموونەی منداڵانە بهێننەوە. سەرنجی ئایەتەکانی خوارەوە بدەن:

وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَهُمْ رِزْقًا مِّنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ شَيْئًا وَلَا يَسْتَطِيعُونَ﴿٧٣﴾فَلَا تَضْرِبُوا لِلَّهِ الْأَمْثَالَ إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴿٧٤﴾ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا عَبْدًا مَّمْلُوكًا لَّا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَيْءٍ وَمَن رَّزَقْنَاهُ مِنَّا رِزْقًا حَسَنًا فَهُوَ يُنفِقُ مِنْهُ سِرًّا وَجَهْرًا هَلْ يَسْتَوُونَ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴿٧٥﴾ وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا رَّجُلَيْنِ أَحَدُهُمَا أَبْكَمُ لَا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَيْءٍ وَهُوَ كَلٌّ عَلَىٰ مَوْلَاهُ أَيْنَمَا يُوَجِّههُّ لَا يَأْتِ بِخَيْرٍ هَلْ يَسْتَوِي هُوَ وَمَن يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَهُوَ عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴿٧٦﴾ {سورەتی(نحل)، ئایەتی: ٧٣.٧٦}

(٧٣) جگە لە خودای گەورە کەسانێک دەپەرستن کە هیچ ڕزق و ڕۆزییەکیان بەدەست نییە و نە لە ئاسمانەکان و نە لە زەویدا

خاوەنی هیچ شتێک نین. هیچ تواناشیان نییە کە ڕۆزیتان بدەن، چونکە دار و بەرد و بێگیانن. (٧٤) بۆیە ئێوە نموونە بۆ خودای گەورە مەهێننەوە، ئەو خۆی تاک و بێهاوتایە. بەدڵنیایی خودای گەورە خۆی باشتر دەزانێت و ئێوە نازانن. (٧٥) خودای گەورە نموونەی کۆیلەیەک دەهێنێتەوە کە خاوەنی هەیە و توانای هیچ شتێکی نییە بەدەستی بهێنێت، بەڵام ڕزق و ڕۆزییەکی باشمان بە خاوەنەکەی بەخشیوە، کە بە نهێنی و بە ئاشکرا دەبەخشێت، ئایا ئەم دوانە یەکسانن؟! نەخێر یەکسان نین، سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستییە نازانن. (٧٦) خودای گەورە نموونەی موسڵمان و کافر بە دوو کەس دەهێنێتەوە، کە یەکێکیان لاڵە و توانای قسەکردن و هیچ شتێکی نییە و بارگرانییە لەسەر ئەوەی کە کاروبارەکانی بەڕێوەدەبات، بۆ هەر شوێنێک ئاڕاستەی بکات، هیچ خێرێک ناهێنێت، چونکە توانای هەڵسوکەوت و قسەکردنی نییە، ئەمە نموونەی کافرەکەیە کە بێخێرە. ئایا ئەم کۆیلەیە کە حاڵی وایە، یەکسانە لەگەڵ ئەو کەسەی فەرمان دەکات بە دادپەروەری و لەسەر ڕێگەی ڕاستە؟ ئەمە نموونەی موسڵمانەکەیە.

هەر لە سەرەتای ئایەتەکەدا خودای گەورە نەهی لە مرۆڤ دەکات لە عیبادەتکردن بۆ (دون الله) و ڕایدەگەیەنێت کە ئەوانە

توانای هیچ شتێکیان نییە. پاشان خوداوەند لە ئایەتی دواتردا ئەوە بەیان دەکات کە مرۆڤ پێویستە واز لە دروشمەکانی(دون اللە) بهێنێت و لەخۆوە نموونە نەهێنێتەوە. خودای گەورە بەڕوونی لە قورئاندا ئەوەی ڕاگەیاندووە کە سەبارەت بە دینی خودا، نموونە بۆ خودا مەهێننەوە و بە پێوەری نارەوا و هەڵە، کرداره شیرکئامێزەکانتان ئاراستە مەکەن. هەر خودایە کە لە هەقیقەتی دین دەزانێت، مرۆڤەکان هیچ نازانن و تەنیا پێویستە لەسەریان شوێن فەرمانەکانی پەروەردگار بکەون. لەگەڵ ئەوەدا بڕیار نییە کە مرۆڤ بە نموونە هێنانەوە بۆ خودا، هەقیقەتی دین بۆ خالقی خۆی ڕوونبکاتەوە، بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت ڕێگە بۆ خودا دیاریبکرێت، بەڵکو ئەوە خودی(اللّٰه)یە ڕێگەمان بۆ دیاریدەکات. لەپاش ئەم ئاگاداركردنەوەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ڕووناکی بازاڕیان کزبووە، خودای گەورە لە دوو ئایەتدا پاش ئەوەش دوو نموونە بۆ مرۆڤ دەهێنێتەوە و کەسانی گوناهکار و ئەو کەسانەی لە گومڕاکردنی پەیڕەوانیاندا دەستێکی باڵایان هەیە، لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کە خودا ئاسایشی پێداون و هیدایەتی کردوون لە بێژنگ دەدات و دەیپێوێت، ئەلبەت ئەمکارە تەنیا هەقی خودایە کە ڕێگە و چارەنووسی مرۆڤەکان ڕوونبکاتەوە. هەندێک لە تاکەکان لەلای خۆیان وابیردەکەنەوە کە ئەگەر(دون اللّٰه) لەجیاتی(اللّٰه)

نەخـــوێنینەوە، بەڵکـــو لەگەڵ خـــودا بیخـــوێنینەوە، کێشـــەیەک دروستناکات. لەڕاستیدا ڕوون نییە کە ئەمکەسانە پشتیان بە چ سـەرچاوەیەک بەستووە بـۆ ئەمکـارەی خۆیـان؟! ئەم ئایەتـانەی خوارەوە بخوێننەوە:

لِّنَفْتِنَهُمْ فِيهِ وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا﴿١٧﴾ وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴿١٨﴾ وَأَنَّهُ لَمَّا قَامَ عَبْدُ اللَّهِ يَدْعُوهُ كَادُوا يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا﴿١٩﴾ {سورەتی(جن)، ئایەتی: ١٧.١٩}

(١٧) هەتـــا تاقییـــانبکەینەوە لە هەردوو حـــاڵەتەکەدا، هەر کەسێکیش پشت بکـات لە زیکـری خـودای گەورە(لەم قورئـانە)، خودا دەیخاتە نێو سزایەکی زۆر بەئێش و ئازار و سەختەوە. (١٨) مزگەوتەکـان مـاڵی خـودای گەورەن و تـایبەتن بە خـۆی، لەگەڵ (الـــــله)دا لە هـــــیچ کەســـــێکترمەپاڕێنەوە. (١٩) کاتێـــــک پێغەمـبەر(دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، هەسـتا بە پەرسـتنی پەروەردگاری، جنۆکەکان بە کۆمەڵ کۆدەبوونەوە و قەرباڵغییەکی زۆریان دروستدەکرد بۆ بیستنی قورئانخوێندنەکەی پێغەمبەر.

لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ رَبُّكُمْ وَرَبُّ آبَائِكُمُ الْأَوَّلِينَ﴿٨﴾
{سورەتی(دخان)، ئایەتی: ٨}

(٨) هیچ پەرستراوێکی بە هەق نییە، جگە لە(اللە)، هەر ئەوە دەمانژێنێ و دەمانمرێنێ، پەروەردگاری ئێوە و پەروەردگاری باوک و باپیرانی پێشووشتانە.

# بەندی پازدەهەم

بۆوەبیرهێنانەوە و جەختکردنەوە لەسەر وانەکانی پێشوو، ئایەتێکی دیکە لە قورئان دەهێنینەوە:

وَيُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ وَالْمَلَائِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِ وَيُرْسِلُ الصَّوَاعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَن يَشَاءُ وَهُمْ يُجَادِلُونَ فِي اللَّهِ وَهُوَ شَدِيدُ الْمِحَالِ﴿١٣﴾ لَهُ دَعْوَةُ الْحَقِّ وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ لَا يَسْتَجِيبُونَ لَهُم بِشَيْءٍ إِلَّا كَبَاسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى الْمَاءِ لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَالِغِهِ وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ﴿١٤﴾ وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَظِلَالُهُم بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ﴿١٥﴾ {سورەتی(رعد)، ئایەتی: ١٣. ١٥}

(١٣) هەورەگرمەش تەسبیحاتی خودای گەورە دەکات، فریشتەکانیش لە ترسی خودای گەورە، حەمد و تەسبیحات دەکەن. خودای گەورە هەورە بروسکە دەنێرێت و دەیدات لەهەر کەسێک کە بیەوێت لەناویببات. ئەوان مشتومڕ و دەمەقاڵێ دەکەن دەربارەی خودای گەورە و گومانیان هەیە لە گەورەیی خودا، لەکاتێکدا سزا و هێزی لەناوبەری خودا بۆ کافران زۆر سەخت و دژوارە. (١٤) نزا و پاڕانەوە هەر بۆ خودای تاک و تەنیایە، بەڵام ئەوانەی لە جگە لە خودای گەورە دەپاڕێنەوە، ئەوانە ناتوانن وەڵامیان بدەنەوە بە هیچ شتێک، تەنیا وەکو کەسێک نەبێت کە لە

دوورەوە هەردوو دەستی کردبێتەوە بۆ ئاوێک، هەتا خۆی بڕژێتە نێو دەستییەوە و بگاتە نێو دەمی، لەکاتێکدا ئاوەکە خۆی نایەت، نزا و پاڕانەوەی کافرەکان لە گومڕایی و سەرگەردانیدایە و هیچ سوودێکی لێنابینن. (١٥) هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، هەموویان سوجدە و کڕنووش بۆ خودای گەورە دەبەن، جا چ بە خۆشی خۆیان بێت، یان لە ترسا بێت وەکو کافرەکان.

لە بەشەکانی پێشوودا ئەوەمان زانی کە عیبادەت، نزا، پێویستییەکان، شیفا و...تاد، تەنیا پەیوەستە بە خودای تاک و بێهاوتاوە، لەکاتێکدا ئەگەر مرۆڤ هەر یەکێک لەو کردەوانەی باسمانکردن بۆ (دون الله) ئەنجامبدات، ئەوا شیرکی ئەنجامداوە و شیرکیش یەکێکە لەو گوناهانەی لەو دونیا لێخۆشبوونی بۆ نییە. لەم بەشەدا چەند باس و تەوەرەیەکی دیکە دەخەینەڕوو کە لە بازنەی پەیوەستکردنیان بە(دون الله)ەوە بە شیرک هەژمار دەکرێت، بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر ڕەواجی پێدەدرێت. لێرەوە چوارچێوەی ڕوونکردنەوەکان دەربارەی بابەتەکان کەمتر دەبنەوە، چونکە ئەو کەسانەی کە تا ئێستا بە دڵێکی هەقیقەتخوازانەوە سەرنجی تەوەرەکانیان داوە و شوێن بابەتاکان کەوتوون، لەمەودوا ئیدی خۆیان دەتوانن بەباشی بابەتاکان بەش بەش بکەن و شرۆڤەیان بکەن. بابەتی یەکەم ئەوەیە کە قوربانیکردن بە بەشێک لە عیبادەتکردن دادەنرێت و ئەنجامدانی بۆ(دون الله) بە شیرک هەژماردەکرێت. لە قورئانی

پیرۆزدا خودای گەورە فەرمانی بە مرۆڤ کردووە کە تەنیا و تەنیا بۆ(الله) قوربانی بکات:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ﴿١﴾ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴿٢﴾ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ﴿٣﴾ {سورەتی(کوثر)، ئایەتی: ١.٣}

(١) ئێمە کەوسەرمان پێبەخشیویت. (٢) تۆش نوێژ و ئاژەڵ سەربڕینەکانت، با بە تاک و تەنیا بۆ خودای گەورە بێت، بەتەنیا ناوی خودای گەورەی لەسەر بێنە. (٣) ئەو کەسەی ڕقی لێتە و دوژمنایەتی تۆ و ئەو پەیامە دەکات کە هێناوتە لەلایەن خوداوە، خۆی دوابڕاوە و وەجاخ کوێر و بێ خێرە.

لە قورئانی پیرۆزدا خودای گەورە فرمانی بە مرۆڤکردووە کە تەنیا و تەنیا بەدەوری ماڵی خودا (کەعبە)دا بسوڕێتەوە و تەوافی هەر شوێنێکی دیکەی وەکو: (پەرستگاکان، دیرەکان، گۆڕستانەکان و...تاد)، بە شیرک دادەنرێت:

لِّيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ ﴿٢٨﴾ ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ﴿٢٩﴾ ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ حُرُمَاتِ اللَّهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ عِندَ رَبِّهِ وَأُحِلَّتْ لَكُمُ الْأَنْعَامُ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَاجْتَنِبُوا

الرِّجْسَ مِنَ الْأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ﴿٣٠﴾{سورەتی(حج)، ئایەتی: ٢٨. ٣٠}

(٢٨) هەتا ئامادەی سوودی دونیا و قیامەتیان بن، بەرژەوەندی دونیا، بازرگانی و ئاژەڵ سەربڕینە، بەرژەوەندی قیامەتیش ڕەزامەندی خودای گەورە و بەهەشتە، زیکری ناوی خودای گەورە بکەن، ناوی بێنن لە چەند ڕۆژێکی دیاریکراودا، سوپاسی خودای گەورە بکەن لەسەر ئەو ئاژەڵانەی پێیبەخشیون، ئەگەر قوربانی بوو، یان ئەگەر(هەدی) بوو؛ واتە ئەو ئاژەڵانەی کە لە حەج سەردەبڕدرێن، ئەوا خۆتان لێی بخۆن و بەشی ئەو کەسانەشی لێبدەن کە زۆر هەژارن و پێیانەوە دیارە و نایەڵن خەڵک هەستیان پێبکات و داواشی ناکەن. (٢٩) پاشان دوای ئەوەی ئیحرامیان شکاند، ئەو پیسییانەی پێیانەوەیە لە قژ و نینۆک درێژی و ئەو شتانە، دەتوانن بیکەن. ئەوەی نەزریشی کردبوو، با نەزرەکانیشی جێبەجێ بکات. (٣٠) هەر کەسێک ڕێز لە دروشمەکانی خودای گەورە بگرێت، ئەوە باشی و سوودەکەی بۆ خۆیەتی لەلای خودا؛ واتە خودای گەورە پاداشتی دەداتەوە. هەموو جۆرە ئاژەڵێکتان بۆ حەڵاڵکراوە، تەنیا ئەوەیان نەبێت کە بۆتان دەخوێنرێتەوە؛ واتە ئەوەی کە حەرام بێت وەکو مردارەوەبوو، لێی دوور بکەونەوە. خۆتان دووربخەنەوە لەو بتە پیسانە، بەوەی کە ئیمان بە خودا بهێنن، خۆتان بەدووربخەنەوە لە قسەی پووچ و بێ بنەما، یان لە شایەدی ناهەق.

لەســەر بنەمــای فەرمــوودەی خــودا، کەسـێک کە بە قورئــان ڕازیبێـت و پێغەمـبەری نەوێـت؛ واتە (جیـاوازی لەنێـوان خـودا و پێغەمبەرانیـدا بکـات)، یـان کەسـێک بە حەزی خـۆی ئایەتەکـانی قورئـان هەڵبژێرێـت، یـان کەسـێک بیروبـاوەڕی وابێـت کە قورئـان دەستکاری کراوە و ئایەتەکانی گۆڕدراون؛ واتە(هەندێک ئـایەتی پەسەند بکات و هەندێکیشی پەسەند نەکات)، کافرە:

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴿١٥٠﴾ أُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿١٥١﴾ وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَلَمْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ أُولَٰئِكَ سَوْفَ يُؤْتِيهِمْ أُجُورَهُمْ ۗ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٥٢﴾ {سورەتی(نساء)، ئایەتی: ١٥٠.١٥٢}

(١٥٠) بەدڵنیایی ئەو کەسانەی کوفر دەکەن بە خودای گەورە و پێغەمبەرانـی، هەروەها دەیانەوێـت جیـاوازی بـخەنە نێـوان خـودا و پێغەمبەرانـی بەوەی کە دەڵـێن: ئـێمە ئیمانمـان بە خـودا هەیە، بەڵام ئیمان بە پێغەمبەران ناهێنین، یاخود دەڵێن: ئێمە ئیمان بە هەندێک لە پێغەمــبەران دەهێنـــین، کــوفریش بە هەنــدێکیان دەکەیــن، بە بیرکردنەوەی تەسکی خۆیان، دەیانەوێ ڕێگە و دینێکی مامناوەند بگرنەبەر. (١٥١) بەڕاستی کـافری ڕاسـتەقینە ئەمـانەن، لەبەرئەوە بۆ کافرانیش لەناو ئاگری دۆزەخدا سزایەکی ڕیسواکەرمان داناوە.

(١٥٢) ئەو کەسانەی ئیمانیان بە خودا و پێغەمبەرانی خودا هێناوە کە باوەڕدارانن، جیاوازیشیان نەخستۆتە نێوان هیچ کام لە پێغەمبەران، ئەوانە بەدڵنیاییی پاداشتی خۆیان وەردەگرن، خودای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بەبەزەییە.

بابەتێکیتر لەپاش ئەوانەی باسکران، ئەو خۆراکانەن کە بەناوی(دون اللّٰه)، یان بە نییەتی وەرگرتنی پێویستی لە(دون الله)، ئامادە دەکرێن. خودای گەورە نرخێکی گەورەی داوە بە مرۆڤی باوەڕدار و لە قورئاندا داوای لە مرۆڤی باوەڕدار کردووە کە خۆشی نرخی خۆی بزانێت. مرۆڤی ئیماندار، پاکە و پێویستە سوود لە سەرچاوە پاکەکانیش وەربگرێت. لەسەر بنەمای دەستووری قورئان، نابێت هیچ مرۆڤێکی باوەڕدار سوود لەو خواردنانە وەربگرێت کە لەجیاتی ناوی پاک و پیرۆزی (الله)، ناوی جگە لە خودایان لەسەر هێناوە. سەرنجی ئایەتەکانی خوارەوە بدەن:

فَكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ إِن كُنتُم بِآيَاتِهِ مُؤْمِنِينَ﴿١١٨﴾
وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ
عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ وَإِنَّ كَثِيرًا لَّيُضِلُّونَ بِأَهْوَائِهِم بِغَيْرِ
عِلْمٍ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِالْمُعْتَدِينَ﴿١١٩﴾وَذَرُوا ظَاهِرَ الْإِثْمِ
وَبَاطِنَهُ إِنَّ الَّذِينَ يَكْسِبُونَ الْإِثْمَ سَيُجْزَوْنَ بِمَا كَانُوا يَقْتَرِفُونَ
﴿١٢٠﴾ وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ وَإِنَّ
الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ

إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴿١٢١﴾{سورەتی(انعام)، ئایەتی: ١١٨. ١٢١}

(١١٨) ئەو سەربڕاوانەی ناوی خودای گەورەیان لێهێنراوە بیخۆن و لەسەر خۆتانی حەرام مەکەن، ئەگەر ئێوە باوەڕدارن بە ئایەتەکانی خودای گەورە. (١١٩) ئەوە چیتانە، بۆچی خواردنێک ناخۆن که ناوی خودای لەسەر هێنراوە لەکاتی سەربڕیندا؟ لەکاتێکدا ئەوەی خودای گەورە حەرامی کردبوو لەسەرتان، هەمووی بە درێژی بۆ باسکردن، تەنیا لەکاتی ناچاریدا ئەوەی حەرامیشە بۆتان حەلاڵ دەبێت بە ئەندازەی پێویست، بەدڵنیایی زۆرێک لە کافران بە هەوا و ئارەزووی خۆیان خەڵکی گومڕا دەکەن، بەدڵنیایی خودای گەورە زۆر زاناترە بەو کەسانەی سنووری خودا دەبەزێنن و دەستدرێژی دەکەن. (١٢٠) وازبێنن لە تاوان و ئەوەی کە ئاشکرایە و بە ئەندامەکانی لەش دەیکەن و ئەوەشی کە نهێنییە و لە دڵتاندایە، ئەوانەی کە تاوان ئەنجامدەدەن و دەرهاویشتەکانی بەدەستدێنن، بەدڵنیایی سزای ئەو تاوانەی خۆیان وەردەگرن. (١٢١) لەو سەربڕاوانە مەخۆن کە ناوی خودای گەورەی لەسەر نەهێنراوە، ئەوە تاوانە و حەرامە، شەیتانەکان سرووشی و وەسوەسە دروستدەکەن بۆ دۆست و خۆشەویستانی خۆیان، بۆ ئەوەی مشتومڕ و دەمەقاڵێ لەگەڵ ئێوەدا بکەن. دوای ئەوە خودای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند وەکو تەواوکەرێک، کە فەرمووی: ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵی ئەوان بکەن، ئەوا لە هاوبەشبڕیاردەران دەبن. لەم ئایەتەدا خودای گەورە هەڕەشە لە

باوەڕداران دەکات، ئەگەر لەو شتانە بخۆن کە ناوی خودای لەسەر نەهێنراوە، ئەوا دەچنە نێو بازنەی شیرکەوە. **بەدرێژایی چەرخەکان و لەنـاو سـاڵەکاندا، ڕۆژانێکـی تـایبەت هەن کە خەڵکـی لەجیاتی ئامادەکردنی نەزرەکانیان بۆ خودای تـاک و تەنیـا، بەناوی جگە لە خوداوە؛ (پێشەوایان و پیاوچاکان)، نەزرەکانی خۆیـان(خواردن، پـارە، قوربـانی و...تـاد)، ئامـادە دەکەن و دەیبەخشنەوە. لە وەها کـات و شـوێنێکدا، دەبێـت لەمجـۆرە خواردنە حەرامانە دووربکەوینەوە. ڕاستە کە لەم سـەردەمە تایبەتەدا سفرەگەلێکی ڕەنگاوڕەنـگ ئامـادە دەکرێـت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە پارچەیەک نـانی حەڵاڵ لە هەزاران سفرەی حەرام باشترە. سەرنجبدەن، ڕاستە کە ئێمە ئاگـاداری نییەتی ئەمکەسانە نین و تەنانەت ڕەنگە یەکێک لەمکەسانە بۆ خـودا ئەو نەزرەی کردبێـت، بەڵام لەبەرئەوەی لە کـات و زەمەنێکی دیاریکراو و تایبەتدا ئەم نەزرانە ئەنجامـدەدرێن، تەواوی سەرنجی خەڵک لەسەر ئەوەیە کە ئەم نەزرە بۆ(دون الله) ئەنجامدراوە، پێویستە ئاگاداری ئەم حاڵەتە بـین و لەم خواردنـانە نەخـۆین. ئەگەر بەڕاسـتی کەسـێک بیەوێـت نەزرێک بۆ خودا ئەنجامبدات، ئەوا بەشێوەیەکی ئاسایی لە کات و زەمەنێکی دیکەدا، لە کاتێکیتری ساڵەکەدا ئەو کارە دەکات.**

لە بەشــەکانی پێشــوودا، بەڵــگە ســەرەکییەکانی خەڵــک لە پەســەندنەکردنی دەســتوورەکانی(الله) بەیــانکران و هۆکــاری پەسەندنەکردنەکانیشـیان خستەڕوو. هەرچەنـد زیـاتر تەپووتـۆزی شــیرک بەســەر ئــیمان و کــردەوەی تاکەکــانەوە نیشــتبێت، پاککردنەوەی قورسترە. لەم ڕێگەیەدا سەرکەوتن ئەوەیە کە خۆمان بەتەواویی بە خودا بسپێرین و داوای هیدایەت تەنیا لە ئەو بکەین، کەسێک بین نەترسین لە یاساکانی پەروەردگار و وابیرنەکەینەوە کە بەهـۆی ئەو یاســایانەوە شــتانێکی گرانبەهـا لەدەســتدەدەین، کەســێک بــین کە بــایەخ بە بیرکرنەوەکانمــان بــدەین و بیرکردنەوەکانمـان وەکـو بڕیـار نەدەیـنە دەسـت کەسـانیتر. ئەگەر خەڵکی لەدوای ئەم هەموو بەڵگەیە دیسان دەمەقاڵێیان کرد، ئەوا تەنیا یەک وەڵامیان بۆ هەیە:

وَالَّذِينَ يُحَاجُّونَ فِي اللَّهِ مِن بَعْدِ مَا اسْتُجِيبَ لَهُ حُجَّتُهُمْ دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمْ وَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴿١٦﴾ {سورەتی(شوری)، ئایەتی: ١٦}


(١٦) ئەوانەی مشـتومڕ و دەمەقـاڵێ دەکەن سـەبارەت بە دینـی خــودا، لەدوای ئەوەی کەســانێک وەڵامــی خــودای گەورەیــان داوەتەوە و موسـڵمانبوون و ئەمـان مشـتومڕیان لەگەڵ دەکەن، بـۆ ئەوەی لەڕێـگەی ڕاست لایانبدەن، ئەوە ئەو بەڵگانەی دەیهێننەوە هەمـووی پـووچە و دەڕوات و نامێنێـت، ئەمـانە خـودای گەورەش غەزەبیـان لێدەگرێت و لێیـان تووڕە دەبێت و لە قیامەتدا سزایەکی زۆر سەختیان بۆ هەیە.

قُـلْ إِنَّنِـي هَـدَانِي رَبِّيٓ إِلَىٰ صِـرَاطٍ مُّسْـتَقِيمٍ دِينًـا قِـيَمًا مِّلَّـةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِـنَ الْمُشْـرِكِينَ﴿١٦١﴾ قُـلْ إِنَّ صَـلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَٰلِـكَ أُمِـرْتُ وَأَنَـا أَوَّلُ الْمُسْـلِمِينَ﴿١٦٣﴾ {سـورەتی (انعـام)، ئایەتی: ١٦١.١٦٣}

(١٦١) ئەی مـوحەممەد(دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، پێیـان بڵێ: پەروەردگار هیدایەتی داوم بۆ ڕێگەی ڕاستی ئیسلام، دینێکی ڕاستە و هیچ خوارییەکی تێدا نییە، لەسەر دینی پاکی ئیبراهیم پێغەمبەرم کە دینێکی پاک بووە و لە شیرک لایداوە بۆ تەوحید، ئیبراهیم(سـەلامی خـودای لەسـەر بێـت)، لە هاوبەشـبڕیاردەران نەبـووە. (١٦٢) ئەی مـوحەممەد(دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، پێیـان بفەرمـوو: نـوێژکردن و ئـاژەڵ سـەبڕین و ژیـان و مـردنم بـۆ(الله)یە کە پەروەردگـاری هەمـوو جیهـانە. (١٦٣) لە هەمـوو ئەمشـتانەدا خـودای گەورە هاوبەشـی نییـە و دەبێـت تەنیا بـۆ ئەو بێـت، فرمـانم پێکـراوە لەلایەن خـوداوە، مـن یەکەم موسـڵمانم لە ئوممەتەکەی خۆم.

لە ئیسلامدا، تەنیا خودایە کە عیبادەتی بۆ دەکرێت و هیچ جۆرە نێوەندکارێک لەنێوان ئەو و بەندەکانی لە عیبادەتدا نییە. سەرنجی ئەم شـێوەیەی خـوارەوە بـدەن، کە خـودی پێغەمـبەر خۆشـی بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدی خـودا سـوودی لە کـرداری بەنـدایەتی وەرگرتـووە، ئـێمەش ئەمـڕۆ پێویسـتە لەجیـاتی پـاڕانەوە

و(توسل)کردن بە ڕۆحی پێغەمبەر، وەکو نموونە و پێشەنگێک سەیری بکەین و پەیڕەوی بکەین و شوێنی بکەوین.



وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ ۖ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ﴿١٦﴾ {سورەتی (ق)، ئایەتی: ١٦}

(١٦) بەدڵنیاییی ئێمە مرۆڤمان دروستکردووە و دەزانین چ وەسوەسە و خەیاڵاتێک بە دڵ و مێشکیدا دێت، فریشتەکانمان لە شادەماری ملییان لە مرۆڤ نزیکترن.

# بەندی شازدەیەم

لەم بەشەدا سەبارەت بە چەند خوڕافیاتێکی برەوپێدراو قسە دەکەین. لە بەشەکانی پێشوودا، ئەوە خرایەڕوو کە لە ڕۆژی قیامەتدا خودای گەورە، ڕزگاربوونی مرۆڤی بەستۆتەوە بە پایەکانی ئیمان و کردەوەی چاک و بۆ هەر یەکێکیش لەم دووە، لە قورئاندا کۆمەڵێک پێوەری خستۆتەڕوو. پێوەر و ئەرکەکانی ئیمانیش لەسەر بنەمای قورئان بریتین لە: ئیمان بە خودا و نەبوونی شیرک لە عەقیدەدا، ئیمان بە فریشتەکان و زیادەڕەوی نەکردن دەربارەیان، ئیمان بە کتێبە ئاسمانییەکان و قورئان وەکو دوایین پەیامی سرووشیی نێردراو، ئیمان بە گشت پێغەمبەرانی خودا و موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، وەکو کۆتا پێغەمبەر، ئیمان بە ڕۆژی قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ. هەروەها ئەوە بەیانکرا کە پێوەری سەرەکی کردەوەی چاکە، ڕەزامەندیی خودایە، هەروەها بۆ فێربوونی ڕواڵەت و شێوەی دەرەکی کردەوەکان لەسەر بنچینەی دەستووری خودی قورئان، دەبێت موحەممەد پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، وەکو پێشەنگ و نموونە وەربگرین. پێغەمبەر بۆ ئەوە هات هەتا مرۆڤ لە کۆت و زنجیری

عیبـادەتکردن بـۆ کەسـانیتر ڕزگـار بکـات و بەرەو ئاڕاسـتەی عیبادەتکردن بۆ(الله) بیبات.

وەبیرهێنانەوە:

وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴿١١٥﴾ {سورەتی(نساء)، ئایەتی: ١١٥}

(١١٥) هەر کەسێک دژایەتی و سەرپێچی پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت) بکات، لەدوای ئەوەی هیدایەت و ڕێگەی ڕاستی بۆ ڕوونبووەوە، شوێن ڕێگە و ڕێبازی جگە لە باوەڕداران بکەوێت، ئەوە بۆی دەڕازێنینەوە، هەتا گومڕاتر بێت و دەیدەینە پاڵ کافران، هەروەها دەیخەینە ناو ئاگری دۆزەخەوە، بۆ ئەوەی سزاکەی بچێژێت، کە خراپترین سەرەنجامە.

لەم ئایەتەی سەرەوەدا ئامۆژگارییەکی زۆر گرنگی موسڵمانان کـراوە. ئامۆژگـاری یەکەم ئەوەیە، ئەگەر کەسـێک کـردەوەی بەندایەتی بە ڕەوشێکی جیا لە ڕەوشی پێغەمبەر ئەنجامبدات، ئەوا کردەوەکانی لێوەرناگیرێت. بۆ نموونە کەسێک بە مەبەست، سێ ڕکـات نـوێژی مەغریـب بکـات بە دوو ڕکـات، ئەوە نـوێژەکەی پێچەوانەی نوێژی پێغەمبەرە و وەرگیراو نییە. هەموو موسڵمانێک فەرمـانبەرداره بەوەی کە کردەوەکـانی لەڕووی تەندروسـتی و چۆنێتییەوە بەباشی ئەنجامبدات و لەگەڵ کردەوەکانی پێغەمبەردا

بەراوردی بکات، ئەگەر کردەوەکانی وەکو کردەوەکانی ئەو بوو، ئەوە وەکو کردەوەی چاک لەسەری بەردەوام دەبێت. ئامۆژگاری داواکراوی دووەم لەسەر هەموو موسڵمانان ئەوەیە کە لەدوای پێغەمبەر(کە لە ئەمڕۆدا لەناوماندا نییە)، کەسی موسڵمان تەواوی کردەوەکانی خۆی لەگەڵ زۆرینەی کردەوەکانی موسڵماناندا بەراورد بکات و بۆ دروستی و تەواویی و تێگەیشتن لە کردەوەکانی خۆی، ڕێگە و ڕێچکەی موسڵمانانی دیکە بگرێتەبەر. ئەڵبەت پێویستە کە هەمیشە مرۆڤ لە هەنگاوی یەکەمدا، کردەوەکانی بە فلتەری قورئان پاڵفتە بکات و پاشان بۆ فێربوون و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی کردەوەکانی، ڕێگەی زۆرینەی موسڵمانان و باوەڕداران بگرێتە بەر. زۆرینەی باوەڕدارانیش ئەو کەسانەن کە ئەرکانەکانی ئیمانیان لە پێنج پلەدا دیاریکراوە و لە ئیمانیاندا شیرک بوونی نییە. شتێکی ئاشکرایە لەکاتێکدا کە لە ئیمانی کەسێکدا شیرک بوونی هەبێت، ئەوا ناتوانرێت تەنانەت پەیڕەوی لە کردەوەکانی بکرێت. پابەندیی و شوێنکەوتنی کردارییی کەسانی چاکەکار، پەیوەستە بە کەسانێکەوە کە خاوەنی عەقیدەیەکی تەوحیدین، پێچەوانە نین لەگەڵ عەقیدەی تەوحیدیدا و خۆشیان برەوپێدەری عەقیدەی تەوحیدین. بەسەرنجدان لەو تەوەر و چەمکانەی خرانەڕوو، چەندین نموونەی خوڕافیی کۆمەڵگەتان پێ ئاشنا دەکەین. تێکڕای ئەو خوڕافیاتانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە، تەنیا بەو هۆیەوە دروستبوون کە خەڵکی کردارە

بەندایەتییەکانی خۆیان لەگەڵ پێغەمبەردا بەراورد نەکردووە و لە بــواری عەقیــدەدا بە هەڕەمەکــی شــوێن قســەی هەر کەســێک کەوتوون.

خوڕافیاتی یەکەم، کە بەتوندی لە کۆمەڵگەدا ڕەواجی پێدراوە، بابەتی پرسە و پرسەدارییە. زۆربەی خەڵکی [بەتایبەت لە وڵاتـی ئێــران] (وەرگێــڕ)، لە ڕۆژانێکــی تــایبەتی ســاڵدا؛ وەکــو مــانگی موحەڕەم، یان ناوەڕاستی مانگی جۆزەردان(مانگی سێیەمی بەهار) جلـوبەرگی ڕەش دەپۆشــن و بە شــەقامەکاندا بڵاودەبــنەوە و پرســە دەگێــڕن. لەخـۆدان و خـۆ برینـداركردن، زنجیـر لە خـۆدان، دامـاڵینی ڕووخســار و هــاوارکردن و کردەوەکــانی ســەردەمی نەفــامی، کە کــردەوەی هاوبەشــدانەران و بتپارســتانبوو، دووبــارەی دەکەنەوە. کاتێـک ئیسـلام هات، ئەمـانە هەمـووی سڕانەوە و نەمـان، ئەوەبـوو بەداخەوە لە ســەردەمەکانی دواتــردا زینــدووکرانەوە. لە خــۆدان لە دینەکانی تریشدا، وەکو دینی مەسیحی، هەیە. هەندێک لە گرووپە لادەرەکــانی مەســیحی، باوەڕیــان وایە کە بە قــامچی و زنجیــر لەخۆدان، هاوبەشـی ڕەنـج و ئازارەکـانی عیسـا پێغەمـبەر دەکەن و گوناهەکانیــان دەبەخشــرێت. لە وڵاتــی ئێمەشــدا فەرمــوودەیەکی زۆری هەڵبەســتراو و ســاختە دروســتکراون کە بـۆ نمـوونە دەڵـێن: "هەر کەسێک لە ڕۆژی عاشورادا دڵۆپێـک فرمێسـک بڕێژێت، لە هەمــوو گوناهەکــانی دەبەخشــرێت". ئایــا تــا ئێســتا بیرتــان لەوە کــردۆتەوە کە ئــاخۆ ئەم فەرمــوودانە لەکوێــوە هــاتوون؟ ئایــا بە

بۆچـوونی ئێـوە کەسـێک کە بەدرێژایـی سـاڵێک تەواوی بەش و جۆرەکانی گوناهو تاوان ئەنجامدەدات و پاشان لە ڕۆژی عاشورادا دەست بە گریان و زاری و لەخۆدان دەکات، بەمکارەی گوناهەکانی خۆی پاک دەکاتەوە؟ ئەمە خەیاڵێکی بەتاڵە. لە کام بەشی قورئاندا خودای گەورە فەرموویەتی کە پرسە بە بەشێک لە کردەوەی چاک هەژماردەکرێت و پاداشتی هەیە؟ هیچ یەکێک لە کردەوە چاکەکان، بێجگە لە تەوبەی ڕاستەقینە کە هەتا کاتی مردن ناشکێت، شایەنی ئەوە نیـــیە و ناتوانێـــت کە بەیەکجـــاری گوناهەکـــانی مـــرۆڤ پاکبکاتەوە.

تەنـانەت یەک ئـایەتیش لە قورئانـدا نیـیە، کە لەسـەر پرسـە وەستابێت و بەگەورەیی باسی کردبێت. ئێمە کوێرانە بژاردەی ژیان و دوارۆژی خۆمان داوەتە دەست کەسانی فریودەر لەژێر جلوبەرگ و پۆشـاکی دیـنەوە و بەهـیچ شـێوەیەک دەربـارەی کردەوەکانمـان بیرنـاکەینەوە، لەژێـر فەرمـان و گـوێڕایەڵی ئەوانـداین. بەڕاددەیەک لە ئـیمان و کردەوەکانمـان دڵنیـاین، کە تەنـانەت بـۆ یەکجـاریش، گومـان لەو کـارانە نـاکەین کە ئەنجامیانـدەدەین. یەقیـنمان بەو کـــردەوانە هەیە کە بەردەوام ئەنجامیانـــدەدەین، بەجۆرێـــک وا ڕازانـدوومانەتەوە کە وادەزانـین باشـترین کـردەوەن لە دونیـادا. سەرنجی ئایەتەکەی خوارەوە بدەن:

وَعَادًا وَثَمُودَ وَقَد تَّبَيَّنَ لَكُم مِّن مَّسَاكِنِهِمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَكَانُوا مُسْتَبْصِرِينَ﴿٣٨﴾
{سورەتی(عنكبوت)، ئایەتی: ٣٨}

(٣٨) گەلــی عــاد و ســەموودیش خــودای گەورە لەنــاویبردن، بەدڵنیــاییی بۆتــان دەرکەوت لە شــوێن و ماڵەکانیانــدا چۆن خــودای گەورە لەنـاویبردوون، شـەیتان کـردەوە خراپەکـانی بـۆ ڕازانـدنەوە، ئەمەش ڕێگریـــانبوو لە ڕێـــگەی ڕاســـت و موســـڵمانبوونیان، شتەکانیشـــیان دەبینـــی، بەڵام هـــیچ ســـوودی پێنەگەیانـــدن. هەر گەلێـک کە کـردەوەی ناشرینیان لەبەرچاو جوان بێـت، بە قورسـی هیــدایەت وەردەگــرن، چــونکە دەمــارگیریی، عەقڵیــانی تووشـــی چەقبەستن(دۆگما) کردووە و وادەزانن بەدڵنیاییەوە باشترین کردەوە ئەنجامـدەدەن. هـیچ بیرمـان لەوە کـردۆتەوە پێغەمـبەری ئیسـلام کە سەرمەشـقی کـردەوەی چـاک بـووە، ئایـا بەدرێژایـی ژیـانی خـۆی پرسـەی گێـڕاوە؟ حەمـزەی مـامی (سـید الشـهداء) کە لە جەنگـی ئوحـوددا شـەهیدکرا و ئـازیزترین کەس بـوو لەلای پێغەمـبەر، ئایـا پێغەمبەر لەدوای شەهیدبوونی ئەو، لەخۆیدا، یان پرسەی بۆ گێڕا؟ پێغەمبەر(اهـل البیـت)، هـاوەڵان و شـوێنکەوتوان، هـیچ کامیـان تەنـــانەت لەکـــاتی بەخاکســـپاردنی جەنازەشـــدا شـــین و ڕۆڕۆ و لەخۆدانیان نەبووە، چ بگات بەوەی دوای ساڵانێکی زۆر لە کۆچی دواییـان، یان شـەهیدکردنیان، لەدوای ئەم هەموو ساڵە، پرسـەیان بۆ بگـرن. پێغەمـبەر(دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، لەسـەر بنچیـنەی دەستووری خودای گەورە، وەکو پێشـەنگ و سـەرچاوەی کردەوەی چاک ناسراوە، ئایا ئەو کردارانەی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەدا ئەنجامیـان دەدەیـن ئەو کـردارانەیە کە پێغەمـبەر ئەنجامیـداوە، یـان ئەوەیە کە

فەرمـانی پێکـردووە؟ بەداخەوە لەم سـاڵانەی دواییـدا ڕێوڕەسـمی پرسـەکان بەرفـراوانتر بـوون و بـاڵوەبێژان و پیاهەڵدەران بازاڕیـان گەرمـتر بـووە و لە شـیرک و بیـدعە و خورافیاتـدا کەمتەرخەمییـان نەکردووە. حەزرەتی حسێن(ڕەزای خودای لەسەر بێت)، بە زەینەبی خوشـکی فەرمـوو: "ئەی خوشـکی ئـازیزم، مـن سـوێندم داویـت، تـۆ وەفاداربە بەرامبەر سوێندەکەم. کاتێک کوژرام، یەخەت هەڵمەدڕە بۆم، ڕووخسارت مەڕنە و بۆ مەرگم شین و واوەیلا مەکە". خودای گەورە دەربارەی ئەو کەسانەی تووشی کارەساتی دڵتەزێن بـوون، دەفەرموێت:

الَّــذِينَ إِذَا أَصَــابَتْهُم مُّصِــيبَةٌ قَــالُوا إِنَّــا لِلَّهِ وَإِنَّــا إِلَيْــهِ رَاجِعُونَ﴿١٥٦﴾ أُولَٰئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ ﴿١٥٧﴾{سورەتی(بقرة)، ئایەتی: ١٥٦.١٥٧}

(١٥٦)ئەو کەسانەی تووشی بەڵا و کارەساتێک دەبن و دەڵێن: ئـێمە هەر مـوڵکی خـودای گەورەیـن و هەموومـان بـۆ لای ئەویـش دەگەڕێینەوە. (١٥٧) ئەوانەی ئارامگرن لەسەر کارەسات، سەلامی خودای گەورەیان لەسـەر؛ واتە خـودای گەورە لێیـان خۆشـدەبێت و لەلای فریشـتەکان ستایشـیان دەکـات، خـودای گەورە هیـدایەتیان دەدات.

بەدرێژایی مێژوو، هیچ پێغەمبەرێک بۆ پێغەمبەری پێش خۆی پرسەی نەگێڕاوە، چونکە پرسە گێران نەک تەنیا بەشێک نییە لە

کــــردەوەی چـــاک، بەڵکـــو بەشـــێکە لەو کـــردەوانەی کە هاوبەشبڕیاردەران ئەنجامیـدەدەن و ئیسـلامیش نەهـی لێکـردووە. پرسە و شینی ئەمڕۆ، تەنیا گیرفانی پڕ لە پارەی ڕابەرانـی گـومڕا پارەدارتر دەکات. کەسانێک (ڕابەرانێک) کە نەک تەنیا خۆیان بە هۆکـاری کـردەوە شـیرکئامێزەکانیان دەچـنە دۆزەخەوە، ئەو گەل و هۆزەشی کە کوێرانە لاساییاندەکەنەوە، لەگەڵ خۆیان ڕاپێچی ناو ســزا و ئــازاری هەمیشـــەیی دەکەن. ئەو کەســانەی پابەنــدن بە پرسەگێڕانەوە، لە هەقیقەتدا فێڵ لە ناخ و دەروونی خۆیان دەکەن، چــونکە بــۆ بەدەســتهێنانی بەخــتەوەری لە دوارۆژ، دەبێــت لەم دونیـایەدا بەرگەی قورسـی عیبـادەتکردنی خـودای گەورە بگـرین. بەڵام ئەمجۆرە کەسانە وابیردەکەنەوە لەجیاتی زەحمەتکێشان هەتا تەمەن بمێنێت بۆ عیبـادەتی خـالقی خۆیـان، بە فرمێسـک ڕشـتن و لەخۆدان بۆ مەخلوقێکیتر، دەچنە ڕیزی چاکەکارانەوە. هیـوادارین لە کردەوە چاکەکانمانـدا، تەنیـا پێغەمبەر(دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، بکەیـنە سـەر مەشـقی خۆمـان و بـۆ شـوێنکەوتنی ڕێـگەی باوەڕدارانی دیکەش، ڕەچاوی مەرجی تێپەڕاندنی کردەوە و بیر و باوەڕەکان بە فلتەری قورئاندا بکەین.

خورافیـاتێکیتر کە لە کـۆمەڵگەدا ڕەواجێکـی زۆری پێـدراوە، بــریتییە لە فــاڵگرتنەوە. فــاڵ یەکێکـــی دیـــکەیە لەو کـــردەوە ڕەواجپێدراوانەی لە سەردەمی نەفامیدا هەبووە و ئیسلام بەتوندی ڕەتیکـــردۆتەوە و نەهیلێکـــردووە. بەداخەوە لەدوای ســـەردەمی

سەفەوییەکان ئەم کردەوە نەفامانەیە بۆ جارێکیتر جێگەی خۆی لەنێو خەڵکیدا کردەوە. ئەمڕۆ زۆرێک لە خەڵکی لە بابەتە زۆر گرنگەکانی وەکو: هاوسەرگیری، سەفەر، سەرمایەگوزاری و بڕیارە گرنگەکان، لەجیاتی ڕاوێژکردن و سوودوەرگرتن لە عەقڵ، پەنا دەبەنە بەر فاڵگرتنەوە. فاڵ یەکێکە لە ڕواڵەتەکانی شیرک، کە قورئان بەناوی(ازلام) باسیکردووە. (أزلام) کۆمەڵێک تیری لە دار دروستکراو بووە کە هاوبەشدانەرانی سەردەمی نەفامی بۆ بڕیاردان سوودیان لێوەردەگرت، (ئەم بارودۆخەی کە دەیخەینەڕوو دەتوانن لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا بەراوردی بکەن). لەسەر هەندێک لەو تیرانە نوسیبوویان: (أمر ربي)؛ واتە پەروەردگارم فەرمانیکرد. لەسەر هەندێکی دیکە نوسیبوویان(نهاني ربي)؛ واتە پەروەردگارم نەهی فەرموو، لەسەر تیرەکانیتر هیچیان نەدەنوسی. پاشان تیرەکانیان لەناو دەفرێکدا بڵاودەکردەوە، لەکاتی بڕیارداندا بە ڕێکەوت(گۆترە)، یەکێک لە تیرەکانیان دەردەهێنا و پەیڕەوی ئەو نووسینەیان دەکرد کە لەسەر تیرەکە نووسرابوو. ئەگەر تیرەکە هیچی لەسەر نەنووسرابایە، ئەوا بۆ جارێکیتر فاڵەکەیان دووبارە دەکردەوە. ئێستا سەرنجی ئەم لایەنە بدەن، مرۆڤی مۆدێرنی ئەمڕۆ لەکاتی بڕیاردان لەسەر کارێکی گرنگ، بە گۆترە قورئان دەکەنەوە، ئەگەر لەسەر دەستپێکی ئایەتەکە نووسرابێت(باش)، ئەوا کارەکە ئەنجامدەدەن، ئەگەر لە دەستپێکی ئایەتەکە نووسرابێت (خراپ)، ئەوا کارەکە ئەنجامنادەن. بەدەر لە گەڕانەوە

بۆ فەرمایشتی خودای گەورە، پشت بە تەسبیح و دیوانی(حافظ)و کۆمەڵێک کاغەزی یاری و...تاد، دەبەستن و فاڵەکەی لەسەر ئەنجامدەدەن. ئایا ئەمە هەر ئەو مرۆڤەیە کە خودای گەورە کردوویەتی بە جێنشینی خۆی لەسەر زەوی و فەرمانی پێکردووە کە بۆ هەر کارێک بیربکاتەوە و عەقڵ و ژیری بەکاربهێنێت؟ ئایا خودای گەورە لە قورئاندا گرەنتی ئەوەی کردووە کە لەکاتی ئەنجامدانی فاڵدا بڕیارەکان باشتر دەبن لەو کاتەی کە دەبوو تیایدا بیربکەنەوە؟ خودای گەورە هەمیشە و لە هەموو دینەکاندا بەتەنیا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە مرۆڤ بە بیرکردنەوە دەگاتە ئاستی پاکبوونەوە:

إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللَّهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ﴿٢٢﴾
{سورەتی(انفال)، ئایەتی: ٢٢}

(٢٢) خراپترین ئاژەڵ کە بەسەر زەویدا بڕوات لەلای خودای گەورە ئەو کەسانەن کە لە ئاست بیستنی هەقدا کەڕن، لاڵن لە ئاست گوتنی هەق، ئەو کەسانەن کە عەقڵیان نییە و ئیمان ناهێنن. خودای گەورە لە زیاتر لە سەد ئایەتی قورئانی پیرۆزدا مرۆڤی بانگهێشتکردووە بۆ بیرکردنەوە و تێفکرین لە کاروبارەکانی ژیان. هەمیشە ئەو کەسانەی تووشی سەرلێشێوان و گومڕایی دەبن، لە بیرکردنەوەیاندا لاسایی کەسانیتر دەکەنەوە. خودای گەورە لە قورئاندا، فاڵ(أزلام)ی بە کرداری شەیتان ناوبردووە:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴿٩٠﴾ {سورەتی(مائدة)، ئایەتی:٩٠}

(٩٠) ئەی باوەڕداران بەدڵنیایی و بێگومان ئەمشتانە حەرامن: خواردنەوەی مەی، قومارکردن، ئەو بتانەی کە دەپەرستران، ئەو تیروپشکەی دەیانکرد لەسەردەمی نەفامیدا، کە قورئان بە(أزلام) ناویبردووە، ئەمانە هەمووی پیس و حەرامن و کردەوەی شەیتانن، بۆیە بە هەموو شێوەیەک لێی دووربکەونەوە، بەڵکو سەرفراز بن. لەکۆتاییدا خودای گەورە ڕێگا چارەیەکی خستە بەر دەستی ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی بابەتە ئاڵۆزەکانی ژیانیان بوونەتەوە و بەهۆی کەمیی زانست و زانیارییانەوە، باڵادەستنەبوون بەسەر ئەو بارودۆخەدا، یان بێتوانابوون لە بڕیاردانی دروست و ناتوانن ڕێگەچارەیەکی عەقڵانیانە بدۆزنەوە، ئەوا ڕێگەی ڕاوێژکردنیان بۆ پێشنیارکراوە.

وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ﴿٣٨﴾ {سورەتی(شوری)، ئایەتی:٣٨}

(٣٨) ئەو کەسانەی وەڵامی خودای گەورەیان داوەتەوە و نوێژەکانیان ئەنجامدەدەن و لەنێوان خۆشیاندا ڕاوێژ بە یەکتری دەکەن لەکاتی ئەنجامدانی کاروبارەکانیاندا و لەوەشی کە پێیان بەخشیون لەپێناوی خودای گەورەدا دەیبەخشن.

وَقُــلْ رَّبِّ اغْفِــرْ وَارْحَــمْ وَأَنــتَ خَــيْرُ الــرَّاحِمِينَ﴿١١٨﴾
{سورەتی(مئومنون)، ئایەتی: ١١٨}

(١١٨) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، بڵێ: ئەی پەروەردگار لێمخۆشبە و تاوانەکانم داپپۆشە و ڕەحمم پێبکە، تۆ باشترین خودای کە بە سۆز و بەبەزەیت بەرامبەر بە باوەڕداران.

# بەندی حەڤدەیەم

لە بەشی پێشوودا، بە باسکردن لە خورافیات دەستمانپێکرد.

لە دینە جیاوازەکانیتردا، هەر لە دینە ئاسمانییەکانی وەکو مەسیحی تا دینە مرۆڤکردەکانی وەکو بودایی، جۆرێک لە خورافیات بوونی هەبووە و هەمیشە لە مێژوودا جێی خۆی کردۆتەوە و بەتوندی کاری کردووە و بۆتە هۆی گومڕاکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی. لەدوای هاتنی دینی ئیسلام، خودای گەورە ئەم خورافیاتانەی لەناو باوەڕداراندا نەهێشت و پاکیکردەوە، بەڵام لەمڕۆدا وەک دەزانین و ئاگادارین ئەم خورافیاتەی سەردەمی نەفامی کە خراپترین کاریگەریی لەسەر عەقیدە و ئیمانی مرۆڤ داناوە، دووبارە لەنێوان خەڵکیدا سەریهەڵداوەتەوە و خەریکە جێی خۆی خۆشدەکات. ئەم خورافیاتەش گوزارشت لە بیروباوەڕی تاکەکان دەکات بە کاریگەربوونیان لە جگە لە خودا لە ژیانیاندا. ئەم خورافیاتانە لە وڵاتە جیاوازەکاندا بەشێوازی جۆراوجۆر دەبینرێت. بە چەند نموونەیەک ئەمە ڕوونەکەینەوە. لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا خەڵکی بیروباوەڕیان وایە ئەستێرەکان و خوولگەی گەردوونیی خاوەنی هێزێکی ئەوتۆن کە دەتوانن کاریگەری بکەنە سەر ژیانی مرۆڤ و هەڵبژاردنی خێر و شەڕ بۆی. تێکڕای بوونەوەر و دروستکراوە گەردوونییەکان بە ئەستێرە جیاوازەکانیشەوە دروستکراوی خودان و لەسەر بنەمای فەرمایشتی قورئان، تەنیا خودا توانای هەیە لایەنی خێر، یان شەڕ

بۆ مرۆڤەکان دەستنیشان بکات. ئەوەی کە مرۆڤ وابیربکاتەوە بەهۆی جووڵەی ئەستێرەکان، یان کردارە گەروونییەکانەوە دەتوانێت پێشبینی ئاینده بکات، تێڕوانینێکی تەواو هەڵەیە، چونکە لەسەر ئەم بنەمایە مرۆڤ ئەو باوەڕەی بۆ خۆی دروستکردووە کە توانای گۆڕانکاریکردنیان هەیە لە بارودۆخی جیهان و ئاگاداری زانستی نادیار(غیب)ن. هەموومان لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژانەدا کۆمەڵە گۆشەیەکی تایبەتمان بینیوە لەژێر ناوونیشانی بەخت و ئاینده، (کەلووەکان، بورجەکان)، «کۆمەڵە لاپەڕەیەکی زەردن کە ئایندەی مرۆڤ لەسەر بنەمای وێنە گەردوونییەکان(بورجەکان) دیاریدەکەن»، کە بەدڵنیاییەوە هیچکام لە ئێمە باوەڕمان بەوە نەبووە کە ئەمشتانەی لەم لاپەڕانەدا بڵاوکراونەتەوە ڕاستن. زۆر بەداخەوە دەتوانین بڵێین کە ئەمڕۆ کەسانێک هەن بڕوای تەواویان بەمشتانە هەیە. ئەمکەسانە باوەڕیان وایە کە ئەستێرە و وێنە گەردوونییەکان و جووڵەی خۆر و مانگ و...تاد، کاریگەری لەسەر ژیانیان هەیە و دەسەڵاتیان هەیە خێر و شەڕ بۆ مرۆڤ دیاریبکەن. لە زۆرێک لە دینەکانیتردا ئەم خورافیاتانەی کە خرانەڕوو، بە شێوازی جۆراوجۆر هەن. لە هەندێک لە ناوچە جیاوازەکانی دونیادا بۆچوونێکی وا هەیە کە لاشە سروشتییەکانی کەسە لە خاچدراوەکان، یان ناڵی ئەسپ، یان ئەستێرەی داود و...تاد، خاوەنی هێزێکی جادوویین و خێر و بەرەکەت بۆ ئەو کەسانە دەهێنن. خەڵکی ئەو ناوچانە ئەم بیروباوەڕانەیان بەشێوەی ملوانکە، یان دەستبەند بەکارهێناوە. تێڕوانینی قورئانی بۆ ئەم بابەتە ئاماژەیەکە بۆ:

مَّن يُصْرَفْ عَنْهُ يَوْمَئِذ فَقَدْ رَحِمَهُ وَذَٰلكَ الْفَوْزُ الْمُبِينُ﴿١٦﴾ وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بضُر فَلَا كَاشفَ لَهُ إلَّا هُوَ وَإِن يَمْسَسْكَ بخَير فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٧﴾وَهُوَ الْقَاهرُ فَوْقَ عِبَاده وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ ﴿١٨﴾ {سورەتی(انعام)، ئایەتی:١٦.١٨}

(١٦) هەر کەسێک لەو ڕۆژەدا سزای قیامەتی لەسەر لابچێت، ئەوە بەدڵنیایی خودای گەورە ڕەحمی پێکردووە و بۆ بەهەشتە، ئەمەش بردنەوەیەکی ئاشکرایە. (١٧) ئەگەریش خودای گەورە تووشی زیانێکت بکات، کەس ناتوانێت ئەوەت لەسەر هەڵبگرێت، خودای گەورە نەبێت، ئەگەر خودای گەورەش بیەوێت تووشی خێرێکت بکات، ئەوە هەر خودا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە. (١٨) خودای گەورە باڵادەستە بەسەر بەندەکانیدا و زۆر دانایە و خاوەنی زانیاری وردە. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەم خورافیاتانە شێوەی دیکەی وەرگرتووە. فاڵی نۆک و قاوەگرتنەوە، بانگکردنی ڕۆح، بەرد و خۆڵ و جادوو، پیرۆزکردنی ئارامگەکان و مردوانی وەکو: (پێغەمبەران و پیاوچاکان)، پیرۆز کردن یان(تبرک) کردن بە پارچە و کاغەز، پیرۆزکردن بە قورئان و ڕێچکە و مەزهەبەکان، پەناگرتن بە دار و درەخت و گۆڕی مردووەکان، داواکردن و پشتبەستن بە ملوانکە و دەستبەند و زۆر شتیتری برەوپێدراو. تەواوی ئەو شتانەی باسکران، لەلایەن قورئانەوە پووچەڵکراونەتەوە و بە شیرک هەژمارکراون. فاڵگرتنەوە، کە ئاماژەیەکە بۆ پێشبینیکردنی ئایندە و هەواڵدان دەربارەی پەنهان(غیب)، زیخ و جادوو ئاماژەیە بۆ کەسێک باوەڕی وابێت کە دەستێکی پەنهان جگە لە ویستی خودا، خێر و شەڕ بە خەڵک

دەگەیەنێت. لەسەر بنەمای قورئان، تەنیا خودای باڵادەست زانیاری تەواوی لەسەر نادیار و جیهانی سروشت هەیە، بۆیە لە ئیسلامدا فاڵگرتنەوە و زیخ و جادوو بەتەواوی پووچ و بەتاڵە:

وَعِندَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ﴿٥٩﴾ وَهُوَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُم بِاللَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِالنَّهَارِ ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ لِيُقْضَىٰ أَجَلٌ مُّسَمًّى ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴿٦٠﴾ **{سورەتی(انعام)، ئایەتی: ٥٩.٦٠}**

(٥٩) کلیلەکانی پەنهان(غیب) تەنیا لەلای خودای گەورەیە، هیچ کەسێک نایزانێت، تەنیا خۆی نەبێت، هەرچی لە وشکانی و دەریادا هەیە، خودای گەورە زانیاری بە هەمووی هەیە، گەڵای هیچ دارێک هەڵناوەرێت، خودای گەورە زانیاری پێی هەیە، هیچ تۆو و دانەوێڵەیەک نییە لە ناخی زەویدا، یاخود هیچ شتێکی تەڕ، یان وشک نییە لەسەر زەوی کە خودای گەورە زانیاری لەسەری نەبێت. (٦٠) خودای گەورە ئەو خودایەیە کە بە شەو دەتانخەوێنێت، زانیاری هەیە کە بەڕۆژ چ کردەوەیەکتان ئەنجامداوە لە چاک و خراپ، پاشان بە ڕۆژ بەئاگاتان دێنێتەوە بۆ ئەوەی کاتێکی دیاریکراوی خۆتان بەسەربەرن، پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای خودای گەورەیە، ئەو خۆی هەواڵتان پێدەدات بەو کردەوانەی ئەنجامتانداوە.

وێڕای ئەوەی کە خودای گەورە ئاگاداری گشت ڕووداو و

پێشـهاتە مـاددی و مەعنەوییەکـانی جیهـانە، هەر تەنیـا ئەویشـە دەتوانێت مرۆڤ لە کردەوە ئاشکرا و نهێنییەکانی ئاگاداربکاتەوە. لە قورئانـدا بـانگکردنی **ڕۆح** بەتەواوەتـی ڕەتکـراوەتەوە. لەسـەر بنەمـای قورئـان، ڕۆحـی تاکەکـان لەدوای مـردن دەگەڕێـتەوە لای خـودا و(دارالسـلام). لە ئـایەتی (٢٣)ی سـورەتی (مؤمنـون)دا بەشێوەیەکی گشتی باس لەوە کراوە کە پەیوەندی ڕۆح بە دونیاوە نامێنێت، (دەشێت جنۆکە دەستوەربدات لە دونیـای سروشتی، یان کەسـانێک پڕوپاگەنـدەی ئەوە دەکەن کە پەیوەنـدییان بە ڕۆحەوە هەیە، ئەوە ڕەنـگە پەیوەنـدییان بە جنـۆکەوە کردبێـت و خۆشـیان ئاگاداری ئەمە نەبن). پیرۆزکردن و پەناگرتن و پاڕانەوەش لە جگە لە خودا، بە دەرهاویشتەکانی شیرک هەژمار دەکرێت. لە قورئاندا چەندینجار ئەوە دووبارە بۆتەوە کە هەر خێر و شەڕێک بە مرۆڤ بگـات، تەنیـا لەلایەن خـوداوەیە و دەرئەنجـامی کـردەوەی مـرۆڤ خۆیەتی. قورئـان فەرمایشـتی خودایە و لەکاتێکدا دەبێـتە مـایەی ڕزگاری، کە کاری پێبکرێت.

بـابەتێکی دیـکەی گرنـگ کە لە وڵاتـی ئـێمەدا برەوپێـدراوە، نەفرینی پێشـینانە. نەفرینکردن(لعنة)؛ بەواتـای پچڕانـی ڕەحمەت و بەخششی خودا دێت. نەفرینکردن وەکو شمشێرێکی دووسەر وایە، ئەگەر کەسێک لەلایەن مرۆڤەوە نەفرەتی لێبکرێت و شایەنی ئەو نەفـرەتە بێـت؛ وەکو(شـەیتان)، ئەوە نەفـرەتەکە دەیگرێـت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە شـایەنی ئەو نەفـرەتە نەبێت؛ بـۆ نموونە(تەوبەی کردبێـت)، ئەوە ئەو نەفـرەتە دەگەڕێـتەوە بـۆ کەسـی نەفـرەتکەر. لەبەرئەوە ئامۆژگاریتـان دەکەیـن کە خۆتـان بەدووربگـرن لە

نەفرینی پێشینان، چونکە یەکەم، بۆ تێکڕای مرۆڤەکان، دەرگای تەوبە هەتا کاتی مردن کراوەیە و هیچ مرۆڤێک ئاگاداری تەوبەی مرۆڤەکانیتر نییە، دووەم، لە ڕۆژی قیامەتدا سەبارەت بە کردەوەی پێشینان پرسیار لە مرۆڤ ناکرێت.

تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١٣٤﴾ {سورەتی(بقرة)، ئایەتی: ١٣٤}

(١٣٤) ئەوانە ئوممەتێکبوون و ڕۆیشتن، چییان کردبێ لە چاکە بۆ خۆیانە و ئێوەش چیبکەن، بۆ خۆتانە، پرسیارتان لێناکرێت کە ئەوان چ کردەوەیەکیان ئەنجامداوە.

هەر بەو جۆرەی کە پێشتر خرایەڕوو، مرۆڤ هەمیشە بەندەی(الله) بووە و بەندەی جگە لە(الله) نەبووە. لە سەردەمی نەفامیدا کە کۆیلایەتی و بەندایەتی بۆ بتەکان برەوپێدرابوو، خەڵکی وەکو شانازیکردنێک بۆ بتەکان، منداڵەکانیان ناودەنا(عبدالهبل، عبدالمنات و...تاد). بەداخەوە لە ئەمڕۆدا ئەم ناولێنانانە ڕەواجی پێدراوەتەوە، بەڵام لەجیاتی دەربڕینی بەندایەتی بۆ بتەکان، بەندایەتی بۆ کەسەکان جێیگرتۆتەوە؛ وەکو(عبدالنبي، عبدالحسین، عبدالحسن، و...تاد). هیچ یەکێک لە پێشەوایان و پێغەمبەران ئەم ناوانەیان بۆ منداڵەکانیان هەڵنەبژاردووە. جوانترین ناوەکان لەلای خودای گەورە، (عبدالله، عبدالرحمن)ە، چونکە ئێمە هەموومان بەندەی خودای بەرز و بڵندین و بەندەی هیچ دروستکراوێک نین.

نَبِّئْ عِبَادِي أَنِّي أَنَا الْغَفُورُ الرَّحِيم ﴿٤٩﴾ وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ

الْعَذَابُ الْأَلِيمُ﴿٥٠﴾ {سورەتی(حجر)، ئایەتی: ٤٩. ٥٠}

(٤٩) ئەی موحەممەد(درووودی خودای لەسەر بێت)، هەواڵبدە بە بەندەکانم کە بەدڵنیایی منم زۆر لێخۆشبوو و بەبەزەییم. (٥٠) وە بەدڵنیایی سزای من سزایەکی زۆر بەئێش و ئازارە.

عَالِمُ الْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ارْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ فَإِنَّهُ يَسْلُكُ مِن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ رَصَدًا ﴿٢٧﴾ لِّيَعْلَمَ أَن قَدْ أَبْلَغُوا رِسَالَاتِ رَبِّهِمْ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيْهِمْ وَأَحْصَىٰ كُلَّ شَيْءٍ عَدَدًا ﴿٢٨﴾ {سورەتی(جن)، ئایەتی: ٢٨.٢٦}

(٢٦) خودای گەورە زانای نهێنییەکانە و ئەو نهێنییانە بۆ هیچ یەکێک لە بەندەکانی ئاشکرا ناکات. (٢٧) تەنیا کەسانێکیش لە پێغەمبەران کە خودای گەورە لێیان ڕازییە، هەندێکجار(غیب)یان نیشاندەدات، لەگەڵ ئەوەشدا لەپێش دەست و لەدواشەوە فریشتەکان پاسەوانێتییەکی قورس دەگرن، نەوەکا شەیتان و جنۆکەکان شتێک لەو وەحییە بدزن و بیگەیەننە دەمی فاڵچییەکان. (٢٨) تاکو پێغەمبەر بزانێت کە پێغەمبەرانیتر پەیامی خودایان گەیاندووە، یان خەڵکی بزانن کە پێغەمبەران پەیامی خودایان گەیاندووە، لەمڕووەوە فریشتەکان دەوری پێغەمبەران دەدەن لەکاتی هێنانی وەحییەکەدا، خودای گەورەش هەموو شتێکی سەرژمێری کردووە.

# بەندی هەژدەیەم

لەم بەشەدا بابەتێکمان بۆ هەڵبژاردوون، ئەویش بەدەوری چوار چەمکی کلیلی قورئانیدا دەخولێتەوە: (إله) ،(رب) ،(عبادة) ،(دين)، کە ئەویش لە پەرتووکی(إصطلاحات أربعة)ی قورئانی پیرۆز وەرگیراوە. کە بەرهەمی پێشەوا(ابو الأعلى مودودی)یە. نووسەری ئەم پەرتووکە لە یەکەمین بەشی پەرتووکەکەدا ئەوەی خستۆتەڕوو کە وشە چوارینەییەکان، بنەما و بناغەی تێگەیشتنن لە قورئان و بەدەوری ئەم چوارینەیەدا دەسوڕێنەوە. تێگەیشتنی ورد لەم چوار وشەیە، ئاراستەی ژیانی زۆرێک لە مرۆڤەکانی دیاریکردووە.

گریمان کەسێکی ناموسڵمان داوای ڕوونکردنەوەی مانای ئەم چوار وشەیەی لێکردن، ئێوە چ وەڵامێکی دەدەنەوە؟ کاتێک کە قورئان بۆ عەرەبەکانی سەردەمی نەفامی دابەزی، ئەوان لە مەبەستی ئەم چوار وشەیە تێدەگەیشتن، بەڵام ئەمڕۆ لە هزری ئێمەدا جگە لە وێنەیەکی بێ زمان بۆ واتای ئەم وشانە، شتێکیتر جێی نابێتەوە.

لەدرێژەدا هەر چوار وشەکە ڕوونکراوەتەوە. بەوردی سەرنجی واتای قورئانیی هەر چوار وشەکە بدەن:

## <<إلـٰـه>>

لە قورئـانی پیـرۆزدا وشـەی (إلـه)ئەم واتایـانە دەگەیەنێـت: یەکەمـین شـت کە لە پەیوەنـدی عیبـادەت و ئیلاهییەتـدا گـرنگە، پێویسـتی و نیـازە. هەتـاوەکو مـرۆڤ بـۆ چارەسـەری کێشـە و گرفتەکانی، کەسێک بە خاوەنی هێز و توانا نەزانێت، ناکەوێتە نێو بیرکـردنەوە لە عیبـادەت؛ واتە دەبێـت کەسـێک هەبێـت کە بیپارێزێـت، ڕزگـاری بکـات و لە هەر جـۆرە مەینەتـی و پەرێشـانییەک دەریبهێنێـت. تـاکە پەرسـتراو و فەراهەمهێـنەری پێویسـتییەکان و وەڵامـدەرەوەی نـزا خـودایە، پێویسـتە لە هەمـوو پـێگە و پـلەیەک لەلامـان بەرزتـر بێـت و بەنـدە لە بڵنـدیی پـایە و دەسـەڵات و توانـای ئەو زاتە تێبگـات. ئەو وێنـانەی بەهـۆیەوە وشەی(الله) دەنەخشێنن و بەدیاری دەیدەن بە گوێی بەندەدا وەکو بەخششـێکی خـودایی؛ ئامـاژەن بـۆ چەمـک و وشـەکانی وەکـو: پەنادان، ئارامگرتن(ئارامی)، پێگە بەرز، باڵ ڕاخستن، خاوەن هێز و وزە، چـاکەخوازی بەنـدە، خاوەنـداربوون و زیکـری بـاڵا. عەرەبە دەشـتەکییەکانی سـەردەمی نەفـامی باوەڕیـان وابـوو خـالق و پەروەردگـارێکی بەدەسـەڵات بـوونی هەیە و ناویـان نـابوو (الله)، بەڵام لەپاڵ ئەو ناوەشدا باوەڕیان بە کۆمەڵێک خودایتر هەبوو. لە هەقیقەتدا بیروباوەڕیان لەسەر ئاستی خوداکانیتر بەوجۆرە بوو کە ئەوانە پەنـادەر یان(دخیـل)ن و گوفتـار و کـرداری ئەم خوداوەنـدانە لەلای(الله) پەسـەند دەکرێـت و بەهـۆی تکاکانیـانەوە لە

کارەساتەکان دووردەبین و دەپارێزرێین. ئەوان وێڕای ئەمەش، مرۆڤە مەزنەکانی خۆیان دەگەیاندە ئاست و پێگەی ئیلاهو هەر شتێک ئەوان وەکو شەرع دیاریان کردبێت، پەیڕەوییان لێکراوە و وایانزانیوە ئەم مرۆڤانە مافی ئەوەیان هەیە کە ئەمر و نەهی بکەن. لەسەر بنەمای قورئان، ئەم دەسەڵاتەی باسکرا، شایەنی بەش بەشکردن نییە و هەرگیز ناکرێت دەسەڵاتی بەدیهێنان بەدەست کەسێک بێت و فەرمانی دابینکردنی ڕزق و ڕۆزیش بەدەست کەسێکی دیکە بێت و دانانی سیستمی گەردوونیی خوولگەی خۆر و مانگ و زەویش بە فەرمانی کەسێکیتر بێت. شتێکی ئەستەمە کە دەسەڵاتی بەدیهێنان بەدەست کەسێک بێت، نەخۆش و شیفاش بەدەست کەسێکیتر بێت، ژیان و مردنیش بەدەست کەسێکی دیکە. سەرنجی ئەم ئایەتەی خوارەوە بدەن:

وَلَا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ ۘ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ ۚ لَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٨٨﴾ {سورەتی (قصص)، ئایەتی: ٨٨}

(٨٨) لەگەڵ نـاوی(الله)دا، لە خـودایەکیتر مەپـاڕێرەوە، لەبەرئەوەی هیچ پەرستراوێک بەهەق نییە جگە لە خودای گەورە، هەموو شتێک لەناو دەچێت و تەنیا زاتی پیرۆزی خودا نەبێت، حوکم و بڕیار هەر بۆ خودای گەورەیە و لەڕۆژی قیامەتیش تەنیا بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە.

خەڵکــی ســەردەمی نەفــامی لە ســەختییەکاندا، داوایــان لە پەرســتراوەکانیان دەکــرد و هاواریــان لێــدەکردن. هەروەهــا ئەو خودایانەی داوایان لێدەکردن، تەنیا لە جنۆکە و فریشتە و بتەکان نەبــوون، بەڵکــو لەنێــوان کەســە باشــەکاندا کە پێشــتر مردبــوون هەڵیانـدەبژاردن و باوەڕیـان پێـدەهێنان! ئەوان وابیریانـدەکردەوە کە پەرستراوەکانیان وەکو(بتەکـان، پیاوچاکـان)، توانایـان هەیە کە لە دونیــادا پێویســتییەکانیان بــۆ دابــین بــکەن و زانیارییــان پێبــدەن لەسەر ڕێژەی داهاتیان لە داهاتوودا. ئەو کەسەی خوداکەی خۆی لە(دون الله) دروســـتدەکات، دەچێـــت بە نـــزا و پـــاڕانەوە ڕووی تێـدەکات و سـەری بـۆ دادەنەوێنێـت و لە حزووریـدا دەوەسـتێت و قوربـانی و نەزر و نیـازی پێشکەشـدەکات. قورئـان سـەبارەت بەو پەرستراوانەیان کە لەدوای مردن لێیان دەپاڕانەوە، دەفەرموێت:

أَمْوَاتٌ غَيْرُ أَحْيَاءٍ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ﴿٢١﴾ {سورەتی (نحل)، ئایەتی: ٢١}

(٢١) ئەوانە مردوون و زیندوو نین، هەستیش بەوە ناکەن کەی زینـدوو دەکـرێنەوە و ئاگایـان لە هـیچ شـتێک نیـیە، چـۆن ئەمـانە دەکەنە هـاوبەش بـۆ خـودای گەورە. هەمـوو دروسـتکراوەکان لە خوداوەن و هـیچ هاوبەشـێکی لەم بـوون و گەردوونەدا نیـیە، تەنیـا ئەوە کە ڕزق و ڕۆزی خەڵکــی دەدات، تەنیــا ئەوە کە شــایەنی بیرلێکــردنەوەیە و هــیچ کەســێک لە دروســتکردنی جیهــان و هەڵسـووڕاندنی کاروبارەکانـدا هاوبەشـی نیـیە، بـۆیە هەڵەیەکـی

گەورەیە کە لە جــگە لە خــودا داوا لە کەســێکیتر بکرێــت. بەشێوەیەکی گشتی وشەی(إله) لەقورئاندا دەربارەی خودایەک خراوەتەڕوو کە تاکە بەدیهێنەر، تاکە ڕۆزیدەر، تاکە خاوەنی گشت بوونەوەر، تاکە خاوەنی ڕۆژی پاداشت و سزا، تاکە پەنادەر و وەڵامدەرەوەی نزای بەندەکان، تاکە فەرمانڕەوا، تاکە فریادڕەس، تاکە خاوەنی ژیان و مردنە.

## «رب»

لە قورئــانی پیــرۆزدا وشــەی(رب) بەم واتایــانەی خــوارەوە بەکارهاتووە:

١ـ ڕاهێنەر(مــربي)، کە بە هاوواتــای وشــەی(رب) دێــت و لە ئەستۆگری وەڵام و پێویستییەکانە و پەروەردگاری ڕاستەقینەیە. (رب)مەخلوقی خۆی ئەفراندووە و هەتا سەر سنووری کەماڵی خۆی پەروەردەی دەکات؛ (هەروەکو ڕاهێنەر و مامۆستایەک کە لە برەودان بە تواناکانی، قوتابییەکەی دەگەیەنێتە ئاستی کەماڵ).

٢ـ لە ئەســتۆگر؛ کە پــارێزەر و گەرەنتیکــار و ئاڕاســتەکەری چاکسازییە. (رب) هەمیشە خێرخوازی دروستکراوەکانی خۆیەتی و لە کارەساتەکان دەیپارێزێت.

٣ـ ســەرۆک و گەورەیە کە خەڵکــی بەدەوریــدا دەخــولێنەوە.

(رب)، حەشرکەری خەڵکییە لە ڕۆژی قیامەتدا.

٤ـ خاوەندار، یان خاوەن(ارباب)، کە بە هاوواتای وشەی(رب) دێت، سەرۆکێکی فرمانڕەوایە، سەرۆکێکی خاوەن هێز و دەسەڵاتە و فەرمانەکانی جێبەجێکراوە و دان بە گەورەییەکەیدا نراوە و خاوەنی بەرژەوەندی دروستکراوەکانێتی.

٥ـ فەرمانڕەوا، سەردار و خاوەن بڕاردە. بەکارهێنانی(رب) لە قورئاندا بەواتای پەروەردگار، کەماڵگەرا، لەئەستۆگر و چاکساز دێت، (واتای یەکەم و دووم).

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴿٢﴾ {سورەتی(فاتحة)، ئایەتی: ٢}

(٢) سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری بەدیهێنەری جیهانیان.

هەروەها:

قُلْ أَغَيْرَ اللَّهِ أَبْغِي رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيْءٍ ۚ وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا ۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴿١٦٤﴾ {سورەتی(انعام)، ئایەتی: ١٦٤}

(١٦٤) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: ئایا ئێوە داوام لێدەکەن کە جگە لە (الله) کەسێکیتر بکەم بە پەروەردگاری خۆم، لەکاتێکدا خودای گەورە پەروەردگاری هەموو

شتێکە، هەر کەسێکیش تاوانی خۆی نەبێت تاوانی کەسیتر ناخرێتە ئەستۆی، کەس باری تاوانی کەسێکیتر هەڵناگرێت. لە ڕۆژی قیامەت ئەوانەی خەڵکیان تووشی گومڕایی کردووە، تاوانی خۆیان و تاوانی ئەوکەسانەش هەڵدەگرن، بەبێ ئەوەی لە تاوانی خەڵکی کەمبکاتەوە، پاشان گەڕانەوەتان هەر بۆلای خودای گەورەیە. خودای گەورە لە ڕۆژی قیامەت هەواڵتان پێدەدات سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی لە دونیادا جیاوازی و ناکۆکیتان هەبووە لەسەری.

بەکارهێنانی(رب) لە قورئاندا؛ بەواتای کۆکەرەوە و حەشرکاریش دێت. (واتای سێیەم):

قُـلْ يَجْمَـعُ بَيْنَنَـا رَبُّنَـا ثُـمَّ يَفْـتَحُ بَيْنَنَـا بِـالْحَقِّ وَهُـوَ الْفَتَّـاحُ الْعَلِيمُ﴿٢٦﴾ {سورەتی(سبأ)، ئایەتی: ٢٦}

(٢٦) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، بڵێ: لە ڕۆژی قیامەت پەروەردگارمان کۆماندەکاتەوە، پاشان لەنێوانماندا بڕیاردەدات بەڕاستی و دادپەروەری، خودای گەورە بڕیاردەری هەقە و دادوەر و زانایە.

بەکارهێنانی(رب) لە قورئاندا، بەواتای خاوەندار(أرباب)، یاسادانەر و سەرپەرشتیکاریش دێت. (واتای چوارەم).

اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَٰهًا وَاحِدًا لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا

يُشْرِكُونَ ﴿٣١﴾ {سورەتی(توبة)، ئایەتی: ٣١}

(٣١) جوولەکەکـان زانایـان هەبـوو، گاورەکـان خوداپەرسـتیان هەبـوو، جـگە لە خـودای گەورە دەیانپەرسـتن، عیسـای کـوڕی مەریەمیشیان دەپەرست، لەکاتێکدا کە فەرمانیان پێنەکرابوو تەنیا ئەوە نەبێت بە تاک و تەنیا یەک خودا بپەرستن کە ئەویش خودای گەورەیە، هـیچ پەرسـتراوێک بە هەق نیـیە شـایەنی پەرسـتن بێـت جـگە لە زاتــی پیــرۆزی(الله)، خــودای گەورە زۆر لەوە پــاک و بێگەردترە کە ئەوان ئەو کەسانە دەکەن بە هاوبەش بۆی.

ئامـانج لە وشـەی(رب) لەم ئـایەتەدا، ئەو کەسـانەن کە خەڵکـی کردوویانن بە ڕێنماییکارێکی ڕەها و ملیان بۆ ئەمر و نەهییەکانیان کەچکـردووە و یاسـاکانیان پەیـڕەودەکەن و ئەو حەڵاڵ و حەرامەی دایانناوە جێبەجێی دەکەن، وادەزانن ئەم خودایانە لە خۆیاندا مـافی هەڵبژاردنیـان هەیە و لەجیـاتی (الله تعـالی) دەتـوانن ئەمـر و نەهـی بکەن.

بەکارهێنــانی(رب) لە قورئانــدا بەواتــای فەرمــانڕەوا، خــاوەن بژاردە(إختیار)، (واتای پێنجەم):

إِنَّ إِلَهَكُمْ لَوَاحِدٌ﴿٤﴾رَّبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَرَبُّ الْمَشَارِقِ﴿٥﴾ {سورەتی(صافات)، ئایەتی: ٤.٥}

(٤) بەدڵنیــایی خــودای ئێــوە تــاکە پەرســتراوێکە و زاتــی پیــرۆزی(الله)یە و تــاک و تەنیــا و بێهاوبەشــە. (٥) ئەو خــودایە،

پەروەردگـــاری ئاســـمانەکان و زەوی و ئەوەی لەنێوانیـــانە و پەروەردگاری ڕۆژهەڵاتەکانیشە.

هەروەها:

سُـــبْحَانَ رَبِّـــكَ رَبِّ الْعِـــزَّةِ عَـــمَّا يَصِـــفُونَ﴿١٨٠﴾ {سورەتی(صافات)، ئایەتی: ١٨٠}

(١٨٠) پـاكو بـێگەردی بـۆ پەروەردگـارت، ئەو پەروەردگـارەی خاوەن شکۆیە و دوورە لە هەموو ئەو وەسفە ناجۆرانەی کە کافران و هاوبەشبڕیاردەران دەیدەنە پاڵی.

قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ قُلِ اللَّهُ قُلْ أَفَاتَّخَذْتُم مِّن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ لَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ نَفْعًا وَلَا ضَرًّا قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِي الظُّلُمَاتُ وَالنُّورُ أَمْ جَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ خَلَقُوا كَخَلْقِهِ فَتَشَابَهَ الْخَلْقُ عَلَيْهِمْ قُلِ اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ ﴿١٦﴾ {سورەتی(رعد)، ئایەتی: ١٦}

(١٦) ئەی مـوحەممەد(دروودی خودای لەسـەر بێـت)، بە کافرەکـان بڵـێ: کـێ پەروەردگـاری ئاسـمانەکان و زەویـیە؟ بڵـێ: (الله)یە، کافرەکـانیش دەڵـێن: (الله)یە و دانیپێـدادەنێن، ئەی مـوحەممەد (دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، بڵـێ: ئێـوە دەزانـن دروسـتکەری

ئاسمانەکان و زەوی تەنیا(اللّٰه)یە، ئیتر بۆچی کەسانێکی دیکە دەکەن بە هاوبەش بۆ خودای گەورە، کە ئەو پەرستراوانە تەنانەت سوود و زیانیان بەدەست خودی خۆشیان نییە، ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: ئایا کوێر و بینا یەکسانن؟ یاخود ئایا تاریکییەکان و ڕووناکییەکان یەکسانن؟ ئەوا هاوبەشیان بۆ خودای گەورە بڕیارداوە، ئایا خوداکانیان وەکو خودای گەورە دەخولقێنن هەتا لێیان تێکچووبێت و نەزانن کێ خالق و دروستکارە و کێش مەخلوق و دروستکراوە؟! ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: تەنیا خودای گەورەیە کە دروستکاری هەموو شتێکە، تاک و تەنیا و بەتوانایە.

# بەندی نۆزدەیەم

## چاوپێخشـــاندنەوەیەکی ئوممەتـــانی پێشـــوو(گومڕا) لە پەیوەندییان بە چەمکی ربوبییەتەوە:

## گەلی نوح(سەلامی خودای لەسەر بێت)

کـــۆنترین ئـــوممەت کە قورئـــانی پیـــرۆز بەیـــانی کردبێـــت، ئـــوممەتەکەی نـــوحە. ئەو شـــتەی کە قورئـــان دەربـــارەی ئەم گەلە فەرموویەتی، ئەوەیە کە ئەوان نکوڵیـان لە پەروەردگار نەکردووە. گەلی نوح خودایان وەکو خالقی جیهان و(رب)، تەنیا وەکو واتای یەکەم و دووەم(پەروەردەکار، کەماڵگەرا، لە ئەستۆگر و چاکساز) لەلاپەسەند بوو.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ۖ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴿٢٣﴾ فَقَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن قَوْمِهِ مَا هَٰذَا إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيْكُمْ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَأَنزَلَ مَلَائِكَةً مَّا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِي آبَائِنَا الْأَوَّلِينَ﴿٢٤﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا

رَجُلٌ بِـهِ جِنَّـةٌ فَتَرَبَّصُـوا بِـهِ حَتَّـىٰ حِـينٍ﴿٢٥﴾ {سـورەتی(نوح)، ئایەتی: ٢٨.٢٦}

(٢٣) بەدڵنیایی ئێمە نوحمان بۆ لای گەلەکەی نارد. فەرمووی: ئەی گەلەکەم، ئێـوە بەتەنیـا عیبـادەتی خـودای گەورە بـکەن، لەبەرئەوەی جگە لە خودای گەورە هیچ پەرستراوێکیتری بەهەقتان نییە کە بیپەرستن، ئەوە بۆ تەقوای خودای گەورە ناکەن و خۆتان لە ئاگری دۆزەخ ناپارێزن. (٢٤) دەسەڵاتدارە کافرەکان لە گەلەکەی گوتیان: ئەمیش هیچ نییە، تەنیا مرۆڤێکە وەکو ئێوە، دەیەوێت فەزڵی خۆی بدات بەسەرتاندا و شوێنی بکەون، دەیانگوت: ئەگەر خودا ویستی لەسەر بوایە، فریشتەیەکی دەکرد بە پێغەمبەر و دەینارد، نەک ئەم پیاوە بنێرێت، لە باوک و باپیرانی پێشترماندا شتی وامان نەبیستووە کە لەناو مرۆڤدا کەسێک بکرێت بە پێغەمبەر. (٢٥) دەیانگوت ئەمە هیچ شتێک نییە، تەنیا پیاوێکە و شێت بووە و نازانێت چی دەڵێت، چاوەڕێبن هەتا ماوەیەکیتر کارەکەی دەردەکەوێت.

گەلی نوح(سەلامی خودای لەسەر بێت)، نکوڵیان لەوە نەکردووە کە خودای ئەوان(الله) بێت؛ کەواتە ململانێ و جیاوازی نێوان نوح و گەلەکەی چی بووە؟ نوح پێی دەگوتن: خودای گەورە پەروەردگاری جیهانییانە و هەر ئەویشە کە ئێوە و تێکڕای

جیهـــــانی بەدیهێنـــــاوە، هەر ئەوە وەڵامـــــی خواســـــت و پێداویســـتییەکانتان دەداتەوە و خـــودای ڕاســـتەقینەی ئێـــوەیە. خودایەکی تاک و تەنیا و بێ هاوبەشە و جگە لەو، هیچ کەسێک ناتوانێـت کێشـە و گرفتەکانتـان ئاسـانبکات و زیانەکـان لابـدات، یـاخود گوێبیسـتی نزاکانتـان بێـت و بەدەمیـانەوە بچێـت. لەبەرئەوە دەبێت بیپەرستن و تەنیا کڕنووش بۆ ئەو بەرن و سەری بۆ نەوی بکەن.

لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٥٩﴾
{سورەتی(اعراف)، ئایەتی: ٥٩}

(٥٩) بەدڵنیـایی ئـێمە نـوحمان نـارد بـۆلای گەلەکەی، فەرمـووی: ئەی گەلەکەم، بە تـاک و تەنیـا عیبـادەتی خـودای گەورە بـکەن و بیپەرستن، چونکە جگە لە خودای گەورە پەرستراوێکی دیکەتـان نییە شایەنی پەرستن بێت، ئەگەر بە تـاک و تەنیا عیبادەتی خودا نەکەن و هاوبەشـــی بـــۆ دابنـــێن، ئەوە لەبەر ئەو کارەتـــان مـــن لە ڕۆژێک دەترسم تووشتان ببێت کە سزاکەی یەکجار گەورەیە.

گەلی نوح(سەلامی خودای لەسەر بێت)، لەبەرامبەر ئەمکارەدا پێداگرییان دەکرد لەوەی گومانیـان لەوە نیـیە کە(اللە) خوداوەنـدی جیهانییـانە، بەڵام خـوداگەلێکی دیـکەش هەن کە دەستوەردەدەن لە سیسـتمی جیهـان و لەمـلایەنەوە ئـێمەش هەنـدێک لە گرفـت و

خواستەکانمان بەهۆی ئەوانەوە دێنە دی. عەقیدەی گەلی نوح ئەمە بوو کە پەروەردگار، تەواوی ئەم جیهانەی ئەفراندووە و خاوەنی زەوی و ئاسمانەکانە، بەڵام باوەڕیان بەوە نەبوو کە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی، تەنیا تایبەتە بە ئەو و گشت ڕێنمایی و ئاگادارکردنەوەکانی ئەوە کە تێکڕای کاروبارە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و شارستانی و سیاسی و سەرجەم کاروبارەکانی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە. ئەوان نەیاندەویست ئەوە پەسەند بکەن و دانیپێدابنێن کە دەبێت مرۆڤ تەنیا ڕێگەیەک هەڵبژێرێت کە پەروەردگار خستویەتییە بەردەمی و پەیڕەوی لەو یاسا و ڕەوشە بکات کە زاتی پاکی(الله) ناردوویەتی! گەلی نوح لەجیاتی ئەوە، پەیڕەوییان لە ڕێبەرانی ڕێگەی زانست و زانایانی دینی خۆیان دەکرد و وەکو پەرستراوێک دەیانپەرستن. نوح(سەلامی خودای لەسەر بێت) بەردەوام پێی دەگوتن: بە خودای تاک و تەنیا ڕازیبن و لەجیاتی ئەو بت و خودا خەیاڵییانەی دروستتانکردووە، بیپەرستن. خودایەک هەڵبژێرن کە خاوەنی تەواوی واتاکانی وشەی(رب) بێت.

قَالَ نُوحٌ رَّبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي وَاتَّبَعُوا مَن لَّمْ يَزِدْهُ مَالُهُ وَوَلَدُهُ إِلَّا خَسَارًا﴿٢١﴾ وَمَكَرُوا مَكْرًا كُبَّارًا﴿٢٢﴾ وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا﴿٢٣﴾وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا ۖ وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلَالًا﴿٢٤﴾
{سورەتی(نوح)، ئایەتی: ٢١.٢٤}

(٢١)نوح(سەلامی خودای لەسەر بێت)، فەرمووی: ئەی پەوەردگار ئەوان سەرپێچییان کردم و بەقسەیان نەکردم، خەڵکەکە شوێنی سەرکردە و دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندەکان کەوتن کە ئەمانە زۆریی ماڵ و منداڵیان شتێکی بۆ زیاد نەکردن، تەنیا گومڕایی و زیانمەندی نەبێت. (٢٢) نەخشە و پلانێکی زۆر گەورەیان دانا. (٢٣) دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندەکان بە خەڵکە ژێردەستەکەیان گوت: واز لە پەرستنی خوداکانتان نەهێنن، ئەو پێنج خودایەی کە دەیانپەرستن. واز لە پەرستنی(ود، سواع، یەغوث، یعوق، نەسر)مەهێنن. (٢٤) نوح(سەلامی خودای لەسەر بێت)، فەرمووی: ئەی پەروەردگار، دەسەڵاتدار و گەورەکانیان، یان ئەم بتانە خەڵکێکی زۆریان گومڕاکردووە، خودایە، ئەوەی کە ستەمکار و هاوبەشبڕیاردەرە، هیچ شتێکیان بۆ زیاد نەکەی، تەنیا گومڕابوون و زیانمەندیی نەبێت.

## گەلی هود(سەلامی خودای لەسەر بێت)

بەپێی تێڕوانینی قورئان، گەلی هودیش نکوڵییان لە بوونی خودا نەکرد، باوەڕیان بە پەروەردگار و ئولوهییەت هەبوو، بەڵام هاوشێوەی بۆچوون و بەرنامەکەی گەلی نوح، «رب»یان تەنیا وەکو واتای یەکەم و دووەم(پەروەردگار، کەماڵگەرا، لەئەستۆگر و چاکساز) لەلا پەسەند بوو. بابەتی ململانێ و ناکۆکی نێوان هود و گەلەکەی، هەمان ئەو بابەتەیە کە دەربارەی نوح و گەلەکەی بەیانکرا، بەڵگەی ئەم واتایەش بە دەقێکی قورئانی پشتڕاست

دەکەینەوە:

وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴿٦٥﴾ {سورەتی(اعراف)، ئایەتی:٦٥}

(٦٥) هەروەها بۆ لای گەلی عاد، خودای گەورە هود پێغەمبەری لە خۆیان بۆ ناردن. هود(سەلامی خودای لەسەر بێت)، فەرمووی: ئەی گەلەکەم، بە تاک و تەنیا عیبادەتی خودا بکەن و هاوبەشی بۆ بڕیار مەدەن، چونکە بەدەر لە(الله)، هیچ پەرستراوێکی دیکەی بە هەقتان نییە شایەنی پەرستن بێت، کەواتە بۆچی تەقوای خودا ناکەن.

بەو شێوەیە لەم ئایەتەوە ئەوە ڕوونبووەوە کە ئەوان باوەڕیان بە بوونی خودا هەبوو:

قَالُوا أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللَّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ﴿٧٠﴾ {سورەتی(اعراف)، ئایەتی: ٧٠}

(٧٠) گوتیان: ئایا تۆ بۆ ئەوە هاتووی کە ئێمە بە تاک و تەنیا خودای گەورە بپەرستین، داوای ئەوەمان لێدەکەی وازبێنین لەو خودایانەی کە باوک و باپیرانمان پەرستوویانە، ئەگەر تۆ لە ڕاستگۆیانی، ئەوا ئەو هەڕەشانە بهێنە پێشمان.

هەروەها لەم ئایەتەی خوارەوەدا، ئەوە خراوەتە ڕوو کە خودا(رب)ی گەلی عاد، کەسانێکی زیادەڕەو و دژە هەقبوون:

وَتِلْكَ عَادٌ جَحَدُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَعَصَوْا رُسُلَهُ وَاتَّبَعُوا أَمْرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ﴿٥٩﴾ {سورەتی(هود)، ئایەتی: ٥٩}

(٥٩) ئـا ئەوە گەلـی عـاد بـوون کە نکوڵییـان لە ئایەتەکـانی خودای گەورە کرد و ئیمانیان پێنەهێنا، هەروەها سەرپێچی هەموو پێغەمبەرانیـان کـرد، شـوێن هەمـوو کەسـێکی ملهـوڕ و خۆبەگەورەزان کەوتن.

## گەلـی ساڵـح(سەلامی خودای لەسەر بێت)

گەلـی سـاڵح لە گـومڕاترینی ئەو گەلانە بـوون کە لە قورئـانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکراوە. ئەم گەلەش ئاستی گومڕاییان هاوشێوەی چیرۆکی گومڕایی گەلی نوح و هود بوو، کە پێشتر باسکران. ئەوان (رب)یـان تەنیـا بە واتـای یەکەم و دووەم؛ واتە(پەروەردگـار، کەماڵگەرا، لەئەستۆگر و چاکساز) پەسەند کردووە. ئەوان هەرگیز نکوڵییان لە زاتی(اللە) وەکو بەدیهێنەری تەواوی جیهان نەکردووە و لەمڕووەوە خودای گەورەیان پەرستووە و کڕنووشیان بۆ بردووە، تەنیا شتێک کە نکوڵییـان لێدەکرد، هەمـان ئەو بـابەتی تەوحیـدە بـوو، ئەوەی کە پێویسـتە بەتەنیـا خـودا بپەرسـتن، ڕبـوبییەت بەگشـتی و فراوانـی، تـایبەتە بە(اللە)و ئیشـتراکیی نیـیە. ئەوان شێلگیرانە سووربوون لەسەر ئەوەی کە بەدڵنیایی، دەبێت ئیمان بە

چەند پەرستراوێکی دیکەش بهێنن، هەتاکو خودا لێیان ڕازی بێت. باوەڕیـــان بەوە هەبـــوو کە ئەو پەرســـتراوانەی هەڵیـــانبژاردوون، گوێبیســـتی نزاکـــان دەبـــن و خواســـت و پێویســـتییەکانی مـــرۆڤ دەهێننەدی. لەمڕووەوە دەبێت تەنیا ئەو شتانە جێبەجێبکرێت کە بریتین لە ئامۆژگاری و ڕێنمایی پێشەوایان و ڕێبەرانی دین. دەبێت لەوانەوە فێـــری یاســـای ژیـــان و ڕەوش و شـــێوازی ژیـــان بـــبن، ئەمکـــارەش لەکۆتاییـــدا بەرەو ئاقـــاری خراپەکارییـــان دەبـــات و تووشی سزای سەختی خوداییان دەکاتەوە. سەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوە بدەن:

وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُّجِيبٌ﴿٦١﴾ قَالُوا يَا صَالِحُ قَدْ كُنتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَٰذَا أَتَنْهَانَا أَن نَّعْبُدَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ﴿٦٢﴾ {سورەتی(هود)، ئایەتی: ٦١.٦٢}

(٦١) بـــۆ لای گەلـــی ســـەموود، ســـاڵح پێغەمبەرمـــان نـــارد، کە ئەویش هەر لە خۆیانبوو، پێی گوتن: ئەی گەلی خۆم، بە تاک و تەنیـــا عیبـــادەتی خـــودای گەورە بـــکەن، چـــونکە جـــگە لە زاتـــی پیرۆزی(اللە)، هیچ پەرستراوێکی تری بەهەقتان نییە کە شایەنی

پەرستن بێت، هەر ئەو خودایەیە کە ئێوەی لە زەوی دروستکردووە و داوایلێکردوون سەر زەوی ئاوەدانبکەنەوە. داوای لێخۆشبوون لە خودای گەورە بکەن، پاشان بۆ لای خودای گەورە بگەڕێنەوە و تەوبە بکەن، بەدڵنیاییی پەروەردگارم زۆر نزیکە بۆ وەڵامدانەوەی نزا و پاڕانەوەکانتان. (٦٢) گوتیان: ئەی ساڵح، پێشئەوەی کە تۆ بانگەوازمان بکەیت بۆ خوداپەرستی(تەوحید)، لەناو خۆماندا هیوامان پێت هەبوو، کە ببیت بە سەردار و گەورەمان، بەڵام ئایا تۆ بەرهەڵستی و قەدەغەی ئەوەمان لێدەکەیت کە ئێمە عیبادەتی ئەو شتانە بکەین کە باوک و باپیرانمان عیبادەتیان بۆ دەکرد، ئێمە گومانمان هەیە لەوەی کە بانگمان دەکەی بۆ یەکخواپەرستی و لە گوماندایین.

## گەلی ئیبراهیم(سەلامی خودای لەسەر بێت)

لەپاش پێغەمبەر ساڵح، قورئان دەربارەی ئیبراهیم(سەلامی خودای لەسەر بێت) بۆمان دەدوێت. ئەوەی لەم گفتوگۆیەدا شایەنی گرنگیپێدانە، ئەو هەڵە تێگەیشتنەیە کە پەیوەندی بە نەمروودەوە هەیە، کە گوایە نکوڵی لە بوونی خودا کردووە و بانگەشەی خوایەتی بۆ خۆی کردووە. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە نەمروود باوەڕی بە بوونی پەروەردگار هەبووە و باوەڕی

هەبووە بەوەش کە بەدیهێنەری ئەم جیهانە خودای گەورەیە. بەڵام باوەڕی بە(رب) وەکو واتای سێیەم (کۆکەرەوە و حەشرکار) نەبووە و ڕبوبییەتی بە واتای چوارەم و پێنجەم(خاوەندار، یاسادانەر، سەرپەرشتیکار، فەرمانڕەوا و خاوەن بڕیاردە) پەسەندکردووە. ئەو باوەڕی وابوو کە خەڵکی، وەکو مەڕ وان، کە خێر و چاکەی خۆیان نازانن و ناتوانن ڕوونیبکەنەوە و دیاریبکەن، لەبەرامبەردا لەجیاتی(الله)، یاسای بۆ گەلەکەی دادەنا. ئەوەی کە لەو ڕووەوە گوتراوە، هەڵەیەکی دیار و بەناوبانگە، کە دەڵێن گەلی ئیبراهیم(سەلامی خودای لەسەر بێت)، خودایان نەناسیوە و باوەڕیان بە ڕبوبییەتی پەروەردگار نەبووە! دیسان پێویستە ئەوە بڵێین کە گەلی ئیبراهیم لەم بابەتە گرنگەدا، بچووکترین جیاوازییان لەگەڵ گەلی نوح و هود و ساڵحدا(سەلامی خودایان لەسەر بێت) نەبووە، چونکە خودایان دەناسی و درکیان بەوە دەکرد کە بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانەکان و پایەی بوونەوەر، خودای بەرز و بڵندە و لەبەرئەوە دەبێ بیپەرستن. هۆکاری گومڕایی و تاوانبارییان ئەمە بوو کە باوەڕیان وابوو ئەستێرەکانی ئاسمان و سروشت(خۆر و مانگ) لە ڕبوبییەتدا بەواتای یەکەم و دووەمی لەگەڵ پەروردگاری ڕاستەقینەدا هاوبەشن؛ واتە ئەوانیش لە دروستبوون و پێکهاتن و چاکسازیکردن لە بوونەوەردا بەشێکیان لە ئەستۆدایە و لەمڕووەوە ئەوەیان ئاشکرا دەکرد کە دەبێت

سووڕی گەردوون و تەنانەت بتەکانیش لە چەمکی ئولوهییەتدا لەگەڵ خودای تاک و بێهاوتادا هاوبەشبن.

وَحَاجَّهُ قَوْمُهُ قَالَ أَتُحَاجُّونِّي فِي اللَّهِ وَقَدْ هَدَانِ وَلَا أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِ إِلَّا أَن يَشَاءَ رَبِّي شَيْئًا وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ﴿٨٠﴾وَكَيْفَ أَخَافُ مَا أَشْرَكْتُمْ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَانًا فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالْأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴿٨١﴾ {سورەتی(اعراف)، ئایەتی: ٨٠-٨١}

(٨٠) گەلەکەشی کەوتنە دەمەدەم و شەڕە قسە لەگەڵیدا، دەربارەی یەکخوداپەرستی خودای گەورە، ئەویش فەرمووی: ئایا ئێوە مشتومڕ و دەمەدەمە لەگەڵ مندا دەکەن سەبارەت بە خودای گەورە، لەکاتێکدا کە خودای گەورە هاوبەش و هاوشێوەی نییە و هیدایەتی داوم بۆ ئەم تەوحید و یەکخواپەرستییە، من ناترسم لەو شتانەی ئێوە کردووتانن بە هاوبەش بۆ خودای گەورە، ئەوان ناتوانن زیانم پێبگەیەنن، تەنیا ئەگەر خودای گەورە خۆی زیانم پێبگەیەنێت، زانیاری خودای گەورە یەکجار فراوانە و دەوری هەموو شتێکی داوە، ئەوە بۆ بیرناکەنەوە. (٨١) چۆن من بترسم لەو بتانەی ئێوە کە هیچ سوود و زیانێکیان بەدەست نییە، ئایا ئێوە ناترسن لەو هەموو هاوبەشانەی بڕیارتانداون بۆ خودای گەورە،

لەکاتێکدا کە خودای گەورە هیچ بەڵگەیەکی نەناردۆتە خوارەوە لەسەر ئەوەی کە ئێوە هاوبەشی بۆ بڕیاربدەن، ئایا لەم دوو کۆمەڵە کامیان شایانترن بەوەی کە پارێزراو بن لە سزای خودای گەورە و نەترسن؟ ئەگەر ئێوە بەڵگەکان دەزانن و هەق و ناڕاست لەیەکتر جیادەکەنەوە.

لەتێکڕای ئەو گوفتارانەی ئیبراهیم(سەلامی خودای لەسەر بێت)و گەلەکەی، ئەوە دەردەکەوێت کە ئەو بەوشێوەیە گەلەکەی نەدەدواند، وەک ئەوەی نکوڵییان لە بوونی خودا کردبێت، بەڵکو ئیبراهیم پێغەمبەر(سەلامی خودای لەسەر بێت) کەوتبووە ناو گەلێکەوە کە کۆمەڵێک پەرستراویان(دون الله) لەگەڵ (الله)دا کردبوو بە هاوبەش و باوەڕیان وابوو کە پەرستراوەکانیان لە«ربوبییەتدا» بە واتای یەکەم و دووەم(پەروەردەکار، کەماڵگەرا، لەئەستۆگر و چاکساز) هاوبەشی خودان و لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو قورئان و سەرجەم فەرمایشتەکانی ئیبراهیمدا، گشت لایەنی لۆژیکی ئەو پێغەمبەرە، لە بواری بانگهێشتکردندا، لەسەر ئەو بنەمایە وەستابوو کە واتای ئولوهییەت و سیفەتی خودایی، تایبەتە بە خودا(سبحانه و تعالی).

## گفتوگۆی نێوان ئیبراهیم و نەمرووود لە قورئاندا:

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴿٢٥٨﴾

{سورەتی(بقرة)، ئایەتی: ٢٥٨}

(٢٥٨) ئایا نابینی ئەوەی کە ویستی بەڵگە بهێنێتەوە بەسەر ئیبراهیمدا سەبارەت بە بوونی پەروەردگار، کاتێک خودای گەورە سەروەت و سامانی پێبەخشیبوو، ئیبراهیم فەرمووی: پەروەردگاری من ئەو(اللّه)یەیە کە ژیان و مردنی بەدەستە، خەڵکی دەژێنێت و خەڵکی دەمرێنێت، نەمروودیش گوتی: منیش دەتوانم خەڵک بژێنم و خەڵک بمرێنم، ئیبراهیم فەرمووی: پەروەردگاری من خۆر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێنێ و لە خۆرئاواوە ئاوای دەکات، ئەگەر تۆ ڕاستدەکەیت، با بۆ سبەینێ، خۆر لە خۆرئاواوە هەڵبێت، بەڕاستی خودای گەورە هیدایەتی ستەمکاران نادات.

لە وتوویێژی نێوان ئیبراهیم(سەلامی خودای لەسەر بێت)، لەگەڵ نەمروود، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە بابەتەکە، بوون، یان نەبوونی (اللّه) نییە. نەمروود سەر بە گەلێک بوو کە باوەڕیان بە بوونی خودا هەبوو. نەمروود دەیگوت: مەملەکەتێک کە تیایدا

ئیبراهــیم بە تاکێــک لە تاکەکــانی هەژماردەکرێــت، لەڕێــگەی ڕبــوبییەتی مــنەوە بەڕێوەدەبرێــت. ئەڵــبەت پڕوپاگەنــدەی ئەو بــۆ«ڕبــوبییەت»، بە واتــای یەکەم و دووەم(پەروەردەکــار، کەمــاڵگەرا، لەئەســتۆگر و چاکســاز) نەبــوو، چــونکە ئەو خــۆی بـاوەڕی وابـوو کە ڕبـوبییەت بەم دوو مانـایە پەیوەستە بە خەلقـی زەوی و هەســــارەی گەردوونەوە. ئەو تەنیــــا ســــەبارەت بە مەمـلەکەتەکەی خـۆی پڕوپاگەنـدەی خـوایەتی کـرد، کە ئەویــش واتای چوارەم و پێنجەم بوو(خاوەندار، یاسادانەر، سەرپەرشتیکار، فەرمــانڕەوا و خــاوەن بــژاردە). بە واتــایەکیتر، ئەو داواکــاری خاوەنـدارێتی مەملەکەتـی خـۆی لە ئەسـتۆ بـوو و پڕوپاگەنـدەی ئەوەی دەکـرد کە سەرانسـەری خەڵکـی ئەم سـەر زەمیـنە کـۆیلە و فەرمــانبەرداری ئەون و هێــز و دەســەڵاتی ئەو، پــایە و بنــاغەی کۆمەڵگەیە و فەرمانەکانیشی دەستووری ژیانی مرۆڤە.

# بەندی بیستەم

## گەلی لوط(سەلامی خودای لەسەر بێت)

دوای بەسەرهاتی ئیبراهیم(سەلامی خودای لەسەر بێت)، لە قورئانی پیرۆزدا، دەچینە سەر بەسەرهاتی گەلێک کە خودای گەورە بۆ هیدایەتدان و چاکسازی تیایاندا، (لوط) پێغەمبەر(سەلامی خودای لەسەر بێت) کە برازای ئیبراهیم بوو، نارد. قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ئەم گەلە نکوڵییان لە بوونی خودای گەورە نەدەکرد و ڕازیبوون بە ڕبوبییەتی پەروەردگار بە واتای یەکەم و دووەم (پەروەدەکار، کەماڵگەرا، لە ئەستۆگر و چاکساز)، ئەوەی لەگەڵ بیروباوەڕی ئەواندا کۆک نەبوو، هەمان ئەو ڕبوبییەتەی خودای گەورە بوو، بە واتای سێیەم و چوارەم و پێنجەم(کۆکەرەوە و حەشرکار، خاوەندار، یاسادانەر، سەرپەرشتیکار، فەرمانڕەوا و خاوەن بژاردە!) ئەوان ئارەزوویان دەکرد کە ئازادییەکی ڕەها و بێ کۆت و مەرجیان هەبێت و لەگەڵیشیدا پەیڕەوی لە خواست و ئارەزووی دەروونیان بکەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا گەورەترین لادانە کە گەلی(لوط)ی (سەلامی خودای لەسەر بێت) تووشی لەناوچوون کرد. قورئانی پیرۆز دەفەرموێت:

وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ الْعَالَمِينَ﴿٢٨﴾ أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ وَتَقْطَعُونَ السَّبِيلَ وَتَأْتُونَ فِي نَادِيكُمُ الْمُنكَرَ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلَّا أَن قَالُوا ائْتِنَا بِعَذَابِ اللَّهِ إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ﴿٢٩﴾ {سورەتی(عنكبوت)، ئایەتی: ٢٨. ٢٩}

(٢٨) (لوط)یش کاتێک بە گەلەکەی گوت: ئێوە بەدڕەوشتی دەکەن، بەشێوازێک کە پێش ئێوە هیچ کەسێک لە جیهاندا ئەو کردەوە خراپەی نەکردووە، کە نێربازییە. (٢٩) ئایا ئێوە نێربازی دەکەن و ڕێ لە خەڵکی دەگرن بۆ ئەوەی ئەو کارە خراپەیان بەزۆر لەگەڵدا بکەن، یاخود چەتەیی و ڕێگری لە خەڵکی دەکەن و دەیانکوژن و ماڵیان بەناهەق دەخۆن، هەروەها لە شوێنی دانیشتنەکاندا کاری خراپ دەکەن، وەڵامی گەلەکەی هیچ شتێک نەبوو تەنیا ئەوە نەبێت کە گوتیان: ئەگەر ڕاستدەکەی تۆ پێغەمبەری خودای، با سزای خودای گەورەمان بۆ بێت، ئەگەر تۆ لە ڕاستگۆیانی.

ئایا شتێکی لۆژیکییە کە وەڵامی دەستەیەک بەو جۆرە بێت و نکوڵی لە بوونی خوداش بکەن؟ دەبێت بڵێین: نەخێر، چونکە ئەوان نکوڵییان لە بوونی خودا نەکردووە، بەڵکو ئەو لادانەیان لە واقیعدا ئەمە بوو کە لەگەڵ بوونی ئیمان بە خودا(جل جلاله)، لەوەی کە لەسەروو جیهانی سروشتەوەیە، ئارەزوویان نەدەکرد و نەیاندەویست پەیڕەوی لە بەرنامە و دەستوورە ئەخلاقی و

کـۆمەڵایەتی و شارسـتانییەکانی خـودای گەورە بـکەن و شـوێن پێغەمبەر(لوط) (سەلامی خودای لەسەر بێت)، بکەون.

## گەلی شوعەیب(سەلامی خودای لەسەر بێت)

خودای تەعالا، پێغەمبەر شوعەیبی بەرەو مەدیەن و ئەیکە نارد. ئەوان لە وەچەکانی ئیبراهیم پێغەمبەر بوون، بەمشێوەیە پێویست ناکات سەبارەت بە چۆنێتی ئیمان و عەقیدەی ئەوان بدوێین، کە ئایا یەقینیان بە بوونی خودا و ئووهییەتی ئەو زاتە هەبووە یان نا؟ کۆمەڵ و گەلی شوعەیب (سەلامی خودای لەسەر بێت)، سەرەتا لەسەر بنەمای عەقیدەی ئیسلامی بەدیهات، دوای ئەوە وردە وردە بەرەو لەناوچوون ڕۆیشت و کاڵبووەوە و ڕەوش و ڕێگەی ژیانیان دۆخێکی خراپی بەخۆوە بینی. هەر بەو جۆرەی کە لە قورئانی پیرۆزدا بەباشی ئاماژەی پێکردووە، ئەم گەلە لەگەڵ تەواوی ناڕێکییەکانیان و ناشرینییەکانیاندا، پڕوپاگەندەی ئیمانیشیان هەبوو و شوعەیبیش(سەلامی خودای لەسەر بێت)، بەردەوام پێی دەگوتن: ئێوە کە بانگەشەی ئیمان دەکەن، ئەگەر هەر بەڕاستی کەسانێکی بەئیمانن، ئەوە بەو جۆرە بکەن کە دەیڵێین. ئەگەر گوفتاری شوعەیب و ئەو وەڵامانەی کە خەڵکی لەبەرامبەر بانگەوازەکەیدا دەیاندایەوە، ئەوە دەربخات کە گەلەکەی بەڕاستی ئیمانیان بە بوونی پەروەردگار و ڕبوبییەتی هەبوو، ئەوە لە دوو

لاوە لە گومڕاییدا بوون، چونکە باوەڕیان بە چەند پەرستراوێکی دیکەش هەبوو و دەیانپەرستن. لەئەنجامدا شێوازی عیبادەتەکانیان تایبەت و پووخت لەبەر خودا(سبحانە وتعالی) نەبوو. باوەڕیان وابوو کە ڕبوبییەت و ئولوهییەتی خودا، بچووکترین دەستوەردان لە ژیانی مرۆڤدا ناکات و بەوجۆرە لەکایەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئازاد و ڕەهادا خۆیان دەناساند(ئابوورییەکی خراپ)و هەر ڕەوش و شێوازێکیان بەلاوە پەسەند بوایە، دەیانخستەڕوو. قورئانی پیرۆز دەفەرموێت:

وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴿٨٥﴾ {سورەتی(اعراف)، ئایەتی: ٨٥}

(٨٥) بۆ لای مەدیەن کە شارێک بووە لە زنیک(مەعان) لەڕێگەی(حیجاز)، خودای گەورە پێغەمبەرێکی بۆ ناردن لە خۆیان کە شوعەیب بوو، ئەویش فەرمووی: ئەی گەلەکەم بەتاک و تەنیا عیبادەتی خودای گەورە بکەن و هاوبەشی بۆ بڕیار مەدەن، ئێوە بەڵگەی ڕوون و ئاشکراتان لەلایەن خوداوە بۆ هاتووە، هەمیشە با پێوان و کێشانەتان بە دادپەروەرانە بێت، کاتێک شتومەک بە خەڵکی دەفرۆشن، کەمیان بۆ دامەنێن، لەسەر ڕووی زەویشدا ئاشووب مەنێنەوە لەدوای ئەوەی کە خودای گەورە چاکسازی

تێداکردووە، ئەمە بۆ ئێوە باشترە، ئەگەر ئێوە ئیماندارن.

ئەم ئایەتەی خوارەوە بەڵگەیە لەسەر گومڕایی ئەم گەلە لەسەر بابەتی ڕبوبییەت و ئولوهییەت:

قَالُوا يَا شُعَيْبُ أَصَلَاتُكَ تَأْمُرُكَ أَن نَّتْرُكَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا أَوْ أَن نَّفْعَلَ فِي أَمْوَالِنَا مَا نَشَاءُ إِنَّكَ لَأَنتَ الْحَلِيمُ الرَّشِيدُ﴿٨٧﴾ {سورەتی(هود)، ئایەتی: ٨٧}

(٨٧) بە بێڕێزی و گاڵەتپێکردنەوە گوتیان: ئەی شوعەیب، ئایا نوێژکردنەکانت فەرمانت پێدەکات وازبێنین لە پەرستنی ئەو خودایانەی کە باوک و باپیرانمان دەیانپەرست، یاخود لە ماڵی خۆماندا بە ویستی خۆمان کڕین و فرۆشتن نەکەین؛ واتە فێڵی تێدا نەکەین و زیاد و کەمی لێنەکەین، بەگاڵتەپێکردنەوە دەیانگوت: بەڕاستی تۆ کەسێکی زۆر نەرمونیانی.

گەلی موسا(سەلامی خودای لەسەر بێت)

قسەگەلێکی بێمانایان داوەتە پاڵ فیرعەون. ئەوە ئاشکرایە کە فیرعەون نەک تەنیا نکوڵی لە بوونی خودا دەکرد، بەڵکو خۆی بۆ خۆی بانگەشەی ئولوهییەت و بەدیهێنانی دەکرد؛ واتە نەفامیی فیرعەون گەیشتبووە ئەو شوێنەی کە بە ئاشکرا لەناو گەلەکەیدا دەیگوت: من خالقی ئاسمانەکان و زەویم و نەفامیی گەلەکەشی گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە باوەڕیان بە پڕوپاگەندە و

بانگەشـەکانی دەکـرد، (دەنگـۆیەکی مێژوویـی). بەڵام هەقـیقەت و واقیعییەتـی مێـژوو، کە قورئـانی پیـرۆزیش پشـتگیری دەکـات، ئەمەیە کە گـومڕایی فیـرعەون دەربـارەی ئیلاهیـیەت و ڕبـوبییەت، لەگەڵ چـۆنێتی گـومڕایی نەمـروودا، جیـاوازییەکی نیـیە، فیرعەونییەکانیش خاوەنی هەمان گومڕایی گەلی نەمروودن، تەنیا ئەو ئیمتیـاز و جیـاوازییەی لەنێـوان ئەم دوو گـرووپەدا دەبینرێـت، ئەمەیە کە فیرعەونییەکـان وەکـو ئاتاجیـان بە زنجیـرە هۆکـارێکی سیاسـی، لەبەرامـبەر بەنـی ئیسـڕائیلدا، پابەنـدبوون بە دەمـارگیرییە تونـدەکانی خۆیـانەوە و بەمجـۆرە لە دڵەوە دانیـان بە بـوونی خـودا داناوە، بەڵام لەبەر ئەو ملهوڕی و نکوڵییە بێ بنەمایەی هەیانبوو، ئامادەنەبوون ئیمان بە ئولوهییەتی خودا بێنن. هەروەکو زۆرێک لە عەلمـانییە ماددەگەراکـانی سـەردەمی ئـێمە کە لە دڵەوە درکیـان بە بوونی خودا کردووە، بەڵام لەبەر هەندێک لە بەرژەوەندییە خەیاڵی و ناڕوونەکانیـان، دانـی پێـدانانێن. کاتێـک یوسـف پێغەمبەر(سـەلامی خـودای لەسـەر بێـت)، فەرمـانڕەوایەتی خەڵکـی میسری گرتە دەست، بەتەواوی هێز و توانای خۆیەوە هەوڵیدەدا و لەڕێـگەی بڵاوکـردنەوەی دینـدا وزە و تواناکـانی خسـتەگەڕ و لە میسـڕدا هەتـا سـەدەکانی دواتـریش کـاریگەرییەکی قـوڵی بەجێهێشـت، کە هـیچ کەسـێک نەیتـوانی ئەو کەریگەریـیە بسـڕێتەوە. بـزوتنەوە و جـووڵە و کردارەکـانی بانگەشـەی دینیـی، هێنـدە بەهێـز و ڕیشـەدار بـوو، کە هەمـوو خەڵکـی لەڕێـگەیەوە

خـودای گەورەیـان ناسـی و زانییـان بەدیهێـنەری ئاسـمانەکان و زەوی(الله)یە. ڕاسـتییەکەی ئەوەبـوو کە دروشـم و ڕێنمایـی و ئامۆژگارییەکانی دین لە ڕۆحییەتی خەڵکی میسڕدا بەچەشنێک جێـی خـۆی کردبـووەوە، کە میسـڕییەکان خودایـان بە بەرزتـر لە هەمـوو شـتێک و بڵنـدتر لە جیهـانی سروشـت دەزانـی. لە خـاکی میسـڕدا تەنـانەت یەک کەسـیش نەبـوو نکـوڵی لە ئولـوهییەتی پەروەردگار بکات و ئەوکەسانەشی کە لەو سەردەمەدا شانازییان بە کوفری خۆیانەوە دەکرد، ئەوانە بوون کە لە ئولوهییەتی خودادا (سبحانە وتعالی) هاوبەشیان دادەنا؛ وەکو: (ئاموون، ست،...تاد)، ئەمە بەجۆرێک کاریگەری لەسەر ڕۆحییەتی دینیی خەڵکی میسڕ دادەنا، هەتا ئەوکاتەی موسا(سەلامی خودای لەسەر بێت) نێردرا. پایە و بنەمای گشت پڕوپاگەندەکانی فیرعەون لەسەر بنچینەیەکی دەمارگیریی میللی توند وەستابوو، چونکە لەسەردەمی یوسفدا( سـەلامی خـودای لەسـەر بێـت)، فێرکـاری و ڕێنماییەکـانی ئیسـلام ـ[مەبەست ئەو دروشـم و ڕێنماییـانەیە کە لەو سـەردەمەدا لەگەڵ دینی ئیسلامدا یەکانگیر و هاوشێوە بوون] (وەرگێڕ)، سەرانسەری خـاکی میسـڕی گرتبـووەوە و بەو دیباجـانەی کە یوسـف فەراهەمـی کردبـوو، بەنـی ئیسـڕائیل دەسـەڵاتی بەسـەر میسـڕدا گرتبـوو و ساڵانێکی دوور و درێژ حکومەتیان بەدەستەوە بوو، کە بەنزیکەیی سێسەد بۆ چوارسەد ساڵ فەرمانڕەوایی میسڕیان کرد. هەتا ئەوەی خەڵکـی میسـڕ هەسـتیان بە چینـایەتی و

ڕەگەزپەرستییەکی(ئاپارتاید) زۆر کرد و ئاگری سینەیان بڵێسەیدا و کارەکە گەیشتە ئەوەی کە حکومەتی بەنی ئیسرائیلیان ڕووخاند و دوای ئەوە فەرمانڕەوایەتییان گرتە دەست و حوکمڕانی کەوتە دەست خەڵکی میسر. وردە وردە بەتەواوی ویست و توانای خۆیانەوە لە ئیمپراتۆرییەتی بەنی ئیسرائیلیاندا و بەوەشەوە نەوەستان و دەستیان بۆ شوێنەوارەکانی سەردەمی یوسف پێغەمبەر برد.

گشت میلاک و شوێنەوارەکانی یوسفیان لەناوبرد و دیانەت و دروشم و ڕەفتارەکانی سەردەمی نەفامییان زیندووکردەوە، بەمجۆرە موسا(سەلامی خودای لەسەر بێت) لە بارودۆخ و سەردەمێکی وەهادا ڕەوانەکرا. خەڵکی میسر لەترسی ئەوەی بەنی ئیسرائیل هێز و توانای خۆی جارێکتر بۆ بگەڕێتەوە و فەرمانڕەوایەتی خەڵکی میسر بکاتەوە، لەگەڵ موسادا کەوتنە دەمارگیرییەکی توندەوە و ملیان بۆ پەیامەکەی کەچ نەدەکرد و گوێڕایەڵ نەبوون.

فَلَمَّا جَاءَتْهُمْ آيَاتُنَا مُبْصِرَةً قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴿١٣﴾ وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ﴿١٤﴾ {سورەتی(نمل)، ئایەتی: ١٣.١٤}

(١٣) کاتێک موسا چوو بۆ لای فیرعەون و گەلەکەی، ئەو ئایەت و پەرجوانەیان بەچاوی خۆیان دەبینی، بەڵام ئیمانیان پێنەهێنا

و گوتیـــان: ئەمە جـــادوویەکی زۆر ئاشـــکرایە. (١٤) هەروەهـــا لەڕوکەشـیدا نکوڵییـان لێکـرد، بەڵام لە نەفسـی خۆیانـدا یەقینیـان هەبوو کە موسا ڕاستدەکات و پێغەمبەری خودایە، بەڵام ستەمیان لە خۆیـان دەکـرد، ئەی مـوحەممەد(دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، بڕوانە و بزانە سەرەنجامی ئاشوبگێڕان چۆنبوو؟ چۆن خودای گەورە لەناویبردن.

مەبەستی سەرەکی فیرعەون لە پڕوپاگەندەکردنی بۆ ڕبوبییەت ئەوە نەبـوو کە بڵـێ، مـن خوداوەنـدی خـالقی زەوی و ئاسـمانەکانم؛ (پەروەردگـار، کەمـاڵگەرا، لەئەسـتۆگر و چاکسـاز)، بەڵـگەی ئەم بانگەشـەیەی لەپێنـاو هێشـتنەوە و چەسـپاندنی دەسـەڵاتی سیاسـی خۆیـدا ئەنجامـدەدا. ئەو تەنیـا ئولـوهییەتی سیاسـی بـوو، نەک ئولـــوهییەت بە واتـــای حـــیکمەت و بەڕێـــوەبردنی یاســـا و سیستەمەکانی سروشت و جیهان. گومانی وابوو کە پەروەردگاری خاکی میسڕ تەنیا خۆیەتی؛ واتە دەیگوت: هەڵسووڕێنەر و خاوەنی سەرتاسەری میسڕ و ئەوەشی کە تیایدایە، منم، جگە لە من، هیچ کەسـێک دەسـەڵاتداری ڕەهـای میسـڕ نیـیە، لەبەرئەوە پێویسـتە شەریعەت و یاساکانم جێبەجێ بکرێن.

وَنَادَىٰ فِرْعَوْنُ فِي قَوْمِهِ قَالَ يَا قَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَٰذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِن تَحْتِي أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴿٥١﴾
{سورەتی(زخرف)، ئایەتی: ٥١}

(٥١) فیرعەون لەناو گەلەکەیدا بانگیکرد و گوتی: ئەی گەلی من، ئایا موڵکی میسر هەمووی هی من نییە؟ من خاوەنی ئەو ڕووبارانەش نیم کە بەژێر کۆشک و تەلار و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتمدا دەڕوات؟ ئایا نابینن کە من چەند بەهێزم؟

هەروەها لە ئایەتەکەی خوارەوەدا هاتووە کە فیرعەون گەلی بەنی ئیسرائیلی بەرەو کۆیلایەتی بردووە. مەبەستیش لەم کۆیلایەتییە ئەوە نییە کە خەڵکی بەنی ئیسرائیل ناچاربن هەموو ڕۆژێک سوژدە بۆ فیرعەون بەرن و نوێژ و ڕۆژووی بۆ بگرن، بەڵکو مەبەست لە بەندایەتی لەم ئایەتەدا، گوێڕایەڵیکردنی بێ چەند و چوونی فەرمانەکانی فیرعەونە.

﴿وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ ﴿٢٢﴾ {سورەتی(شعراء)، ئایەتی: ٢٢}

(٢٢) ئەم نیعمەتەش کە منەت دەکەی بەسەرمدا، کە بە منداڵی گەورەتکردووم، ئەوە بابەتێکە، بەڵام باسی ئەوە ناکەیت کە هەموو بەنی ئیسرائیلت کردووە بە کۆیلە و خزمەتکاری خۆت و دەیانچەوسێنیتەوە، هەر ئەمەش وایکرد کە دایکم لەترسی ئەوەی کە تۆ نەمکوژیت، هەڵمبداتە ناو ڕووبارەکەوە و کەوتمە ژێر دەستت، ئێستاش منەت دەکەی بەسەرمدا. بەڵام بانگەوازەکەی موسا (سەلامی خودای لەسەر بێت) بووە هۆکاری ئەوەی کە ڕەگ و ڕیشەی جیاوازیی نێوان ئەو و فیرعەون ئاشکرا ببێت، ئەویش

ئەمە بوو، کە موسا بانگەوازەکەی لە واتای وشەی(رب)دا لە هەر پێنج ماناکەیدا و لە وشەی(الله)دا کورتکردبووەوە و دەیفەرموو: خودا، نەک تەنیا پەروەردگاری جیهانە، بەڵکو لە واتا و مەبەستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەشیدا، دەبێت تەنیا ئەو بپەرستین و عیبادەت و فەرمانبەرداری تایبەتی ئەو بین و لە تەواوی کاروبارەکانی ژیاندا، پەیڕەوی لە یاسا و ڕێنماییەکانی بکەین.

## جوولەکە و گەلی عیسا(سەلامی خودای لەسەر بێت)

بێگومان ئەوانیش نکوڵییان لە بوونی(الله) نەکردووە، بە ئولوهییەت و ڕبوبییەتی خوداش ڕازیبوون، چونکە قورئانی پیرۆز گەواهی لەسەر ئەوە دەدات کە ئەوان خاوەن پەرتووک(اهل الکتاب) بوون. هۆکاری گومڕابوونی ئەهلی کیتابیش ئەوە بوو کە بۆ یەکەمجار لە بابەتی قەدر و ڕێزگرتنی پێغەمبەران و پیاوچاکان و فریشتەکاندا زیادەڕەوییان کرد و لە ئاستی گونجاو و تایبەت بە خۆیان زیاتر بەرزیان کردنەوە، هەتا ئەوەی گەیاندیاننە ئاستی ئولوهییەت و شیرک بۆ خودا. باوەڕیان وابوو کە ئەوانە لە دانانی سیستەمی بوونەوەردا ڕۆڵیان هەیە، لەبەرئەوە شایەنی پەرستنن و دەبێت لە گرفت و کێشەکاندا پەنایان بۆ ببرێت! بەکورتی ئەوانە باوەڕیان وابوو کە ئەم کەسانە بەشێکیان لە بەهرەی ئولوهییەت هەیە و دەسەڵاتیان بەسەر بواری ئەودیو سروشت(ما وراء الطبیعة)دا هەیە.

وَقَالَتِ الْيَهُودُ عُزَيْرٌ ابْنُ اللَّهِ وَقَالَتِ النَّصَارَى الْمَسِيحُ ابْنُ اللَّهِ ذَٰلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَاهِهِمْ يُضَاهِئُونَ قَوْلَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن قَبْلُ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ﴿٣٠﴾ اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَٰهًا وَاحِدًا لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴿٣١﴾ {سورەتی(توبة)، ئایەتی: ٣٠. ٣١}

(٣٠) جوولەکەکان گوتیان: عوزێر کوڕی خودایە و گاورەکانیش گوتیان: عیسا کوڕی خودایە، ئەمە قسەی ئەوانبوو کە بە دەمیی دەیانگووت، بەبێ ئەوەی بیری لێبکەنەوە، ئەم قسانەیان هاوشێوەی قسەی بتپەرستان و کافرانی پێشوو بوو، خودا بیانکوژێ و نەفرەتی خودایان لێبێ، چۆن لەم هەقە لادەدەن و دەچنە سەر پووچی. (٣١) جوولەکەکان زانایان هەبوو، گاورەکانیش خوداپەرستیان هەبوو، ئەوان زانا و خوداپەرستەکانیان کردبوو بە پەروەردگار و لەجیاتی خودای گەورە دەیانپەرستن، عیسای کوڕی مەریەمیشیان دەپەرست، لەکاتێکدا بە تەنیا فەرمانیان پێکرابوو کە بە تاک و تەنیا یەک خودا بپەرستن کە ئەویش خودای گەورەیە، هیچ پەرستراوێک بە هەق نییە شایەنی پەرستن بێت، جگە لە زاتی پیرۆزی(الله)، خودای گەورە زۆر لەوە پاکترە کە ئەوان ئەو کەسانە بکەن بە هاوبەش بۆی.

ئەو کەسانەی کە ئەرکی پەروەردە و فێرکردنی دینیان لە ئەستۆ بـوو، کەم کەم ڕێڕەوێکیـان گـرتەبەر کە بە خواسـت و ئـارەزووی خۆیان فەرمان و بڕیاریان دەردەکرد؛ واتە ئەو شتەی کە ئارەزوویان دەکـرد، دەچـوون بەدڵـی خۆیـان حەرامیـان دەکـرد و ئەوەشـی پێیانخۆشـبوایە و بەرژەوەنـدی تێـدابوایە حەڵاڵیانـدەکرد. هەتـا ئەو جێگایەی کە بەبێ گەڕانەوە بۆ بەڵگە و پەرتووکی خودای گەورە، ڕێـگەی ئەمـر و نەهییـان نیشـانی خەڵکـی دەدا و یاسـایان دادەنـا. جـوولەکە و گـاور تووشـی خەیـاڵ و خوڕافیـات بـوون و ڕابەرانـی زانسـتی و مەزهەبییـان دەپەرسـت، کـار گەیشـتە ئەو جێگـایەی کە کەسانی داپڵۆسێنەر و ستەمکاریان دەپەرست!

## گەلی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)

هاوبەشـدانەرانی عەرەب نەک تەنیـا باوەڕیـان بە بـوونی خـودا هەبوو، بەڵکو خودایان بە خالقی تەواوی جیهانی بوون و خاوەنی دونیـا دەزانـی، بەتەواوی یەقینیـان بە ئولوهییەت هەبوو و خودایان بە تاکە سەرچاوە دەزانـی و لە کاتە سەخت و بنبەستەکاندا پەنایان بـۆ دەبـرد و داوای یارمەتییـان لێـدەکرد. بەو شـێوەیە دەربـارەی پەرسـتراوەکانی دیـکە، لەو بـاوەڕەدا بـوون کە ئەوانە بەدیهێـنەری جیهان و مرۆڤن و لەئەستۆگری ڕزق و ڕۆزیانن.

قُل لِّمَنِ الْأَرْضُ وَمَن فِيهَا إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴿٨٤﴾ سَيَقُولُونَ

لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴿٨٥﴾ قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ
الْعَرْشِ الْعَظِيمِ﴿٨٦﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴿٨٧﴾ قُلْ مَن
بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ
تَعْلَمُونَ﴿٨٨﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ﴿٨٩﴾
{سورەتی(مئومنون)، ئایەتی: ٨٤. ٨٩}

(٨٤) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: ئەم زەوییە و ئەوەی تێیدایە و ئەوەی لەسەرێتی موڵکی کێیە، پێم بڵێن، ئەگەر زانیاریتان هەیە و دەزانن؟(٨٥) دەڵێن: هەمووی موڵکی خودای گەورەیە، ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: کە ئەمە موڵکی خودای گەورەیە و هێندە بەدەسەڵات و تاک و تەنیایە لەموڵکدا، ئەی بۆچی بیرناکەنەوە و ئیمانی پێناهێنن و بە تاک و تەنیا ناپەرستن؟ (٨٦) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: کێ پەروەردگاری هەر حەوت ئاسمانەکان و پەروەردگاری عەرشی گەورەیە؟ (٨٧) دەڵێن: هەمووی موڵکی خودایە و خودای گەورە خاوەنێتی، ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: ئەی بۆچی تەقوای خودا ناکەن و خۆتان لە ئاگری دۆزەخ ناپارێزن؟ (٨٨) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: موڵکی هەموو شتەکان بەدەست کێیە و کێ ڕەفتار و مامەڵەی پێوەدەکات؟ ئەو پەنای هەموو کەس و شتێک دەدات، وە ئەگەر سزای کەسێک بدات، ئەوە کەس ناتوانێت پەنا و داڵدەی ئەو کەسە بدات، ئەگەر ئێوە دەزانن. (٨٩) دەڵێن موڵکی هەموو

شتێک تەنیا بەدەست خودایە، ئەی موحەممەد، پێیان بڵێ: ئەوە چیتانە دەڵێی جادووتان لێکراوە.

لادانی هاوبەشبڕیاردەرانی عەرەب هەر ئەوەیە کە گەلانی پێشووش پێیەوە گرفتار بوون؛ یەکەم، ئەوەی کە کۆمەڵێک پەیکەریان بەناوی ئیلاهەوە لەبابەتی ئەودیو سروشتدا داتاشیبوو، کردبوویانن بە هاوبەشی خودا و باوەڕیان وابوو کە فریشتە و مرۆڤە پاکەکان لەبەرژەوەندی گشتی و زاڵبوون بەسەر توانا و سیستەمەکانی بەدیهێنان و هۆکارەکانیدا باڵادەستن و دەستێوەردانیان تێدا دەکەن. دووەم، نەیاندەویست دان بەوەدا بنێن کە پەروەردگار، بە واتا سیاسی و شارستانییەکەشی (رب)ی تەواوی بوونەوەر و جیهانەکانە. هەر بۆیە لەمڕووەوە پێشەوایانی دینی و پیاوماقوڵانی خۆیان بە واتایەکی سیاسی و شارستانی هەڵدەسەنگاند و یاسا ژیاری و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی خۆیان لەوانەوە وەردەگرت.

## مرۆڤی ئەمڕۆ

بە گەڕانەوە و سەرنجدانمان لە بارودۆخی ژیانی ڕابردوو، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە دۆخی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ، لەگەڵ ژیانی گەلان و ئوممەتانی پێشوودا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. خەڵکی ئێمە لە ئەمڕۆدا خۆی بە موسڵمانی ڕاستەقینە دەزانێت. لەگەڵ ئەوەی دینی بەشێوەی لاساییکردنەوە(تقلید) لە باوک و

باپیرانییەوە وەرگرتووە، بەڵام هێشتا باوەڕی وایە کە باشترین ئوممەتی سەر زەوییە. لاساییکەرەوەکانی ئەمڕۆ وابیردەکەنەوە کە بەتەواوی ڕێچکەی ئەو ئیسلامەیان گرتووە کە پێغەمبەر موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت) هێناویێتی. خەڵکی ئەمڕۆ، (الله جل جلاله) بە تاکی ڕۆزیدەر، جێبەجێکار، پەنادەر و چارەساز دەزانن، بەڵام لەهەمانکاتدا، دروستکراوەکانی خودا(مخلوقات) دەکەن بە هاوبەشی خودا. خەڵکی ئەمڕۆ باوەڕیان وایە کە پیاوچاکانی پێشوو لە(پێغەمبەران، پێشەوایان و...تاد)، یاریدەدەری خودابوون و بەهۆی ئەم نزیکایەتییەوە شیفا، پێویستی، شەفاعەت و...تاد، لەلایەن خوداوە دێنن. خەڵکی ئەمڕۆ(رب)یان بەواتای یەکەم و دووەم و سێیەم (پەروەردەکار، کەماڵگەرا، لەئەستۆگر، چاکساز و حەشرکار) پەسەندکردووە، بەڵام لە واتای یەکەم و دووەم بۆ خودا هاوبەش دادەنێن، (هەندێک دەڵێن: خوداوەند لەبەر هەندێک کەسی تایبەت، بەدیهێنانی ئەنجامداوە). خەڵکی گومڕای ئەمڕۆ، خودا (رب)یان بەتەنیا لە واتای چوارەم و پێنجەمدا(خاوەندار، یاسادانەر، سەرپەرشتیار، فەرمانڕەوا و خاوەن بژاردە) پەسەند نەکردووە و پێیڕازینەبوون، چونکە بە چاو و گوێی داخراوەوە لە کاروباری دیندا لاسایی دەکەنەوە و زۆر بەکەمی بیردەکەنەوە. ئەوان خۆیان داوەتە دەست کەسانێک کە دەستوەردەدەن لە حەڵاڵ و حەرامی خودا و لەجیاتی خودا بڕیار لە چارەنووسی خەڵکی دەدەن. هەندێک لە پێشەوایانی

گومڕای ئەمڕۆش باوەڕیان وایە کە خەڵکی، خێر و چاکەی خۆیان نازانن و ناتوانن دیاریبکەن، بۆیە دەبێت ئەوان یاسایان بۆ دابنێن. خەڵکیش فۆڕمە دینییەکانی خۆیان بەبێ هیچ بەربەستێک خستۆتە بەردەستی ئەو کەسانە، چونکە بە تێگەیشتنی ئەوان، ئەمانە تەمەنێکیان لە دینداریدا گوزەراندووە و لەلای خودای گەورە شوێن و پێگەی خۆیان هەیە، لەکاتێکدا لە قورئانی پیرۆزدا خودای بەرز و بڵند فەرموویەتی:

وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ ۚ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَٰئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا ﴿٣٦﴾ {سورەتی(إسراء)، ئایەتی: ٣٦}

(٣٦) لە شکستیشدا کە زانیاریت نەبوو قسەی تێدا مەکە، [بەتایبەتی لە دیندا]، یان شایەتیی ناهەق مەدە، بەڕاستی ئامێری بیستن و بینین و دڵی مرۆڤ، هەموویان لە ڕۆژی قیامەتدا لەلایەن خوداوە پرسیاریان لێدەکرێت و خودا دەیانهێنێتە قسە.

هەر دەوڵەت و هێزێک بەناوی فەرمانی خوداوە سەربازی هێنابێت و بیەوێت لە زەوی خودادا خواستەکانی بهێنێتەدی و بەندەکانی خودا ناچاربکات کە ملکەچی فەرمانەکانی بن، تاغووتە. جا چ بە زۆرەملێ بێ یان بەڕێگەی ئاگادارکردنەوە و بانگەشەی فریودەرانەی خەڵکی بێت، جیاوازی نییە. بەهەر شێوازێک ئەگەر مرۆڤ خۆی بە هێزێکی لەو جۆرە بسپێرێت و وردە وردە بچێتە ژێر حاڵەتی فەرمانبەرداریەوە، ئەوا بێگومان

دەتوانرێــت بگــوترێ: کە ئەم کەســە عیبــادەتی «تــاغووت» و تاغووتگەراکانی کردووە. خەڵکی، ئەمیر و ڕابەرەکان بە خاوەنی ئەمــر و نەهی(ولــی امــر) دەزانــن، بەبــێ ئەوەی بەڵگەیەکــی حاشاهەڵنەگریان لەلایەن(الله)وە بـۆ هەمـوو ئەمکەسانە هێنابێـت، دەچن، پێ بە پێ فەرمان و ڕێنماییەکانیان جێبەجێدەکەن.

دەسـتەیەک بە پێغەمـبەری خودایـان(درووودی خـودای لەسـەر بێت)، گوت: "ئێمە عیبادەتی ڕابەران و پێشـەوایانی دینیی خۆمان ناکەین. پێغەمبەر(درووودی خودای لەسەر بێت)، فەرمووی: بۆچی؟ مەگەر پەیڕەوی لە دەستوور و فەرمانەکانیان ناکەن؟ ئایا ئەمە ئێوە نـــین، کە لە حەڵاڵ و حەرامـــدا، شـــوێنکەوتەی بۆچـــوونی زاناکانتـانن؟" لەکۆتاییـدا دەبێـت بگوترێـت ئەرکـی تێفکـرین و لێکـۆڵینەوە لە دینـدا، لە ئەسـتۆی هەمـوو مرۆڤێکـی بـاڵغ و ڕۆشـنبیردایە، بـۆ ئەوەی لە ڕۆژی قیامەتـدا پەنـجەی حەسـرەت و پەشیمانی نەگەزێت و بڵێت:

یَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ يَقُولُونَ يَا لَيْتَنَا أَطَعْنَا اللَّهَ وَأَطَعْنَا الرَّسُولَا﴿٦٦﴾ وَقَالُوا رَبَّنَا إِنَّا أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَاءَنَا فَأَضَلُّونَا السَّبِيلَا﴿٦٧﴾ رَبَّنَا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ وَالْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا﴿٦٨﴾ {سورەتی(احزاب)، ئایەتی: ٦٦.٦٨}

(٦٦) لەو ڕۆژەدا لەنـــاو ئـــاگری دۆزەخـــدا ڕادەکێشـــرێن و ڕووخسـار و دەموچاویـان ئەمـدیو و ئەودیـو دەکرێـت و هەمـووی

دەسوتێنرێت، ئەوانیش دەڵێن: خۆزگە لە دونیادا گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەیان بکردایە. (٦٧) هەروەها دەڵێن: ئەی پەروەردگار، ئێمە گوێڕایەڵی گەورە و سەرکردە و زاناکانی خۆمان کرد لەبابەتی خراپەدا، ئەوانیش گومڕایان کردین و لەڕێگەی ڕاست دەریانکردین. (٦٨) ئەی پەروەردگار سزایان بە دوو قات بدە، بەهۆی ئەو کوفرەی خۆیان و گومڕاکردنی ئێمە، هەروەها دەریان بکە لە بەزەیی خۆت، بەدەرکردنێکی زۆر گەورە.

هەر کەس و ڕابەرێک(پێشـــوایەک)، لەکاتێکـدا ملکەچـــی و فەرمانبەرداری فەرمانەکانی دەکرێت، کە قسە و فەرمایشتەکانی پێچەوانەی حوکمی خودای گەورە و دینـی ئیسـلام نەبێت، خودی ئەو ئەمیـر و سـەرۆکەش جێبەجێکـاری یاسـاکانی خـودا و دینـی ئیسلام بێت، چونکە:

## لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق.

ئەم سەر وتارە لە بەندی٢٤دا بەوردی خراوەتەڕوو.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيرًا مِّنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ۗ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴿٣٤﴾ {سورەتی(توبة)، ئایەتی: ٣٤}

(٣٤) ئەی بــاوەڕداران، زۆرێــک لە زانایــانی جــوولەکە و خوداپەرستی گاورەکان ماڵی خەڵکی بەناهەق دەخۆن، هەروەها ڕێگری دەکەن لە دینی خودای گەورە، ئەو کەسانەش کە زێڕ و زیو کۆدەکەنەوە و لەپێناو خودای گەورەدا نایبەخشن؛ واتە زەکاتی ماڵەکەیان دەرناکەن، مژدەیان پێبدە بە سزایەکی زۆر بەئێش و ئازار.

# بەندی بیست و یەک

## عیبادەت

لەدرێـژەی ڕوونکـردنەوەی چـوار وشـەکەی«إلـه، رب، عبـادة، دین»دا لێرەوە دەگەینە سەر پێناسەی تەوحیدیی عیبادەت. باشترین پێناسەی عیبادەتیش لەلایەن ئەبولئەعلای مەردودییەوە کراوە، کە دەفەرموێـت:«عیبـادەت؛ واتە ملکەچبـوونی کەسێک لەبەرامـبەر خـودای تـاک و تەنیـا و سـەردانەواندن و ڕازیبـوون بە ویسـت و ئیـرادەی ئەو، بەجۆرێـک کە هەرگیـز لەبەرامـبەر خواسـت و ویستی(الله)دا نەکەوێتە سەنگەری بەرگرییەوە و ڕووگرژ بکات، دەبـێ لە کردارەکانیـدا تەنیـا ڕەزامەنـدی خـودا پێشـبخات و لەسـەر بنەمـای ویسـت و ئیـرادەی ئەو کارەکـانی ئەنجامبدات». موسڵمانان لەم ڕاستییە بێئاگـان و عیبادەتیان بەتەنیـا لە نوێژ، زەکـات، ڕۆژوو و حەجـدا کـورتکردۆتەوە، ئەمە لەکاتێکـدا کە بیرکردنەوەکـانی مرۆڤ، ئارەزووەکانی مرۆڤ، نزا و سوپاسگوزاری و عیبادەتەکانی دیـکەی وەکـو: قوربـانی، نەزرەکـان، تەواف و ئیعتیکـافیش دەچـنە نێو بازنەی عیبادەتەوە.

لە ئیسلامدا بازنەی عیبادەت زۆر فراوانە و تەواوی ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە. تەواوی بەندایەتییەکان، فەرمانبەردارێتییەکان، نزاکان، پەرستشەکان، داواکارییەکان، بیم و هیواکان، بۆنە و دروشمەکان، بەگەورەزانینەکان، خۆشەویستییەکان، چاکەکارییەکان، بەخشینەکان، نەزرەکان، قوربانی، تەواف و ئیعتیکاف، پاڕانەوە و... تاد، لەگەڵ تێکڕای چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانە [بەدیاریکردنی ئامانج و مەبەست]، هەر هەموویان بە عیبادەت هەژماردەکرێن. پێویستە کە ئامانج و مەبەست، تەنیا خودا بێت و هەموو ئەو کاروبارانەی ئاماژەیان پێکرا تەنیا بۆ خودا بن، نەک شتێکی دیکە و کەسێکیتر. نییەت و فیکر و عەقیدەی مرۆڤ، عادەت لە عیبادەت جیادەکاتەوە. بۆ نموونە: خەوتن عادەتێکی ڕۆژانەیە، ئەگەر مرۆڤ بۆ لابردن و نەهێشتنی ماندوێتی، لە ڕۆژدا یەک کاتژمێر بخەوێت، لەم حاڵەتەدا تەنیا ئامانجە مادییەکەی کە بریتییە لە نەهێشتنی ماندوێتی، دێتەدی. ئەگەر عەقیدەی مرۆڤ بەرەو خودا ئاڕاستە بکرێت، ئەوا خەوتن کە خۆی لە خۆیدا عادەتێکە، دەگۆڕێت بۆ عیبادەت. بەمجۆرە وێڕای نەهێشتن و لادانی ماندوێتی، ئەو خەوتنە بە عیبادەت هەژماردەکرێت و پاداشتی لەسەر وەردەگیرێت. کەواتە بەشێوەیەکی گشتی عیبادەت ئاماژەیە بۆ بەندایەتی، فەرمانبەرداری و پەرستش.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴿٣٦﴾
{سورەت(نحل)، ئایەتی: ٣٦}

(٣٦) بەدڵنیاییی ئێمە بۆ گشت خەڵک و نەتەوەیەک، پێغەمبەرێکمان ناردووە، هەریەکە لەو پێغەمبەرانە بە خەڵکەکەیان گوتووە: ئەی خەڵکینە، بە تاک و تەنیا خودای گەورە بپەرستن و هاوبەشی بۆ بڕیارمەدەن و خۆتان دووربخەنەوە لە تاغووتەکان. لەوانە هەیانبووە خودای گەورە هیدایەتی داون لەسەر دەستی پێغەمبەران و هەشیان بووە گومڕایی بەسەریاندا زاڵبووە، لەبەرئەوەی شایەنی هیدایەت نەبوون؛ کەوایە بەسەر زەویدا بگەڕێن و پەند و ئامۆژگاری وەربگرن و بزانن سەرئەنجامی گەلانی پێشوو کە پێغەمبەرانیان بەڕاست نەزانیوە، خودای گەورە چۆن لەناویبردوون.

**بەندایەتی**؛ واتە مرۆڤ فەرمانبەرداری پێشەوایان و گەورەکانی خۆی نەبێت، تەنیا زنجیری بەندایەتی بۆ خودا لە گەردن بکات و لەجیاتی گەورەکانی، ملکەچی خودای گەورە بێت و یاساکانی پەیڕەوبکات، نەک بڕیار و ڕێنماییەکانی پێشەوایان،

بەتـایبەتی لە بـابەتی حەڵاڵ و حەرامـدا. مـرۆڤ تەنیـا بەنـدەی(الله تعــالی)یە و پێغەمبەرانــیش بــۆ ئەوە نێــردراون کە مــرۆڤ لە بەنــدایەتیکردنی تێکــڕای دروســتکراوەکان دەربێــنن و بەرەو بەندایەتی خودایان ببەن.

نَبِّـئْ عِبَـادِي أَنِّي أَنَـا الْغَفُـورُ الـرَّحِيمُ﴿٤٩﴾ {سـورەتی(حجر)، ئایەتی: ٤٩}

(٤٩) ئەی مـوحەممەد(دروودی خودای لەسـەر بێـت)، هەواڵبـدە بە بەندەکانم، کە بەدڵنیاییی منم زۆر لێخۆشبوو و بەبەزەیم.

**ملکەچـــــی و فەرمـــــانبەرداری**؛ لەجیـاتی ئەو ڕابەر و پێشــەوایانەی کە بە ڕووکەشــێکی فریــودەرانە خەڵکــی گــومڕا دەکەن؛ واتە بەڕێگەیەکــی پیــرۆز و لەژێــر پۆشــاکی پاکانــدا لە کۆمەڵگەدا دەسەڵاتیان بەدەستهێناوە و خەڵکیش فریوی شێواز و جلوبەرگ و ڕواڵەتی ئەمانیان خواردووە، لەم نێوانەدا مرۆڤ تەنیا شوێن فەرمانەکانی خودای گەورە بکەوێت.

**پەرســــــــــتش**؛ واتە ئەوەی کە مـــرۆڤ لەبەرامـــبەر زاتێک(موجود)ێکـدا بە فەرمــی کـردار بنوێنێـت، وەکـو سـوژدە، ڕکوع، هەستانەوە، تەواف، ماچکردنی بەردە ڕەشەکە و ماڵی خودا، نەزر و قوربــانی و ســەرجەم ئەو کــردەوانەی کە بە مەبەســتی نزیکبـــوونەوە ئەنجامـــدەدرێن. جیـــاوازی نیـــیە کە ئەگەر بەرامبەرەکەی بە خودایەکی گەورە و بە دەسـەڵات بزانێت، یـاخود بـــاوەڕی وابێـــت کە ئەو(موجـــود)ە هۆکـــاری شـــەفاعەت و

نزیکبوونەوەیەتی لە خودای گەورە، یان باوەڕی وابێت کە لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی ئەم جیهانەدا خاوەن پشک و هاوبەشی خودایە، یان ئەوەی کە مرۆڤ کەسێک بە پاسەوان و دەسەڵاتدار بزانێت بەسەر سیستەم و هۆکارە سروشتییەکانی ئەم جیهانەدا و لەکاتی کێشە و گرفتەکانیدا هاواری لێبکات و لە نەخۆشی و کارەسات و ئازاردا هانای بۆ بەرێت. ئەم بابەتە لە تەواوی قورئاندا لە بوار و واتایەکدا خراوەتەڕوو و لێکدانەوەی بۆ کراوە، کە ئەویش سڕینەوەی بەندایەتییە و ملکەچی بۆ کردن و پەرستنی(دون الله)یە. لەو ئایەتانەی کە«عیبادەت» بەواتای بەندایەتی و فەرمانبەرداری و پەرستش بەکاربراوە، جا مەبەستەکە تیایدا شەیتانە، یان مرۆڤێک کە ناوی«تاغووت»ی لەخۆی ناوە و وای لە خەڵکی کردووە کە لەجیاتی بەندایەتی و فەرمانبەرداری بۆ خودا، بەندایەتی ئەو بکەن و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن، یان لەگەڵ ئەوەدا وەکو مەبەست، ئەو دەستە و تاقمانەی کە لە پەیوەندییان بە ژیان و دۆخی مووچەوە، ڕێنمایی و بڕیار بۆ خەڵک دەردەکەن و کار بە پەرتووک و یاسای خودا و پێغەمبەران و پیاوچاکان و...تاد، ناکەن و بەپێچەوانەوە بە هاوبەشی خودایان دەزانن. قورئانی پیرۆز تەواوی ئەم پەرستراوانەی هەڵوەشاندۆتەوە، جیاوازی نییە کە خەڵکی بەندایەتییان بۆ بکەن و فەرمانبەرداریان بکەن یان بیانپەرستن. قورئانی پیرۆز بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێت کە: هەموو ئەوانە بەندەی خودان. خاوەنی ڕاستەقینە و خاوەنی هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە(خودای گەورەیە)و چارەنووسی ئەم دونیا و

گشت کاروبارەکانی بەدەستی ئەوە و جگە لەو، نابێت بەندایەتی بۆ هیچ کەسێک بکرێت و بپەرسترێت.

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ ﴿٢٥﴾ {سورەتی(انبیاء)، ئایەتی: ٢٥}

(٢٥) لەپێش تۆشدا ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە کە سرووشمان بۆ نەناردبێت، بەوەی کە هیچ پەرستراوێک بەهەق نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە زاتی پیرۆزی(اللە)، کە تاک و تەنیایە، بۆیە بە تاک و تەنیا عیبادەتی من بکەن.

## دین

ئەم وشەیە لەسەر چوار پایە وەستاوە:

١ـ فەرمانڕەوا و دەسەڵاتی فراوان(زالّ).

٢ـ فەرمانبەرداری و ڕازیبوون بەم فەرمانبەردارییە و دەسەڵاتی(بەشێوەی ماندوبوون یان ماندونەبوون).

٣ـ سیستمی فیکری و کرداری کە لەژێر تێڕوانین و چاودێری ئەم فەرمانڕەوایەتییەوە پەیدادەبێت (مقررات و حدود).

٤ـ ئەو پاداشت و سزایەی کە ئەم توانا و دەسەڵاتە فراوانە دیاریکردووە، لەبەر شوێنکەوتنی، یان سەرپێچیکردنی(مجازات، مکافئات، محاسبة و قضاوة).

لە پــایەی یەکەم و دووەم لە قورئــانی پیــرۆزدا وشــەی دیــن بەواتــای دەســەڵات بەکارهــاتووە، بەو مەبەســتەی کە دیــن تەنیــا تــایبەتە بە خــودای مەننــان. مــرۆڤ نابێــت جــگە لە(الله) ملکەچــی دەسەڵات و فەرمانی کەسێکی دیکە بێت و جگە لە زاتی پیــرۆزی ئەو، فەرمــانبەرداری و بەنــدایەتی بــۆ کەســێکیتر بکــات؛ واتە ملکەچبــوون لەبەرامــبەر کەســانێکدا کە فەرمــانبەردارێتی و گوێڕایەڵییــان لەلایەن خــودای گەورەوە وەکــو دەســتوورێک نەهــاتووە، بە گوناهــ و تــاوان هەژمــار دەکرێــت. ســەبارەت بە حکــــومەت و دەوڵەتــــیش هەروایە؛ واتە ئەگەر حکــــومەت ڕاوەستابوو لەسەر یاسای ئیلاهی و لەپێناو جێبەجێکردنی فەرمانی پەروەردگــار بەدیهــاتبوو، ئەوا فەرمــانبەرداری و گــوێڕایەڵیکردنی پێویستە و ئەگەریش لەسەر بنەما و یاسای تــاغووتی پێکهــاتبوو، ئەوا گــوێڕایەڵیکردن و ملکەچــی بــۆکردنی تــاوانێکی گەورەیە. لە واتای سێیەمدا، مەبەست لە وشەی دین، ئاماژەیە بۆ یاسا، شــەرع، ڕەوشی فیکری و کرداری مرۆڤ، کە لەپێناو پەیڕەویکردنی ڕێنمایی و سنوورەکانی، دەدرێتە پاڵی. ئەگەر یاسا، یاسای خودای باڵادەست بێت، ئەوا بەبێگومان مرۆڤ لە چوارچێوەی دینی پەروەردگــاردایە، بەڵام ئەگەر یاسای مرۆڤکرد بێت، ئەوا مرۆڤ لەچوارچێوەی دینــی خودادا نییە. لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر مەبەســتەکە پەیڕەویکــردن بێــت

لەو دەستوورانەی کە ڕابەر و سەرۆکەکان دایدەنێن، ئەوە چونکە لەگەڵ یاسای(الله)دا دژ و پێچەوانەیە، ئەو مرۆڤەی پەیڕەوی لێدەکات، دەچێتە ژێر سایەی دینێکی دەستکرد و مرۆڤانەوە. ئەگەر مرۆڤێک هێز و دەسەڵاتێک لەسەرو هەموو شتێک و هەموو توانایەکەوە دابنێت و بەباڵاتر لێی بڕوانێت و لە ڕەوشە کرداری و فیکرییەکانی خۆیدا شوێنی بکەوێت، ئەوا لەسەر دینی ئەوان هەژماردەکرێت.

لە پایەی چوارەمدا، دین بەواتای لێپرسینەوە و داوەریکردن و ئاگادارکردنەوە بەکارهاتووە. لە واتای یەکەم و دووەمیشدا (فەرمانڕەوایەتی و ڕازیبوونە پێی):

مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِ إِلَّا أَسْمَاءً سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ ۚ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۚ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ۚ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴿٤٠﴾ {سورەتی(یوسف)، ئایەتی: ٤٠}

(٤٠) ئێوە هیچ شتێک ناپەرستن لە غەیری خودای گەورە، تەنیا کۆمەڵێک ناو نەبێت کە خۆتان و باوک و باپیرانتان ناوتان لێناون، خودای گەورە هیچ بەڵگەی لەسەر ئەو ناوانە و پەرستنی ئەو شتانە نەناردۆتە خوارەوە، حوکم و بڕیاردان تەنیا بۆ خودای گەورەیە، خۆی فەرمانیکردووە کە هیچ کەسێک نەپەرستن تەنیا خودای گەورە نەبێ، بە تاک و تەنیا و هاوبەشی بۆ بڕیارنەدەن، ئا

ئەمە دینی ڕاست و دامەزراوە کە خـودای گەورە بەڵـگەی لەسـەر ناردۆتە خوارەوە و فەرمانی پێکـردووە، بەڵام زۆربەی خەڵکـی ئەم شتە نازانن.

لە واتای سێیەمدا(سیستمی فیکری و یاسا):

أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ ۚ وَلَوْلَا كَلِمَةُ الْفَصْلِ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ ۗ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢١﴾ {سورەتی(شوری)، ئایەتی: ٢١}

(٢١) بەڵکـو ئایـا ئەوان کەسـانێکیان کـردووە بە هـاوبەش بـۆ خودای گەورە، تاکو یاسایان بۆ دابنێن لە دینـدا، کە خـودای گەورە مۆڵەتی پێنەداوە، ئەگەر فەرمایشتی یەکلاکەرەوەی خودای گەورە نەبوایە کە سزاکەیان دوادەخـات بـۆ ڕۆژی قیـامەت، ئەوا خـودای گەورە لە دونیـــادا ســـزای دەدان، بەڵام لە ڕۆژی دواییـــدا ئەو موشریک و ستەمکارانە سزایەکی زۆر بەئێش و ئازاریان بۆ هەیە.

لە واتای چوارەمدا(لێپرسینەوە و پاداشت و سزا):

وَمَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ ﴿١٧﴾ ثُمَّ مَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ ﴿١٨﴾ {سورەتی (انفطار)، ئایەتی: ١٧ـ ١٨}

(١٧) تـۆ چـوزانی ئەو ڕۆژە(کە ڕۆژی قیـامەتە) چ ڕۆژێکـی سەختە. (١٨) دیسـان بـۆ جەختکـردنەوە، تـۆ چـوزانی ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکی گەورە و سەختە.

قَالَ الَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ الْقَوْلُ رَبَّنَا هَؤُلَاءِ الَّذِينَ أَغْوَيْنَا أَغْوَيْنَاهُمْ كَمَا غَوَيْنَا تَبَرَّأْنَا إِلَيْكَ مَا كَانُوا إِيَّانَا يَعْبُدُونَ ﴿٦٣﴾ {سورەتی(قصص)، ئایەتی: ٦٣}

(٦٣) ئەو کەسانەی کە هەق وابوو سزای خودای گەورەیان بەسەردا جێبەجێبکرێت، کە شەیتان و سەرکردەی کافرانن، دەڵێن: ئەی پەروەردگار ئەمانە بوون ئێمە بانگمان کردن بۆ گومڕایی، ئێمە گومڕامانکردن، چۆن خۆمان گومڕابووین، ئێستا ئێمە بێبەرین لەوان، ئەوان بە هەوا و ئارەزووی خۆیان ئێمەیان دەپەرست.

# بەندی بیست و دوو

هەر بەوجۆرەی لەبەشەکانی پێشوودا بەیانکرا، ئیمان و عەقیدە بابەتێکە کە بێجگە لە بیرکردنەوەی تاک لە قورئان و ئایەتەکانی خودا، بەڕێگەیەکی دیکە نایەتەدی، لە ڕۆژی قیامەت، تاکە سەرچاوە لە بازنەی عەقیدەدا بریتییە لە قورئان. زۆرێک لە ئێمە بەدرێژایی ژیانی خۆی لەلایەن کەسانیترەوە بیرکردنەوە و عەقیدەیەکی فراوانی لەسەر دابەزێنراوە. بیرکردنەوەکانمان، ڕۆڵەی زەینمانن، لێرە بەدواوە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قورئان و فەرمایشتی خودادا، دەبێت بەئاسانی بیروباوەڕە پێچەوانەکان لە زەینماندا پاک بکەینەوە و ئیبراهیم ئاسا، سەرلەبەری ئەو بیرکردنەوانەی تاکو ئێستا وەکو خورافەیەکی بێ بنەما لە زەینماندا گەشەیکردووە، دووربخەینەوە. خودای گەورە بۆ ڕزگاربوون لە ڕۆژی قیامەت، لە قورئاندا دوو مەرجی بۆ خستووینەتەڕوو:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴿٨٢﴾ {سورەتی(بقرة)، ئایەتی: ٨٢}

(٨٢) هەروەها ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە و کردەوەی چاکیان ئەنجامداوە، ئەوانە هاوەڵی بەهەشتن و بە نەمری تیایدا دەمێننەوە.

مەرجی یەکەم(آمنوا)و مەرجی دووەم(عملوا الصالحات)ە. لە زیاتر لە(٥٠) ئایەتی قورئاندا دەستەواژەی(آمنوا)و (عملوا الصالحات) دووبارە بۆتەوە، کە نیشاندەری جەختکردنەوەی خودای گەورەیە لەسەر ئەمکارە. خودای گەورە لە قورئاندا تەنانەت پێوەرەکانی ئیمان و کردەوەی چاکی بۆ ڕوونکردوینەتەوە. بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، لەگەڵ ئەرکانە سەرەکییەکانی ئیماندا، کۆمەڵێک واتا و مەبەستی دیکەش خراونەتەڕوو، لەکاتێکدا کە ئیمان و عەقیدە بەشێوەیەکی تەواو و ڕوون لە قورئاندا بەیانکراوە و تەنانەت پێوەرەکانی ئیمانیش خراونەتەڕوو. ماهییەت و ڕاستیی ئیمان لە قورئاندا:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي أَنزَلَ مِن قَبْلُ ۚ وَمَن يَكْفُرْ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا﴿١٣٦﴾ {سورەتی(نساء)، ئایەتی: ١٣٦}

(١٣٦) ئەی باوەڕداران، ئیمان بهێنن بە خودا و پێغەمبەری خودا، هەروەها ئیمان بێنن بەو پەرتووکەی کە خودای گەورە دایبەزاندووە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی(درووودی خودای لەسەر بێت)، کە قورئانی پیرۆزە، وە ئیمان بێنن بە هەموو ئەو پەرتووکە ئاسمانیانەیتر کە لەپێش قورئاندا خودای گەورە دابەزاندووە، بەڵام هەر کەسێک کوفر بکات بە خودای گەورە و فریشتەکانی و پەرتووکە ئاسمانییەکانی و پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی، ئەوە سەرلێشێواو بووە و لەڕێگەی ڕاست لایداوە و گومڕابووە بە

گومڕابوونێکی زۆر دوور.

کەواتە ماهییەت و بنچینەکانی ئیمان شەشن:

١ـ ئیمان بە(الله).

٢ـ ئیمان بە فریشتەکان.

٣ـ ئیمان بە پێغەمبەران.

٤ـ ئیمان بە پەرتووکە ئاسمانییەکان.

٥ـ ئیمان بە ڕۆژی دوایی.

٦ـ ئیمان بە قەزا و قەدەر.

لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ﴿١٧٧﴾ {سورەتی(بقرة)، ئایەتی: ١٧٧}

(١٧٧) چاکە تەنیا ئەوە نییە کە ڕووبکەنە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەڵکو چاکە ئەوەیە کە هەر کەسێک ئیمان بێنێ بە خودای گەورە و بە ڕۆژی دوایی و بە فریشتەکان و بە کتێبە ئاسمانییەکان و بە سەرجەم پێغەمبەرانی خودا، هەروەها ئەو ماڵەی لەلای خۆشەویستە، لەوە ببەخشێت بە خزمی نزیکی خۆی و بێباوکان و

هەژاران و ڕێبـــــــواران و ئەوانەی لە ناچاریــــــــدا داوادەکەن و پێویستیانە و ئەوانەی کە کۆیلەن و بەو پارەیە خۆیان ئازاد دەکەن، هەروەها کەسەکە نوێژ بکـات و زەکـاتی مـاڵەکەی دەربکـات، وە ئەوانەی وەفایـان هەیە بەو بەڵـێن و پەیـمانەی بە خـودای گەورە و خەڵکیانـــداوە، وە ئەوانەی کە ئـــارامگرن لەکـــاتی کارەســـات و ســـــەغڵەتی و هەژاری و نەخۆشـــــیدا، وە لەکـــــاتی جەنـــــگ و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا، ئا ئەوانە ڕاستگۆن لە ئیمانەکەیانـدا و تەقوای خودای گەورەیان کردووە.

**ئیمان**؛ واتە مرۆڤ لەگەڵ ئەوەی بەهۆی بیرکـردنەوەوە زانیـاری لەسەر ئەو شەش بابەتە پەیدا بکات، بشـتوانێت بگـات بە یەقـین. ئیمان بە خودا، بنچینەی ئیمانهێنانە بە(غەیب)؛ واتە مرۆڤ بەرامبەر بە خـودا یەقـین پەیـدا بکـات، کە خـودایەکی تـاک و بێهاوتـایە و(رب)و بەدیهێنەری جیهـانی پەنهـان و سروشـتە و تەنیـا دەبێـت عیبادەت بۆ ئەو بکرێت و پەیڕەوی لە دینەکەی بکرێـت، بەکـورتی لەو ڕووەوە مەرجی تەوحیدی ڕاستەقینە بەجێبێنێت. لەگەڵ ئـیمان بەبوونی خـودا، ئـیمان بە سـیفەتەکانی خـوداش هەیە؛ واتە مـرۆڤ لەدوای ئیمانهێنـان بە زاتـی خـودا، ئـیمان بە سـیفەتەکانی خـوداش بهێنێت و لەو ڕووەوە مەرجی تەوحید بەجێبێنێت. بەو شێوەیە ئێمە ئیمانمان بە زاتی خـودا هێنـاوە و ئیمانمـان بە تێکـڕای سـیفەتەکانی خـودا؛ وەکـو: (الـرحمن، الـرحیم، الخـالق، الـرزاق، عـدل و... تـاد)، هێناوە هەروەها بیروباوەڕمان وایە کە خـودا نەک تەنیـا لە زاتیـدا، بەڵکو لە سیفەتەکانیشیدا تاک و تەنیـایە و هـیچ دروسـتکراوێک

ناچێتەوە سەر سیفەتەکانی خودا. لە قورئاندا باسی(٩٩) سیفەتی خودا کراوە، کە پێیان دەگوترێت: (اسماء الحسنی).

یەکێکی دیکە لە بنچینەکانی ئیمان بەخودا، قەزا و قەدەرە. ئیمان بە قەزا و قەدەر؛ واتە مرۆڤ بە وردبوونەوە لە قورئان، بگات بەو یەقینەی کە گشت ئەو خێر و شەڕەی لەم دونیایەدا پێی دەگات، لەلایەن خوداوەیە و بۆ تاقیکردنەوەی مرۆڤە. دووپاتیدەکەمەوە کە لە ئیمان بە خودادا دەبێت مەرجی سەرەکی تەوحید ڕەچاوبکرێت؛ واتە دانپێدانان بەوەی هیچ کاتێک هاوبەش و نێوەندکاری نەبووە و نابێت. کەواتە بەکورتی، ئیمان بە(الله) ئاماژەیە بۆ ئیمان بە خودی زاتی(الله تعالی)، ئیمان بە سیفاتی باری تەعالا، ئیمان بە قەزا و قەدەر و ئیمان بە بنچینەی تەوحید. ئیمان بە فریشتەکان، دووەمین بنچینەی ئیمان بە غەیبە؛ واتە ئەوەی مرۆڤ بە سەرنجدان لە قورئان، وەکو دروستکراوێکی نادیار باوەڕی بە فریشتە هەبێت. ئەو فریشتانەی لە قورئاندا ناویان هێنراوە بریتین لە: (جبریل، مالک، ملک الموت و...تاد)، کە باوەڕمان بە بوونیان هەیە و ئەوانەشی کە لە قورئاندا ناویان نەهاتووە، بەگشتی ئاماژەیان پێکراوە. زانیاری ئێمە سەبارەت بە فریشتە، تەنیا تا ئەندازەیەکە کە لەڕێگەی قورئانەوە وەکو دواهەمین و ڕاستترین پەرتووکی ئاسمانی پێمان گەیشتووە. هەر بۆیە لەکاتی باسکردن و ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ ئەم بابەتەدا، دەبێت بەوردی مامەڵە بکەین. هەر کاتێک مامەڵەمان لەگەڵ کتێبێک، یان بابەتێک، یان گوتەیەکدا کرد دەربارەی فریشتەکان زیادەڕەوی تێدا بوو،

پێویسـتە وازی لێبێنـین، چـونکە ئەو کەسـانەی ئەم بابەتـانە دەخەنەڕوو، تەنیـا خەیـاڵێکی پەنگخـواردووی زەینـی خۆیـانە و لەڕاسـتیدا کۆمەڵێـک درۆی هەڵبەسـتراوی زەینیـیە و دەیدەنەپاڵ(الله تعـالی)، بەڵام ئەگەر ئەو بـابەتەی خـراوەتەڕوو، لە قورئانەوە بوو، پێویستە پەسەندی بکەین.

ئیمان بە پەرتووکە ئاسمانییەکان، سێیەمین بنچینـەی ئـیمانە بە غیب؛ واتە ئەوەی کە مـرۆڤ بە سـەرنجدان لە قورئـان بـاوەڕی بە پەرتووکە ئاسمانییەکانی وەکـو: (زەبـوور، تەورات، ئینجیـل و...) وەکو سرووشێک لە دونیای غەیبەوە، هەبێت. هەر بەو جـۆرەی کە باوەڕمان وایە قورئان بەڕێگەی سرووشێکی ئاسمانی دابەزیوە.

ئیمان بە پێغەمبەران(سەلامی خودایان لەسەر بێـت)، چـوارەمین بنچینەی ئیمانە بە غەیـب؛ واتە ئەوەی کە مـرۆڤ بە سـەرنجدان لە قورئان باوەڕی بە پێغەمبەرانی وەکو: (نوح و ئیبراهـیم و...) وەکـو پەیوەندییەکانی نێوان جیهانی غەیب و جیهـانی سروشـت هەبێـت. هەروەهـا باوەڕمـان وایە کە مـوحەممەد(دروودی خـودای لەسـەر بێت)، دواهەمین پێغەمبەری خودایە.

ئیمان بە قیامەت، دوایین بنچینەی ئـیمانە بە غەیـب؛ واتە ئەوەی کە مرۆڤ بە سەرنجدان لە قورئـان، وەکـو دواهەمـین پەرتـووک و کاتی جیهانی سروشت و دەستپێکی جیهـانی غەیـب و ئەو ڕۆژەی کە هەموو دروسـتکراوەکان تیایـدا حەشـر دەکرێـت باوەڕداربێـت، هەروەهـا بـاوەڕی بە حیسـاب و لێپرسـینەوە و مـرۆڤ و جنـۆکە هەبێت. ڕۆژی قیامەت لە قورئاندا بە ناوەکانی وەکو: (یوم الفصل،

یـوم القیامـة، السـاعة، الحاقـة و...) هـاتووە. سـەرەڕای ئـیمان بە قیـامەت، ئـیمان بە بەهەشـت و دۆزەخـیش یەکـێکە لە بـابەتە گرنگەکان.

هەروەکو تەوەرەکانی پێشوو، زانیارییەکانی ئێمە لەمەڕ ڕۆژی قیـامەت و بەهەشـت و دۆزەخ ، هەتـا ئەنـدازەیەکە کە بەهـۆی قورئـانەوە وەکـو دواهەمـین و ڕاسـتترین پەرتـووکی ئاسـمانی پێمانگەیشـتووە. ئەڵـبەت ئەم زانیارییـانە کەم نیـیە و لە قورئانـدا بەڕاددەیەک سـەبارەت بە ڕاسـتییەکانی ڕۆژی قیـامەت و سـزای دۆزەخ و چێـژ و خۆشـییەکانی بەهەشـت گفتوگـۆ کـراوە، وێنەگەلێکی گشتگیری لە زەینماندا دروستکردووە.

لەبەرامبەردا پێویستە ئاگـاداری ئەو شـتانە بـین کە دەربـارەی ڕۆژی قیـامەت و بەهەشـت و دۆزەخ وەکـو زیـادەگۆییەک بەگوێمانـدا دراوە، ئەگەر ئەو بـابەتەی خـراوەتەڕوو لە قورئـانەوە بـوو، ئەوە پێویسـتە پەسـەندی بکەیـن، ئەگەریـش نـا دەبێـت ڕەتیبکەینەوە.

بە سەرنجدان لەوەی باسکرا، بەبۆچـوونی ئێـوە، کـام یەک لەو دوو کەسەی خوارەوە لەسەر ئیمان و عەقیدەیەکی ڕاستن:

ــ ئەو کەسـەی کە بەهـۆی قورئـانی پیـرۆزەوە دەسـتدەکات بە چاکسازیکردن لە عەقیدەیدا، ئەم کەسە بەتەنیـا پشـتی بە خـودای گەورە بەستووە و لەڕێـگەی چاکسـازیکردن لە عەقیـدەی خۆیـدا، کەوتۆتە بیرکردنەوە و وردبوونەوە لە قورئان.

ـ یاخود کەسێک کە وازی لە قورئان هێناوە و دوورکەوتـۆتەوە و سـەبارەت بە چەمکەکـانی غەیـب گەڕاوەتەوە بـۆ ڕاوبۆچـوونی زانایانی دینی و لەجیـاتی قورئـان، ڕازیـیە بە هەر فەرمـوودەیەکی ساختە و هەڵبەستراو کە بۆی دەخوێندرێتەوە.

ئیمان وەکو دەفرێکی جوانە کە هیچ جۆرە درز و شکانێکی تێـدا نەبێــت، چــونکە(الله تعــالی) تێکــڕای بنچینەکــانی ئیمانــی لە قورئانەکەیــدا بــۆ ئــێمە بەیــانکردووە. ئیمانهێنــان بە کــۆی ئەو بنچینانەی باسکران، ئیمانبـوونە بە غەیـب، چـونکە خـودا بـۆ خـۆی خــالقی جیهــانی غەیــب و جیهــانی سروشــتە، فریشــتەکان دروســتکراوی خــودان کە لە جیهــانی نادیــاردا گیرســاونەتەوە، پەرتووکە ئاسمانییەکان بەڕێگەی سرووش دابەزیـون و لە جیهـانی غەیبەوە بە ئێمە گەیشـتوون، پێغەمبەرانـیش دەروازەی پەیوەنـدی نێـوان جیهـانی غەیـب و مـاددەن و لە ڕۆژی قیامەتـدا مـرۆڤ لە جیهانی غەیبەوە وەئاگا دێتەوە:

﴿ذَٰلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ﴿٢﴾ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ﴿٣﴾ وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَبِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ﴿٤﴾
{سورەتی(بقرة)، ئایەتی: ٢ـ ٤}

(٢) ئەم قورئانە پیرۆزە هـیچ گومـانێکی تێـدا نیـیە کە لەلایەن خودای گەورەوە دابەزیوە، هیـدایەت و ڕێنمایـیە بـۆ ئەو کەسـانەی تەقوای خودا دەکەن و خۆیـان لە تـاوان دەپـارێزن. (٣) یەکێـک لە سیفەتەکانی موتتەقی ئەوەیە کە ئیمان بە غەیب دەهێنن و باوەڕیان

بە هەمــووی هەیە، هەروەهــا نوێژەکانیــان ئەنجامــدەدەن، وە لەو ماڵەشی پێیان بەخشیون، بژێـوی منـداڵ و خێزانیـان دابینـدەکەن و زەکاتی ماڵەکەیان دەدەن. (٤) هەروەها ئیمانیان بەو قورئانە پیـرۆزە هەیە کە بۆ تۆ دابەزیوە و بەو پەرتووکە ئاسمانییانەی دیـکەش کە بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆ دابەزە، یەقـین و دڵنیاییـان هەیە بە ڕۆژی دوایی و هەموو ئەو شتانەی لە ڕۆژی دواییدا ڕوودەدەن.

بە نمــوونەیەک درێــژە بە باســەکەمان دەدەیــن، ســەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوە بدەن:

فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُ فَأَطَاعُوهُ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ﴿٥٤﴾ فَلَمَّا آسَفُونَا انتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ أَجْمَعِينَ﴿٥٥﴾ {ســورەتی (زخـرف)، ئایەتی: ٥٤ـ ٥٥}

(٥٤) بــۆیە ئەم ســوکایەتییەی بە عەقڵــی گەلەکەی کــرد و ئەوانــیش گوێڕایەڵییــان کـرد، بەدڵنیــایی ئەوان گەلێـک بــوون لە گــوێڕایەڵی خــودا دەرچووبــوون و خراپەکــاربوون. (٥٥) خــودای گەورە دەفەرموێــت: کاتێــک ئەوان تورەیــان کــردین بە ئەوپەڕی تورەبــوون بەهــۆی شــیرک دانــان و وەلامــنەدانەوەی پێغەمــبەر موسا(سەلامی خودای لەسەر بێت)، تۆڵەمان لێسەندن و فیـرعەون و شوێنکەوتوانیان لەناو دەریاکەدا نوقمکرد.

دادبینی و ڕوانینی حکـومەتەکەی فیـرعەون بەسـەر خەڵکیـدا زۆر سەیر بوو. فیرعەون بەرێـگەی کپکردنـی خەڵـک حـوکمڕانی دەکرد. بەردەوام بە خەڵکی دەگوت: ئێوە هـیچ تێنـاگەن، ئێـوە هـیچ

تێنــاگەن، ئێــوە هــیچ تێنــاگەن، بەدرێژایــی زەمەن و تەمەنــی حکومەتەکەی، ئەم ڕستەیەی بۆ خەڵکەکەی دووبارە دەکردەوە. لە سەرەتاوە خەڵکی نەیاندەزانی بابەتەکە چییە، بەڵام دوای ماوەیەک بە خۆیان گوت، ئەو بەردەوام بە ئێمە دەڵێت: "ئێوە هیچ تێنـاگەن"، بەدڵنیاییەوە شتێک بوونی هەیە کە ئێمە لێی تێناگەین.

دوای ئەوە بە فیرعەونیــان گــوت: تــۆ بەردەوام زوو زوو پــێمان دەڵێیت کە ئێمە هیچ تێناگەین، باشە دوای ئەوە تۆ پێمان بڵـێ ئـێمە چی بکەین، فیرعەونیش کۆنترۆڵی گەلەکەی گرتە دەسـت و زیـاتر خـۆی بە خاوەنیـان دەزانــی و ئەوانــیش ملکەچییــان بــۆ نوانــد. لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکـانی ئەمـڕۆدا، بـارودۆخ ڕێـک هاوشـێوەی سـەردەمی فیــرعەونە. لە سـەردەمی ئـێمەدا ڕابەر و پێشـەوایان بەردەوام بە خەڵک دەڵێن: هیچ کەسـێک جـگە لە ئـێمە لە قورئـان تێناگات و خەڵکیش لەبەرئەوەی قورئان و بیرکردنەوەیان وەلانـاوە و ڕوویانکردۆتە لاساییکردنەوە، قسەی ئەم کەسانەیان کـردووە بە بەڵـگە و ژیـانی ئەم دونیـا و ئەو دونیـای خۆیـان وێـران کـردووە. پێشەوایانی گومڕا، بەجۆرێک لە خەڵکیان گەیاندووە کە بە بوونی ئێمە بیرکردنەوەی کەسانیتر، بە گوناهـ هەژمار دەکرێت. خەڵکـیش کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شێلگیرانەی ئەمجـۆرە کەسـانەوە، وابیردەکەنەوە کە لە قورئـان تێنـاگەن، یـان نـاتوانن تێـبگەن، هەر بۆیە بەئاسانی قورئانیان فەرامۆشکردووە.

هەتـا ئەمـڕۆ لەگەڵ دروشـم و ڕسـتەگەلێکی زۆردا ڕووبەڕوو بووینەتەوە، کە گشتیان بۆ دوورخستنەوەی خەڵکین لە قورئان. بۆ

نموونە ڕستگەلێکی وەک ئەوەی کە«قورئان، حەوت ناوەڕۆکی هەیە و لە هەر ناوەڕۆکێکیدا، هەزار لا(دیو) هەیە»، «قورئان یەک واتای هەیە، بەڵام لێکدانەوەی قورئان واتایەکی دیکە دەگەیەنێت»، «هیچ کەس لە لێکدانەوەی قورئان نازانێت»، «قورئان لە دەستی پێشەوا مەهدیدایە و لە دەستی ئێمەدا نییە»، بەڕێگەی بیرکردنەوەیەکی تەندروستانە لە خودی قورئان، بەئاسانی دەتوانین لە پووچی ئەم دروشم و ڕستانە تێبگەین و درکیان پێبکەین. لەدوای پێشنیارکردنی ئەو ڕستە گومڕاکەرانە بۆ دوورخستنەوەی خەڵک لە قورئان، هەوڵدراوە ئەو بۆشایی و مەودایەی خەڵک لەگەڵ قورئان هەیەتی، بە بانگەشەی ساختە پڕبکرێتەوە. بۆ نموونە لە زۆرێک لە پەرتووکەکاندا، فەرموودەی هەڵبەستراو و لاوازیان دروستکردووە، لەوەی کە پاداشتی خوێندنی فلان نزا هەزارجار بەرامبەرە بە خوێندنی قورئان، (خەڵکیش پێ بە پێ دوو دوو و چوار چوار، لەلای خۆیان بیردەکەنەوە کە ئەگەر بەو شێوەیە بێت، ئەوە لەجیاتی خوێندنی قورئان، فلان نزا و بانگەشە ئەنجامدەدەن و بەهەزار قات پاداشت بەدەستدێنن). ئایا ئەمکەسانە خۆیان خستۆتە جێی(الله تعالی)و پێغەمبەرەکەی، کە پاداشت دەبەخشنەوە بە خەڵکی؟ خەڵکی لە ئەمڕۆدا مەزهەبیان خۆشدەوێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە عیبادەتی خودا بکەن، بەو جۆرەی خودای گەورە لە پەرتووکە ئاسمانییەکاندا بۆی بەیانکردوون. بەداخەوە ئەمڕۆ بەو جۆرەی کە پەیڕەوی لە بیردۆزی تیۆریستەکان دەکرێت، ئەوەندە پەیڕەوی لە خودا ناکرێت. هەموان وابیردەکەنەوە کە عیبادەت بەتەنیا لە نوێژدا

کورتــدەکرێتەوە. پێویســتە لە ئەمــڕۆدا ڕێگــری بکرێــت لەم بێئاگـاییەی خەڵـک، ئەگەرنـا هەموومـان بە ئـاگری ئەم بێئاگـاییە دەسوتێین.

بَـلْ يُرِيـدُ كُـلُّ امْـرِئٍ مِّـنْهُمْ أَن يُـؤْتَىٰ صُـحُفًا مُّنَشَّـرَةً﴿٥٢﴾ {سورەتی(مدثر)، ئایەتی: ٥٢}

(٥٢) بەڵکو هەر یەکێک لە موشریکەکان داوای ئەوە دەکەن و دەڵێن: ئەی موحەممەد(دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، ئەگەر تـۆ بەڕاستی پێغەمبەری خـودای، ئەوە کە ئـێمە لە خەو هەسـتاین، بـا لەلای سـەری هەر یەکـێکمانەوە پەڕاوێـک هەبێـت، کە تێیـدا نووسرابێت: بەڕاستی مـوحەممەد (پێغەمـبەری خـودایە)، ئەوکـاتە ئێمە ئیمانت پێدەهێنین.

وَاتَّقُوا فِتْنَةً لَّا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنكُمْ خَاصَّةً ۖ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴿٢٥﴾ {سورەتی(انفال)، ئایەتی: ٢٥}

(٢٥) خۆتــان بپــارێزن لە بەڵایەک کە تەنیــا ئەو کەســانە نـاگرێتەوە سـتەمیان کـردووە، بەڵکـو چاکەکـارانیش دەگـرێتەوە، بەوەی کە فەرمانیــان بە چــاکە نەکــردووە و ڕێگرییــان لە خــراپە نەکردووە، وە بزانن بەدڵنیایی سزای خودای گەورە زۆر سەختە.

# بەندی بیست و سێیەم

ئەمڕۆ کە خەڵکی وادەزانن عەرەبە دەشتەکییەکانی سەردەمی نەفامی بتەکانیان بەتەنیا لە بەرد و دار و زێر و زیو و...تاد، دروستکردووە و نزا و پاڕانەوەیان بۆ کردوون، لەکاتێکدا کە ئەم پێشبینییە بەتەواوی هەڵەیە. بتە بەردینەکان، لە فریشتە و پیاوچاکان داتاشرابوون و عەرەبە دەشتەکییەکان بەو ڕێگەیە خۆیان دەکرد بە هاوبەشدانەر.

خەڵکی سەردەمی نەفامی بیروباوەڕیان وابوو کە بتەکان لە ڕەگەزی بەرد و دارن و هیچ تاوانێکیان نییە، بەڵام ئێمەی مرۆڤ تاوانبارین و ڕاستەوخۆ ناتوانین لەگەڵ خودا پەیوەندی سازبکەین؛ کەواتە دەبێت ئەو بتانە بکەین بە نێوەندکار و بەو ڕێگەیە لە خودا نزیک ببینەوە. ئەو بتانەی کافر و هاوبەشبڕیاردەرانی عەرەب دەیانپەرست، سیمبولی کەسایەتی و گەورەکانی عەرەب بوون و لەواقیعدا عیبادەتەکانیان هەر بۆ ئەو کەسانە بووە، کە بە فریادڕەس و لادەری کێشە و گرفتەکانیان دەزانین. تەواوی مێژوو و ژیاننامەکانیش بەو جۆرە هێناویانە: کاتێک پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، فەتحی مەککەی کرد و چووە ناو کەعبەوە، بینی کە ژمارەیەکی زۆر لە پەیکەری فریشتەکان و پێغەمبەرانی

خودا لەوێدا دانراون و لەناویاندا پەیکەری باپیرە گەورەی(ئیبراهیم پێغەمبەر)یش دانرابوو کە چەند تیرێکی لە داردروستکراوی بەدەستەوە بوو و فاڵی پێدەگرتەوە. هەروەها پەیکەری ئیسماعیل و پەیکەری کۆترێکیش لەوێ بوو کە ئەوانیش لە داردروستکرابوون. هەموویانی بەدەستی خۆی شکاند و خستییە خوارەوە، پاشان بە سەرنجێکەوە سەیری پەیکەری حەزرەتی ئیبراهیمی کرد و فەرمووی: «خوا بیان کوژێت! کە باوکی ئێمەیان بەو شێوەیە وێنە کردووە! ئیبراهیم(سەلامی خودای لەسەر بێت)، چ کارێکی بە تیر و فاڵگرتنەوە هەبووە! ئیبراهیم جوولەکە و مەسیحی نەبوو، بەڵکو موسڵمانێکی پاک و(حنیف) بوو، هەرگیز لە هاوبەشدانەرانیش نەبوو».

لەمیانی ئەو بتانەی ئەعرابییەکان دەیانپەرست، دەستەیەکیان لەسەر شێوەی ڕووخساری مرۆڤ دروستکردبوو، یەکێکان بریتی بوو لە«هبل»، هێمایەک بوو بۆ هابیل کە ستەملێکراوانە کوژرا و پەرستگایەکی گەورەیان بۆ دروستکردبوو. ئەعرابییەکان لەبەردەم بتەکانیاندا قوربانییان دەکرد، هەتا لەو ڕێگەیەوە لە خودا نزیکببنەوە.

بەو شێوەیە ئیسلام هات کە عەرەبە دەشتەکییە نەفامەکان بەئاگابێنێتەوە، وەک ئەوەی کە ئەم بتانەی ئێوە دەیانپەرستن، نە توانایان هەیە و نە ڕێگەی خێر و شەڕیش دەزانن چییە، ئایا دەتوانن لەسەرو هێزی ئێوەوە وەڵامی داواکارییەکانتان بدەنەوە؟

بێگومـان توانـای هـیچ یەکێـک لەمانەیـان نیـیە. خـودای گەورە لەمڕووەوە دەفەرموێت:

وَمَكَرُوا مَكْرًا كُبَّارًا﴿٢٢﴾ وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا﴿٢٣﴾ وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلَالًا﴿٢٤﴾ {سورەتی(نوح)، ئایەتی: ٢٢-٢٤}

(٢٢) نەخشە و پلانێکی زۆر گەورەیان دانا. (٢٣) دەسەڵاتدار و گەورەکـان بە خەڵـکە ژێـر دەسـتەکەیان گـوت: وازنەهێـنن لە پەرستنی خوایەکانتان، واز لە پەرستنی(ود، سواع، یغوث، یعوق، نسر) مەهێنن. (٢٤) نوح(سەلامی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: ئەی پەروەردگـار! دەسـەڵاتدار و گەورەکـان، خەڵکێکـی زۆریـان گـومڕاکردووە، خـودایە، ئەوە هاوبەشـبڕیاردەر و سـتەمکارە، هـیچ شتێکی بۆ زیاد نەکەی تەنیا گومڕابوون و زەرەرمەندیی نەبێت.

لە پەیوەنـدی بە ئـایەتەکەی پێشـووەوە، دکتـۆر«عبـدالجلیل عیسـی» لەتەفسـیرەکەی خـۆی«المصحف المیسـر»دا بەمشـێوەیە هێنـاوێتی: «ئەمـانە ئەو پێـنج بتەبـوون کە لە تێکـڕای بتەکـانیتر لەلای بتپەرسـتەکان بەناوبـانگتر و گەورەتـر بـوون. هەر یەکێـک لەوانە نـاوی کەسـێکی پیاوچـاک و خودانـاس بـوو، کە لە دوای مردنـی خۆی، ئارامگایەکیـان لەسـەر گـۆڕەکەی دروسـتکرد، دوای ئەوە پەیکەرێکیـــان بـــۆ دروســـتکرد و کردیـــان بە نێوەنـــدکار و شەفاعەتکار!» ئەوانە کەسانێکی چاکەکار بوون، کەسانی نزیـک و خۆشەویستانیان لەدوای مردنیان کۆمەڵێک بت و پەیکەریان بۆ

سازکردن. وردە وردە گەورەیانکردن، هەتا وایلێهات، نەوەکانیان کەوتنە عیبادەت بۆکردن و پەرستنیان. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: ئەوانەی ئەمکارە دەکەن، خراپترینی بەندەکانی خودان! ئەو بتانەی دەیانپەرست تەنیا لە جنۆکە و فریشتەکان پێکنەهاتبوون، بەڵکو ئەو مرۆڤانەشیان دەپەرست کە مردبوون:

وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ﴿٢٠﴾ أَمْوَاتٌ غَيْرُ أَحْيَاءٍ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ ﴿٢١﴾ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ قُلُوبُهُم مُّنكِرَةٌ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ﴿٢٢﴾ {سورەتی (نحل)، ئایەتی:٢٠.٢٢}

(٢٠) ئەوانەش کە ئێوە لە جگە لە خودای گەورە لێیان دەپاڕێنەوە و دەیانپەرستن، توانای دروستکردنی هیچ شتێکیان نییە، بەڵکو ئەوان خۆیان دروستکراون. (٢١) ئەوانە مردوون و زیندوو نین، هەستیش ناکەن کەی زیندوو دەکرێنەوە و ئاگایان لە هیچ شتێک نییە، چۆن ئەمانە دەکەنە شەریک بۆ خودا. (٢٢) پەرستراوی ئێوە یەک پەرستراوە کە ئەویش زاتی پیرۆزی (الله)یە، بە تاک و تەنیا شایەنی پەرستنە، ئەوانەش کە باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت نییە، نکوڵی لێدەکەن، یاخود دڵیان خراپە و هیچ پەند و ئامۆژگارییەک سوودی نییە بۆیان، خۆیان بە گەورە دەزانن لە وەرگرتنی حەق.

عەرەبەکانی سەردەمی نەفامی(جاهلی)، باوەڕیان بە خودای

تـاک و تەنیـا وەکـو بەدیهێـنەری ئاسـمانەکان و زەوی هەبـوو، بەڵام بیروباوەڕیـــان ڕاوەســـتابوو لەســـەر ئەوەی کە ئەوانە نـــاتوانن بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ داوا لە خـــودای گەورە بـــکەن، بەڵکـــو پێویستە نێوەندکارێک(وسیط) بۆ ئەمکارە دیاریبکەن.

*تێبینی//

ـ کـافر: ئەو کەسـەیە کە ڕازی نیـیە بە بـوونی خـودا، قیـامەت، پێغەمبەران، پەرتووکە ئاسمانییەکان و فریشتەکان، یان باوەڕی بە یەکێکان نییە، یان یەکێک لە پایەکانی ئیمان ڕەتدەکاتەوە و نکوڵی لێدەکات.

ـ هاوبەشبڕیاردەر(مشرک): ئەو کەسەیە کە هاوبەش بۆ خودای تاک و بێوێنە دادەنێت، یان نێوەندکارێک دیاریدەکات، ئەمکارەش لەپێناو نزیکبوونەوە لە(الله تعالى) ئەنجامدەدات.

. دووڕوو(منافق): ئەو کەسەیە کە لەبەر بەرژەوەندییەک، دژی ئەو شتە ڕادەگەیەنێت کە لە دڵیدایە.

وَلَا يَمْلِكُ الَّذِينَ يَدْعُونَ من دُونه الشَّفَاعَةَ إِلَّا مَن شَهدَ بالْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴿٨٦﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ﴿٨٧﴾ وَقِيلِهِ يَا رَبِّ إِنَّ هَؤُلَاءِ قَوْمٌ لَّا يُؤْمِنُونَ﴿٨٨﴾ {سورەتی(زخرف)، ئایەتی:٨٦. ٨٨}

(٨٦) ئەوانەی جـــگە لە خـــودای گەورە کردووتـــانن بە خـــودا، توانایـان نیــیە شــەفاعەتان بـۆ بـکەن، تەنیـا کەسـانێک نەبـێ کە شایەتیان بە هەق داوە. (٨٧) وە ئەگەر پرسیار لە کافرانی قوڕەیش

بکەی، کێ ئێوەی دروستکردووە؟ دەڵێن: بە دڵنیایی تەنیا خودای گەورە ئێمەی دروستکردووە، دەی بۆچی بە تاک و تەنیا خودا ناپەرستن و لادەدەن. (٨٨) پێغەمبەر(درووددی خودای لەسەر بێت)، سکاڵا دەکات و دەفەرموێت: ئەی پەروەردگارم! ئەمانە کەسانێکن ئیمان ناهێنن.

نُمَتِّعُهُمْ قَلِيلًا ثُمَّ نَضْطَرُّهُمْ إِلَىٰ عَذَابٍ غَلِيظٍ﴿٢٤﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ ۚ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴿٢٥﴾ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ﴿٢٦﴾ {سورەتی(لقمان)، ئایەتی:٢٤.٢٦}

(٢٤) لە دونیادا ماوەیەکی کەم کافران دەژێنین کە بۆ خۆیان ڕابوێرن، پاشان ناچاریان دەکەین بەرەو سزایەکی زۆر قورس کە ئاگری دۆزەخە. (٢٥) ئەی موحەممەد(درووددی خودای لەسەر بێت)، ئەگەر لە کافرەکان بپرسیت: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکرووە؟ ئەوان زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێن: بێگومان خودای گەورە، بڵێ: سوپاس بۆ خودا، کە دانتان بەم ڕاستییەدا نا و بەسەرتاندا چەسپا، بەڵام زۆربەیان هەر نەزانن. (٢٦) هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەمووی موڵکی خودای گەورەیە و بە تەنیا خۆی هەڵسوکەوتی تێدا دەکات و بەڕێوەی دەبات، بەدڵنیایی خودای گەورە دەوڵەمەند و بێ پێویستە، وە سوپاسکراوە لەلایەن زۆربەی دروستکراوەکانەوە.

بە سەرنجدان لە ڕاستییەکان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە

عەرەبەکان لەو سەردەمەدا خودایان فەرامۆش نەکردبوو، بەڵکو بە(خالق، مالک، رازق و رب)ی هەموو شتێکیان دەزانی، بەڵام گومڕایی و لادانەکانیان ئەوە بوو بەو جۆرەی کە خوداوەند دەیویست، خودایان وەکو خۆی نەدەناسی و بە یاسا و ڕێساکانی بۆ ژیانیان ڕازینەبوون. لەبەرئەوە دەیانویست پەیوەندییەک لەنێوان ئیمان بە خودا و ئیمان بە بتەکانیان دروستبکەن، هەر لەو ڕووەوە بوو کە دەیانگوت: نزاکان بەرەو ئاسمان دەڕۆن، بەڵام بەبێ(واسطة) وەرناگیرێن! لەبەر ئەو هەڵەیە تووشی نێوەندکار بوون لەنێوان خودا و دروستکراوەکانی، هەتا بتوانن لەو ڕێگەیەوە نزا و پێویستییەکانیان بگەیەنن بە خودا و بیانکەن بە هاوبەشی نزاکانیان.

پاش ماوەیەک ئەو نێوەندکارانەیان کرد بە نهێنی خێر و شەڕ، وەک ئەوەی ئەمانە بتوانن لەڕێگەی غەیبەوە شتانێک ببەخشن و وەربگرنەوە! قورئانی پیرۆز بەتوندی ئەم بیروباوەڕەیانی ڕەتکردەوە. بیانووی ئەوان بۆ ئەمە ئەوە بوو کە دەیانگوت: ئێمە ئەم بتانە لەڕووی ناوەڕۆکەوە ناپەرستین، بەڵکو لەو ڕوانگەیەوە دەیانپەرستین کە لە خودای تاک و تەنیا نزیکمان بکاتەوە:

إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ ﴿٢﴾ أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ ﴿٣﴾ لَّوْ أَرَادَ اللَّهُ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا لَّاصْطَفَىٰ مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ سُبْحَانَهُ

هُوَ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ﴿٤﴾

{سورەتی(زمر)، ئایەتی:٢.٤}

(٢) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، ئێمە ئەم قورئانە پیرۆزەمان بۆ تۆ دابەزاندووە کە هەرچی تیایە هەمووی هەقە لە تەوحید و ئیمان و شەرع و هەواڵ، تۆش عیبادەتی خودای گەورە بکە بە ئیخلاس و دڵسۆزی و نیازپاکییەوە. (٣) بزانن کە گوێڕایەڵی تەواو و دوور لە هاوەڵبڕیاردان تەنیا بۆ خودایە، ئەوانەی کە لەگەڵ خودادا هاوەڵبڕیاردەدەن و جگە لەو دەکەن بە دۆست و پشتیوان، دەڵێن: ئێمە ئەو پەرستراوانە ناپەرستین تەنیا بۆ ئەوە نەبێت کە لە خودا نزیکمان بکەنەوە، وە بێگومان لە دوارۆژدا خودا خۆی حوکمی یەکلاکەرەوە دەکات لەنێوانیاندا. بێگومان خودای گەورە هیدایەتی کەسێک نادات بۆ ڕێگەی ڕاست کە درۆی بەناوەوە بکات. (٤) ئەگەر خودا بیویستیایە کوڕ و نەوە بۆ خۆی دابنێت، ئەوا ئەوەی کە ویستی لێبوایە لە دروستکراوەکانی دەستنیشانی دەکرد، بەڵام پاک و بێگەردی بۆ خودا، چونکە ئەو تاک و تەنیا و بێ پێویستە، هەموو شتێک زەلیل و ملکەچە بۆی.

فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْمُجْرِمُونَ﴿١٧﴾ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللَّهِ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا

يُشْرِكُونَ﴿١٨﴾ وَمَا كَانَ النَّاسُ إِلَّا أُمَّةً وَاحِدَةً فَاخْتَلَفُوا وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ فِيمَا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴿١٩﴾ {سورەتی(یونس)، ئایەتی:١٧.١٩}

(١٧) کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ بۆ خودای گەورە هەڵبەستێ، یاخود وەکو ئێوە ئایەتەکانی خودا بە درۆ بزانێت، بەدڵنیایی خودای گەورە کەسانی تاوانبار سەرفراز ناکات. (١٨) ئەوان جگە لە خودای گەورە عیبادەتی شتانێک دەکەن کە نە هیچ زیانێکیان پێدەگەیەنن و نە هیچ سوودێک، وە دەڵێن: ئا ئەمانە لای خودای گەورە تکامان بۆ دەکەن، ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: ئایا ئێوە هاوەڵ بۆ خودای گەورە دادەنێن لەکاتێکداکە ئەو خۆی دەزانێت لە ئاسمانەکان و زەویدا کەس نییە شەریکی بێت و کەسیش نییە بتوانێت تکا بکات بەبێ ئیزنی ئەو. خودای گەورە زۆر پاک و بێگەردە لەوەی کە ئێوە ئاوا هاوبەشی گەورەی بۆ بڕیاردەدەن. (١٩) وە خەڵکی لەسەر یەک ئاین بوون ئەویش ئاینی پیرۆزی ئیسلام بوو، پاشان جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە، ئەوە بوو هەندێکیان بێباوەڕ بوون و هەندێکیتریان لەسەر ڕەوایی مانەوە و بەردەوامبوون. ئەگەر بەو وتە و گفتەی پێشووی خودای پەروەردگار نەبوایە کە مۆڵەتی سەرپێچیکارانی داوە ئەوا قەزاوەتیان لەنێواندا دەکرا بەوەی کە بڕیاری لەناوبردنی ناڕەواکارانیان دەدرا و ڕەواکارانیان ڕزگاردەکرا. .

ڕاستە کە زۆرێک لە گەلانی پێشوو کافربوون، بەڵام کێشەی سەرەکی مرۆڤ، لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ، کوفر نەبووە،

پێغەمبەران زیاتر لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شیرک هەوڵیانداوە و لە دژی وەستاونەتەوە، چونکە زۆرێک لە سینەکان(دڵەکان) خودایان پەسەندکردووە و پەرستوویانە، بەڵام کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە ڕێگەی پەرستنەکانیان پڕبووە لە شیرک. **پرسیار:** بە بۆچوونی ئێوە ئەو کێشەیە لە ئێستادا چارەسەر بووە؟

وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُوا إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ أَنَّ الْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا وَأَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعَذَابِ﴿١٦٥﴾

**{سورەتی(بقرة)، ئایەتی: ١٦٥}**

(١٦٥) لەناو خەڵکیدا کەسانێک هەن جگە لە خودای گەورە شتانێک دەکەنە هاوبەش بۆی، ئەو هاوبەشانەشیان خۆشدەوێت وەکو خۆشەویستی خودا، بەڵام باوەڕداران خودای گەورەیان لەوان خۆشتر دەوێت، ئەو ستەمکارانەی کەسانێکیان کردووە بە هاوبەش و وەکو خودای گەورە خۆشیاندەوێن، کاتێک لە ڕۆژی قیامەتدا سزای خودای گەورە دەبینن، ئەوکات دەزانن کە هێز و توانا تەنیا بۆ خودای گەورەیە، وە سزای خودای گەورە یەکجار سەختە.

# بەنـدی بیست و چوار

## تەوحیدی فەرمانڕەوا

ئەم بەندە بە گرنگترین بابەت دادەنرێت لە چوارچێوەی شیرک و تەوحیـــددا. بـــابەتی شـــیرک لە چوارچێـــوەی فەرمـــانڕەوایەتی و ملکەچکردن بۆ خودای گەورە، کە بەدڵنیاییەوە بەشێکی فراوانی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرفتاری خۆی کردووە، تەنانەت زۆرێک لە موسڵمانانیش(العیاذ بالله) دوچاری ئەم کارەساتە بوونەتەوە.

خــودای گەورە لە قورئانــدا لە ســورەتی(اعراف)، ئــایەتی(٥٤) دەفەرموێت:

﴿إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴿٥٤﴾

(٥٤) بەدڵنیـــاییی پەروەردگـــاری ئێـــوە ئەو(الله)یە کە لە مـــاوەی شـــەش ڕۆژدا ئاســـمانەکان و زەوی دروســـتکردووە، پاشـــان بەرز بۆتەوە بۆ سەر عەرشی پیرۆزی خۆی، خودای گەورە بە تاریکی شـەو، ڕوونـاکی ڕۆژ دادەپۆشـێ و بەپـێچەوانەوە. بەخێرایـی شـەو بەدوای ڕۆژدا دێـــت و لەیەک جیـــا نـــابنەوە، خـــۆر و مانـــگ و

ئەستێرەکان هەمووی خودای گەورە دروستیکردوون و لەژێر فەرمان و توانای خودای گەورەدان، ئایا دروستکردن و فەرمان دەرکردن هەر بۆ خودای گەورە نییە، (الله) کە پەروەردگاری جیهانە، خێر و بەرەکەتی یەکجار فراوانە.

لەم ئایەتە و زۆرێک لە ئایەتەکانی دیکەی قورئانی پیرۆزدا، ئاماژە بە بابەتی شەریعەت و یاسادانان کراوە لەوەی کە دەستوور، فەرمان، یاسا و بڕیار تەنیا بەدەست خودای گەورەیە. ئایەتی دواتر بریتییە لە سورەتی(انعام)، ئایەتی ژمارە (٥٧) کە خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿قُلْ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبْتُم بِهِ مَا عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ يَقُصُّ الْحَقَّ وَهُوَ خَيْرُ الْفَاصِلِينَ﴿٥٧﴾

(٥٧) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بفەرموو: من لەسەر بەرچاوڕوونی و یەقینم لەلایەن خودای گەورەوە، وەکو ئێوە نیم لەسەر ئارەزووەکانم بژیم، ئەوە ئێوەن کە ئەو هەق و یەقینە بە درۆ دەزانن، ئەوەی ئێوە داوای دەکەن لەوەی کە خودای گەورە سزاتان بدات، یان داوای موعجیزەم لێدەکەن، ئەوە نە سزا و نە موعجیزە بەدەست من نییە، لە هەموو شتیکدا حوکم و بڕیار بۆ خودای گەورەیە و هەر ئەویشە کە هەقتان بۆ ڕوونەدەکاتەوە و بڕیاردەدات لەنێوان هەق و باتڵ و لێکیان جیادەکاتەوە.

بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا تێبینی دوو دەستە لە خەڵک دەکەین. دەستەی یەکەمیان بەتەواوی ڕازی نین بە شەریعەت و بڕیارەکانی خودا، چونکە موسڵمان نین. دەستەی دووەمیش ئەو موسڵمانانەن کە ڕازیبوون بە بڕیار و یاسا مرۆڤکردەکان یان یاسا تاغوتییەکان یان ئەو دەستانەی وەکو یاسادانەر خۆیان ناساندووە، یان وەکو دەستەیەک لە مرۆڤەکانی کۆمەڵگە ئەو یاسایانەیان پەسەندکردووە، جا ئێستا ئەم بڕیارانەیان خستبێتە شوێنی بڕیارەکانی خودا، یاخود لەپاڵ یاساکانی خودادا، پابەند بن بەم یاسا زەمینی و مرۆڤکردانەشەوە، جیاوازی نییە. لە دینی ئیسلامدا بەم بابەتە دەگوترێت: شیرک لە فەرمانڕەوایەتی و شیرک لە فەرمانبەرداریێتی (الله تعالى). ئەم دەستەیە ئەوە بەیان دەکەن کە یاساکانی ئیسلام و فەرمانەکانی خودا کۆنن و مۆدێلیان نەماوە و وەڵامی پێداویستییە هەنووکەییەکانی مرۆڤ نادەنەوە، یان ئەوەی کە دەڵێن: ئیسلام دینێکی کەسییە و مافی دەستێوەردانی لە بڕیاری دەوڵەتاندا نییە.

عەقڵی مرۆڤ ئەگەر گشتگیریش بێت، هەمیشە دوچاری هەڵە دەبێت. مرۆڤێکی یەکخوداپەرست، کە خودا بە تاک و تەنیا و بێهاوتا و دروستکەری مرۆڤ و بوونەوەر دەزانێت و خودا بە ناوەندی تەواوی زانست و دادپەروەرییەکان دەزانێت، بە باشیش ئەوە دەزانێت کە بڕیاری خوداوەند هەمیشە یەکلاکەرەوە و نەگۆڕە و لەسەر بنەمای سوود و زیانی گرووپێک، یان نەژادێک...تاد،

نییە. مرۆڤ لە بڕیارداندا هەمیشە خاوەنی زەینییەتێکی فرەچەشن بووە؛ واتە ئەگەر ئێمە بمانەوێت پەیڕەوی و ملکەچی لە دەستوورە مرۆییەکـان بکەیـن، ئەوا هەمیشـە سـوود و زیـانی ڕەگەزی و نـاوچەیی و گرووپیی(کۆمۆنیسـت، مەسـیحی، بـوودایی، زانسـتخوازان، فەلسـەفەگەرایان، گومانگەرایـان، فیمینیزمەکـان و...تـاد) لەنـاو ئەو بڕیـارانەدا هەبـووە. چ کەسێک جگە لە خوای گەورە داناتر و ئاگاتر و دادپەروەرترە بە خێر و چاکەی بەندەکانی؟ ئەو خـودایەی کە دادپەروەرە، دەسـتوور و فەرمانەکانیشـی دادپەروەرانەیە.

ڕازینەبـوون و پەسـەندنەکردنی بڕیارەکـانی خـودا، یـان پەسـەندکردنی هەنـدێکیان و پەسـەندنەکردنی بەشـێکی، مـرۆڤ تووشـی شـیرک لە فەرمـانڕەوایەتی و شـیرک لە فەرمـانبەرداریێتی دەکات. ئەمەش واتای ئەوەیە کە مرۆڤ باوەڕی وایە خوداوەند لە دەستوور و فەرمانەکانیدا دادپەروەری و زانستی بەکارنەهێناوە و خوداوەند(العیاذ بـالله) تووشـی کەموکـوڕی بـووە. واتە ئەی خودا! تـۆ دادپەروەر نیـت، بەڵکـو ئـێمە دادپەروەریـن و لە تـۆ باشـتر دەزانـین، یـان ئەوەی کە بڕیارەکـانی تـۆ کەموکـوڕی هەیە و جێـی بـاوەڕ نیـیە، پەنـا بە خـودا. واتـا ئەوەی کە ئەو یاسـا و بڕیـارانەی لەلایەن مـنەوە، ئەو دەسـتوورانەی لەلایەن پەرلەمـانەوە، ئەو یاسـایانەی لەلایەن دەوڵەتەوە دەرچـوون، لە بڕیارەکـانی(الله) باشترن، پەنا بە خودا.

ثُـمَّ أَنـتُمْ هَـٰؤُلَاءِ تَقْتُلُـونَ أَنفُسَـكُمْ وَتُخْرِجُـونَ فَرِيقًـا مِّـنكُم مِّـن دِيَـارِهِمْ تَظَـاهَرُونَ عَلَـيْهِم بِـالْإِثْمِ وَالْعُـدْوَانِ وَإِن يَـأْتُوكُمْ أُسَـارَىٰ تُفَـادُوهُمْ وَهُـوَ مُحَـرَّمٌ عَلَـيْكُمْ إِخْـرَاجُهُمْ أَفَتُؤْمِنُـونَ بِـبَعْضِ الْكِتَـابِ وَتَكْفُـرُونَ بِـبَعْضٍ فَمَـا جَـزَاءُ مَـن يَفْعَـلُ ذَٰلِـكَ مِـنكُمْ إِلَّا خِـزْيٌ فِـي الْحَيَـاةِ الدُّنْيَـا وَيَـوْمَ الْقِيَامَـةِ يُـرَدُّونَ إِلَىٰ أَشَـدِّ الْعَـذَابِ وَمَـا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴿٨٥﴾ {سورەتی(بقرة)، ئایەتی: ٨٥}

(٨٥) پاشان ئێوە کەسانێکن پەیمان دەشکێنن و یەکتری دەکوژن و هەندێکتان هەندێکی دیکەتان لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەردەکەن، وە پشتیوانی و هاوکاری یەکتری دەکەن لەسەر تاوان و دژایەتیکردن، کاتێک کە دیلیشتان دەستبکەوێت بە پارە و فیدیە ئازادی دەکەن و دەڵێن: لە تەوراتدا هاتووە کە حەرامە یەکتری دەربکەین، ئایا ئێوە باوەڕتان بە هەندێ لەو شتانە هەیە کە لە کتێبەکەتاندا هەیە، وە باوەڕتان بە هەندێکیتری نییە، هەرکەسێک ئیمانی بە هەندێ لە کتێبی خودای گەورە هەبێت و ئیمانی بە هەندێکی دیکەی نەبێت، سزای ئەم کەسانە تەنیا سەرشۆڕییە لە ژیانی دونیادا، لە ڕۆژی قیامەتیشدا دەگەڕێنەوە بۆ سەختترین سزا، وە خودای گەورە بێئاگا نییە لەو کردەوانەی ئێوە دەیکەن.

خودای گەورە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە و ئاگاداری هەموو بوونەوەرە. حوکم و یاسای خودا هەق و دادپەروەری ڕەهایە و ڕازینەبوونیش پێی شیرکە.

ذَٰلِكُم بِأَنَّـهُ إِذَا دُعِـيَ اللَّهُ وَحْدَهُ كَفَرْتُمْ وَإِن يُشْـرَكْ بِـهِ تُؤْمِنُـوا

**فَالْحُكْمُ لِلَّهِ الْعَلِيِّ الْكَبِيرِ﴿١٢﴾ {سورەتی(غافر)، ئایەتی: ١٢}**

**(١٢) ئەم سـزادانەتان بەهـۆی ئەوەوەیە کە کاتێـک لە دونیـادا بانـگ بکرانـایە بـۆ عیبـادەتی خـودا بە تـاک و تەنیـا، ئەوا کوفرتـان دەکرد، بەڵام ئەگەر شەریک بۆ خودای گەورە بڕیار بدرایە ئیمانتان بەو شەریکدانانە دەهێنا، ئێستاش حوکم بە تاک و تەنیا بۆ خودای گەورەیە.**

**گشـت ئەو بڕیـارانەی پەیوەنـدییان بە حەڵاڵ و حەرامەوە هەیە، پەیوەنـدییان بە خـوداوە هەیە، نابێـت دووبەرەکـی دینـی و بڕیـاری سـەرۆکی دەوڵەتـانی ئەمـڕۆ، پـێش ئەوەمـان لێبگرێـت. وڵاتـان و دەوڵەتـانی(غیر الهـي) ئەوە دەخەنەڕوو کە گرفـت دروسـت نابێـت ئەگەر خەڵکی ئەو وڵاتانە بۆ خۆیان بڕیاری نوێژ و ڕۆژوو بدەن و لەجیاتی یاسای خودا، ئەحکام و یاسای دەوڵەتان و...تاد، بچەسپێنن و یاسـا و بڕیـارە خوداییەکـان لەم نێوەنـدەدا هـیچ شـوێنگەیەکیان نەبێت. زۆرێکمان ئەم دروشمەمان بەرگوێ کەوتووە(جیاکردنەوەی دیـن لە سیاسـەت). بـابەتی جیـاکردنەوەی دیـن لە سیاسـەت؛ واتە شــیرک لە فەرمــانڕەوایەتی کــۆمەڵگە ســیکۆلارەکاندا و ئەو فەرمانڕەوایانەشی کە تەنانەت جڵەوگیری دەکەن لە جێبەجێکردنـی فەرمانەکــانی خــودا لە وڵاتــی موســڵمانانداا. لەگەڵ شــیرکی فەرمـانڕەوایەتی کە ئـاوێزانی فەرمانڕەوایـانی ناموسـڵمانبووە، ئەوا**

شیرکی فەرمانبەرداریێتی لە جگە لە خوداش ئاوێزانی کۆمەڵگە بووە. شیرک لە فەرمانبەرداریێتیدا؛ واتە سەردانەواندن بۆ ئەو فەرمانانەی لەلایەن خوداوە دەرنەچوون.

فەرمانبەرداریێتی و ملکەچکردن بۆ خودا لە خۆیدا عیبادەتە. بەوجۆرەی کە بەتەنیا دەبێت عیبادەتی خودا بکەین، ئەوا دەبێت تەنیا و تەنیاش فەرمانبەرداریێتی خودا بکەین. لە دینی ئیسلامدا فەرمانبەرداریێتی و ملکەچکردن بۆ بڕیارەکان بە مەرجێک دروستە کە بڕیاربەدەستان و یاسادانەران پەیڕەوی لە شەریعەت و دەستوورەکانی(الله)(جل جلاله) بکەن و خۆشیان جێبەجێکاری یاساکانی قورئان و سوننەت بن. ئەگەر بە ئەندازەی گەردیلەیەک گومان لە بڕیارەکانیاندا هەبێت، ئەوا بەپێی قورئان و سوننەت پووچەڵ دەبنەوە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴿٥٩﴾ {سورەتی(نساء)، ئایەتی: ٥٩}

(٥٩) ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە گوێڕایەڵی خودا و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بکەن، وە گوێڕایەڵی ئەوانەش کە فەرمانڕەوا و کاربەدەستتانن، وە ئەگەر لە هەر شتێکدا کێشە

کەوتە نێوانتــانەوە لە دیــن و دونیــا، بگەڕێــنەوە بــۆ لای خــودا و پێغەمــبەرەکەی، ئەگەر ئێــوە ئیمانتــان بە خــودا و بە ڕۆژی دوایــی هەیە، وە ئەمەش باشترین کارێکە کە بیکەن.

خــودای گەورە فەرمــانیکردووە کە: یەکەم، فەرمــانبەرداری و ملکەچــی بــۆ بڕیارەکــانی بنــوێنین و دووەم، بــۆ پێغەمــبەر و ســێیەمیش، بــۆ ئەو ســەرۆک و کاربەدەســتانەی کە خۆمــان هەڵمانبـژاردوون و بەپێـی قورئـان ڕێگەپێـدراون، نەک دیکتـاتۆر و کاربەدەسـتە لادینەکـان. لە هەر جـۆرە جیـاوازییەک لە تێڕوانینـی سیاسـی و فیقهـی و یاسـایی و سـزایی(جزائی)و...تاد، ئەوا تەنیـا و تەنیا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ حوکمەکانی خودا و سوننەتە ڕاست و دروستەکانی پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، چونکە ئەوە بە تــاکە ســەرچاوەی ســەرەکی لادانــی جیاوازییەکــان لەنێــوان فەرمانڕەوایان و حەکیمان و حاکمان و خەڵکیدا دادەنرێت. زۆرێـک لە موســـڵمانان بەهـــۆی بێئاگاییـــانەوە ئاگایـــان لە شـــیرکی فەرمــانڕەوایەتی و شــیرکی فەرمــانبەرداری نیــیە، لە ســەرەتای دەرکەوتنـی دینـی ئیسـلام و تەنـانەت سـاڵانی دواتـریش موسڵمانان بەتەواوی ئاگاداری ئەم بابەتە بوون. بەڵام بە تێپەڕبوونی چەندین ســاڵ بەســەر ئەوەدا و پێشــکەوتنی مــرۆڤ و دامەزرانــدنی پەرســتگاکان، بــابەتی شــیرکی فەرمــانڕەوایەتی لەنــاو خەڵکــدا کاڵبووەوە. ئەگەر سەرۆک و فەرمانڕەوایان و خەڵکی، باوەڕیان بە تاک و تەنیای خودا هەیە، پێویستە تەوبە بکەن و یاساکانی خودا

بـکەن بە تـاکە سـەرچاوەی دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری. پێغەمبەر(دروودی خودای لەسـەر بێـت)، فەرمـوویەتی: هەر کەسـێکتان کـارێکی نـاڕەوای بینـی، بـا بە دەسـت بیگۆڕێـت، ئەگەر نەیتوانی با بە زمان بیگۆڕێت، دیسان ئەگەر نەیتوانی، ئەوا بە دڵ پێی ناخۆش بێت و نکوڵی لێبکات، ئەویش لاوازترین ئیمانە.

لە زۆرێـک لە وڵاتە موسـڵمان و ناموسـڵمانەکاندا، بەناچـاری و زۆرەملێ(احکـام غیـر الله) دادەنرێـت و یەکخوداپەرسـتانیش لەم کـۆمەڵەیەدا دەژیـن و پەیـڕەوی لێـدەکەن، لەکاتێکـدا دەسـەڵاتی گـۆڕینی ئەو سیستەمەشـیان نیـیە. لە بـارودۆخێکی لەو جـۆرەدا یەکخوداپەرسـتەکان تاوانیـان لەسـەر نیـیە، بەڵام ئەگەر ئـێمە دەنگمان بە سیستەم و دەسەڵاتی (غیر الهي)دا و بەهەر شێوەیەک پاڵپشتیمان کردن، ئەوا دوچاری شیرک بووین.

پێویسـتە زانایـان لەکـاتی فەتـوادا بگەڕێـنەوە بـۆ بڕیارەکـانی(الله)و ئەگەر لەو چوارچێـوەیەدا فەتـوادەرانی ئیسـلام دوچاری هەڵە بوون، ئەوا هەر پاداشتیان بۆ دەنووسرێت.

بـابەتی تەوحیـدی فەرمـانڕەوایەتی و فەرمـانبەرداری خـودا شـتێکی نـوێ نیـیە. گشـت پێغەمـبەران بەبـێ گومـان لە هەوڵـی ڕێنمایـی و ئامۆژگاریکردنـدا بـوون؛ بـۆ نمـوونە: سـەرنجی چیرۆکـی موسا پێغەمبەر بدەن. فیـرعەون سـەرپێچیکرد و گـوتی: (أنـا ربکم الأعلـی). ئایـا ئەم پڕوپاگەنـدەیەی فیـرعەون دەیکـرد؛ واتە ئەو بیروباوەڕی وابوو کە من خالقی ئاسمانەکان و زەوی و بوونەوەرم؟

من مرۆڤ و ئاژەڵ و خۆر و مانگ و...تاد، دروستکردووە؟ نەخێر، هیچ مرۆڤێک بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەو بوێرییەی نەبووە پڕوپاگەنــدەی ئەوە بکــات کە خــۆر و زەوی و مانــگ و...تــاد، دروستکردووە. فیرعەون خۆی باوەڕی بە خوداکانی میسر، ئاموون و ست هەبوو. دوژمنایەتی فیرعەون و موسا پێغەمبەر لەو ڕووەوە نەبــوو، بەڵکــو دوژمنــایەتی و کێشــەی ســەرەکی ئەوە بــوو کە فیــرعەون بــاوەڕی وابــوو دەبێــت فەرمــانڕەوایەتی ئەو بە فەرمــی بناســرێت، نەک فەرمــانڕەوایەتی خــودای موســا(الله). لە ڕۆژی قیامەتدا گشت بڕیارەکان بۆ خودای گەورە دەگەڕێتەوە، سەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوە بدەن:

وَمَــا أَدْرَاكَ مَــا يَــوْمُ الــدِّينِ﴿١٧﴾ ثُــمَّ مَــا أَدْرَاكَ مَــا يَــوْمُ الــدِّينِ﴿١٨﴾ يَــوْمَ لَا تَمْلِــكُ نَفْــسٌ لِّــنَفْسٍ شَــيْئًا وَالْأَمْــرُ يَوْمَئِــذٍ لِّلَّهِ﴿١٩﴾ {سورەتی(انفطار)، ئایەتی: ١٩.١٧}

(١٧) تــۆ چــوزانی ئەو ڕۆژە(کە ڕۆژی قیــامەتە) چ ڕۆژێکــی ســەختە. (١٨) دیســان بــۆ جەختکــردنەوە، تــۆ چــوزانی ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکــی گەورە و ســەختە. (١٩) ڕۆژی قیــامەت ڕۆژێــکە هــیچ کەسێک توانای نییە سوود بە کەسێکی دیکە بگەیەنێت، بەڵکو لەو ڕۆژەدا گشت کار و فەرمانەکان بە دەستی خودای گەورەیە.

# بەنـدی بیست و پێنجەم

لە ئەمـڕۆدا خەڵکـی لەجیـاتی خـودا یـان لەگەڵ خـودادا، هانـا بـۆ(دون الله) دەبەن و نـزا و پاڕانەوە و خواسـت و پێویسـتییەکان و تـرس و هیـوا و پەنابردنەکانیـان هەمـووی ئاڕاسـتەی جـگە لە خـودا دەکەن و دەڵـێن: نزاکـان تەنیـا بەڕێـگەی ئەم نێوەنـدکارانە دەگەنە ئاسـمان و وەردەگیـرێن! لە ئەمـڕۆدا بەجۆرێـک وادەزانـن تەواوی ئایەتەکـانی قورئـان کە دەربـارەی کـوفر و شـیرک و(دون الله) دابەزیـوە، هەموویـان تـایبەتن بە عەرەبە دەشـتەکی و نەزانەکـانی سەردەمی نەفامی، ئەڵبەتە بەم ئەندازەیەش نەوەستاونەتەوە، بەڵکو هەندێک لێکدانەوەیان کردووە کە تەنانەت پاڕانەوەیان لە جگە لە خودا بە ڕێگەپێدراو داناوە! لە ئەمڕۆدا کەسانێک هەن دەڵێن ئەو ئایەتـانەی دەربـارەی هاوبەشـبڕیاردەران دابەزیـون، هەمویـان دەربارەی ئەو نێوەندکار و هاوبەشانەن کە تەنیا لە چوارچێوەی ئەو پەیـکەر و بـتە لەبەرد داتاشـراوانە بـوون و ئەم ئایەتـانەش تێکـڕای ئەو بابەتانەی کە گرێدراوی(دون الله)ن؛ وەکو: مرۆڤەکان، جنۆکە، پیاوچاکـان، پێشـەوایان، پێغەمـبەران و ئەولیاکـان، ڕەچـاوی شایسـتەیی خۆیـان لەبەرامـبەر خـودادا نەکـردووە. لە دوورەوە

سەرنجێک بخەنە سەر بابەتەکە و بڕوانن، هەموو ڕۆژێک هەزاران کەس سەردانی مەزارگەی پیاوچاکان و پێشەوایان دەکەن، کۆمەڵێک ڕەفتار ئەنجامدەدەن کە جگە لە عیبادەت ناتوانرێ ناوێکی دیکەی لێبنرێت. ئایا تا ئێستا بیرمانکردۆتەوە بۆ ئەمکارە چ بەڵگەیەکمان بەدەستەوەیە؟ ئایا لە قورئاندا ئامۆژگاری و پێشنیارمان بۆ کراوە بۆ ئەمکارە؟ ئایا پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، ئەمکارەی ئەنجامداوە و پێشنیاری کردووە کە ئوممەتەکەشی ئەو کارە ئەنجامبدەن؟

هەموان دەزانین کە لە بابەتی عەقیدە و ئیماندا ناتوانین لاسایی بکەینەوە، چونکە عەقیدەی مرۆڤ تەنیا بەڕێگەی بیرکردنەوە لە ئایەتەکانی(سروشت)، بوونەوەر ئەفراندن و ئایەتەکانی(بەدیهێنان و ئالۆزیی خودی مرۆڤ)و ئایەتەکانی قورئان(بیرکردنەوە لە وەحی) دێتەدی.

**وَإِذْ يَتَحَاجُّونَ فِي النَّارِ فَيَقُولُ الضُّعَفَاءُ لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِّنَ النَّارِ﴿٤٧﴾ قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا كُلٌّ فِيهَا إِنَّ اللَّهَ قَدْ حَكَمَ بَيْنَ الْعِبَادِ﴿٤٨﴾ وَقَالَ الَّذِينَ فِي النَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ادْعُوا رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ الْعَذَابِ﴿٤٩﴾** {سورەتی(غافر)، ئایەتی: ٤٧.٤٩}

(٤٧) لەناو ئاگری دۆزەخدا سەرکردەکان و شوێنکەوتووەکانیان مشتومڕ و دەمەقاڵێیانە، لاواز و ژێردەستەکان بە گەورە و

سەرکردەکانیان دەڵێن: ئێمە شوێنکەوتەی ئێوە بووین و ئێوەش سەرکردەمان بوون، ئایا دەتوانن بەشێک لەو سزایەی لەسەرمانە لایبدەن؟ (٤٨) دەسەڵاتدار و خۆبەگەورەزانانیش دەڵێن: ئێمە لەگەڵ ئێوەدا لەناو ئاگری دۆزەخداین، توانای هیچ شتێکمان نییە. بەدڵنیاییی خودای گەورە خۆی بڕیاری لەنێوان بەندەکاندا داوە. (٤٩) ئەوانەی لەناو ئاگری دۆزەخدان بە دەرگاوانانی دۆزەخ دەڵێن: بانگی پەروەردگارتان بکەن، هەتا ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بێت ئەم سزایەمان لەسەر سوک بکات.

هەروەها:

فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ ۚ أُولَٰئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُم مِّنَ الْكِتَابِ ۖ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ قَالُوا أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ ۖ قَالُوا ضَلُّوا عَنَّا وَشَهِدُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا كَافِرِينَ﴿٣٧﴾ قَالَ ادْخُلُوا فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ فِي النَّارِ ۖ كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا ۖ حَتَّىٰ إِذَا ادَّارَكُوا فِيهَا جَمِيعًا قَالَتْ أُخْرَاهُمْ لِأُولَاهُمْ رَبَّنَا هَٰؤُلَاءِ أَضَلُّونَا فَآتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ النَّارِ ۖ قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ﴿٣٨﴾ وَقَالَتْ أُولَاهُمْ لِأُخْرَاهُمْ فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ﴿٣٩﴾

{سورەتی(اعراف)، ئایەتی: ٣٧. ٣٩}

(٣٧) کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ هەڵدەبەستێ بۆ

خـودای گەورە، یـان ئایەتەکـانی خـودا بە درۆ دەزانێـت و بـاوەڕی پێناکـات، ئەوانە بەشـی خۆیـان دەسـتدەکەوێت لەوەی لەسـەریان نوسراوە، پاداشت یان سزا وەردەگرن، تا ئەوکاتەی کە نێردراوانمان دێـن؛ واتە فریشـتەی گیانکێشـان ڕۆحیـان دەکێشـن و پێیـان دەڵێن: کوا ئەو خودایانەی کە جگە لە خودای گەورە دەتانپەرستن، دەڵێن: ونبوون و لێمان دیارنەمان، وە خۆیان شایاتی ئەدەن لەسەر نەفسی خۆیـان کە کـافر و بێبـاوەڕن. (٣٨) خـودای گەورە دەفەرموێـت: دەی بـڕۆنە ژوورەوە بـۆ نـاو ئـاگری دۆزەخ لەگەڵ ئوممەتـانێکیتردا لە جنـۆکە و مرۆڤەکـان، کە لەپـێش ئێـوەوە چـوونەتە نـاو ئـاگری دۆزەخەوە، هەرکاتێـک ئـوممەتێکیتر دێـتە نـاو دۆزەخەوە نەفـرەت دەکـات لەو ئـوممەتە کـافرانەیتر کە پێشـتر لەنـاو ئـاگری دۆزەخـدا بـوون، تـاوەکو هەمـوو کـافران لەنـاو ئـاگری دۆزەخـدا کـۆدەبنەوە، ئەوانەی کە دواتـــر هـــاتوون، بەوانەی پێشـــتر دەڵـــێن، یـــاخود شــوێنکەوتووان بە ســەرکردەکانیان دەڵــێن: ئەی پەروەردگــار ئەو ســەرکردانە بــوون ئێمەیــان گــومڕاکرد، خــودایە بــا ســزای ئەوان لە دۆزەخـدا چەنـد قـات بێـت، خـودای گەورە دەفەرموێـت: بـۆ هەر یەکێـک لە ئێـوە سـزاتان چەنـد قـاتە. (٣٩) ئینجـا ئەوانەی سـەرەتا بەوانەی دواتر دەڵێن: ئێمە هیچ توانای ئەوەمان نییە سزا لەسەر ئێــوە ســوک بکەیــن، دەی ســزا بچێــژ بەهــۆی کــردەوەی خراپــی خۆتانەوە، لێیان بەری بن

هەروەها:

قَالَ الَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ الْقَوْلُ رَبَّنَا هَؤُلَاءِ الَّذِينَ أَغْوَيْنَا أَغْوَيْنَاهُمْ كَمَا غَوَيْنَا تَبَرَّأْنَا إِلَيْكَ مَا كَانُوا إِيَّانَا يَعْبُدُونَ﴿٦٣﴾ وَقِيلَ ادْعُوا شُرَكَاءَكُمْ فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا لَهُمْ وَرَأَوُا الْعَذَابَ لَوْ أَنَّهُمْ كَانُوا يَهْتَدُونَ﴿٦٤﴾ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ مَاذَا أَجَبْتُمُ الْمُرْسَلِينَ﴿٦٥﴾ فَعَمِيَتْ عَلَيْهِمُ الْأَنْبَاءُ يَوْمَئِذٍ فَهُمْ لَا يَتَسَاءَلُونَ﴿٦٦﴾ {سورەتی(قصص)، ئایەتی: ٦٣.٦٦}

(٦٣) ئەو کەسانەی کە وتە و سزای خودای گەورە هەق بوو بەسەریاندا جێبەجێ بکرێ، دەڵێن: ئەی پەروەردگار ئەمانە بوون ئێمە بانگمانکردن بۆ گومڕایی، ئێمە ئەوانمان گومڕاکرد هەروەک چۆن خۆمان گومڕابووین، ئێستا ئێمە بەرین لەوان، ئەوان بە هەوا و ئارەزووی خۆیان ئێمەیان دەپەرست. (٦٤) وە خودای گەورە دەفەرموێت: دەی ئەو کەسانەی کە کردبووتان بە شەریک بۆ خودای گەورە بانگیان بکەن با سەرتانبخەن، ئەوانیش بانگیان دەکەن، کەس وەڵامیان ناداتەوە، وە سزای خودای گەورە دەبینن، ئەوان ئاواتەخوازن لە دونیادا هیدایەتیان وەربگرتایە و موسڵمان بوونایە. (٦٥) لەو ڕۆژەدا خودای گەورە بانگیان دەکات و پێیان دەفەرموێت: ئێوە چی وەڵامێکی نێردراوانی خودای گەورەتان دایەوە. (٦٦) وە هیچ بەڵگەیەکیان پێنامێنێت و وەکو نابینایەک وان کە ڕێگەی خۆی نەدۆزێتەوە، ئەمانیش ناتوانن هیچ قسەیەک بکەن، لەو ڕۆژەدا هەندێکیان پرسیار لە هەندێکیان ناکەن، چونکە هیچ بەڵگەیەکیان پێ نییە.

لە زۆرێک لە ئایەتە قورئانییەکاندا ئاماژە بە بارودۆخی مرۆڤە گومڕاکـــان کـــراوە. لە ڕۆژی قیامەتـــدا ئەوانەی گـــومڕا بـــوون، پێـداگرانە داوای مـافی خۆیـان لە گـومڕاکەران دەکەن. ئەوان ئەوە دەخەنەڕوو دەڵێن: ئێمە لە دونیـادا ملکەچی چاو و گوێی داخراوی ئێـوە بـووین و بەهیـوای ڕۆژێـک، ملکەچـی فەرمانەکانتـان بـووین. ئێمە دینمان لە دەمی ئێوەوە بیستووە و بەبێ هیچ پرسیارێک پێی ڕازیبـووین و هـیچ کاتێـک لە چـاوەڕوانیی ئەوەدا نەبـووین کە لە کەسە گومڕاکان بین. گومڕاکاران لە وەڵامدا دەڵێن: ئێمە ئێوەمان گـومڕا نەکـردووە، بەڵکـو ئێـوە خۆتـان گـومڕا بـوون. ئەمـڕۆ ئـێمە خۆمـان بە ئـاگری کردەوەکـانی خۆمـان سـووتاوین. ئـێمە لەنـاو گومڕاییـدا بـوین و ئێـوەش هـاتن و کـوێرانە شـوێنمان کەوتـن. ئێـوە عەقڵتـان نەبـوو، کـوێرانە شـوێنمان کەوتـن. ئەو کەسانەی ڕاپێچـی ئەشکەنجەدان دەکرێن، چیتر مۆڵەتی پرسیار و وەڵامیان پێنادرێت. کەواتە باشـترە کە هەر لەم دونیـایەدا وەڵامـی پرسـیارەکانمان بەدی بێنین، نەک ئەوەی بگەینە ڕۆژێک کە هیچ کەسێک بەبێ مۆڵەتی خودای گەورە تەنانەت توانای قسەکردنیشی نییە.

لە قورئانـــدا خـــودای گەورە مرۆڤـــی بە(اشـــرف المخلوقـــات) ناوبردووە و کردوویەتی بە جێنشینی خۆی لەسەر زەوی، لەبەرئەوە ڕێـگەی بە مـرۆڤ نەداوە کە لە عەقڵـی کەسـانیتردا بیربکـاتەوە و ملکەچیان بێت.

وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ

الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً﴿٧٠﴾
{سورەتی(إسراء)، ئایەتی: ٧٠}

(٧٠) وە بەدڵنیایی ئێمە ڕێزمان لە مرۆڤ ناوە، وە لە وشکانی و دەریادا هەڵمانگرتوون، جۆرەها خواردنی بەتام و باشمان پێبەخشیون، فەزڵمانداون بەسەر زۆرێک لەو دروستکراوانەیتر کە دروستمانکردوون.

شتێکی سەیرە! ئەم کەسانە وەکو ئەوەی بەیانکرا، پەرستشەکانیان وەکو عیبادەت بەوجۆرە ئەنجامبدەن. ئەوان دەڵێن: ئێمە خودا بە سەرچاوەی باشییەکان دەزانین، خودا بە خالقی هەموو شتێک، بەتوانا بەسەر هەموو کارێکدا و بەرزتر لە گشت دروستکراوەکان دەزانین، ئەوەش دەزانین ئەو کەسانەی کە ئێمە کردوومانن بە نێوەندکار، بەندەی خودان. لەبەرئەوە ئەو کارەش ئەنجامدەدەین هەتاکو بەو ڕێگەیە بگەین بە خودا و نزا و پاڕانەوەکانمان گیرابن. ئەو قسەیەش هەمان ئەو قسەیەی هاوبەشبڕیاردەرانی سەردەمی نەفامی بوو، کە بە پێغەمبەری بەڕێزیان دەگوت. لەڕاستیدا هەروەکو خەڵکانی سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام(دروودی خودای لەسەر بێت)، خەڵکی ئێمەش نوقمی نەفامی بوون.

هُنَالِكَ تَبْلُو كُلُّ نَفْس مَّا أَسْلَفَتْ وَرُدُّوا إِلَى اللَّهِ مَوْلَاهُمُ الْحَقِّ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴿٣٠﴾ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ

وَالْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴿٣١﴾ فَذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمُ الْحَقُّ فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلَّا الضَّلَالُ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ﴿٣٢﴾ {سورەتی(یونس)، ئایەتی: ٣٠. ٣٢}

(٣٠) ئـا لەوێـدا هەمـوو کەسـێک تاقیـدەکرێتەوە بەهـۆی کردەوەکـانی پێشـتری، وە دەگەڕێنـدرێنەوە بـۆلای پەروەردگـاری بەهەقیـان، وە ئەو هەمـوو درۆهەڵبەستنەی کە دەیانکرد لە دونیـادا، هەمـووی دەڕوات و نـامێنێ و سـوودیان پێناگەیەنێـت. (٣١) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵـێ: کێیە ڕزقـی ئێـوە دەدات لە ئاسـمانەکان، کێـیە کە هەسـتەوەرەکانی بیسـتن و بینینـی پێبەخشـیون، وە کێـیە لە مـردوو زینـدوو دەردەکـات و لە زینـدوو مـردوو دەردەکـات، کـێ هەیە کاروبـاری ئەم بـوونەوەرە بەڕێوەبەرێـــت؟ کـــافران دەڵـــێن: تەنیـــا(الله)یە، ئەی مـوحەممەد(دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، پێیـان بڵـێ: ئەی بـۆ تەقـوای خـودای گەورە نـاکەن؟ (٣٢) ئەو(الله)یە پەروەردگـاری بەهەقتـانە، وە لەپـاش هەقـیش هیچ شتێکیتر نییە تەنیـا گـومڕایی نەبێت، ئیتر بۆچی لەم هەقە لادەدەن؟

هەروەها:

فَأَهْلَكْنَا أَشَدَّ مِنْهُم بَطْشًا وَمَضَىٰ مَثَلُ الْأَوَّلِينَ﴿٨﴾ وَلَئِن

سَـأَلْتَهُم مَّـنْ خَلَـقَ السَّـمَاوَات وَالْأَرْضَ لَيَقُـولُنَّ خَلَقَهُـنَّ الْعَزِيـزُ الْعَلِيمُ﴿٩﴾ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴿١٠﴾ {سورەتی(زخرف)، ئایەتی: ٨. ١٠}

(٨) ئەو گەلانەیـــتر کە لە قـــوڕەیش زۆر بەهێزتـــر بـــوون لەناومانبردن، وە بوون بە پەند و عیبرەت بۆ گەلانیتر. (٩) ئەگەر لە کافرانی قوڕەیش بپرسی: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە؟ دەڵێن: بەدڵنیـاییی خودای بەعیـززەت و زانـا دروسـتیکردووە. (١٠) ئەو خـــودایەی زەوی بـــۆ جێگیرکـــردوون وەکـــو بێشـــکەیەک، وە لەناویدا ڕێگەی زۆری بۆ داناون، بەڵکو هیدایەت وەربگرن.

ســـەرنجبدەن کاتێـــک کە پێغەمـــبەر کردەوەکـــانی خەڵکـــی سەردەمی نەفامی بە شیرک لە قەڵەمدا، هەموویان سەریان سوڕما، چونکە وابیریان دەکردەوە کە دینی ئەوان دینی ئیبراهیم پێغەمبەرە و تەواوی کـار و کردەوەکانیـان باگگراونـد و ئاڕاسـتەیەکی دینیـی هەیە.

خەڵکـــی ئەمـــڕۆش وادەزانـــن بەتەواوی ئەو ئیســـلامە پەیـــڕەو دەکەن کە بۆ پێغەمبەر موحەممەد (دروودی خودای لەسەر بێت)، دابەزیـوە. ئەو ئیسـلامەی کە ئەوان پەیـڕەوی لێـدەکەن، بەڕێگـای لاســـاییکردنەوە لە باووباپیرانیـــانەوە وەریـــانگرتووە و لەگەڵ خورافیات و شیرکدا تێکەڵبووە. شاعیر دەڵێ:

خـــەڵکی بەبـــادا لاســـاییکردنەوە    دەرگـــای نەفرەتـــی

خودای کردەوە

نەفـــامیی نـــوێی ئەم چەرخە وەکـــو چـــادرێکی گەورە وایە کە بەســـەر تێکـــڕای بیروبـــاوەڕی خەڵکیـــدا ســـێبەری کردبێـــت و پاڵپشـــتیکارانی ئەم شـــیرک و خورافیاتـــانەش بـــۆ ئەوەی ڕۆزی حەرامی خۆیان لەدەست نەدەن، ڕۆژ بە ڕۆژ بەشێوەیەکی جوانتر و سەرنجڕاکێشـــتر ئەم بیروبـــاوەڕانە نمایشـــدەکەن. ســـەرەداوی ئەمکـــارەش تـــا ئەو شـــوێنە ڕۆیشـــتووە کە کـــردەوە ناشـــرینەکانی خەڵکـی لەبەرچاویاندا جوان کردووە و هەموان وابیردەکەنەوە کە ڕاستترین کاریـان لەنێـو تێکڕای دینەکـانی دیـکەدا ئەنجامـداوە و باشـترین کـار و کـردەوەیەکە کە لەلای خـودای گەورە پەســەندە. بەڵام ئەم بیرکردنەوانە هەمووی پووچە و ئاسنی سارد کوتانە.

قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُم بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا﴿١٠٣﴾ الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا﴿١٠٤﴾أُولَئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ فَحَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا﴿١٠٥﴾ {سورەتی(کهف)، ئایەتی: ١٠٣.١٠٥}

(١٠٣) ئەی مـوحەممەد(دروودی خـودای لەســەر بێـت)، پێیـان بڵێ: ئایا هەواڵتان پێبدەم کێ لە هەموو کەس زەرەرمەندترە؟ (١٠٤) بێگومـان ئەو کەسـانەن کە هەوڵ و تێکۆشـانیان لە دونیـادا بەزایە چووە، لەکاتێکدا وادەزانـن کـاری چاکیـان ئەنجامداوە. (١٠٥) ئەو

کەسانەی کوفریان کردووە بە ئایەتەکانی خودای گەورە و گەیشتن پێی، بۆیە ئەو کردەوانەی کە ئەنجامیانداوە و وایانزانیوە کردەوەی چاکە، هەمووی بەتاڵبۆتەوە، وە لە ڕۆژی قیامەتیشدا هیچ نرخێکیان بۆ دانانێین.

جێگەی داخە ئەوەی کە پێغەمبەری خودا(دروودی خودای لەسەر بێت)، نەهی لێکردووە، موسڵمانانێک کە تەنانەت خۆیان بە پابەندی ئیسلام دەزانن تووشی ئەوە دەبن و لەسەر گۆڕی هەندێک لە پیاوچاکانی خودا و پێشەوایان مەراسیم سازدەکەن و خەڵوە دەکێشن، یان بینا و ئارامگایان بۆ سازدەکەن و دەیانڕازێننەوە و مزگەوتیان لەسەر دروستدەکەن، چرا و گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگیان بۆ دادەگیرسێنن، بە ملکەچییەوە نوێژ و نەزر دەکەن، یان وەکو کەعبە بەدەوریدا تەواف دەکەن، دەستی بەسەردا دەهێنن و ماچیدەکەن، لەبەرامبەریاندا دەوەستن و داوای شیفا و منداڵیان لێدەکەن، هەموو ئەمانە دەچنە چوارچێوەی(دون الله)ەوە. هەندێکیش خواست و پێویستییەکانیان بەشێوەی نووسین لەسەر کاغەز لەوێ جێدەهێڵن و بەمەش دوچاری شیرک دەبن! ئەگەر تەماشای سەردەمەکەی پێغەمبەری خودا(دروودی خودای لەسەر بێت) بکەین، ئایا پێغەمبەر هیچ بارەگایەک یان ئارامگایەکی لەسەر گۆڕی شەهیدانی ئیسلام دروستکردبوو؟

لەدوای فەتحی مەککە، حەزرەتی عەلی(ڕەزای خودای لەسەر بێت)، لەدوای ئەوەی کە لەلایەن پێغەمبەری خوداوە فەرمانی

پێکرابوو، تەواوی گۆڕ و بارەگاکانی لەگەڵ خاکدا یەکسان کرد و لە شیرک و بیدعە پاکیکردنەوە.

پرسیار: چۆن خورافیات بە عەقیدەوە دەلکێت؟

وَلَا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ﴿١١٣﴾ {سورەتی(هود)، ئایەتی: ١١٣}

(١١٣) ئێوە مەیلتان نەبێت بەلای ستەمکاران و هاوبەشبڕیاردەران، چونکە ئاگری دۆزەخ دەتانگرێتەوە، ئەوکات جگە لە خودای گەورە هیچ دۆست و پشتیوانێکتان نابێت سەرتانبخات.

وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ﴿٢٠﴾ {سورەتی (نحل)، ئایەتی: ٢٠}

(٢٠) ئەوانەش کە ئێوە لە جگە لە خودای گەورە لێیان دەپاڕێنەوە و دەیانپەرستن، توانای دروستکردنی هیچ شتێکیان نییە، بەڵکو ئەوان خۆیان دروستکراون.

# بەندی بیست و شەشەم

لە بەشەکانی پێشوودا ئەوە خرایەڕوو کە مەرجی پەسەندبوون و جێگیربوونی ئیمان لەلای خودای گەورە، تێفکرین و عەقڵمەندییە. لە قورئاندا تیشکێکی فراوان خراوەتە سەر بیرکردنەوە، ئەو مرۆڤانەی لە ژیاندا بیرناکەنەوە، لەلای خودای گەورە بێزراوترین کەسن. خودای گەورە لە قورئاندا لە دوو ئایەتدا فەرموویەتی ئەو کەسانەی بیرناکەنەوە و ئەوانەش کە ئیمان ناهێنن، خراپترین کەسن:

فَمَن يُرِدِ اللَّهُ أَن يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاءِ كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ اللَّهُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ﴿١٢٥﴾ {سورەتی (انعام)، ئایەتی: ١٢٥}

(١٢٥) هەرکەسێک خودای گەورە بیەوێت هیدایەتی بدات بەرەو ئیسلام، ئەوە سنگی فراوان دەکات بۆ وەرگرتنی ئیسلام و خوداپەرستی، هەرکەسێکیش خودای گەورە بیەوێت گومڕای بکات، ئەوە سنگی زۆر تەسکدەکاتەوە کە شوێنی خوداپەرستی تێدا نەبێتەوە، وەک ئەوەی زۆر بەرز بێتەوە بۆ ئاسمان، [کە ئێستا

زانستی سەردەم سەلماندوویەتی، ئەوەی بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان سنگ و دڵی تەنگ دەبێتەوە، لەبەرئەوەی هەوای تێدا نامێنێت، ئەمەش یەکێکە لە موعجیزەکانی قورئانی پیرۆز، بەمشێوەیە خودای گەورە پیسی؛ واتە سزا(شەیتان) دادەبەزێنێتە سەر ئەو کەسانەی ئیمان ناهێنن]

هەروەها:

وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تُؤْمِنَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ ۚ وَيَجْعَلُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ﴿١٠٠﴾ {سورەتی(یونس)، ئایەتی: ١٠٠}

(١٠٠) هیچ کەسێک ئیمان ناهێنێ، تەنیا بە مۆڵەتی خودای گەورە نەبێت، خودای گەورە سزا و گومڕایی دادەبەزێنێتە سەر ئەو کەسانەی عەقڵیان نییە.

هەروەها:

إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللَّهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ﴿٢٢﴾ {سورەتی(انفال)، ئایەتی: ٢٢}

(٢٢) خراپترین ئاژەڵ کە بەسەر زەویدا بڕوات لەلای خودای گەورە ئەو کەسانەن کە کەڕن لەئاست بیستنی هەق، لاڵن لەئاست گوتنی هەق، ئەو کەسانەن کە عەقڵیان نییە و بەرژەوەندی خۆیان نازانن.

هەمیشە لەبەردەم بیرکردنەوەدا چەند بەربەستێکی گەورە هەیە.

یەکێک لەو بەربەستانە، دەمارگیرییە؛ واتە ئەوەی کە کەسێک بەڕاددەیەک دڵنیا و مەغروور بێت لەوانەی هەیەتی؛ وەک: (دین، وڵات، نەتەوە، نەژاد و کەسایەتی)، یان ئامادە نەبێت گوێ لە بیروبۆچوونی پێچەوانە بگرێت، یان کاتێک پێچەوانەی ڕایەکانی خۆی دەبیستێت، پەسەندیان ناکات. خودای گەورە هەمیشە ئامۆژگاری موسڵمانانی کردووە کە بە ئەندازەی پێویست گوێ لە ڕاوبۆچوونی جیاواز بگرن، جا لە(موسڵمان بێت، یان ناموسڵمان).

الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُولَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُولَئِكَ هُمْ أُولُو الْأَلْبَابِ﴿١٨﴾ {سورەتی(زمر)، ئایەتی: ١٨}

(١٨) ئەی پێغەمبەر(درووودی خودای لەسەر بێت)، مژدە بدە بەو بەندانەم کە گوێ لە وتە دەگرن و لێی تێدەگەن و شوێنی باشترینی دەکەون و کاری پێدەکەن، یان باشترین دەڵێن و قسەی خراپ ناڵێن، ئا ئەم کەسانەن کە خودای گەورە هیدایەتیداون لە دونیا و قیامەت، ئەمانە خاوەنی عەقڵی ڕاست و دروستن.

مرۆڤە تێگەیشتووەکان کەسانێکن کە هەمیشە لەکۆی قسە و گفتوگۆکاندا، پەیڕەوی لە باشترینەکانی دەکەن. لە کۆمەڵگەی شارستانێتیدا، دیموکراسی بەشێوەیەکی فراوان بە گشت ڕەهەندە جوانەکانەوە جێبەجێدەکرێت. لە کۆمەڵگەی ئیسلامی ڕاستەقینەدا، ئازادی گوزارشت و دەربڕین بۆ هەموان هەیە، سانسۆر و پشکنینی بیروباوەڕ بوونی نییە، نرخی مرۆڤەکان بە پلە

و پایە و پارە نییە، هەموان لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن. لەمجۆرە کۆمەڵگەیەدا، تاکەکان بەئاسانی دەتوانن عەقیدە و بۆچوونی خۆیان ئاشکرا بکەن و گوێ لە دیدگا و بۆچوونی کەسانیتریش بگرن. لە وەها کۆمەڵگەیەکدایە لەدوای بیستنی پەیڤ و وتە دەتوانرێ بیری لێبکرێتەوە. لەدوای ئامۆژگاری قورئان بۆ گەڕانەوە بۆ(احسن القول)، خودای گەورە ئەوەی بەیانکردووە کە هەقیقەتی خوازراو لەکۆتاییدا بۆ قورئان دەگەڕێتەوە، چونکە لەنێوان گشت گوتارەکاندا، فەرمایشتی خودای گەورە لە هەموویان بالاٌتره و(احسن القول)ی واقیعی خودی قورئانە.

اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ ذَٰلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ﴿٢٣﴾ {سورەتی(زمر)، ئایەتی: ٢٣}

(٢٣) خودای گەورە قورئانی بۆ سەر پێغەمبەرەکەی دابەزاند، کە ئەو قورئانە پیرۆزە ئایەتەکانی هەمووی(متشابە)ن؛ واتە لە جوانی و ڕێکوپێکی و بەهێزیدا هەمووی لەیەکتر دەچن، حوکم و چیرۆک و خوێندنەوەی دووبارە دەبێتەوە، لەکاتی بیستنی قورئانی پیرۆزدا ئەو کەسانەی کە لە خودای گەورە دەترسن پێستیان گرژدەبێت لە ترسی خودای گەورە، پاشان کە گوێیان لە قورئان دەبێت، ئەوا بە ئومێدی بەزەیی خودا، پێست و دڵیان نەرم دەبێت بۆ زیکر و یادی خودا، ئەم قورئانە هیدایەتی خودای گەورەیە،

هیدایەتی هەرکەسێکیشی پێدەدات کە خۆی ویستی لەسەر بێت و شایەنی هیدایەت بێت، وە هەر کەسێکیش خودای گەورە گومڕای بکات و شایەنی گومڕابوون بێت، هیچ کەسێک ناتوانێت هیدایەتی بدات.

بەربەستێکی دیکەی بیرکردنەوە، خۆ بە گەورە بینینە، کە بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەم حاڵەتە خەریکە بەرەو زیادبوون دەچێت. ئەو کەسانەی گیرۆدەی ئەم نەخۆشییە مەترسیدارەن، بێجگە لە خۆیان، نرخ بۆ هیچ شتێکی دیکە دانانێن. ئەو کەسانە هەمیشە وابیردەکەنەوە کە کۆمەڵگە، شتێکی گرانبەهای لێدزیون و یاخود کۆمەڵگە ڕێگرە لەبەردەم پێشکەوتنیان. ئەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکان، کەسایەتییە بەنرخەکەی زۆرێک لە تاکەکان تێکدەشکێنن، ئەوە گومانی تێدا نییە، بەڵام مرۆڤە خۆبەگەورەزانەکان، لەجیاتی شوێنکەوتنی ڕاستی بۆ خۆ ئازادکردن لە کۆیلایەتیی پێشەوا و سەرۆکەکان، لەڕووی کەسێتییەوە، خۆیان دەبن بە یەکێک لەوان. ئەم کەسانە جگە لە قسەی خۆیان، بایەخ بە قسە و سەرنجی کەسیتر نادەن. سەرنجبدەن کە هەمان تایبەتمەندیی بوو شەیتانی لە حزووری خودای تەعالا دوورخستەوە و وەدەرنا.

بەربەستێکی دیکەی بەردەم بیرکردنەوە، خۆ بەکەمزانین(خۆ بە بچووک بینین)ە. ئەو کەسانەی خۆیان بە بچووک دەبینن، هیچ

نرخێــک بــۆ بیروبــاوەڕ و بیرکردنەوەکانیــان دانــانێن و هەمیشــە هەوڵـدەدەن کە خۆیـان بە سـەگی بەردەرگـای کەسـانیتر بناسـێنن. دوایــین مەبەســتی ئەمجــۆرە کەســانە ئەوەیە بەتەواوی لاســایی کاروبــاری ژیــان بــکەنەوە، بەتــایبەتی لەبــواری هەڵســوکەوت و ئیمانــدا. ئەم کەســانە هەم لە ژیــانی دینــی و هەمــیش لە ژیــانی کۆتاییدا سووک و ڕیسوا دەبن.

بەربەستێکی دیکەی بیرکردنەوە، کورتبینییە. کورتبینی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئارەزووی تاکەکان بچووک و سنووردارتر بێت. لە ئەمڕۆدا کەسانێکی زۆر هەن کە دوایین ئارەزوویان تەنیا کڕینـی ئۆتـۆمبێلێکە، بەدەسـتهێنانی بڕوانـامەیەکە، زیـادکردنی مـوچەیە و...تاد. لەڕاستیدا ئارەزووی ئەمجۆرە کەسانە، خود کەسێتییانە. کەسـایەتی مـرۆڤە کورتبینەکـان، کەسـانی ڕازیـمان نیشـاندەدەن و دەهێننەوە بیر، کەسانێک کە هەرچەند زوڵم و ستەمیان بەرامبەر بکرێـت، هـیچ کاتێـک نـاڕەزایەتی دەرنـابڕن. ئەمجـۆرە مرۆڤـانە بە هەموو ئەو شتانەی هەیانە ڕازین.

ئەو کەسانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بەتایبەتمەندییەکانیان کرد، بەدڵنیاییەوە هیچ کەمێکیان ئەو بەشانە ناخوێننەوە؛ کەواتە ئەگەر ئێـوە هەتـا ئەم بەشــە، لەگەڵ بـابەتەکەدا هـاتوون، ئەوە کەسـێکی ڕاســتیخوازن و بەشــوێن دۆزیــنەوەی بــازنەی ژیــانەوەن. ئێــوە بەدڵنیـاییەوە نـاڕازین لە بـارودۆخی ئێسـتای کـۆمەڵگە و هاوکـات کەســێکی ئاســتبەرزن و نەفــرەت لەو خورافیاتــانە دەکەن کە لە

کۆمەڵگەدا هەیە. تەنیا ئەوە بزانن کە کۆی ئەو گریێ و کێشانە لەلایەن خودای باڵادەستەوە دەکرێنەوە، نەک هیچ کەسێکیتر.

سەرنجی ئەم نموونەیەی خوارەوە بدەن:

گریمان باوکێک لەگەڵ منداڵەکەی لە کەنار دەریایەک وەستاوە. منداڵەکەی یاری بە لمی دەریا دەکات و خانوویەکی لمی دروستدەکات. دوای ئەوەی کە خانووە لمییەکەی دروستکرد، لەناکاو شەپۆلێکی دەریا لێیدا و خراپی کرد. منداڵەکە دووبارە خانوویەکی لمی دروستکردەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە شێوەی خانووە لمییەکە ڕازی نەبوو، خۆی تێکیدایەوە. لێرەدا جارێکیتر هەوڵدەدات هەتا دووبارە خانوویەکی لمی دروستبکاتەوە. باوکی کە لەتەنیشتییەوە وەستابوو، کاتێک ئەم دیمەنەی بینی، پێکەنین گرتی. ئێستا با ڕوانینی خۆمان کەمێک لە ڕوانینی باوکەکە ببەینە سەرەوە و سەیری شارێک بکەین. خەڵکی ئەو شارە، مێرووله ئاسا، وەکو منداڵێک سەرقاڵی دروستکردنی خانووی لمین. بەخێرایی ئاسن و خشت دەخەنە سەر یەکتر و خانووی پێ دروستدەکەن. دوای پەنجا ساڵ خانووەکە خراپ دەبێت و خانوویەکی نوێ جێی دەگرێتەوە. وەک ئەوەی ئەم پرۆسەیە کۆتایی پێنەیەت.

وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَلَلدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴿٣٢﴾ {سورەتی(انعام)، ئایەتی: ٣٢}

(٣٢) ژیانی دونیا وەکو سەرگەرمی و یاریکردنێکە، سەرای

دوارۆژ بـــۆ ئەوانەی تەقـــوادار و خۆپـــارێزن، باشـــترە! بـــۆچی تێنافکردن؟

ژیـــانی هەر تاکێـــک ئەزمـــوونێکی دووبـــارە نیـــیە و بـــۆ هەر کەسێک تەنیا یەکجار دووبارە دەبێتەوە. چاکسازیکردن لە ئیمان و عەقیدەشـدا شـتێکی کـرداری و جەسـتەیی نیـیە کە مانـدووبوونی بەدوادا هەبێت. هەر بۆیە پێویستە هەر مرۆڤێک کاتێک لە ژیانی تەرخانبکات بۆ لێکۆڵینەوە لە ئیمان. تەمەنی مرۆڤ وەکو پارەیەک وایە بەدەسـتییەوە کە دەتوانێـت پاداشـت یـان تـاوانی پێبکڕێـت. مرۆڤێـک کە بە سـەرمایەی تەمەنـی خـۆی بـۆ ئەو دونیـا شـتێکی پاشـەکەوت نەکردبێـت، زیانمەنـدی ڕاسـتەقینەیە. مـرۆڤێکیش واگومـان بکـات کە هەمیشـە خـاوەنی باشـترین بیرکـردنەوەیە، ئەوا هـیچ کاتێـک ڕێگـای هیـدایەت نـاگرێتەبەر. بـۆ نمـوونە ئەگەر کەسێک بۆ ماوەیەک لە ژینگەیەکی پیسدا ژیان بەسەربەرێت، خوو بەو ژینگەیەوە دەگرێت. ئەگەر کەسێک نارەزایەتی بەرامبەر ئەم کەسە دەربڕێت و بەرەو ژینگەیەکی پاک بانگهێشتی بکات، ئەوا ئەو کەسـە بانگەشـەکەی بەهەنـد وەرناگرێـت و و بـایەخی پێنادات، بەهۆی خووگرتن بە ژینگەی پیسەوە، چێژ لەو ژینگە پاکە نابینێت. ئەرکی ئێمە لەئێستادا تەنیا ئەگەدارکردنەوەی بەندەکانی خودایە و نابێت هیچ شتێک ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئەمکارە.

دەشێت خودای گەورە وڵاتێک دەوڵەمەند بکات و وڵاتێکیش هەژار، بـارودۆخی کەسـێک بـاش بکـات و هـی کەسـێکیتریش

خراپ، گرنـگ ئەوەیە ئـێمە بتـوانین بەوەی کە هەمـانە بەهـرەیەک نیشانبدەین، نەک لە بیری ئەوەدا بین کە خەڵکانیتر هەیانە.

وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ﴿١٣١﴾ {سورەتی(طه)، ئایەتی: ١٣١}

(١٣١) تـۆ سـەیری ئەو کەسـانە مەکە کە ژیـانی دونیامـان پێبەخشیون لە خێزان و ماڵ و منداڵ و دەسەڵات، ئەمانە هەمووی تاقیکردنەوەی خودان، پاشان نامێنن و لەناودەچن، بەڵام ئەو ڕزقەی خودای گەورە لە بەهەشتدا پێت دەبەخشێت باشتر و هەمیشەییە.

لَقَـدْ أَنزَلْنَـا إِلَـيْكُمْ كِتَابًـا فِيـهِ ذِكْـرُكُمْ أَفَـلَا تَعْقِلُـونَ﴿١٠﴾
{سورەتی(انبیاء)، ئایەتی: ١٠}

(١٠) بێگومان ئێمە پەرتووکێکمان بۆ دابەزاندووە کە هۆکاری بیرکردنەوە و بێداریتانە، ئایا بیرناکەنەوە و تێناگەن؟

# بەندی بیست و حەوتەم

لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر بابەتێکی کلیلی، کە هزری زۆرێک لە خوێنەرانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە. بۆچی کۆمەڵگەی ئێمە بەخێرایی بەرەو ئاڕاستەی خوڕافیات هەنگاودەنێت؟ یەکێک لەو هۆکارانەی مەودای خوڕافیاتی کۆمەڵگەی زیاتر کردووە بریتییە لە لاساییکردنەوە لە ئیماندا، کە بەهیچ شێوەیەک خودای گەورە لە مرۆڤی وەرناگرێت. لە ڕستەی (ئەو لە خێزانێکی مەزهەبی"دینی"دا چاوی بە دونیا هەڵهێنا)، ئەم ڕاستەیە لە ڕوانگەیەکەوە ئەوە دەخاتەڕوو کە تاکێک بەشێوەی لاساییکردنەوە(تقلید) لە خێزانەکەیەوە ئیمانی میراتیی وەرگرتووە. ئێستا ئەگەر کەسێک بگات بە پلەیەکی باڵای زانستی و فیقهیش، ئەوە لەبەرئەوەی کە بنچینەی ئیمانەکەی بەشێوەی لاساییکردنەوەیە، گشتماندوبوونەکانی لەبواری زانست و ديندا بەهەدەر دەچن و لەکاتێکیشدا ئەگەر ئەم کەسە ببێت بە ڕابەر و پێشەوای نەتەوەیەک، تەواوی نەتەوەکەی بەرەو گومڕایی دەبات. ناکرێت مرۆڤێک لە کۆمەڵگەدا خاوەنی تەواوی پسپۆڕییەکان بێت، بۆیە پێوستە هەر تاکێک بەپێی پێویستیی کۆمەڵگەکەی خۆی پسپۆڕی وەربگرێت. کۆمەڵگە ئەم ئەرک و پسپۆڕییانەی لەنێوان گرووپەکاندا دابەشکردووە و هەموو گرووپەکان چاودێری

یەکتر دەکەن و بەپێی ئەنجامی ئەرک و پسپۆڕییەکانیان متمانە بەدەستدێنن. ئەوەی متمانەی خەڵکی بەرەو ئاڕاستەیەکی خراپ بردووە و لە ئەرکەکەی خۆی دەرچووە و خەڵکی کۆمەڵگەکەی لاوازکردووە، کەسانی دونیاپەرستن لە پۆشاکی دینیدا. ئەمەش بەدرێژایی مێژوو ڕوویداوە و شتێکی تازە نییە.

اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَٰهًا وَاحِدًا لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴿٣١﴾ {سورەتی(توبة)، ئایەتی: ٣١}

(٣١) جوولەکەکان زانایان هەبوو، گاورەکان خواپەرستیان هەبوو، ئەوان زانا و خواپەرستەکانیان کردبوو بە پەروەردگار و لەجیاتی خودای گەورە دەیانپەرستن. عیسای کوڕی مەریەمیشیان دەپەرست، لەکاتێکدا فەرمانیان پێ نەکرابوو، بەوە نەبێت کە بە تاک و تەنیا خودای گەورە بپەرستن. خودای گەورە زۆر لەوە پاکترە کە ئەوان ئەو کەسانە دەکەن بە هاوبەش بۆی.

لە بواری جێبەجێکردن و پەیڕەوکردندا، ئەگەر خەڵکی فەرمییەت نەبەخشن بە ستەمکار و تاغووتەکان و شوێن فەرمانەکانیان نەکەون، تووشی شیرک نابن، بەڵام خەڵکی، خۆیان ئەو کارە دەکەن و بەوەش دەبنە هاوبەشی شیرک و ستەمەکانیان.

ئەو ڕووداوەی بەسەر ئێمەدا هاتووە، پێشتر بۆ جوولەکەکان هاتۆتە پێش و ڕووداوێکی تازە نییە. لەپێش ئیسلامدا،

پێشــەوایانی جــوولەکە کرابــوون بە خــودا و لەتەنیشــت خــودای گەورەوە بە زۆرەملێ فەرمانڕەوایەتییان دەکرد. ئەوان تەواوی خەم و پەژارەیـان بریتـی بـوو لە کۆکردنەوەی مـاڵ و منداڵ و پاراستنی پێگە و پلە و کورسـی، هەرچەنـدە ئەوکـارە بە لەنـاوچوون و زیـانی دیـن و بڵاوکـردنەوەی پەیـامەکەش تەواو ببێـت. زانایـانی گەلـی جوولەکە، هەروەکو زۆرێک لە سەرۆک و پێشەوایانی ئەمڕۆ، بە خەڵکییـان دەگـوت: ئێـوە لە تەورات تێنـاگەن، بـۆیە هەرکاتێـک گرفتێکتـان هەبـوو، وەرن بـۆلای ئـێمە، هەتـاکو ڕێنماییتـان بکەیـن. ئەوان تەوراتیــان پەڕ پەڕ کردبــوو و هەرکاتێــک کەســێک بــۆ خوێنــدنەوەی تەورات بهاتــایە بــۆ لایــان، دەچــوون پەڕەکانیــان پێدەفرۆشت.

وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِذْ قَالُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَيْءٍ قُلْ مَنْ أَنزَلَ الْكِتَابَ الَّذِي جَاءَ بِهِ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُوا أَنتُمْ وَلَا آبَاؤُكُمْ قُلِ اللَّهُ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ﴿٩١﴾ {سورەتی(انعام)، ئایەتی: ٩١}

(٩١) کافرەکان خودایان بە گەورە نەزانیوە ئەوەندەی کە خودای گەورە شایەنی بەگەورەزانینە، قورەیش گوتی: خودای گەورە هیچ شتێکی دانەبەزاندووە بۆ سەر هیچ مرۆڤیک؛ واتە هیچ کتێبێکی بۆ سەر هیچ پێغەمبەرێک دانەبەزاندووە، [مەبەستیان پێغەمبەری

خودابوو]. ئەی موحەممەد (دروودی خودای لەسەر بێت)، پێیان بڵێ: ئەی کێ ئەو کتێبەی دابەزاند کە تەوڕاتە و موسا هێنای؟ لەکاتی خۆیدا تەوڕات نوور و ڕووناکی و هیدایەتبوو بۆ خەڵکی، بەڵام جوولەکە بەش بەشیان دەکرد، هەندێکیان دەردەبڕی و ئاشکرایان دەکرد و زۆرێکیشیان دەشاردەوە. بەهۆی هاتنی پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، کە بە ڕێگەی وەحی ئەوەندە شتی پێگوتن بەجۆرێک نە خۆیان و نە باوک و باپیرانیان نەیانبیستبوو نەیانزانیبوو. ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەربێت)، وەڵامیان بدەرەوە و بڵێ: ئەم کتێبەش خودای گەورە دایبەزاندووە، وەکچۆن ئەو کتێبەی پێشتری دابەزاند، پاشان وازیان لێبێنە با لەناو نەزانی و پووچی خۆیاندا وەکو منداڵ یاری بکەن و ڕۆبچن.

ئەگەر بێینە سەر گەلەکەی موسا پێغەمبەر(سەلامی خودای لەسەر بێت)، ئەوان لەلای خودا، لانیکەم دەتوانن یەک بەڵگەی بچووک بخەنەڕوو کە ڕاوەستابێت لەسەر ئەوەی کە بڵێن: تەورات بە دەست ڕابەر و پێشەوایانمانەوە بوو و ئێمە بەتەواوی و بەگشتی تەوراتمان بەدەستەوە نەبوو، بەڵام ئایا ئێمە لەمڕووەوە لەلای خودا دەتوانین چ بەڵگەیەک بهێنینەوە؟

لە زۆربەی ماڵەکانماندا قورئان هەیە، بەڵام زۆر کەمن ئەو ماڵانەی کە دەیخوێننەوە. قسەیەکی سەیر لە زمانی فارسیدا هەیە کە دەڵێت: **"تا احمق در جهان است، مفلس در امان است"؛**

**واتە: هەتا گەمژە لە دونیادایە، مـایەپووچ لە ئەمانـدایە.** هەتا ئەوکاتەی خەڵکی نرخ و بەها بۆ بیرکردنەوەکانی خۆیان دانەنێن، بارودۆخ گۆڕانی بەسەردا نایەت.

لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِّن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَالٍ﴿١١﴾
{سورەتی(رعد)، ئایەتی: ١١}

(١١) خـودای گەورە هـیچ قەومێـک ناگۆڕێـت هەتـا خۆیـان نەگۆڕن، وە خودا فریشتە پارێزەرەکانی هەیە کە لەپێش و دواوەی مرۆڤەوە بە فەرمانی خودا دەیانپارێزن لە ڕووداوەکان، بەدڵنیاییی، خـودا هـیچ قەومێـک ناگۆڕێـت، یـان لە هەر نـاز و نیعمەتێـکدابن لێیـان ناگۆڕێـت، هەتـا خۆیـان نەگـۆڕن بە خراپەکـاری، وە ئەگەر خودای گەورە بیەوێت کەسانێک تووشی سزا و لەناوچوون بکات، ئەوە کەس ناتوانێت سزای خودا بگەڕێنێتەوە، وە هیچ کەسێکیش نیـیە سەرپەرشـتی کاروباریـان بکـات جگە لە خـودای گەورە، یـان پەنای بۆ بەرن یان سزاکەیان لەسەر لابدات.

خـودای گەورە سزایەکی تونـد و سـەختی دانـاوە بـۆ ئەو ڕابەر و سەرکردانەی کە لەپێناو هێز و دەسەڵات و پارەدا خەڵکیان کردووە بە قوربـانی پـلە و پێگەکانیـان، چـاو و گوێیـان بەسـتوون و نـاهێڵن ڕاستییەکان بزانن.

وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَابِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُوا فِيهَا وَمَا يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ﴿١٢٣﴾ {سورەتی(انعام)، ئایەتی: ١٢٣}

(١٢٣) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، چۆن لە مەککەدا کافر و تاوانبارانی لێیە، بەمشێوازەش لە هەموو شار و دێیەکدا گەورە تاوانبار و گەورە کافرەکانمان داناوە، بۆ ئەوەی مەکر و فێڵ بکەن و خەڵکی بخەڵەتێنن، بەڵام سەرەنجام هەر بۆ باوەڕدارانە، لەکاتێکدا فێڵ لە هیچ کەسێک ناکەن تەنیا لە خۆیان نەبێت، بەڵام هەستی پێناکەن.

هەروەها:

الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا وَهُم بِالْآخِرَةِ كَافِرُونَ﴿٤٥﴾ {سورەتی(اعراف)، ئایەتی: ٤٥}

(٤٥) ئەو کەسانەی کە ڕێگری خەڵکیان دەکرد لە دینی خودای گەورە، خەڵکیان لێ دووردەخستەوە و وانیشانیان دەدا کە ڕێگەیەکی هەڵەیە هەتا خەڵکی شوێنی نەکەون، باوەڕیشیان بە ڕۆژی دوایی نەبوو، ئێستا دەبێت ئاوا لەناو ئاگری دۆزەخدا سزا بچێژن.

ئەو خاڵەی کە دەبێت هەموومان سەرنجی بخەینەسەر، ئەمەیە کە هەمیشە زۆرینەی بیرکردنەوەیەک نابێتە هۆکاری پێشخستنی ئەو بیرکردنەوەیە. لەم چەرخەی ئێمەدا، زۆرینەی بیرکردنەوەی

باڵادەست لە جیهاندا، جیهانبینی نائیسلامییە، ئەگەر بڕیار بێت کە هەر تاکێک کوێرانە پەیڕەوی لە بیرکردنەوەی زۆرینە بکات، ئەوە ئەوکات موسڵمانان لە بازنەی کوفر و شیرکدا خۆیان دەبیننەوە. سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئێمەش هەر بەو جۆرەیە. سەیری(إبراهیم خلیل) بکەن. لەناو گەلێکی بتپەرستدا هاتە دونیاوە و گەورە بوو. زۆرینەی بیرکردنەوەکان لە کۆمەڵگەکەی ئەودا بتپەرستی بوو، بەڵام ئەو لەجیاتی شوێنکەوتنی خەڵکەکەی، بیری لە جیهان و سروشت و دەروونی خۆی کردەوە و گەیشتە دیدگایەکی تەوحیدیی ڕاستەقینە. هیچ کاتێک لاسایی کوێرانەی باوک و باپیران و فەرهەنگی گەلەکەی نەکردەوە. خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بە یەک بە یەکی بەندەکانی دەفەرموێت:

وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا﴿١٦﴾ {سورەتی(إسراء)، ئایەتی: ١٦}

(١٦) پەیڕەوی لەوە مەکە کە زانیاریت لەسەری نییە، چونکە گوێ و چاو و دڵ هەموویان بەرپرسیارن.

لەوکاتەوەی کە خەڵکی بژاردەی دین و دونیای خۆیان داوەتە دەست ئەمیر و پێشەواکانیان، تووشی جۆرەها مەینەتی بوونەتەوە، کاتێک باسی فەقیهێک دەکرێت، هەموان دەڵێن: دەبێت فەقیهێک قسەی کۆتایی بکات و واباشترە لەبابەتی ئیماندا گفتوگۆ لەگەڵ ئەو بکرێت. ئەمجۆرە کەسانە فەقیهیان لەگەڵ ئیماندا هاوتا

کردووە. بیلالی حەبەشی بە بیستنی تەنیا دوو ئایەت لە قورئانی پیرۆز، گەیشتە ئاستی جیهانبینییەکی تەوحیدیی. لە بابەتی دیندا، لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێت بە باس و بابەتە ئیمانی و عەقیدەییەکان دەستپێبکەین، نەک ئەوەی کە بە چاو و گوێی داخراوەوە دەست بە تاووتوێکردن و لاساییکردنەوەی بۆچوونەکان و دەرخستنی تیۆرەکان و فیقهی کەسانیتر بکەین. گومڕاکەران، بۆ سەرلێشێواندن و ئامرازێک بۆ گێژکردن، سوود لە بابەتە فەلسەفییەکانی وەکو: (واجب الوجود، ممکن الوجود، وحدة الوجود، حرکة جوهري، ممتنع و...تاد)، وەردەگرن. لەم نێوانەدا شوێنگەی واقیعی قورئان لەکوێیە و ڕۆڵی بیرکردنەوە چییە؟

ئەو سەردەمەی قورئان دابەزی، فەلسەفەی یۆنان لەناو ئیمپڕاتۆرییەتی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا لایەنگری هەبوو، بەڵام قورئان لەجیاتی سوودوەرگرتنی لە دەرخستەیەکی وەکو فەلسەفە بۆ گێژکردن و بەلاڕێدابردنی بابەتەکان، ڕوویکردە بیرکردنەوە لە بەڵگە و نیشانەکانی سروشت و دەروون. سوودوەرگرتنی لە قورئان لەلای گشت مرۆڤایەتی جێکردەوە، نەک تەنیا ئەوەی تێگەیشتنێکی سنووردار و تایبەتمان لێی هەبێت. پێغەمبەری ئیسلام(دروودی خودای لەسەر بێت)، فەلسەفەی نەخوێندووە، بەڵام زۆر بە زمانێکی سادە چەمکەکانی ئیسلامی خستۆتەڕوو. یاوەرەکانی پێغەمبەریش زۆربەیان کەسانی نەخوێندەوار بوون و سەر بە نەژادی وڵاتە جیاوازەکانبوون. کەسانێک بوون بە

نەخوێنـدەواری و بەبـێ ئەوەی پێویسـتیان بە فەلسـەفە هەبێـت، بەئاسانی لە ئیسلام تێگەیشتن و زۆرێکیان لەڕێگەی دینی خودادا شـەهید دەبـوون. دوایـین ئامۆژگـاری ئـێمە ئەوەیە: بـا نەوەکـانی ئەمڕۆمان لە نەوەکانی پێشوو ڕۆشنبیرتربن، وێڕای بەدەستهێنانی بڕوانامە و زیادکردنی ئاستی خوێندن و ئاگایی، سەرقاڵی فێربوونی زانسـت و تێگەیشـتنبن لە چەمکەکـانی دیموکراسـی. نەوەی ڕۆشـنبیری ئەمـڕۆ گەیشـتۆتە ئەو ئەنجـامەی کە سـەرکەوتن و سەربەرزی لە دواڕۆژدا تەنیا بەڕێگەی یاسایەک دێتە دی، ئەویش یاسـای خـودایە. یاسـای خـوداش بـۆ سـەربەرزی لە دواڕۆژدا، هەبـوونی ئـیمانە بەبـێ شـیرک و لەگەڵیشـیدا کـاروکردەوەی چـاکە وەکو نوێژ و ڕۆژوو و...تاد.

ئەم سـەرکەوتنەش بە تەمبەڵـی و ئاسـانگیری نـایەتەدی، بەڵکـو ئاڵنگاری و ڕێگەی سەخت و دژواری لەبەردەمە. یاسای کۆمەڵگە کە ئاسـانترین یاسـایە بـۆ ژیـان، نابێـت ڕێـگە بەبـێ ئیمانـی و گونـاه بدات و مانگی موحەڕڕەم بۆ ئەو پرسە و لەخۆدان و گریە و زارییە بکــاتە بیــانوو بــۆ پــاککردنەوەی گوناهەکــان. خــودای گەورە ئــازادیکردووین لە هەڵبژاردنــی یەکێــک لەم دوو یاســایە؛ کەواتە باشتر وایە کەمێـک بیربکەینەوە. لەکۆتاییدا هەر تاکێـک لەدوای بیرکردنەوە لە سێ سەرچاوەی سەرەکی عەقیدە و دڵنیایی بەرامبەر بەڵێنەکانی خودا، دەگاتە قۆناغێک کە ڕاستەوخۆ باوەڕ بە خودا و پەرتووکە ئاسمانییەکانی بکات و پشت بە خودا ببەستێت و ڕەخنە

لە خوڕافیات بگرێت و عەقیدەی خۆی بۆ هەمیشە پاکبکاتەوە. ئایا ئێمە بەم قۆناغە گەیشتووین؟

| |
|---|
| وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَذَا الْقُرْآنِ لِلنَّاسِ مِن كُلِّ مَثَلٍ وَكَانَ الْإِنسَانُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا﴿٥٤﴾ {سورەتی(کهف)، ئایەتی: ٥} |
| (٥٤) لەم قورئـانەدا لە هەر بابەتێـک نموونەمـان بـۆ خەڵـک هێناوەتەوە، بەڵام مرۆڤ لە هەموو شتێک زیاتر دەمەقاڵێ دەکات! |

# بەندی بیست و هەشتەم

إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴿٥﴾اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ﴿٦﴾
**{سورەتی(فاتحة)، ئایەتی: ٦.٥}**

**(٥) تەنیا تۆ دەپەرستین و داوای یارمەتی لە تۆ دەکەین. (٦) هیدایەتمان بدە بۆ ڕێگەی ڕاست.**

**هەمــوو موســڵمانێک لە ســاتەوەختی منــاڵییەوە، گــوێی لەو ئایەتانەی سەرەوە بووە و لەگەڵیدا گەورە بووە. کاتێک کە نوێژ دەکات، ئەو ئایەتانەی سەرەوە دووبارە دەکاتەوە. لە بەشی یەکەمی ئایەتەکەدا، دان بەوەدا دەنێین کە پەرستش تەنیا تایبەتە بە خودای گەورە و لەگەڵ ئەوەدا دەبێت داوای پێویستییەکانیش هەر لەو بکرێت. لە بەشی دووەمی ئایەتەکەدا داوا لە خودا دەکەین کە هیدایەتمان بدات بۆ سەر ڕێگەی ڕاست.**

فَاسْتَمْسِكْ بِالَّذِي أُوحِيَ إِلَيْكَ إِنَّكَ عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴿٤٣﴾ وَإِنَّهُ لَذِكْرٌ لَّكَ وَلِقَوْمِكَ وَسَوْفَ تُسْأَلُونَ﴿٤٤﴾
**{سورەتی(زخرف)، ئایەتی: ٤٤.٤٣}**

**(٤٣) ئەی موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، دەستبگرە بەو وەحییەی کە لەلایەن خودای گەورەوە بۆت هاتووە، بەڕاستی**

تۆ لەسەر ڕێگای ڕاستیت. (٤٤) وە بەدڵنیایی ئەم قورئانە پیرۆزە ڕێزێکە بۆ خۆت و بۆ گەلەکەت کە شوێنی بکەون، چونکە بە زمانی ئێوە دابەزیوە و یادخستنەوەیە بۆتان، وە لە داهاتوودا خودای گەورە پرسیارتان لێدەکات سەبارەت بە قورئانی پیرۆز.

خودای گەورە بە پێغەمبەری ڕاگەیاندووە کە(صراط المستقیم)و هیدایەتی مرۆڤ، تەنیا بە شوێنکەوتنی ڕاستەقینەی قورئان دەبێت، قسە و گوفتاری خەڵکی و زانست و فەلسەفە بەشوێنکەوتنی ڕاستەقینە دانانرێت. دوای ئەوەی کە مرۆڤ نرخ و بەهای بە ئیمانەکەی بەخشی و چاکسازی تێداکرد، لەلایەن خوداوە دەکەوێتە ژێر تاقیکردنەوەوە. لە ماوەی ساڵێکدا بەشێوەیەکی ئاسایی، هەر مرۆڤێک بۆ چەند جارێک تاقیدەکرێتەوە. ئەم تاقیکردنەوەیەش تێکڕای حاڵەتە ناخۆشەکانی وەکو: هەژاری و نەخۆشی و گرفتاری و...تاد، دەگرێتەوە و تێکڕای خۆشییەکانی وەکو قازانج و وەرگیران لە زانکۆ و ڕووداوێکی باش و...تاد، دەگرێتەوە. لە هەموو ئەوانەدا ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە مرۆڤ بزانێت کە ئەم بابەتانە لەلایەن خودای گەورەوەن و ئەنجامەکانیان لەلای خودای گەورە ئاشکرایە، بەڵام لەبەرئەوەی کە تەنیا خودا ئەنجامەکانیان دەزانێت و مرۆڤ لە ئەنجامەکەی بێئاگایە، لە بواری تاقیکردنەوەی ئیلاهیدا تەنیا دەبێت پشت بە زاتی پاکی خودا ببەستین:

الم﴿١﴾ أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا

يُفْتَنُونَ﴿٢﴾ وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ﴿٣﴾ {سورەتی(عنكبوت)، ئایەتی: ١ـ ٣}

(١) نهێنی ئەم پیتانە لای خودای گەورەیە. (٢) ئایا خەڵکی وا گومان دەبەن کە وازیان لێبهێنین تەنیا بەوەندەی کە بڵێن ئیمانمان هێناوە و تاقیشنەکرێنەوە؟ (٣) وە بەدڵنیاییی ئوممەتانی پێش ئێوەشمان تاقیکردۆتەوە، ئەوانەی کە بە زمانیان دەڵێن: ئێمە ئیمانمان هێناوە هەتا دەربکەوێت کێ ڕاستگۆیە و کێ درۆزنە.

هەتا ئێستا زۆرێک لە بابەتەکانمان بە ئیمان و عەقیدەوە گرێداوە. لێرە بەدواوە دەچینە سەر هەندێک باسی دیکە. ئەوەتان بەبیر دێنینەوە کە لە قورئاندا مەرجی پارێزگاری و چاکسازی و سەرفرازی بۆ ڕۆژی قیامەت بریتییە لە ئیمان و کردەوەی چاک:

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ﴿٨﴾ {سورەتی(فصلت)، ئایەتی: ٨}

(٨) بەدڵنیاییی ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە پاداشتێکی نەبڕاوەیان بۆ هەیە.

پێوەرەکانی ئیمان شەش دانەبوون، کە خرانەڕوو:

ـ ئیمان بە(الله تعالى)و نەبوونی شیرک لە عەقیدەدا، چونکە شیرک هەموو کردەوەکانی مرۆڤ دەسڕێتەوە.

. ئیمان بە فریشتە و زیادەڕەوینەکردن لەو بارەیەوە.

ـ ئیمان بە پێغەمبەرانی خودا و ئەوەی کە موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، دوایین پێغەمبەری خودایە.

ـ ئیمان بە پەرتووکە ئاسمانییەکان و ئەوەی کە قورئان وەحیی دەبەزێنراوە.

. ئیمان بە ڕۆژی قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ.

. ئیمان بە قەزا و قەدەر، بە خێر و شەڕی.

هەبوونی ئیمان وەکو کردنەوەی هەژمارێکی بانکییە و ئەنجامی کردەوەی چاکیش وەکو دانانی پارە وایە لە بانکدا. هەتا کەسێک هەژمارێکی بانکی نەکاتەوە، دەستمایە و دەرامەتی خۆی بخاتە سەر کام هەژمارە و چۆن بتوانێت پڕوپاگەندە بکات؟ هەموو کردارە چاکەکان لە قورئاندا خراونەتەڕوو. هەندێک لە کردەوە چاکەکان واجبن و بە ئەنجامنەدانیان گوناهبار دەبین. لە کردەوە واجبەکان وەکو:

١. **نوێژ**: نوێژ واجبێکی کات دیاریکراوە و لە شەو و ڕۆژێکدا لە پێنج کاتی جیاوازدا ئەنجامدەدرێت.

گشت دینە ئاسمانییەکان لەپێش ئیسلامەوە، بەهەمان ئەو شێوەیەی لە ئیسلامدا هەیە، نوێژیان هەبووە. بەڵام بەداخەوە بەهۆی دەستکارییەکی زۆرەوە ئەمکارە گرنگە وەکو زۆرێک لە

بنەما و بنچینەکانی عەقیدە، فەرامۆشکراوە. لە ئیسلامدا نوێژ بە تەواوترین ئەرک دادەنرێت (لەڕووی زیکر و جۆری کردارەوە).

قَالُوا يَا شُعَيْبُ أَصَلَاتُكَ تَأْمُرُكَ أَن نَّتْرُكَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا أَوْ أَن نَّفْعَلَ فِي أَمْوَالِنَا مَا نَشَاءُ إِنَّكَ لَأَنتَ الْحَلِيمُ الرَّشِيدُ﴿٨٧﴾ {سورەتی(هود)، ئایەتی: ٨٧}

(٨٧) گەلەکەی حەزرەتی شوعەیب بە سوکایەتی و گاڵتەپێکردنەوە گوتیان: ئەی شوعەیب، ئایا نوێژکردنەکانتە فەرمانت پێدەکات وازبهێنین لە پەرستنی ئەو خودایانەی کە باوک و باپیرانمان دەیانپەرست، هەروەها دەیانگوت: بەڕاستی تۆ کەسێکی زۆر نەرم و نیانی.

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا﴿٥٤﴾ وَكَانَ يَأْمُرُ أَهْلَهُ بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ وَكَانَ عِندَ رَبِّهِ مَرْضِيًّا﴿٥٥﴾ {سورەتی(مریم)، ئایەتی: ٥٤.٥٥}

(٥٤) ئەی موحەممەد( دروودی خودای لەسەر بێت)، لەو قورئانە پیرۆزەدا باسی ئیسماعیل پێغەمبەریش بکە، بەدڵنیایی ئەو کەسێک بووە کە لە بڕیارەکانیدا ڕاستگۆ بووە، وە پێغەمبەری نێردراوی خودا بووە. (٥٥) وە فەرمانی دەکرد بە کەسوکاری یان بە خەڵکی کە نوێژ بکەن و زەکات بدەن، وە کەسێکیش بووە کە خودا لێی ڕازیبووە.

قَالَ إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ آتَانِيَ الْكِتَابَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا﴿٣٠﴾ وَجَعَلَنِي

مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا﴿٣١﴾ {سورەتی(مريم)، ئایەتی: ٣٠.٣١}

(٣٠) بەئیزنی خودای گەورە عیسا پێغەمبەر(سەلامی خودای لەسەر بێت)، فەرمووی: من عەبد و بەندەی خودام، وە لە داهاتوودا خودای گەورە ئینجیلم پێدەبەخشێت و دەمکات بە پێغەمبەر. (٣١) وە من کەسێلی موبارەک و پیرۆزم و مامۆستای چاکە دەبم بۆ بەندەکان لە هەر شوێنێکدا بم.

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنكُمْ وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ﴿٨٣﴾ {سورەتی(بقرة)، ئایەتی: ٨٣}

(٨٣) ئێمە پەیمانمان لە بەنی ئسرائیل وەرگرت لە تەوراتدا کە عیبادەت بۆ غەیری خوای گەورە نەکەن، وە چاکەکار بن لەگەڵ دایک و باوک و خزمی نزیک و بێباوکان و هەژاراندا، وە لەگەڵ خەلکیشدا با قسە و گوفتارتان جوان و چاک بێت، وە نوێژەکانتان بکەن و زەکاتی ماڵتان بدەن، وە لەدوای ئەم عەهد و پەیمان و بەڵێنانە ئێوە پشتتان هەڵکرد تەنیا کەمێکتان نەبێت لە جولەکە کە موسڵمان بوون، وە ئێوە ڕووتان وەرگێڕا و پشتتان هەڵکرد.

وَنَجَّيْنَاهُ وَلُوطًا إِلَى الْأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا لِلْعَالَمِينَ﴿٧١﴾ وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ نَافِلَةً وَكُلًّا جَعَلْنَا صَالِحِينَ﴿٧٢﴾

وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِمْ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ وَإِقَامَ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءَ الزَّكَاةِ وَكَانُوا لَنَا عَابِدِينَ﴿٧٣﴾ {سورەتی(انبياء)، ئایەتی: ٧١.٧٣}

(٧١) ئیبراهیم و(لوط) پێغەمبەریشمان(سەلامی خودایان لەسەر بێت)، ڕزگارکرد لە خەڵکی عێراق و ناردمانن بۆ ئەو زەوییە پڕ خێر و بەرەکەتەی کە(بیت المقدس)ە، بۆ خەڵکی پڕە لە خێر و بەرەکەت و بەرهەم و بەروبووم و ئاو، شوێنی ناردنی پێغەمبەرانیشە. (٧٢) وە دواتر ئیسحاقمان بە ئیبراهیم بەخشی و یەعقوبیش(سەلامی خودایان لەسەر بێت)، کە کورەزای بوو وەکو زیادەیەک، وە هەموومان گێڕان لە پیاوچاکان و هەموویان پێغەمبەری خودا بوون. (٧٣) کردمانن بە پێشەوا و بە ڕێنمایی ئێمە هیدایەتی خەڵکیان دەدا و خەڵکی شوێنیان دەکەوتن، وەحیشمان بۆ ناردن کە کردەوەی چاک ئەنجامبدەن و نوێژەکانتان بکەن و زەکاتی ماڵتان بدەن، بەڕاستی ئەوان بە جوانترین شێوە عیبادەتی ئێمەیان دەکرد.

٢. **زەکات:** دووەمین واجبی گرنگ کە لە قورئاندا باسکراوە، زەکاتە، ئەمەش لە ئەستۆی کەسانێکە کە لەڕووی باری دارایی و فەراهەمکردنی تێکڕای پێویستییەکانیان قازانج و دەرامەتیان زۆرە. خودای گەورە سزای سەختی بۆ ئەو کەسانە داناوە کە زەکاتی ماڵەکەیان دەرناکەن. پێوەری زەکات یەک لەسەر چل (٤٠\١)ی ماڵە و بەپێی شەریعەتی ئیسلام دەبێت بەو کەسانە بدرێت کە شایستەن.

٣. **ڕۆژوو**: ڕۆژوو لەسەر موسڵمانان، تەنیا لە مانگی ڕەمەزاندا، لە ساڵێکدا واجب دەبێت.

٤ـ **حەج**: واجبە لەسەر هەر موسڵمانێک کە توانای دارایی باشبێت، بەدرێژایی تەمەنی خۆی، لانیکەم جارێک بچێت بۆ حەجی ماڵی خودا. هەندێک لە کردەوە چاکەکان لە شوێنی خۆیدا واجب دەبێت وەکو جیهاد، نوێژی هەینی. هەندێکیتر لە کردەوە چاکەکان بە(مستحب) دادەنرێت؛ واتە بە ئەنجامنەدانیان، مرۆڤ گوناهبار نابێت؛ وەکو خێرکردن، (حسن الخلق) ڕەوشت جوانی و...تاد.

هەروەکو ئیمان کە خودای گەورە ئەرکانەکانی بەشێوەیەکی گشتی بەیانکردووە هەتاوەکو مرۆڤ لە دیاریکردنیدا تووشی هەڵە نەبیت، خودای گەورە بۆ دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی کردەوەی چاکیش لە قورئاندا پێوەرێکی گرنگی خستۆتەڕوو، کە ئەویش ڕەزامەندی خودای گەورەیە، واتا هەر کردەوەیەک کە بە فلتەری قورئاندا تێبپەڕێت و ڕەزامەندی خودای گەورە فەراهەمبکات، بە کردەوەی چاک دادەنرێت. لە بەشەکانی پێشوودا بینیمان کەسێک کە بە قورئان ڕازیبێت، بەڵام بە پێغەمبەر ڕازینەبێت(لەنێوان خودا و پێغەمبەرەکەیدا جیاوازی بکات)، یان کەسێک بەشێوەی هەڵبژاردن بە قورئان ڕازیبێت، بەپێی بەرژەوەندی خۆی ئایەتێک هەڵبژێرێت، یان کەسێک کە باوەڕی وابێت قورئان دەستکاری کراوە؛ واتە(هەندێک لە ئایەتەکانی پەسەند بکات و هەندێکیشیان

پەسەند نەکات)، کافرە.

إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴿١٥٠﴾ {سورەتی(نساء)، ئایەتی: ١٥٠}

(١٥٠) بەدڵنیاییی ئەو کەسانەی کە کوفر دەکەن بە خودای گەورە و بە پێغەمبەرانی و دەیانەوێت جیاوازی بخەنە نێوان خودا و پێغەمبەرانی بەوەی کە دەڵێن: ئێمە ئیمانمان بە خودا هەیە، بەڵام ئیمان بە پێغەمبەران ناهێنین، یاخود دەڵێن ئیمان بە هەندێک لە پێغەمبەران دەهێنین و کوفریش بە هەندێکیان دەکەین، لە تێگەیشتنی خۆیاندا دەیانەوێت ڕێگە و دینێکی مامناوەند بگرنەبەر.

لە قورئاندا بەڕوونی باسی کردەوەی چاککراوە. تایبەتمەندیی هەندێک لە کردەوەکانیش بەشێوەیەکی ورد و جوزئی لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، وەکو دەستنوێژ، ئەمە بە گشتی لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا(دیار) ئەنجامی کردەوەکە هیچ ئاماژەیەکی پێنەدراوە وەکو نوێژ. قورئانی پیرۆز داوای لە موسڵمانان کردووە سەبارەت بەو کردارە باشانەی لە قورئاندا ئاماژەی پێنەکراوە، پەیڕەوی لە موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، بکەن؛ واتە بۆ ئەنجامدانی کردارێکی بۆ نموونە وەکو نوێژ کە لەسەر هەموو مرۆڤێک واجبە، دەبێت تەنیا

و تەنیا بەو شێوەیە نوێژ بکەن کە پێغەمبەر ئەنجامیداوە. سەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوە بدەن:

لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴿٢١﴾ {سورەتی(احزاب)، ئایەتی: ٢١}

(٢١) بەدڵنیایی لە پێغەمبەری خودادا بۆ ئێوە پێشەوایەتییەکی زۆر جوان هەیە و پێشەوا و مامۆستای چاکی ئێوەیە و چاو لە پێغەمبەری خودا(دروودی خودای لەسەر بێت)، بکەن و شوێنی بکەون، بەڵام بۆ کەسێک کە بە ئومێدی خودا و ڕۆژی دوایی و پاداشتی خودای گەورە هەبێت، وە زیکری خودای گەورەی زۆر کردبێت.

بۆ پێشەنگ و نموونەی ڕەفتاری بەرهەمدار لە عیبادەتدا کە لە قورئاندا بەشێوەیەکی ورد و جوزئییانە نەخرابێتەڕوو دەگەڕێینەوە بۆ سوننەتی پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، وەک ئەم ئایەتەی خوارەوە:

مَّن يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ ۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا﴿٨٠﴾ {سورەتی(نساء)، ئایەتی: ٨٠}

(٨٠) هەر کەسێک گوێڕایەڵی پێغەمبەری خودا بکات، بەدڵنیایی ئەوە گوێڕایەڵی خودای گەورەی کردووە و سەرفراز دەبێت، وە هەر کەسێک پشت هەڵبکات لە گوێڕایەڵی پێغەمبەری

خـودا(دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، ئەوە تۆمـان نەنـاردووە کە کردەوەکانیـان بپـارێزی تەنیـا ئەوەندەت لەسـەرە دینەکەی خـودای گەورەیان پێبگەیەنیت، وە خۆیان زەرەرمەند دەبن.

لە ئـایەتەکەی پێشـوودا خـودای گەورە فەرمـانبەرداریکردنی پێغەمـبەرەکەی هاوتـا کـردووە لەگەڵ فەرمـانبەرداری خۆیـدا، هەروەها:

﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴿٣١﴾ {سورەتی(آل عمران)، ئـایەتی: ٣١}

(٣١) ئەی مـوحەممەد(دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، پێیـان بفەرموو: ئەگەر ئێوە ڕاستەکەن خودای گەورەتـان خۆشدەوێت، ئەوا شـوێن مـن بـکەون و ئەوکـاتەش خـودای گەورە ئێـوەی خۆشدەوێت و لە تاوانەکانتـان خۆشدەبێت. وە خـودای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بە بەزەییە.

خـودای گەورە داوای لە(پێغەمـبەر دروودی خـودای لەسـەر بێـت) کـردووە، بە بـاوەڕداران ڕابگەیەنێـت، مەرجـی سـەرەکی و پێوەری کردەوەی چاک کە ڕەزامەندی خودای بەدواوە بێت، ئەوەیە شوێن ئاکار و ڕەفتاری پێغەمبەر بکەون. پێغەمبەر لەلای خودای گەورە بە تـاکە سـەرچاوەی پەیڕەویلێکـردن ناسـراوە و گشـت موسڵمانانی دونیا فەرمانبەردارن بەوەی کە کردارە عیبادەتییەکانی

خۆیـــان هاوتـــای ئەو ڕەوش و کـــرداره بـــکەن کە پێغەمـــبەر ئەنجامیداوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە لەبواری ئیمان و عەقیدەدا پێویســتە هەر تاکێــک بە بیرکــردنەوە لێیــان بەدەســتی بهێنێــت. هەموومان دەبێت کرداره عیبادەتییە کانمان بخەینە ژێر فلتەرەوە و لێکـــۆڵینەوە بکەیـــن لە بـــواری واقیعـــی ژیـــان و ژیـــانی پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، یان پرسیار لە کەسانی خوداپەرست بکەین، کرداره عیادەتییە کانمان هاوشێوەی پێغەمبەر ئەنجامبـــدەین. هەروەهـــا بـــۆ بەدەســـتهێنانی وەڵامـــی پرســـیاره دینییە کـان، سـوود لە خوێنـدنەوەی کتێـب و ئینتەرنێـت وەربگـرین. خودای گەوره لە قورئانی پیرۆزدا، کە دەستوورێکی گشتگیره بۆ نەوە یەک لەدوای یەکەکـان، هـیچ کاتێـک نەیفەرمـووە کـوێرانە پەیـڕەوی لە زانایـانی دینیـی سـەردەمەکەی خۆتـان بـکەن، بەڵکـو قورئان و پێغەمبەری بە تاکە سەرچاوەی کردەوەکانمان داناوە. لە ئێستادا و لە سەرانسـەری دونیـادا کۆمەڵێـک دەسـتە و گـرووپ دروســـتبوون و هەرکامێکیـــان پڕوپاگەنـــدەی ئەوە دەکەن کە حەزرەتـــی عەلـــی خـــودایە، بە تـــایبەتی ئەو گرووپـــانەی کە نێوەندکار(وسیط)ی (دون الله) بە دروست دەزانـن و... تـاد. ئەمە ئەرکێکە لە ئەستۆی هەر یەکێک لە ئێمە کە کرداره عیبادەتییەکان بە فلــتەری قورئانــدا تێپەڕێنـــین و لە شـــیرک پاکیـــانبکەینەوە، بەمکارەش ڕەزامەندیی خودا بەدەستبێنین. لەمڕووەشەوە دەتوانین سوود لە خوداپەرستی ڕاستەقینە وەربگرین، کەسانی خوداپەرست

لەبەر ترسی ڕاستەقینەیان لە خودا، مرۆڤ فریونادەن و تەنانەت لەمڕووەوە هانی مرۆڤ دەدەن کە خێراتر هەنگاو هەڵبگرێت.

هەتا ئێرە لە زەمینەی ئیمان و کردەوەی چاک کۆمەڵێک بابەت و باسمان خستەڕوو. ئیمان و کردەوەی چاک هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، لە ڕۆژی قیامەتدا بەتەنیا ئیمان بەس نییە و بەدڵنیاییەوە دەبێت کردەوەی چاکیشی لەگەڵ بێت، ئیمانی هەر کەسێک ئەگەر کەمێک شیرکی لەگەڵدا بێت، هیچ یەکێک لە کردەوەکانی وەرناگیرێت. لەگەڵ بوونی پێنج ڕوکنەکەی ئیمان بە تەوحید، کە پێشتر خرایەڕوو، کردەوە چاکەکانی مرۆڤ دەبێتە هۆی ڕزگاربوونی لە دۆزەخ:

هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا أَن تَأْتِيَهُمُ الْمَلَائِكَةُ أَوْ يَأْتِيَ رَبُّكَ أَوْ يَأْتِيَ بَعْضُ آيَاتِ رَبِّكَ يَوْمَ يَأْتِي بَعْضُ آيَاتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِهَا خَيْرًا قُلِ انتَظِرُوا إِنَّا مُنتَظِرُونَ﴿١٥٨﴾ {سورەتی(انعام)، ئایەتی: ١٥٨}

(١٥٨) ئایا چاوەڕێی چ شتێکن تەنیا ئەوە نەبێت کە لە ڕۆژی قیامەت فریشتە بێت یان خودای گەورە بێت بۆ ئەوەی بڕیار لەنێوانیاندا بدات، یاخود هەندێک لە نیشانە گەورەکانی قیامەتتان بۆ بێت پێش هاتنی قیامەت، وە کاتێک هەندێک لە نیشانە گەورەکانی قیامەت بێت، ئەوکاتە کەسێک ئەگەر پێشتر ئیمانی نەهێنابێت و کاتێک نیشانە گەورەکانی قیامەت هات و ئیمانی

هێنا، ئەوا ئەو ئیمانە سوودی پێناگەیەنێت، یان کەسێک ئیماندار بوو، بەڵام کردەوەی چاکی کەمبوو، دواتر کە بە چاوی خۆی ئەو نیشانانە دەبینێت و کردەوەی چاک دەکات، یان تەوبە دەکات، ئەوا هیچ سوودێکی پێناگەیەنێت، بۆیە پێش ئەوە تەوبە بکەن و موسڵمان بن، ئەی موحەممەد( درودی خودای لەسەر بێت)، بڵێ: چاوەڕێبن، ئێمەش لەگەڵتاندا چاوەڕێین.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيراً مِّنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣٤﴾ {سورەتی(توبة)، ئایەتی: ٣٤}

(٣٤) ئەی باوەڕداران، زۆرێک لە زانایانی جوولەکە و گاور،ماڵی خەڵکی بەناهەق دەخۆن، هەروەها ڕێگری لە دینی خودای گەورە دەکەن، وە ئەو کەسانەش کە ئاڵتوون و زیو کۆدەکەنەوە و لەپێناو خودای گەورەدا نایبەخشن؛ واتە زەکاتی ماڵەکەیان نادەن، مژدەیان پێبدە بە سزایەکی زۆر بەئێش و بەئازار.

# بەندی بیست و نۆیەم

لەم بەنـــدەدا کەمێـــک دەربـــارەی ئەوانەی چـــواردەوری پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت) دەدوێین.

هەر بەو جۆرەی کە دەزانین پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، لەدوای بوونی بە پێغەمبەر، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە مەککە سەرقاڵی بانگەوازی نهێنی بوو. لەو ماوەیەدا توانی نزیکەی چل کەس لە خەڵکی مەککە موسڵمان بکات. یەکەمین کەسانێک کە لەماوەی ئەم سێ ساڵەدا موسڵمان بوون ئەمانەن: **خەدیـــجەی هاوسەری پێغەمبەر، عەلی کوڕی ئەبی تالیب، زەیدی کوڕی حاریســـە، ئەبـــوبەکری ســـدیق، عوســـمانی کـــوڕی عەففـــان، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، سەعدی کوڕی ئەبی وەقـــاس، تەڵحە، عەمماری کوڕی یاســـر، بیلالـــی حەبەشـــی، ســـوهەیبی ڕۆمی، ئەبی زەڕی غەففاری، جەعفەری کوڕی ئەبی تالیب** و زۆرێکیتر.

لەپـــاش قۆنـــاغی ئاشـــکراکردنی بـــانگەوازەکەی پێغەمـــبەر لە مەککە، کەسانێکی دیکە بەرەو باوەشی ئیسلام هاتن کە بریتیبوون

لە: حەمزەی مامی پێغەمبەر، عومەری کوڕی خەتتاب، نەعیمی کوڕی عەبدوڵا، عامری کوڕی فەهیرە، عەبدوڵای کوڕی مەسعود، ئەبی حوزەیفەی کوڕی عوتبە و زۆرێکی دیکە. ئەو کەسانەی لەو ماوەیەدا موسڵمانبوون، لەڕووی ئیمانی و عەقیدەییەوە بوونە گەورەترین هاوەڵی پێغەمبەر و هەموویان هەتا کاتی مردن، بەرگرییان لە ئیسلام کرد. لەدوای دە ساڵ بانگەواز و بانگەشەکردن بۆ ئیسلام لە شاری مەککە، پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، بە یاوەریی کۆچکردوان بەرەو شاری مەدینە کۆچی کرد. ئەو کەسانەی لە مەککەوە لەگەڵ پێغەمبەر کۆچیان کرد بۆ مەدینە، لە قورئاندا پێیان دەگوترێت: کۆچکردوو(مهاجر) و بەوانەشی کە لە مەدینە موسڵمانبوون و داڵدەی موهاجیرەکانیاندا دەگوترێت: پشتیوانان(انصار). لەدوای کۆچکردنی پێغەمبەر بۆ مەدینە، هەردوو تیرەی ئەوس و خەزرەج کە ناکۆکبوون، موسڵمانبوون. هەروەها زۆرێک لە جوولەکەکانی مەدینە موسڵمانبوون. لە زۆرێک لەو جەنگانەی لەنێوان موسڵمانان و بێباوەڕاندا هەڵگیرسا، کۆچکردوان و پشتیوانان بە گیان و بە ماڵیان لەخۆبردوانە بەشداری جەنگیان دەکرد.

کۆچکردوان و پشتیوانان لەبەر ئەو خزمەت و لەخۆبردوویییەی بۆ ئیسلام نواندیان، توانییان بۆ هەمیشە ڕەزامەندی خودا بەدەستبێنن و تەنانەت خودای گەورە ئامۆژگاری موسڵمانانی دوای کۆچکردوان و پشتیوانانی کردووە کە لەپێناو بەدەستهێنانی

ڕەزامەندی خودا، فەرمانبەرداریی خودای گەورە و پێغەمبەرەکەی بکەن و کۆچکردوان و پشتیوانانیش بکەن بە سەرمەشقی خۆیان.

وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴿١٠٠﴾ {سورەتی (توبة)، ئایەتی: ١٠٠}

(١٠٠) پێشەنگە سەرەتاکان لە کۆچکردوان و پشتیوانان، ئەوانەش کە لەدوای ئەوان هاتوون و شوێنیان کەوتوون بە چاکە، خودا لێیان ڕازیبووە، وە ئەوانیش بەو نیعمەت و فەزڵەی خودا پێی بەخشیون ڕازین، خودای گەورە باخ و باخاتی لە بەهەشتدا بۆ ئامادەکردوون، کە جۆگەلە ئاو بەژێر دار و درەخت و ماڵەکانیاندا دەڕوات و بە نەمری و هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە، ئا ئەمە بردنەوەی هەرە گەورەیە.

خودای گەورە لە زۆرێک لە ئایەتەکانی قورئاندا دەربارەی بەهای کۆچکردوان و پشتیوانان بۆمان دواوە و ئاماژەی بەو تەباییە کردووە کە لەنێوان ئەم دوو هۆزەدا هەبووە. لە قورئاندا باسی چاکەی کۆچکردوانی کردووە و بەڵێنی بەهەشتی بە هەموویان داوە، بەهەمانشێوە پشتیوانانیش دەگرێتەوە. گشت کۆچکردوان و پشتیوانان لەو کاتەوەی کە ئیسلام تازە لەنێوان خەڵکیدا شوێنی خۆی کردبووەوە، بە گیان و ماڵ و ژیانیان هەتا ئەمڕۆ، تێکۆشاون

بۆ ئەوەی ئەم ئیسلامە بگات بە ئێمە.

مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ ۚ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ ۖ تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا ۖ سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ ۚ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ ۚ وَمَثَلُهُمْ فِي الْإِنجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْأَهُ فَآزَرَهُ فَاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِ يُعْجِبُ الزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ الْكُفَّارَ ۗ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴿٢٩﴾ {سورەتی (فتح)، ئایەتی: ٢٩}

(٢٩) موحەممەد(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێغەمبەری خودایە، ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی لەگەڵی بوون، توندن لەگەڵ کافراندا، وە لەنێوان خۆیاندا بەسۆز و بەبەزەیی و میهرەبانن، دەیانبینی هەمیشە لە ڕکوع و سوژدەدان، مەبەست و نییەتیان دەستخستنی فەزڵ و چاکەی خودای گەورەیە. نیشانەی خشوع و خۆبەکەمزانین و ڕەوشتجوانی و درەوشاوەیی لە ڕوویاندا دیارە، لە تەورات و ئینجیلیشدا وەسفی ئەم هاوەڵانە بەمشێوەیە کراوە، نموونەی ئەم هاوەڵە بەڕێزانە وەکو نموونەی ڕووەکێک وایە کە سەرەتا لاوازە و دواتر بەهێز دەبێت و پێدەگات و گەورە دەبێت، وە لەپاش ئەوەی کە تەنک و ناسکە پتەو و درێژ دەبێت، ئەوکاتە لەسەر پێ لەسەر دارەکەی خۆی ڕادەوەستێ، جوتیارەکەش زۆر پێی سەرسام دەبێت. خودای گەورە بەڵێنی داوە بەو باوەڕدارانەی

کـردەوەی چاکیـان ئەنجامـداوە، بەلێخۆشـبوون و پاداشـتێکی زۆر گەورە کە بەهەشتە.

بەداخەوە ئەمـڕۆ هەنـدێک لە خەڵکـی بێئاگـا بەبـێ ئەوەی کە سـەرنجێکی قورئـان بـدەن و ئاگـاداری ئەو خزمەتە بەنـرخە بـن کە ئەوان پێشکەشیانکردووە، دەچن نەفرەتیان لێدەکەن و بە دوژمنیان دەزانن.

**إِذْ يَتَلَقَّى الْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ قَعِيدٌ﴿١٧﴾ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ﴿١٨﴾** {سورەتی (ق)، ئایەتی: ١٨.١٧}

(١٧) کاتێـــک ئەو دوو فریشـــتەیەی کردەوەکـــانی مـــرۆڤ دەنووســـن بە یەکـــتری دەگەن، کە لەلای ڕاســـت و چەپەوە دانیشـتوون، ئەوەی لای ڕاسـت چـاکە دەنووسـێت و ئەوەی لای چەپ خـراپە. (١٨) هـیچ وتەیەک لە دەمـی مـرۆڤ نـایەتە دەرەوە، ڕاستەوخۆ ئەو دوو فریشتەیە ئامادەن و دەینووسن.

سـەرنجی ئایەتەکانی خوارەوە بـدەن کە خودای گەورە وەسفی حـاڵ و بـارودۆخی کـۆچکردوان و پشـتیوانان و تـابعین (کە موسڵمانانی ئەمڕۆش دەگرێتەوە) دەکات:

**لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ﴿٨﴾ وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ**

مَـنْ هَـاجَرَ إِلَـيْهِمْ وَلَا يَجِـدُونَ فِي صُـدُورِهِمْ حَاجَـةً مِّـمَّا أُوتُـوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰ أَنفُسِـهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴿٩﴾ وَالَّذِينَ جَاءُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴿١٠﴾{سورەتی (حشر)، ئایەتی: ٨ . ١٠}

(٨) ئەو فەقیـرە کـۆچەرانە کە لە مەککەوە لە شـوێن و مـاڵ و سـامانی خۆیـان دەرکـران لەلایەن کافرەکـانەوە، مەبەسـتیان دەسـتکەوتنی فەزڵ و چـاکەی خـودای گەورە بـووە، خـودا و پێغەمـبەری خودایـان سەردەخسـت بەوەی کە جیهادیـان دەکـرد و بەرگرییان لە دینی خودای گەورە دەکرد، بەڕاستی ڕاستگۆی تەواو و ڕاسـتەقینە ئەمـانەن. (٩) وە پشـتیوانان کە نیشـتەجێبوون لە مەدینە پێش کۆچکردوان، ئیمانیان هێناوە بە خودا و بە پێغەمبەری خـودا، ئەو موسڵمانانەشـیان خۆشـدەوێت کە لە مەککەوە کۆچیـان کـردووە و هـاتوون بـۆلای ئەمـان، وە چاکەیـان لەگەڵـدا دەکەن، ئەوەشـی کە کـۆچکردوان پێیـان بەخشـراوە لە پـلە و پـایە و ڕێـز و غەنـیمەت و ئەوجـۆرە شـتانە، ئەمـان حەسـوودییان پێنـابەن. پشـتیوانان کۆچکردووەکان پێش خۆیـان دەخەن لە شتی دونیاییدا، ئەگەرچی خۆیان پێویستیشیان پێی بێت، هەر کەسێک لە ڕەزیلی و چرووکـی نەفسـی خـۆی پاکبکـاتەوە، ئەوا ئەو کەسـانە بەڕاسـتی سەرفراز و سەرکەوتوون (١٠)

تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴿١٤١﴾ {سورەتی (بقرة)، ئایەتی: ١٤١}

(١٤١) ئەوانە ئوممەتێک بوون لەپێش ئێوەدا ڕۆیشتوون و هەرچی کردەوەی چاکیان کردبێ، بۆ خۆیان کردوویانە، ئەوەشی ئێوە دەیکەن، بۆ خۆتانە، وە ئێوە پرسیارتان لێناکرێت لە کردەوەیەک کە ئەوان کردبێتیان.

النَّبِيُّ أَوْلَىٰ بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ وَأُولُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ إِلَّا أَن تَفْعَلُوا إِلَىٰ أَوْلِيَائِكُم مَّعْرُوفًا كَانَ ذَٰلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا﴿٦﴾ {سورەتی (احزاب)، ئایەتی: ٦}

(٦) پێغەمبەری خودا(دروودی خودای لەسەر بێت)، پێشتر و شایانترە بە باوەڕداران لە نەفسی خۆشیان، وە خێزانەکانی، دایکی باوەڕدارانن، وە خزمەکان، هەندێکیان بە هەندێکیان لەپێشتر و شایانترن لە باوەڕداران و کۆچکەران لە میراتی بردندا، تەنیا ئەگەر خۆتان چاکە بکەن لەگەڵ کەس و کارتاندا بەوەی کە وەسێتێک بکەن لەدوای مـن ئەونـدە بکەن بە خێر یان بیدەن بە هەژار، وە ئەمەش لە(لوح المحفوظ)دا و لە قورئانی پیرۆزدا نوسراوەتەوە.

لَّوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُوا هَٰذَا إِفْكٌ مُّبِينٌ﴿١٢﴾ لَّوْلَا جَاءُوا عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا بِالشُّهَدَاءِ فَأُولَٰئِكَ عِندَ اللَّهِ هُمُ الْكَاذِبُونَ﴿١٣﴾ وَلَوْلَا

فَضْـلُ اللَّهِ عَلَـيْكُمْ وَرَحْمَتُـهُ فِي الـدُّنْيَا وَالْآخِـرَةِ لَمَسَّـكُمْ فِي مَـا أَفَضْتُمْ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴿١٤﴾{سورەتی (نور)، ئایەتی: ١٢ . ١٤}

(١٢) کاتێک کە ئێوە ئەم هەواڵەتان بیست، باوەڕدارانی پیاو و ئـــافرت گومـــانی باشـــیان بە خۆیـــان بـــرد، وە گوتیـــان: ئەمە درۆهەڵبەستنێکی زۆر ئاشکرایە. (١٣) ئەی ئەگەر ڕاستدەکەن، بۆ چوار شایەتیان نەهێنا، وە ئەگەر چوار شایەت بێنن ئەوا سنوور بەسەر ئەو دوانەدا جێبەجێدەکرێت، بەڵام کە چوار شایەتیان نەبوو، ئەوا ئەم کەســانە کە بوختانەکەیــان کــردووە، لای خــودای گەورە درۆزنن. (١٤) ئەگەر فەزڵ و گەورەیی خودا نەبوایە بەسەر ئێوە لە دونیا و قیامەتدا و لەو قسەیەی کە کردتان و تیایدا ڕۆچوون، ئەوا خودای گەورە سزایەکی زۆر گەورەی دەدان، بەڵام بە سۆز و فەزڵ و میهرەبانی خۆی سزای نەدان.

خــودای گەورە لە زۆر ئایەتــدا وەســفی حــاڵ و بــارودۆخی کۆچکردووەکـــــان دەکـــــات. هەروەهـــــا ئەوەی کە ئەوان لەبەر ڕەزامەندی خودا ماڵ و ژیانی خۆیان بەجێهێشت و ئاوارە بوون، خودا و پێغەمبەریان کردە پشتیوانی خۆیان، ئەوان لە ڕاستگۆیانن. پشتیوانانیش کەسانێکن لەگەڵ بوونی پێویستی خۆیان، وازیان لە مــاڵ و ســامانیان هێنــا و بەخشــییان بە کۆچکردووەکــان، ئەوان لە دەستەی سەرفرازانن. لە ئەمڕۆدا ئەرکی ئێمە ئەوەیە وێڕای نزاکردن

بۆ ئەوان، لە دڵیاندا هیچ جۆرە ڕژدی و کینەیەک نەبێت سەبارەت بەوان، هەروەها بەرگرییان لێبکەین لە هەر تۆمەتێک کە بۆیان هەڵدەبەسترێت. دەبێت لەمەودا، لەپێشوو زیاتر ڕێز لە پێغەمبەر و شوێنکەوتوان و هاوەڵە بەڕێزەکانی بگرین، چونکە خودای گەورە لێیان ڕازییە، لەجیاتی دەمەقاڵێکردن سەبارەت بە بیروبۆچوونی ئەوان، ڕەوشی ژیان و ملکەچبوونیان بۆ خودا و پێغەمبەر، بکەینە ڕێبەری ژیانمان.

لە گرنگترینی ئەو کەسانەی لە دەوروبەری پێغەمبەر(درووودی خودای لەسەر بێت) بوون، هاوسەرە بەڕێزەکانی بوون. هاوسەرانی پێغەمبەر(خودا لێیان ڕازیبێت)، بریتیبوون لە: خەدیجەی کچی خوەیلد، سودەی کچی زوعمە، عائیشی کچی ئەبوبەکر، حەفسەی کچی عومەری کوڕی خەتتاب، زەینەبی کچی خوزەیمە، ئوم سەلەمەی کچی ئەبی ئومەییە، زەینەبی کچی جەحش، جوەیرییەی کچی حارس، ئوم حەبیبەی کچی ئەبی سوفیان، سەفییەی کچی حەیی، مەیمونەی کچی حارس. هەر بەو جۆرەی کە ئێمە سەبارەت بە خودا و پێغەمبەر و کەعبە ورەمان بەرزە، دەبێت سەبارەت بە هاوسەرانی پێغەمبەریش(أمهات المؤمنين)، کۆچکردوان و پشتیوانان و تابعین (کە خودی ئێمەش دەگرێتەوە) ورە بەرز بین.

لە ئەمڕۆدا دەبێت هەریەکە لە ئێمە، لە شار و گوند و وڵاتەکەی خۆماندا جێنشینی پێغەمبەر بین، هەوڵبدەین پێغەمبەر بکەین بە سەرچاوە و سەر مەشقی ژیانمان، لە شوێنکەوتنی خودا و

پێغەمبەرەکەی، وەکو کۆچکردوان و پشتیوانان بین و وەکو دایک و خوشکی خۆمان بەرگری لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر بکەین. لەم چەرخەدا ئەرکی ئێمە بەرگریکردنە لە خودا و پێغەمبەر و هاوسەرە بەڕێزەکانی و هاوەڵان و تابعین. بەداخەوە ئەو بۆچوونەی کە ئەمڕۆ سەبارەت بە هاوەڵان و هاوسەرانی پێغەمبەر شوێنی واقیعی گرتۆتەوە، ئەمەیە کە زۆرێک وابیردەکەنەوە لەپاش کۆچی دوایی پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، لەنێوان ئەم کەسانەدا مشتومڕێکی قورس ڕوویداوە، لەکاتێکدا کە مێژووی واقیعی و دەستکاری نەکراو پێچەوانەی ئەمە دەخاتەڕوو. هاوەڵان و هاوسەرانی پێغەمبەر، لەپاش کۆچی دوایی پێغەمبەر، بە ماڵ و بە گیان قوربانییان داوە و تێکۆشاون بۆ بەرزکردنەوەی دروشمە باڵاکانی ئیسلام.

وەکو پاشەکی باسەکەمان، چەند بابەتێک سەبارەت بە پەیوەندی خێزانیی لەسەردەمی پێغەمبەر و لەپاش کۆچی دواییشی دەخەینەڕوو، هەتاکو باشتر لە پەیوەندیی نزیکی ئەو کەسانە لەگەڵ یەکتر تێبگەین و بناسین.

هاوسەری یەکەمی پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، کچی ئەبوبەکری سدیق، خەلیفەی یەکەمە. هاوسەری چوارەمی پێغەمبەر، حەفسەی کچی عومەری کوڕی خەتتاب، خەلیفەی دووەمە.

پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، ڕوقیەی کچی کرد بە

هاوسەری خەلیفەی سێیەم، عوسمانی کوڕی عەففان. دوای وەفاتی ڕوقیە، پێغەمبەر کچەکەی تری(ام کلثوم) کرد بە هاوسەری عوسمانی کوڕی عەففان. هەروەها پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)، کچەکەی تری(فاطمة) کرد بە هاوسەری خەلیفەی چوارەم، عەلی کوڕی ئەبی تالیب. پاش کۆچی دوایی ئەبوبەکری سدیق (ڕەزای خودای لەسەر بێت)، عەلی کوڕی ئەبی تالیب، لەگەڵ ئەسمادا هاوسەرگیری کرد. بەمشێوەیە پەیوەندی خزمایەتی و هاوسەرگیری نێوانیان بەردەوامبوو، کە لە پەرتووکی سیرەدا باسکراوە. بۆیە پێش ئەوەی باوەڕ بە قسەی هەر کەسێک بکەین سەبارەت بە هاوەڵان و هاوسەرە بەڕێزەکانی پێغەمبەر، سەرەتا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی سەرەکی؛ واتە قورئانی پیرۆز و دیدگای یەکلایەنەی قورئان لەمڕووەوە لەبەرچاو بگرین.

وَالَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَوا وَّنَصَرُوا أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَّهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٧٤﴾ **{سورەتی(انفال)، ئایەتی: ٧٤}**

(٧٤) ئەو کەسانەی ئیمانیان هێناوە و کۆچیانکردووە و جیهادیان کـــردووە لەپێنـــاو خـــودادا، وە ئەو کەســـانەی پەنایانـــدان و سەریانخســـتن؛ واتە پشـــتیوانان لە خەڵکـــی مەدیـــنە، ئـــا ئەمـــانە باوەڕداری ڕاستەقینەن، ئەمانە لەلای خودای گەورە لێخۆشبوونیان بۆ هەیە و ڕزق و ڕۆزییەکی پاک و چاکیشیان پێدەبەخشرێ.

# بەنـدی سییەم (کۆتایی)

ماندوو نەبن بۆ خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە، سوپاستان دەکەین. خـاوەن دڵانــی ڕاســتەقینە دەزانــن ئەو بەڵگـانەی لەم پەرتــووکەدا خراونەتەڕوو، هەمـووی لەسـەر بنەمـای قورئـان و عەقڵ بـووە و لە گشـــت جۆرەکـــانی دەمـــارگیری لە بەیـــانکردنی بابەتەکانـــدا دوورەپەرێزی کراوە.

بۆچی وڵاتـی ئێمە لەگەڵ بوونی ئەم هەموو سەرچاوەیە، مرۆڤە کارا و خاکییەکانی دەست بۆ هیچ جۆرە پێشکەوتنێک نابەن؟

لەدوای خســتنەڕووی بەشــەکانی پێشــوو، بە ئاســانی دەتــوانین بگەیـن بە بەڵـگە و هۆکارەکـانی ئەم لایەنە. هۆکـاری ئەم بـابەتە لە فیکـر و عەقیـدەدا شـاراوەیە. وەک ئەو کێشـەیەی کە زۆرێـک لە ڕۆشنبیرانی وەکو عەلی شەریعەتی بۆ چاککردنی، پێداگری لەسەر دەکرد.

لەم بەشەدا لەسەر ئەم بابەتە دەدوێین. هەر بەو جۆرەی دەزانین کە یەکێـک لە سـیفەتەکانی خوداوەنـد، (رزاق)ە و ئەم سـیفەتەش شـایەنی هاوبەشـی پێکـردن نیـیە؛ واتە هـیچ بوونەوەرێـک جـگە لە خـودای گەورە ناتوانێـت بانگەشـەی ئەوە بکـات کە لە گەیانـدنی ڕۆزی بــۆ بــوونەوەرانی دیــکە لەگەڵ خــودا هاوپشــکە. هەروەک دەزانـین کە گەورەترین پەرێشـانی مرۆڤ لەسـەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ،

ڕۆزی بــووە. لە ژیــانی پــڕ لە سترێســـی و دڵەلەرزەی ئەمــڕۆدا، زۆرێک لە مرۆڤەکان وەکو ڕۆبۆت بەبێ هیچ هەستێک لە بەیانی هەتا شەو بەشوێن دەستکەوتنی ڕۆزییەوەن. سەرنجی ئەیاتەکەی خوارەوە بدەن. خودای گەورە لە قورئانـدا ئەوەی خستۆتەڕوو کە ڕزق و ڕۆزیـی گشـت مرۆڤەکـان بەدەست خودایە. خودای گەورە هەوڵ و کۆششـی مرۆڤی بۆ بەدەستهێنانی ڕۆزی بەرز نرخاندووە، بەڵام بەم پێـوەرە، نابێـت ڕۆزی بـۆ مرۆڤەکـان ئامـانجی سـەرەکی بێــت، بەڵکــو دەبێــت هۆکارێــک بێــت بــۆ گەیشــتن بە ئامــانجی سەرەکی؛ واتە ئیمان و کردەوەی چاک.

ڕۆزی هەر مرۆڤێـک بە ئەنـدازەیەکە کە خـودای گەورە بـۆی دیاریکردووە. ئەگەر تاکێک بۆ یەک ژەم خواردنی خۆی، دە قاپی پڕ لە خـواردن ئامـادە بکـات، ئەوە ڕۆزی ئەو کەسـە بە هەمـان ئەو ئەندازەیەیە کە پێی شایەنە و گونجاوە، نەک گشت ئەو دە قاپە.

ئەگەر کەســـێک خـــانوویەکی زۆر گەورە لە یەکێـــک لە پێشکەوتووترین و گرانترین شارەکاندا بکڕێت و بۆ خۆی ئامادەی بکات، ئەوە ڕۆزی ئەو تەنیا ئەو زەویەیە کە شەو لێی دەخەوێت؛ واتە زەویـیەک بە ئەنـدازە و مەودای یەک بـۆ دوو مەتـر! خـودای گەورە لە قورئاندا ڕزق و ڕۆزی مرۆڤەکانی دیاریکردووە و داوای لە مرۆڤەکــان کــردووە کە لەجیــاتی ئەوەی ئامــانجی خۆیــان لە پەیـداکردنی ڕۆزیـدا چـڕبکەنەوە، ڕۆزی بــکەنە ئامڕازێــک بــۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا. ئەڵبەت ئەوانەی پشتیوان بە خودا

بـــۆ بەدەســـتهێنانی ڕۆزی زیـــاتر هەوڵـــدەدەن، خـــودای گەورە بەهرەوەریـــان دەکـــات. هەر بەو جـــۆرەی کە هەنـــدێک مرۆڤـــی ڕەشپێست و هەندێکی سپی پێست، هەندێکی قەڵەو و هەندێکی لاواز و هەنـدێک کـورت و هەنـدێکی بـالآبەرز دروسـتکردووە، بەهەمانشێوەش سەبارەت بە ڕزق و ڕۆزیش هەندێکی دەوڵەمەند و هەنـــدێکی بە هەژاری دروســـتکردووە. ســـەرنجی ئەم ئـــایەتە خوارەوە بدەن:

وَإِذَا أَذَقْنَا النَّاسَ رَحْمَةً فَرِحُوا بِهَا وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ إِذَا هُمْ يَقْنَطُونَ﴿٣٦﴾ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴿٣٧﴾ {سورەتی(روم)، ئایەتی: ٣٦. ٣٧}

(٣٦) کاتێـک ڕەحمەتـی خۆمـان بە خەڵکـی ببەخشـین لە ڕزق و ڕۆزی و پیـت و بەرەکەت، خەڵکـی پێـی دڵخـۆش دەبـن، وە ئەگەر تووشـی خراپەیەک ببن لە نەخۆشی و ناخۆشـی، ئەوانـیش بەهـۆی تـاوانی خۆیـانەوە، ئەوکـاتە بێهیـوا دەبـن لە ڕەحمەتـی خـودا، (تەنیـا باوەڕداران نەبێت کە لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا سوپاسی خودای گەورە دەکەن). (٣٧) ئایـــا نـــابینن خـــودای گەورە ڕزق و ڕۆزی فراوان دەکات بۆ هەر کەسێک کە ویستی لەسەر بێت. بەدڵنیایی هەمـوو ئەمـانە بەڵـگە و نیشـانەن لەسـەر تـاک و تەنیـایی خـودای گەورە، بۆ گرۆهو گەلێک کە باوەڕیان هەبێت.

لەم ئایەتانەدا خودای پەروەردگار جەختی لەوە کردۆتەوە کە هیچ کاتێ مرۆڤ بەبێ ڕۆزی نامێنێتەوە، چونکە ئامانجی سەرەکی مرۆڤ، عیبادەتی خودایە و مرۆڤ بەهۆی هەڵەوە، ئەم ئامانجە گرنگەی فەرامۆشکردووە و بەدەستهێنانی ڕۆزی کردووە بە ئامانجی سەرەکی خۆی. گومانی تێدا نییە کە هەر یەکێک لە ئێمە هەتا ئەمڕۆ بە هەلومەرج و بارودۆخی خۆش و ناخۆشدا تێپەڕیوین. لەگەڵ بوونی ئەم هەموو بارودۆخانەی ژیاندا، بە گەشەی لایەنی جەستەیی و عەقڵیمان گەیشتووین. دڵنیابن لەوەی کە ئەو تەمەنەی ماومانە هەر بەو شێوەیە تێیدەپەڕێنین. لەو تەمەنەی لەپێشمانە، لەگەڵ خۆشی و ناخۆشییەکی زۆردا دەستوپەنجە نەرم دەکەین. هەر بەو جۆرەی کە هەتا ئەمڕۆ ڕزق و ڕۆزیمان فەراهەمکراوە، ئەوە لەو تەمەنەی لەپێشمان ماوە ڕزق و ڕۆزی خۆمان وەردەگرین. بە بۆچوونی ئێوە، ناعەقلانی نییە، لەگەڵ بوونی ئەمکارەدا؛ واتە بەڵێنی خودا لە ڕۆزی بەخشین بە دروستکراوەکانی، دیسان ڕزق و ڕۆزی بکەین بە ئامانجی سەرەکی ژیانمان و لە خالق بێئاگا بین؟

وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ۚ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ﴿١٣١﴾ وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلَاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا ۖ لَا نَسْأَلُكَ رِزْقًا ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكَ ۗ وَالْعَاقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ ﴿١٣٢﴾ {سورەتی(طه)، ئایەتی: ١٣١.١٣٢}

(١٣١) تۆ چاو مەبڕە ئەو کەسانەی کە ژیانی دونیامان

پێبەخشیون، لە خێزان و جوانی و ماڵ و منداڵ و دەسەڵات، ئەمە هەمووی تاقیکردنەوەی خودای گەورەیە بۆ ئەوان، پاشان نامێنێت و لەناودەچێت، بەڵام ئەو ڕۆزییەی کە خودای گەورە لە بەهەشتدا پێتدەبەخشێت، ئەوە باشترە و زیاتریش دەمێنێتەوە و هەمیشەییە. (١٣٢) تۆ فەرمان بە کەسوکارت، یان بە ئوممەتەکەت بکە بە نوێژکردن و ئارامبگرە لەسەر نوێژکردنەکەت، ئێمە داوای ڕزق و ڕۆزی لە تۆ ناکەین، بەڵکو ڕزق و ڕۆزی تۆش دەدەین، سەرەنجامیش کە بەهەشتە، تەنیا بۆ تەقوادارانە.

وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ إِلَّا عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ﴿٦﴾ {سورەتی(هود)، ئایەتی: ٦}

(٦) هیچ گیانلەبەرێک لە زەویدا نییە کە خودا ڕزق و ڕۆزی بۆ دیاری نەکردبێت! هەر ئەویش شوێنگە و ئاراستەی دانان و گواستنەوەی ئەو ڕۆزییە دەزانێت، هەموو ئەمانە لە پەرتووکی ڕوون و ئاشکرادا تۆمارکراون!

ئەگەر مرۆڤ ئامانجی سەرەکی خۆی بۆ ئیمان و کردەوەی چاک دابنێت و لەڕێگەی بەدەستهێنانی ڕۆزیدا کۆشش بکات و ڕۆزی بکات بە ئامرازێک بۆ دڵنیایی و دەستەبەرکردنی ئامانجی سەرەکی ژیانی، ئەوە خودای گەورە تێکڕای بوون دەخاتە سەر شاڕێگەی

ئامانجەکـانی ئەو کەسـە. کەسـێک کە ئیمانێکـی خـاوێن و بـێ شیرکی هەبێت و پێوەری کردەوەی چاکی خۆی بۆ ڕەزامەندی خودا دابنێـت، ئەگەر بەو شـێوەیە کە هەیە، داوای ڕۆزی زیـاتر بکـات، خـودای گەورە خەزێـنەی ئاسـمانەکان و زەوی بـۆ واڵادەکـات و زەویش دەخاتە بەر دەستی.

وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَىٰ آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَلَٰكِن كَذَّبُوا فَأَخَذْنَاهُم بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴿٩٦﴾ أَفَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَىٰ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا بَيَاتًا وَهُمْ نَائِمُونَ﴿٩٧﴾ أَوَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَىٰ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ﴿٩٨﴾ {سورەتی(اعراف)، ئایەتی: ٩٦.٩٨}

(٩٦) ئەگەر خەڵکـی شـار و دێیەکـان ئـیمان بێـنن و تەقـوای خـودای گەورە بـکەن، بەرەکەتـی خۆمانیـان بـۆ دەکەیـنەوە لە ئاسمانەوە بە باران بارین و لە زەویشـەوە بە ڕووەک و دانەوێڵە و جۆرەهـا بەروبـووم و خێـر و خێـرات، بەڵام ئەوان پێغەمـبەران و ئایەتەکانی خودای گەورەیان بە ناڕاست زانـی و ئیمانیـان پێنەهێنا، بۆیە سزاماندان بەهۆی کوفر و تاوان و کردەوەی خراپیانەوە. (٩٧) ئایا خەڵکی شار و دێیە کافرەکان دڵنیان لەوەی سزای ئێمە ڕوویان تێناکـات لە شـەودا کاتێـک کە خەوتـوون. (٩٨) یـاخود ئایـا دڵنیـان لەوەی سزای ئێمە ڕووبەڕوویان نابێتەوە لەکاتی چێشتەنگاودا کە یاری دەکەن و بێئاگان.

ئەگەر لەبیرتان بێت لە بەشەکانی پێشوودا، ئەوە خرایەڕوو کە خــودا لە دونیـــادا یـــارمەتی هەردوو دەســـتەی بـــاوەڕداران و هاوبەشبڕیاردەران دەدات. ڕواڵەتـی مـاددی دونیـا زۆر فریـودەرە، ئەرکــی ئــێمە لەم دونیــایەدا ئەوەیە کە ڕۆزییەکــانی بکەیــن بە ئامرازێــک بــۆ گەیشــتن بە ئامانجەکانمــان، بەجۆرێــک ئەگەر حەزمـــان لە ڕزق و بەخششـــی زیـــاترە، ئەوە تەنیـــا لە خـــودای پەروەردگـار داوای بکەیـن و ئەم ڕۆزییـەش لەڕێـگەی گەیشـتن بە مەبەست و ئامانجی سەرەکی بەکاربێنین.

وَلَوْلَا أَن يَكُونَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً لَّجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِالرَّحْمَنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ ﴿٣٣﴾ وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَابًا وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِئُونَ ﴿٣٤﴾ وَزُخْرُفًا وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٣٥﴾
{سورەتی(زخرف)، ئایەتی: ٣٣. ٣٥}

(٣٣)وە لەبەر ئەوەش نەبوایە کە خەڵکی هەموو دەبوونە یەک کۆمەڵ لەسەر بێباوەڕی، ئەوا بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان بە خودای پەروەردگـار نیـیە تەنـانەت بنمچـی خانووەکانیانمـان بـۆ دەکـردن بە زیو و پلیکانەمان بۆ دەرەخساند، هەتا بەسەریدا سەربکەون. (٣٤) وە دەرگـای ماڵەکـان و جێگـای پاڵدانەوەیانمان دەکرد بە زیـو. (٣٥) وە بۆیانمان دەڕازاندنەوە بە نەخش و نیگـار و ئاڵتون، بەڵام ئەمانە هەمـووی خۆشـی ژیـانی دونیـان و دەبـڕێنەوە و کۆتـایی دێـن. بەڵام قیـامەت لای پەروەردگـارت تـایبەت بـۆ ئەو کەسـانەیە کە تەقـوای

خودای گەورە دەکەن.

وڵاتـی ئـێمە زۆر داخـراوە و سـنووردارە. گشـت ئامرازەکـانی پەیوەندی و تەکنەلۆجیا؛ وەکو تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و...تاد، بەدەسـت تـوێژێکەوەیە کە بەتونـدی بـرە و بە خوڕافیـات و شـیرک دەدەن. ئەگەر یەکێـک لەو هۆکـارانە ئاڕاسـتەیەکی پـێچەوانەی ئەوانیـتر وەربگرێـت، ئەوە بەخێرایـی لە بـازنەی پەیوەنـدییەکان دەسڕدرێتەوە. ئەگەر وڵاتی ئێمە لەو دۆخە سنووردارە بێتە دەرەوە و بەگشت دیدگاکانیتریش ئازادییەکی جوان بدرێت، ئەوە هەموان توانـای ئەوەیـان دەبێـت کە باشـترین گـوتە (احسـن القـول) بەیـان بـکەن. ئیسـلام دینـی خـودایە و ڕاوەسـتاوە لەسـەر وەحدەتی خودا. خــودای گەورە دوورە لە هەر جــۆرە دژیەکــی و دووبەرەکــی و جیاییەک کە بەناوی حزبایەتییەوە دەکرێت [بەتایبەتی فرەحزبی و لەناویشیاندا دروستبوونی چەندین حزبی ئیسلامی].

﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْــرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُــمَّ يُنَبِّــئُهُم بِمَــا كَــانُوا يَفْعَلُــونَ﴿١٥٩﴾ {سورەتی(انعام)، ئایەتی: ١٥٩}

(١٥٩) ئەو کەسـانەی دینەکەیـان بەش بەش کـردووە و بـوونەتە گـرووپ و حیـزب و کـۆمەڵەوە، ئەی مـوحەممەد(دروودی خـودای لەسـەر بێـت)، تـۆ لەوان نیـت لە پەرتەوازەیـی و پـارچە پـارچەیی، کـاری ئەوان بەتەنیـا دەگەڕێـتەوە بـۆ لای خـودای گەورە و خـۆی

سزایان دەدات، کە هەڕەشـەیەکی سـەختە بۆیـان. پاشـان لە ڕۆژی قیـامەت خـودای گەورە هەواڵیـان پێـدەدات بەو کـردەوانەی لە دونیادا کردویانە کە پێچەوانەی شەریعەتی خودا بووە.

دینـی خودای گەورە بۆ یەکخوداپەرستی بانگیکردووین، بەڵام ئەوەی کە پەیـدا بـووە، کۆمەڵێـک ڕێچـکە و مەزهەبـی دەسـتی مرۆڤە، کە پڕە لە خوڕافیات و شیرک. لەبابەتی حەڵاڵ و حەرامدا، جگە لە خودای گەورە و پێغەمبەرەکەی، هیچ کەسێک بۆی نییە و مــافی ئەوەی نیــیە دەســتوەربدات لەو کــارە، بەڵام لە بــواری مەزهەبـدا، ئەوە هەر زانـایەکی دینـی مـافی ڕا دەربڕینـی هەیە. لە دیندا، تەنیا قورئـان و سوننەتی پێغەمبەر(درووودی خودای لەسەر بێت)، بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن، بەڵام لە مەزهەبدا سەدان پەرتووک و گواستنەوەی ڕاوبۆچـوون و بەڵـگە هەیە. لە دینـدا تەنیـا خـودای تەعـالا لە جیهـانی هەسـتیدا کـاریگەری هەیە، لە دینـی ئیلاهیـدا لاسـاییکردنەوەی عەقیـدەیی شـتێکی بێـزراوە، لە دینـی ئیلاهیـدا وەسـف و پیاهەڵـدانی جـگە لە خـودا، شـیرکە. لە دینـی ئیلاهیـدا دروشمە دینییەکان جێگیرن و دەستکاری ناکرێن.

وَاعْتَصِـــمُوا بِحَبْـــلِ اللَّهِ جَمِيعًـــا وَلَا تَفَرَّقُـــوا ...﴿١٠٣﴾
{سورەتی(آل عمران)، ئایەتی: ١٠٣}

(١٠٣)هەمـوان دەسـت بە دینـی خـودا و ئەو ڕێـگەیەوە بگـرن و پەراکەندە و جیایی مەکەن!

بە کۆتاییهاتنی نبووەت و پێغەمبەرایەتی، ئەرکی گەیاندنی دینی ڕاستەقینەی خودا، لە ئەستۆی هەر یەکێکمانە. هەر یەکێکمان کەسانێک دەناسین کە ئەوانیش دینخوازی ڕاستەقینەن و هیچ جۆرە دەمارگیرییەکی کوێرانە، کاریگەری ناکاتە سەر ژیانیان. با هەوڵبدەین بە بڵاوکردنەوەی ئەم پەرتووکە و ئامۆژگاری کەسانیتر، ئەرکی خۆمان بەرامبەر نیعمەتەکانی خودا، ئەگەرچی بچووکیش بێت، ئەنجامبدەین. پێغەمبەری خودا(دروودی خودای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: هەر کەسێک مرۆڤێک لە گومڕایی ڕزگار بکات، وەکو ئەوە وایە هەموو دونیای ڕزگارکردبێت. هەر یەکێک لە ئێمە بەرامبەر خێزان و دۆست و خزم و کەسانی خۆمان بەرپرسیارین. بەداخەوە کە لە ئەمڕۆدا خوشک و برا لەسەر بابەتە دونیایی و ڕۆژانەییەکان پێکەوە گفتوگۆ و قسە دەکەن، بەڵام سەبارەت بە بابەتی ئیمان و تەوحید، هیچ گفتوگۆیەکیان نییە. پێغەمبەری ئیسلام(دروودی خودای لەسەر بێت)، فەرموویەتی:

**هەر ئافرەتێک بچێتە دۆزەخەوە، چوار پیاو لەگەڵ خۆیدا دەباتە ناو دۆزەخ؛ [ئەوانیش بریتین لە: باوکی، برای، هاوسەری، کوڕی]، مەگەر ئەوەی کە ئەوانە ئەرکی خۆیان بەرامبەر بەو کە گەیاندن و جێبەجێکردنی دینە ئەنجامدابێت. ئەم بابەتە سەبارەت بە پیاوانیش ڕاستە.**

دینی ئیسلام لە دوو دەرگاوە دەچێتە ناو دڵەکانەوە، ئەوانیش ئیمان و ئەخلاقە، کە لەم پەرتووکەدا زیاتر لە هەموو شتێک جەخت

لەسـەر ئـیمان کـراوەتەوە. لەڕێـگەی بـانگەوازدا، دەبێـت ئەخلاقـی موسـڵمانی ڕاسـتەقینە، لە پێغەمبەرانـی خـوداوە چـالاکی خـۆی بەدەستبێنێت، لەناویشیاندا بەتایبەتتر پێغەمبەری ئیسلام(دروودی خودای لەسەر بێت). سەیید قوتب دەڵێت: **"لە دەروونی خـۆتەوە دەوڵەتی ئیسلامی زینـدوو بـکەرەوە، دوای ئەوە لە هەمـوو زەویــدا زینــدوو دەبێــتەوە"**. ئەگەر لەم لایەنەوە ڕووبەڕووی پرســیارگەلێک بــوونەوە، ئەوە بــابەتی تەوحیــد لەبیــر خۆتــان مەبەنەوە، هەمیشـە کەسانێکی یەکخوداپەرست هەن کە وەڵامـی پرســیارەکانتان دەدەنەوە. بە کەمێــک گەڕان و بەدواداچــوون دەتوانن بگەن بەم کەسانە. سوپاسی خودا دەکەین کە منەتی خستە ســەر ئــێمە، وێــڕای هیــدایەت، بەرپرســیارێتی بڵاوکــردنەوە و گەیانـدنی ئەم دینەشــی خســتە ئەســتۆمان. هیـوادارین کە خـودای پەروەردگــار تێکــڕای مرۆڤەکــان لە تەپ و تــۆزی خورافیــات و نەزانــی پاکبکــاتەوە و دڵیــان پڕبکــات لە نــووری ئــیمان و ژیــری و هیدایەت.

کەمێک خۆڕاگربن، سپێدە نزیکە.

الَّـذِي خَلَقَنِـي فَهُـوَ يَهْـدِين﴿٧٨﴾ وَالَّـذِي هُـوَ يُطْعِمُنِـي وَيَسْقِين﴿٧٩﴾ وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِين﴿٨٠﴾ وَالَّذِي يُمِيتُنِي ثُـمَّ يُحْيِـين﴿٨١﴾ وَالَّـذِي أَطْمَـعُ أَن يَغْفِـرَ لِي خَطِيئَتِـي يَـوْمَ الدِّين﴿٨٢﴾ {سورەتی(شعراء)، ئایەتی: ٧٨. ٨٢}

(٧٨) هەر ئەو خـودایەیە کە منـی دروسـتکردووە، هەر ئەویـش

هیدایەتم دەدات. (٧٩) هەر ئەو خودایەیە کە خواردن و خواردنەوەم پێدەبەخشێت. (٨٠) کاتێک کە نەخۆش بکەوم، هەر ئەو خودایەیە کە شیفام دەدات. (٨١)هەر ئەو خودایەیە کە دەممرێنێ و دواتر زیندووم دەکاتەوە. (٨٢)هەر ئەو خودایەشە کە هیوام پێیەتی لە تاوانەکانم خۆشببێت لە ڕۆژی قیامەتدا.

وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ ۖ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾ {سورەتی(نساء)، ئایەتی: ١١٥}

(١١٥) هەرکەسێک سەرپێچی پێغەمبەری خودا بکات، لەدوای ئەوەی کە ڕێگەی ڕاست و هیدایەتی بۆ ڕوونبووەوە، بچێت شوێن ڕێگەی جگە لە باوەڕداران بکەوێت، ئەوە زیاتر بۆی دەڕازێنینیەوە، هەتا زیاتر گومڕا ببێت، وە دەیخەینە ناو ئاگری دۆزەخەوە، کە خراپترین سزا و سەرئەنجامە.

وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴿٣٣﴾ {سورەتی(فصلت)، ئایەتی: ٣٣}

(٣٣) کێ هەیە لەو کەسە باشتر بێت کە بانگی خەڵکی دەکات بۆ یەکخوداپەرستی و گوێڕایەڵی خودای گەورە، وە خۆشی کردەوەی چاک ئەنجامدەدات و دەڵێ: منیش یەکێکم لە موسڵمانان.

ـ أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ ـ ئایا خوداوەند بەس نییە بۆ بەندەکەی؟

{سورەتی(زمر)، ئایەتی: ٣٦}

- السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته - عبدالله ایرانی

- چاکسازی یەکەم - بەهاری ١٣٨٥ کۆچی هەتاوی.

- چاکسازی دووەم. زستانی ١٣٩٩ کۆچی هەتاوی.

(زەکاتی زانست، بڵاوکردنەوەیەتی، تکایە ئەم پەرتووکە بڵاوبکەنەوە و بیگەیەنن بە هەر تاکێکی ئەندێشە ئازاد و ڕۆشنبیر.

**سەرچاوەکان:**

**١. قورئانی پیرۆز.**

**٢ـ زاراوە چوار لایەنەکان لە قورئانی پیرۆزدا . دانانی(امام ابو الاعلی مودودی).**

**٣. تەفسیری(في ظلال القرآن) ـ دانانی(سید قطب ابراهیم حسین شاذلی).**

**٤. (إحياء علوم الدين) ـ دانانی(امام ابو حامد محمد الغزالي).**

**٥ـ هەروەها زۆرێک لە پەرتووک و ماڵپەڕە ئینتەرنێتییەکانی دیکە.**

****************************

**. تەفسیری ڕێبەر.**

**. تەفسیری (المیسر).**

**. وەرگێڕانی تەفسیری کتێبەکە وەک خۆی.**

تێبینی// ئەم نووسینە بۆ پشتی بەرگەکەیە

ژیانی هەر تاکێک ئەزموونێکی دووبارە نییە و تەنیا یەکجار بەسەر مرۆڤدا دێت. چاکسازیکردن لە ئیمان و عەقیدەشدا بابەتێکی کرداری و جەستەیی نییە کە ماندووبوونی بەدوادا بێت، بۆیە پێویستە هەر مرۆڤێک کاتێک لە ژیانی تەرخانبکات بۆ لێکۆڵینەوە لە ئیمان و عەقیدە. تەمەنی مرۆڤ وەکو پارەیەک وایە بەدەستییەوە کە دەتوانێت پاداشت(چاکە)، یان تاوانی پێبکڕێت. مرۆڤێک کە بە سەرمایەی تەمەنی خۆی، بۆ ئەو دونیا شتێکی پاشەکەوت نەکردبێت، زیانمەندی ڕاستەقینەیە، ئەگەریش واگومان بکات کە هەمیشە خاوەنی باشترین بیرکردنەوەیە، ئەوا هیچ کاتێک ڕێگای هیدایەتی نەگرتۆتەبەر. ئەرکی ئێمە لەئێستادا تەنیا ئاگادارکردنەوەی بەندەکانی خودایە و نابێت هیچ شتێک ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئەمکارە. دەشێت خودای گەورە وەکو تاقیکردنەوەیەک وڵاتێک دەوڵەمەند بکات و وڵاتێکیش هەژار، بارودۆخی کەسێک باش بکات و هی کەسێکیتریش خراپ، گرنگ ئەوەیە ئێمە بتوانین بەوەی کە هەمانە بەهرەیەک نیشانبدەین، نەک لە بیری ئەوەدا بین کە خەڵکانیتر هەیانە!